# دوماهنامەی بەیان


مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**

شورای نویسندگان:

کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش (ئاریاس)، اوزال اسکندرزاده**

کوردی‌سورانی: د. **ابراهیم اسماعیل‌پور**(شەماڵ)، **پروانه احمدین**

**شیوا میرکی، قرنی امین پور، د. خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی**

**علی محمودی**(ئاودێر)، **علیرضا محمدنژاد**(دیار)

**شعر: طاهر کریمی**

کوردی هورامی: **همایون محمدنژاد**

کوردی‌کلهوری: **طاهر ویسی** (کۆچەر)

ویراستار: **رحیم سلطانی**(هەژێن)

مدیر سایت: **امیر بیژنی** (www.beyangowar.ir)

طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**

تایپ و حروفچینی: **زهرا** (گوڵزار)**نادری، آزاد اسماعیلی**

ساڵی سێهەم، ژمارە ١٢ خەرمانانی ١٣٩٩


ئەم دەقانەی لەم گۆڤارەدا بڵاودەبنەوە، مەرج نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.


**سەروتار**/ عەدنان کەریم ٢

**ڕەهەندەکانی شەماڵ سائیب**/ عادل محەمەد کەریم ٤

**ڕەوشی ئەمڕۆی گۆرانی و موزیکی هەورامی**/ ئەنوەر قەرەداغی ٨

**پێزانین**/ دارەوان حاجی حامید ١٠

**چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ...** / وریا ئەحمەد ١١

**مێژووی سەرهەڵدانی تیپە مۆسیقیەکانی شاری سلێمانی**/ خالید سەرکار ١٣

**گۆرانی خانباجی حەسەن زیرەک**/ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن ١٧

**قادر دیلان**/ عومەر کەریم بەرزنجی ٢٢

**ئەگەر گۆرانی لە بێژنگ بدەیت، خۆشەویستی ...**/ ڕەحیم لوقمانی ٢٣

**چەند بیرەوەری لە حەسەن زیرەک**/ مەحموود زەمانی ٢٦

**مووسیقای کوردی وقەیرانی بێکەسی**/ مەحیا مکایلی ٢٧

**کۆلکەزێرینە**/ **بێهزاد زارعزادە** (باوکی نیشتمان) ٢٨

**پێداچوونەوە بەسەر کلتووری زارەکی فۆلکلۆر و...** / کاوە فەقیەزادە ٢٩

**ئەحمەدئاغای ئێلخانی لە سەدەی پێشووی موکریاندا**/ ناسر عەلیار ٣٣

**بیروڕای (م. وریا قادر)لەبارەی گۆرانی منداڵان**/ د. هاوژین سلێوە ٤٢

**هونەرمەند و گۆرانیبێژ حسەین خاڵدار**/ هیوا خاڵدار ٤٤

**فاشیزم**/ فایق دارتاش ٤٥

**سەفەرێکی نادیار**/ عەلی مەحموودی(ئاودێر) ٤٧

**حەمەئامان، دەنگێکی ڕەسەن**/ محەمەد ئەدیب ٤٨

**دابەشبوونی جوگرافیایی هەقەکان لە سلێمانی**/ ڕێبوار حەمەتۆفیق ٥٠

**وێژەوانانی موکریان**/ سەید نووح عینایەتی(نەبەز) ٥١

**وتوووێژ لەگەڵ محەممەد ناهید**/ کەریم ڕەحمانی ٥٤

**ڕێوڕەسمی بەڕێوەچونی شایی لە سابڵاغی جاران**/ پەروانە ئەحمەدێن ٥٦

**گۆرانی ناوچەی هەوشار**/ سەعدی فەیز ٥٨

**سواڵکەر**/ هاجەر هووشیار ٥٩

**ژیانی هونەرمەند سدیقی زوهری**/ ڕەزا سەرسیفی ٦١

**حەسەن کاکەسیاوی دەنگێکی ڕەسەن**/ عابید حسەینی ٦٢

**سلێمانی جاران**/ ڕزگار خدر مستەفا ٦٣

**ژیاننامەی مامۆستا «جەهانبەخش غەفووری»**/ خالید جوانڕۆیی ٦٥

**ئایئای**/ چالاک سدیق ٦٧

**بەیتی کوردی دایکی مۆسیقای کوردییە**/ سەلاح خزری ٧٠

**سروەی دەنگێک و غوربەتی ناخێک**/ هۆمەر نۆریاوی ٧١

**جەورکیش**/ پەری نەجەفی ٧٦

**دەنگبێژی**/ مینا ئاقل ٧٧

**دەنگبێژ ئیرانخانم**/ سایمە خاکپوور ٧٨

**لێکۆلین ل سەر ستران و ..** /عەبدولکەریم سورو ٧٩

**سترانبێژێن بادینان**/ ئیسماعیل بادی ٨١

**فۆلکلۆر کوردی (لەیلاخ، چەرداوڕی، ئەسپەنئاوا)**/ شیوا میرەکی ٨٤

**میان پنجره و دیدن همیشه فاصلەایست**/ جمیله صمدی ٨٥

**نقش عاشق‌ها و بخشی‌ها در موسیقی**/ شادروز امانی(هاواکیکان) ٨٦

**موسیقی کوردی(بخش کرمانشاه)**/ رضا کمری ٨٨

**وجه تسمیه هورامان، اورامان (هەورامان)**/ همایون محمدنژاد ٨٩

**نویسندگان خانواده قاضی**/ اسماعیل فتاح قاضی ٩٠

**دیوانه در ادبیات کوردی کورمانجی پهله‌ای**/ نامدار جابری ٩٣

**نگاهی نو به مراسم کومسای درهورامان تخت**/ محمدشریف علی رمایی ٩٤

**پابرهنەها**/ نسرین قاضی ٩٥




١- حەسەن زیرەک

٢- محەممەد ماملێ

٣- قادر دیلان

٤- ئەحمەد کایا

٥- جوان حاجۆ

٦- سۆراب محەممەدی


آدرس: مهاباد، میدان آرد، پاساژ بانک ملت، طبقه ٣

تلفن: اسماعیل مصطفی زاده ٠٩١٤١٦٨٣٢١١

Email: beyangovar@gmail. com


شماره کارت بانک ملی

(اسماعیل مصطفی‌زاده)

٦٠٣٧٩٩٧٤٧٤٣٠٨٧٨١

# سەروتار

عەدنان کەریم - سلێمانی

## گۆرانیی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی

**دەروازەیەک بۆ چوونە نێو مێژووی ئاواز و مۆسیقای کوردی؛ دەوڵەتی میدیا (٦٢٥- ٥٥٠ پێش‌زایین)**





جوگرافیای ماد لە خۆرهەڵاتەوە شارستانییەتی ئارییایی‌یەکانی هیند و لە خۆرئاواشەوە شارستانییەتی یەکجار پێشکەوتووی بابل و ئاشوور و عیبرانیە دراوسێی بوون و ئەم شارستانییەتانە لەگەڵ سۆز و سکاڵا ئایینییەکان‌دا مووزیکیان بەکار هێناوە. دەوڵەتی ماد بەرلە هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین، لە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی سۆمەر، بابل، ئیلام و ئاشووردا بوو؛ کە لە مووزیک‌دا لووتکەی شارستانییەتی سەرتاسەری دنیا بوون. لە سەدەی یازدەهەمی پێش‌زایینەوە تا پێش پێکەوەنانی شانشینەکانی ماد لە (٦٦٩ پێش‌زایین)هەموو ناوچەکە لە ژێر زەبری دەسەڵاتی بابلی و ئاشووری‌دا بووە، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری زەردەشت و بانگاواز و جاڕدانی پەیامەکەی‌دا.

گاتا (گاث= گاز= گازە)کان، واتە بانگ، سروودی دینیی زەردەشتی بوون؛ پێشیان گوتراوە «یەسنا» یان «سروود»، کە ژمارەیان ٧٢ یەسنا بووە لەسەر کێشی بڕگەیی (هیجایی). موغەکان و ستران‌بێژەکان لە کاتی شایی و شین و بۆنەکانی تردا ئامێری مووزیکیان ژەنیون و ئاوێتەی کەلام کراون. هەروەها ئەم نزا و پاڕانەوانە لە پەرستگاکانی خۆشیان‌دا بە دیار ئاگرەوە بە ئاواز گوتراونەوە. میدیا زمانی خۆی هەبووە کە بە ئەلفوبێی مێخی نووسراوەتەوە. کورد بەپێی ناوچەی ژیانی لە بنەچەدا بەو هۆزانەی شارستانییەتی میدیا دادەندرێ. هەموو ئەو نەتەوانەی سەر گۆی زەوی کە لە سنووری خاک و جوگرافیای خۆیان‌دا دەژین، شێوازی دەربڕینی زمانیان لە ڕێی پیت و وشە و ڕستەی ئاخافتن و ڕووداوی مێژووی خۆیانەوە، کۆمەڵە ئاوازێکی تایبەت بە خۆیان چڕیوە، کە ئاوێتە بووە بە سروشتی ژیانیان، بەو شێوەیە هەستی دەربڕینی نەغمەی ئاوازیان جیا بۆتەوە و بۆتە ناسنامەی نەتەوەیی‌یان. نەتەوە بە زمان و شوێنی جوگرافی و جلوبەرگ و فۆلکلۆر و کولتوور پێناسە دەکرێ. جا دەربڕینی ئاوازی گۆرانی بەپێی وشە و ڕستەی دەربڕینی زمان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیا دەکرێتەوە. ئێمەی کورد وەک هەموو ئەو نەتەوانە خاوەنی سنووری جوگرافی و خاک و زمان و ئاواز و نەغمەی دەربڕینی هەستی تایبەتیی خۆمانین؛ ئەو نەغمانەش زادەی سروشتە جوانەکەی کوردستانە. چوار وەرزی ڕەنگاوڕەنگ و شیو و دۆڵ و چیا و گردۆڵکە و دەشت و چەم و ڕووبارەکان جۆرەها ڕیتمی جیاوازیان بەخشیوە بە مرۆڤی کورد. ئەو گۆرانییانەی بە درێژایی مێژوو دەماودەم لە هەست و دەروونی گۆرانی‌بێژ انی کوردا هەتا ئێستا گەشەی سەندووە و ماونەتەوە، زۆرینەیان باس لە ڕووداوەکانی ژیان و ئایین و ئەفسانە و خۆشی و ناخۆشی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی دەکەن و مرۆڤی کوردیان بە خودی خۆی

ناساندووە و بوونەتە هۆکارێک بۆ مانەوە و پاراستنی زمانی ئاخافتنی. دەمەوێ پەنجە بخەمە سەر ئەو خاڵەی کە ئاواز و گۆرانیی کوردی تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆی هەیە و ئاوازی گۆرانیچڕینی جیا دەکرێتەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە سەدان ساڵ بەرلە ئێستا خاکی کوردستانیان بە چوار بەش دابەشکردووە بەسەریاندا.

ئەو لەرینەوانەی کە لە گەرووی گۆرانیبێژ یکی کوردا دەبیسرێ، زۆر جیاوازترە لە لەرەی ژێی دەنگ و گەرووی گۆرانیبێژ انی نەتەوەکانی تر. پاراستنی ئەم تایبەتمەندییە پرسیار لەسەر ناسنامە درووست دەکا، هەر بۆیە جوانیی هونەری میللەتان لەوەدایە کە لە یەکدی نەچن و هەر یەکەو ڕەنگ و بۆنی جیاوازی خۆی هەبێ؛ هەر ئەوەشە مێژووی گەلان دەپارێزێ و مرۆڤەکان دەتوانن فەخر بە ناسنامەی خویانەوە بکەن. میللەتان کار لەسەر کولتوور و فەرهەنگی خۆیان دەکەن، چونکە دەزانن چۆن ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

زۆر بەداخەوە وا هەست دەکەم ئێمەی کورد کەمتەرخەمین بەرامبەر بەم پرۆسەیە! هەندێ جار هەست دەکەم زۆرێک لە هونەرمەندان خزمەت بە هونەر و کولتووری نەتەوەکانی تر دەکەن و بڕوایان وایە لە ژێر سایەی هونەری نەتەوەیەکی تردا گەورە و ناسراوتر دەبن؛ ئەمە لەوانەیە ڕوو بدا، ئەگەر کەسەکە لە زمان و ئەدەب و شێعری ئەو نەتەوەیەی تر قووڵ بێتەوە و تەواو خزمەتیان پێ بکا و کۆمەڵێک گۆرانی بچڕێ بە زمانی ئەوان.

هەندێ گۆرانیمان هەن کە زۆرینەی نەتەوەکان گوتوویانەتەوە، ئەوەش بە هۆکاری سنووڕە هاوبەشەکان و پەیوەندی و تێکەڵاوبوونمان لەگەڵیان بەدی هاتوون، بەڵام کە بەوردی ورد دەبیتەوە لە هەست و لەرەی دەنگی گۆرانیبێژ ەکاندا جیاوازیی تەواو دەبینی لە دەربڕینی هەستیاندا. بۆ نموونە چەندین گۆرانیی نەتەوەکانی تر گوتراونەتەوە لەلایەن مامۆستایانی هونەر، حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ، بەڵام کە گوێیان لێدەگرین ئەوەندە بە هەستی جوانی کوردی گوتوویاننەوە وا هەست دەکەی هەر لە بنەچەدا گۆرانیی کوردین؛ واتە ناسینەوە و لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگ و دەربڕینی هەستی کوردی زۆر گرنگە لە کاتی دەربڕیندا و دەبێ گۆرانیبێژ ی کورد بیاننناسێ و نەغمە و نۆتە کوردییەکان ببینێ؛ واتە بە چاو ببیستێ و بە گوێچکەکانی جوان نەغمە کوردییەکان ببینێ! بۆ وێنە هەر کات گوێبیستی گۆرانییەکی حەسەن زیرەک دەبین و چاوەکانمان لەسەریەک دادەنێین، لە خەیاڵماندا جوانیی سروشتی کوردستان دێتە بەرچاومان؛ ئەمەش ئەو بینینەیە کە لە ڕێی گوێچکەوە دەیبینین.

باشە ئێمە چۆن دەتوانین ئەم ناسنامەیە بپارێزین؟ لام وایە وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە پێویستن:

•ڕێگا نیشاندان بە گەنجانی کورد بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوەی ئەو میلۆدییە کوردییانەی کە لە گوند و ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستاندا هەن و خەریکە لە بەین دەچن؛ ئەم کارەش لە ڕێگای پەیمانگا و کۆلێژە هونەرییەکانەوە دەکرێ.

•فیلتەر دانان و سنووردار کردنی کۆمەڵێکی زۆری بنکەکانی ڕاگەیاندن، وەک ڕادیۆکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان، کە هیچ مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوایەتیان بەلاوە گرنگ نییە، بگرە فەخر بەوەوە دەکەن کە کۆپیی فەرهەنگی نەتەوەکانی ترن و دوورن لە فەرهەنگی کوردی.

•دامەزراندنی گرووپێکی سەمفۆنیی نەتەوەیی گەورەی کورد، کە هەموو پێداویستییەکانی فەراهەم و مووچەی مانگانەیان بۆ دابین بکرێ. زۆرینەی مووزیکزان و ژەنیارەکانی ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان پێکهێنەری ئەم گرووپە بن؛ ئەرکیان ساغکردنەوەی ئەو میلۆدییە کوردییانە بێ کە ڕەگ و ریشەیان کوردین. پێویستە ئەم میلۆدییانە بە شێوازی مووزیکی سەمفۆنی دابەش و ئامادە بکرێن بۆ کۆنسێرتی وەرزی لە ناوخۆی کوردستان و هەوڵیش بدرێ لە وڵاتانی دراوسێ و ئەورووپاش نمایش بکرێن. ئامانجی ئەم کارانەش پتەو کردن و ناساندنی مۆسیقای کوردی بێ وەک بەشێک لە ناسنامەی ڕیشەداری نەتەوەی کورد.


سەرچاوەکان:

مووزیک و گۆرانیی کوردی، حەمەی حەمەباقی/ لەناو مووزیکی کوردیدا، سەمبۆلۆژیی مووزیک؛ بنەچەکانی مەقام، د. بەرزان یاسین/ مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، فەرهاد پیرباڵ/ گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەد بەحری.




عادل محەمەد کەریم ـ سلێمانی

ماجستێر لەزانستی موزیکدا


# ڕەهەندەکانی شەماڵ سائیب

## (ژیان و دەستپێکی هونەری)[1]





**پێشەکی:**

گومانی تیانییە لە دێر زەمانەوە لە نەستی زوربەی مرۆڤە داهێنەرەکان کاریگەری سروشت و گرفت و کێشە کۆمەلایەتییەکان بونەتە پێویستییەک و کەرەستەیەک بۆ هزریان، فاکتەری بەهێزی بنەرەتی چارەسەری گرفتەکان یەکانگیربوونی هزر و توانا و بەهرە و بلیمەتی مرۆڤەکانە، ئەمە هەوێنە بۆ گوزارشت لەو خەم و حەسرەتە گەورەیەی کە دەروونیانی هەژاندووە ئاکامەکەی چەندین داهێنانە لە بوارە جیاجیاکاندا(بواری زانستە سروشتییەکان یان زانستە کۆمەلایەتییەکان)کە هونەری مۆسیقا پشکی شێری لە هەردوو زانستەکە بەردەکەوێت کە بەهۆیانەوە مرۆڤایەتی لەسەر زەوی خۆیانی پێوە بادەدات

شەماڵ سائیب و هاوشێوەکانی لە کوردستاندا کاتێ چاو بە ژیان هەلدێنن سروشتی جوانی کوردستان مەست و حەیرانیان دەکات، بەلام لە گەلیدا کۆمەلێک گرفتی کۆمەلایەتی و داب ونەریتێکی پەیوەست بە مەزهەبێک کە تا ئەوپەڕی سنووربەندی داناوە بۆ گوزارشت کردن لە خواستە هەنووکەییەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ئەمەش نەتەوەیەکی ژێر دەست و بێ کیان و بێ ئالا و...

لەم سروشتە جوانەی کوردستان بەم هەموو نەهامەتیانەوە شەماڵێکی خوێندەوار لە بنەماڵەیەکی ناودارو بەتوانای کوردستان، یاخی دەبێت لەو ناز و نیعمەتەی کە خێزانەکەیانی پیادەگوزەرێ، ئایا لەچی یاخی دەبێت؟پرسیار ئەوەیە کورد وتەنی(کەس هەیە لە خۆشیا ڕابکات)بەلێ شەماڵ ڕای کرد و یاخی بوو، بەلام نەک لە پێناو خۆی، بەلکوو لە پێناو خێزانە هەژارەکانی تر و لە پێناو نەتەوە ژێر دەستەکەی شەماڵ دەیەوێت لە ڕێگەی هونەری مۆسیقاو گۆرانییەوە کەمێک گوزارشت لە نەهامەتی نەتەوەکەی بکات و تاکەکانی کۆمەلی کوردەواری لەو قەیرانە دەروونییەی کە سالەهایە بەرۆکی گرتوون ڕزگار بکات و دوایش هەنگاوی گەورەتر، ئەوەیە کە هونەری نەتەوەکەی بناسێنێت هەرنەبێت بە گەلانی دەوروبەر تا بلێت ئێمەیش هەین و مرۆڤین

ئەگەر بڕوانینە کارە هونەرییەکانی و بڕوانینە هزرو بیرکردنەوەی شەماڵ بەتایبەت نووسینەکانی بە ئاشکرا ئەمە دەبینین، کەهەمیشە لە خەمی گۆرانی و مۆسیقای نەتەوەکەی بووە و بەو لایەنە مەعریفییە وەرگیراوەی کە هەی بووە لەسەر زانستی مۆسیقاو گۆرانی، هەمیشە ویستوویەتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەجوانترین شێوە پێشکەش بکرێت بەتایبەت لە ڕووی دەقی گۆرانییەکان و دانانی ئاوازی گونجاو بە پێز بۆ ووشە بەووشەی هۆنراوەکان، هەمیشە لە خەمی ژنان و ئافرەتی کورددا بووە و خەو خەیالی بێ وێنەی هەبووە بۆیان، لەلایەکی تر لەخەمی شوانکارەی کوردە و لە خەمی دلدارەکەیەتی و هەمیشە نازدارەکەی لە کوردستان جیا ناکاتەوە و هەمیشە خۆشەویستێکی لە نەستیا هەیە بۆ گوزراشت کردن لەو مەرامەی کە هەیەتی.

شەماڵ خاوەن بیرو هزرێکی سەردەمیانەو مۆدێرنە و بەواتا ڕۆشنفیکرێکی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی بووە، بەلگەی ئەمەش جگە لەکارە هونەرییەکانی نووسینە پڕ بەهاکانی و هەروەها یەکەم ڕۆژنامەنووسی بواری هونەر و مۆسیقای کوردیشە، کە گەڕاوەو بەشوێن پەنهای هونەر لای هونەرمەندە بەئەزموونەکان, لە گواستنەوەی سەرنج و ئارا و ئەزموونی ئەوان بووە بۆ خوێنەران و گوێگرانی کورد. واتە چ بە پراکتیک چ بە نووسین و تیۆری لەخەمی بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی بووە

## ژیان و دەستپێکی کاری هونەری هونەرمەند شەماڵ سائیب

هونەرمەند شەماڵ سائیب لە ساڵی ١٩٣١ لە خێزانێکی ناودار لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، باوکی لە بنەماڵەکانی قەرەداغەو لەوێش لەدایکبووە. [١] خێزانی شەماڵ سێ براو چوار خوشکن، بە حوکمی ئەوەی کە باوکی قائیممەقام دەبێت هەر ساڵێک لە شارێ بووە لەوانە(چوارتا، عەقرە، چەمچەماڵ، ڕەواندز، شەقڵاوە)، پۆلی یەکەمی سەرەتای شەماڵ لە شاری عەقرە بووە پۆلی شەشی سەرەتای لە سلێمانی بووەو بە دووەم دەرچووە، دوای ئەوە چووە بۆ کولییەی مەلیک فەیسەڵ کە قۆناغی سانەوی ئەو دەمە بووە و خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بووە [٢].

هەر لەمنداڵییەوە خولیای هونەر لە مێشکیدا گوزەراوە ئەوەتا دەڵێت: (کاتێ لە شاری عەقرەبووم لە پۆلی یەکی سەرەتای کەسێک هات گۆرانی دەوت و کەسێکی تری لەگەڵ بوو ئامێری کەمانچەی بۆ دەژەند گەلێ ئارەزوی دەنگی ئامێری ڤایۆلینە(کەمانچە)کەم دەکرد، هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستایەکمان هەبوو دەنگی خۆش بوو گۆرانی دەووت، زۆر حەزم لە دەنگی دەکرد، ئەمانەم هەموی لەیادە، شتەکە وەرگرتن نییە ئەوەندەی کە هەستێکە کە لەدایکبوونەوە لە لەش و گیانا وردە وردە نەشونما دەکات ڕۆژ بە ڕۆژ بە تێپەڕبوونی کات هەست پێکردنە کە گەورە دەبێت، بەڵام من دڵنیام هەر زوو لە منداڵییەوە ئارەزووی دەنگی خۆش و مۆسیقا و گۆرانی و دەنگی مەلە دەنگخۆشەکانم دەکرد). [٣]

هونەرمەند بە حوکمی زۆر گەڕان و گوزەرانی لە زۆرێک لە شارۆچکەکانی کوردستان سروشتی دڵڕفێنی جوانی کوردستان بۆتە هەوێنی زیاتر پەیوەست بوونی بە هونەر، بۆیە خۆی دەڵێت گەورەترین قوتابخانەم، ئەو قوتابخانەیە بوو کە حەزی هونەر و مۆسیقا و سروشتم تێیدا پەروەردە بوو، بەڵێ جوانی کوردستان بوو پاڵی پێوەنام، سادەی ژیانی خەڵکی، شوان و شمشاڵ ژەندن، لەگەڵ ئارەزووی خۆشم کە حەزم لە مۆسیقا و گۆرانی وتن بوو، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە بە ئاواز و میلۆدییە کوردییەکان(فەریادڕەس)بوون بۆی و هەمیشە مەست و حەیران و ئارامی و ئۆقرەی پێبەخشیوە. [٤]

هاتنە ناو دونیای هونەر بۆ یەکێکی وەک شەماڵ کارێکی ئاسان نەبووە یاخی بونێکی گەورەی شەماڵ بووە، چونکە ئەم کوڕی بنەماڵەیەکی ناودار و پابەند بە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵی کوردەواری، بەڵام شەماڵ، جگە لە حەزو ئارەزوو بێشوماری بۆ هونەر هەستێکی نەتەوایەتی قووڵ، فاکتەر و بزوێنەری ئەم حەزە و سووربوونەی بووە لەسەر بەردەوامی لە هونەر، وەک خۆی دەڵێت(منێک لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناسراو، خێزانێکی پەیوەست بە داب و نەریتی دێرینەوە، بەڵام کۆڵم نەدا و بەردەوام بووم هەرچەندە گەلێک کەوت لەسەرم، لەگەڵ ئەوەدا کە هونەرم خۆش دەویست، هونەری مۆسیقاو گۆرانی، ئاواز دانان، بەڵام هەستم بەوە کرد کە ئەرکێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی گەورەم لەسەر شانە، وەک کەسێکی ڕۆشنبیر دەبێت ڕۆڵێکم هەبێ لە بەرزبونەوەی هونەری مۆسیقا لە کوردستاندا [٥]

ساڵی ١٩٤٦ لە بەغداد دەستی کرد بە فێربوونی مۆسیقا و ساڵی ١٩٤٧ چووە بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد لەوێ فێری ئامێری عوود دەبێت و ئاشنا دەبێت بە بنەما تیۆرییەکانی مۆسیقاو نۆتەی مۆسیقا فێردەبێت(پێم وایە یەکەمین کەسە لە باشووری کوردستان !)، ساڵی١٩٤٨ کاتێ تەمەنی حەڤدە ساڵ دەبێ یەکەم نووسینی لە گۆڤاری گەلاوێژ لەسەر مۆسیقا بڵاودەکاتەوە، پاش چەند ساڵێک لەبەر چەند هۆکارێک لە خوێندنی مۆسیقا لە پەیمانگە دابڕاوە[٦]، هەر بۆیە پاش ماوەیەک لە بوارێکی تردا بەردەوامی بەخوێندن دەدات، تا ساڵی خوێندنی(١٩٥٥- ١٩٥٦)لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغداد بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەردەگرێت، سەرەتا باری دارای ئەم بنەماڵەیە زۆر باش بووە مانگانە شەماڵ و نیهالی برای کە لە کۆلیج خوێندوویانە بڕی(٩) دیناریان بۆ خەرجی بۆ ناردوون لە کاتێکدا قوتابیانی تر و خوێندکارانی تر تەنها بە(یەک دینار و نیو)گوزەرانیان بۆ چۆتە سەر، بەڵام نازانم بۆچی هەندێ جار هونەرمەند شەماڵ سائیب خۆی ئاماژە بەوە دەدات کە دەڵێت جاری وا هەبووە گوزەرانم ئەوەندە خراپ بووە کار گەیشتۆتە ئەوەی ئامێری عوودەکەم بفرۆشم، کە ئەمەش ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم بووە !!.

ساڵی ١٩٥٨ لە بەغداد بە پیشەی مامۆستا دامەزرا، ساڵی(١٩٥٧- ١٩٦١)گەرمەی چالاکی و ناو ناوبانگی شەماڵ سائیب بووە، تەنانەت بە هۆی گۆرانی(ئەرێ لەیلێ)[٧]وە کە یەکێکە لە جوانترین و ناودارترین ئاوازی هونەرمەند لەلای عەرەبەکانیش دەنگی دایەوەو بۆتە وێردی سەر زمانی عەرەبەکانیش. بۆیە شەماڵ وتوویەتی(گۆرانی ئەرێ لەیلێ خۆشەویسترینیانەو کوڕی منەو لە هەموو گۆرانییەکانم زیاتر خۆش دەوێت)[٨].

شەماڵ لە شوباتی ١٩٥٩ لەگەڵ عومەر هەڵمەت و چەند هونەرمەندێکی تر.(کۆمەڵەی ئاوازی کوردی)دامەزراند.

ساڵی ١٩٦٠ لە زانکۆی(ئیندیان)لەو وڵاتە یەکگرتووەکانی

١. شەماڵ صائب: بۆ یەکتر ناسین، لە کتێبی جگەرەو قاوەیەک لەگەڵ شەماڵ سائیب، کومبانیای چەقماقچی، چاپخانەی البرق، بغداد، لا٤٩.

٢. عبدالرحمن بێلاف: دیدار لەگەڵ شەماڵ سائیب، شەماڵ سائیب ژیان و هونەر ئامادەکردنی: ئەحمەد سالار، ژیمۆ شەماڵ سائیب: ، هەولێر ٢٠١٠، لا ١٠٢.

٣. چالاک تاڵەبانی: دەمەتەقێی نێوان چالاک تاڵەبانی و شەماڵ سائیب، هەمان سەرچاوە، لا ٨١.

٤. چالاک تاڵەبانی: دەمەتەقێی نێوان چالاک تاڵەبانی و شەماڵ سائیب ژیان و هونەر هەمان سەرچاوە، لا٨٣- ٨٤.

٥. چالاک تاڵەبانی: دەمەتەقێی نێوان چالاک تاڵەبانی و شەماڵ سائیب، هەمان سەرچاوە، لا٨٢.

٦. باکوری: گۆرانیبێژ ە نەمرەکان، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر، ساڵی ٢٠٠١، لا ١٧٣.

٧. لە هەندێ سەر چاوە ئەم گۆرانییە بە(هەرێ لەیلێ)ناوبراوە ئەمە ساغ کردنەوەی زیاتری دەوێت. توێژەر.

٨. د. محەمەد نوری عارف: پێشەکی، شەماڵ سائیب ژیان و هونەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٩٧.

ئەمریکا لە بەشی خوێندنی باڵا ڕەزامەندی بۆ دێتەوە، شەماڵ ساڵی(١٩٦١)بەمەبەستی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا بەرەوە ئەمریکا بەڕێ دەکەوێت و لەم ماوەی دەساڵەیدا، دەنگ و ڕەنگی، جگە لە هەندێ ئاهەنگ بۆ هەندێ بۆنەی تایبەت کە خۆی ئاماژەی پێدەدات هیچ کاری تۆمارکردنێکی نابێت)[١]. ساڵی ١٩٦١ باوکی کۆچی دوای دەکات، هەرلەم ساڵەدا بۆ یەکەم جار لە ئەمریکا هونەرمەند هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی ئەمریکی دەکات و کوڕێکی لێی دەبێت بەناوی(هەڤاڵ)بەڵام ناوە ئەمریکیەکەی(سام)ە ئەم ئافرەتە دێنێتەوە بۆ سلێمانی و ماوەیەک دەگوزەرێ بەڵام دوای بەتەواوی دەگەڕێتەوە و بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرنانە لێی جیادەبێتەوە، چونکە ئافرەتەکە داوای گەڕانەوەی لێدەکات بۆ ئەمریکا بەڵام شەماڵ بەمە ڕازی نابێت.

ساڵی ١٩٧٠بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەب و مۆسیقا وەرگرتووە، لە دیدارێکی تایبەتی کاک کەمال ڕەئووف محەممەد پرسیاری ئەوەی لێدەکات بۆچی لە ئەمەریکا خوێندنی مۆسیقات سەری نەگرت؟

لە وەڵامدا دەڵێت: (یەکێ لە مامۆستاکانم لە ئەمەریکا پێی گوتم ئەوەی تۆ دەتەوێ لەسەر مۆسیقا فێری بیت(٧٠) ساڵی دەوێت !مرۆڤیش خۆی هەر ئەوەندە دەژی(ئەم قسەیەی ئەو مامۆستا ئەمریکییە مەبەست لێی ئەوە بووە، کە خوێندنی مۆسیقا بۆ ئەم تەمەنەی تۆو بەو خولیاو پەرۆشی و ئاواتانە ناگونجێت مۆسیقا دەبێت لە منداڵییەوە دەست پێبکات)[٢].

شەماڵ سائیب دەڵێت: (ئەوەڵ کەس بووم عوودم هەڵگرت، ئەوەل کەس بووم داخڵی «معهد فنون جەمیلە» بووم لە دوای ئەوە کولیەی ئادابم تەواو کرد سەرێ‌خۆمم هەڵگرت بۆ خوێندن بەرەو ئەمریکا، وازم لە مۆسیقا نەهێناو لە زانکۆی(ئیندیان بە پلەی نایاب ماجستێرم تەواو کرد ماجستێرەکەم نیوەی هونەری مۆسیقا بوو). بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبیات و مێژووی مۆسیقادا وەرگرتووە، ئەمەو سەرەرای تەواوکردنی هەموو پێداویستی و داخوازییەکانی(دکتۆرا)کە تەنها شەش مانگم مابوو تەواوی بکەم، بەڵام لەبەر ئەو داواکارییە گەرمەی زانکۆی سلێمانی ئەم وەرگرتنی شەهادەیەم پشتگوێ خست.(لە پایزی ساڵی ١٩٧١ دا هاوکات لەگەڵ دەیان مامۆستای دیکەدا بۆ گەشە پێدانی زانکۆی سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی)[٣]

دوای گەڕانەوەی وەک مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا، هەروەها ماوەیەک کاری ڕاگری کۆلێژی ئادابی وەرگرتووە، دوایش بوو بەر پرسی چالاکی هونەری زانکۆ، هەورەها وەک توێژەرێکی زانستی لە بواری ڕۆشنبیری و

١. کەمال رەئوف محەمەد: یادێکی شەماڵ سائیب، شەماڵ سائیب ژیان وهونەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.

٢. کەمال رەئووف محەمەد: یادێکی شەماڵ سائیب،، شەماڵ سائیب ژیان و هونەر، هەمان سەرچاوە، لا ٧٨

٣. سالح بێچار: شەماڵ سائیب ئەو هونەرمەندەی نوێگەرەی پێش ڕۆژگاری خۆی کەوتبووزسەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧١١٥,لا ١٠. سلێمانی. ٢٠١٦.

هونەرکاری کردووە [٤]

بەڵام بە حەسرەتەوە باس لەو بەشە هونەرییەی زانکۆی سلێمانی دەکات و دەڵێت: (بەداخەوە کە گەڕامەوە زرووفێک هات ئەویش بووم بە مامۆستای زانکۆی سلێمانی تەواو سەرقاڵ بووم زۆر ئاواتم هەبوو بە جێی بهێنم بەڵام بەداخەوە هونەرمەندە کوردەکان هەرکەس بۆ خۆی ئیشی دەکرد ئیشێکی جەماعیان نەدەکرد بۆ خزمەت). [٥]

لێرەدا بە بۆچوونی من شەماڵ سائیب، وێنایەکی گەورەی بۆ خزمەتی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی لە خەیاڵ بووە بەتایبەت ئەو سەردەمە، هونەری عەرەبی بەگشتی و بەتایبەت هونەری مۆسیقاو گۆرانی بەتایبەت هونەرمەندانی میسر باڵی کێشاوە بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەو بە حوکمی سینەماوە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ویستوویەتی هاوشیوەی ئەوان تیپ و گرووپ هەبن و ئاهەنگی گەورە سازبکرێت و خەڵک بە گۆرانی و مۆسیقایەکی ڕاقی سەردەمیانە هۆشیار بکەنەوە ئەم زەمینەیەی بۆ نەرەخساوە بەتایبەتیش دوای گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی سەردەمی هەڵکشانی کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، چەندین دیدو بۆچوونی نوێ هاتوونەتە کایە، کەرەنگە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی ئەم ببوون.

ساڵی ١٩٧٤ کاتێ لە زانکۆ لەگەڵ ئەوەی مامۆستای کۆلیژی ئاداب دەبێت بەرپرسی کتێبخانەی زانکۆش دەبێت لەوێ نەزیرە خانی مەلا کەریم دەناسێت و هەرلەو ساڵەدا هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە دوو کوڕن بەناوەکانی(ژیمۆ و تیشکۆ)، دایکی شەماڵ سائیب ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی دەکات، ساڵی ١٩٧٨ شەماڵ سائیب لە خێزانەکەی جیادەبێتەوە و بە داخەوە دادەبڕێن.

شەماڵ سائیب بە خانەوادەی ڕۆشنبیر وەدەرکەوتەبوون و گەورە و منالی ئەم خانەوادەیە هونەرمەند و ڕۆشنبیر بوون. ئەوەتا باوکی چەندە خوێندەوارو ڕۆشنبیرو زمانزانێکی بێ وێنە دەبێت و حەوت(٧)زمان(کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی) قسەدەکات، بەڵام کۆستی زەمانە ڕێگەی نەدا کە بتوانێ خزمەتی بیری گەلەکەی زیاتر بکات، ئەم خێزانە بە ناوبانگە بۆ پارەو ماڵ و کۆشک و سەرا هەوڵیان نەداوە بگرە ژیانێکی ئاسایی ژیاون و هەر ماوەیەکیشیان بۆ هەڵکەوتبێ لە دیمەن و سەیرانی ئەم کوردستانە بێ بەش نەبوون و خانەوادەیەکی زیندووبوون و ووشک و برنگ نەبوون و دڵتەڕبوون لەگەڵ ئەوەشا شانازییەکی بەرزیان بۆ خزمەتی خاک و نەتەوەکەیان بە یادگار بە جێ‌هێشتووە)[٦]

ساڵی(١٩٨٢)کاتێ کە زانکۆی سلێمانی، لە شاری

٤. احمد سالار، ژیمۆ شەماڵ سائیب: شەماڵی مرۆڤ و هونەرمەند، هەمان سەرچاوە، لا ١٧.

٥. عەبدوڕەحمان بێلاف: دیدار لە گەڵ شەماڵ سائیب، هەمان سەرچاوە، لا ١٠٨

٦. محەمەد عەلی مەدهۆش – شەماڵ سائیب ژیان وهونەر، هەمان سەرچاوە، لا ٣٧.

سلێمانی دەگوێزرێتەوە بۆ هەولێر و شەماڵیش لە سلێمانی هەڵدەکەندرێت و دەچێتە شاری هەولێر و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، شەماڵ پیاوێکی دونیا دیدە بووە کەم کەس هەبوون کە بارتەقای ئەو قۆز و ڕێکپۆش و خاوەن زەوق و سەلیقەی جوان بن شەماڵ سائیب وەک کەسایەتیش پیاوێکی بەوەفا بووە، بەڵام داخەکەم کاتێ لە کۆتاییەکانی ژیانی نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنی بوو بە داخەوە ئەو شەماڵەی جاران نەماوەو زۆر کەم دەدواو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هیلاک دەبوو بە هیچ شتێک دڵی نەدەکرایەوە، تەنانەت ماڵی لە شوقەکانی گەڕەکی ئیسکانی هەولێر بووە و دەرگای لە هەموو کەسێک نەکردۆتەوە. تووشی نەخۆشی(بەمۆمبونی(تەشەموعی)جگەر دەبێت)کە هۆکارەکەشی جگەرەو کحول بووە و پارێزێکی باشیان بۆ داناوەو ماوەیەک باش بووە، ئەوەی کە شایانی باسە ئامێز گرتنەوەو بە دەنگەوە هاتنی ماڵی کاک شێخ سەلاحەدینی باقلانییە کە خاوەن تەکییەو پیاوێکی ئاینی شاری هەولێرە، ئەمەو جگە لەسەردانی بەردەوامی زۆرێک لە هونەرمەندانی بەڕێزی شاری هەولێر, لەسەرو ئەمانەشەوە کاک عەبدولڕەحمان بێلافی کوڕی کاکە شێخ سەلاحەدینی باقلانییە.

بەراستی بنەماڵەی شێخ سەڵاح جێگەی ڕێزو پێزانین، کە بەو شێوەیە لە خزمەتی ئەم هونەرمەندە کوردەدابوون و لەسەر خەرجی خۆیان چەند جارێک شەماڵیان بردۆتە لای دکتۆرو بردوویانە بۆ شاری بەغدادو ماوەیەک لە نەخۆشخانە(ئیب بیگار)خستوویانەو لە ئەنجامدا دکتۆرەکان دەڵێن: (بە جۆرێ جگەری پەکی کەوتووە کە چارە ناکرێ، ناچار دەیهێننەوە بۆ هەولێر، ئیتر بەتەواوی لە پەلوپۆ دەکەوێ و جەنابی شێخ سەلاحەددین دەیهێنێ بۆ ماڵی خۆی و ژوورێکی بۆ تەرخان دەکەن و ماوەی زیاتر لە شەش مانگ ئەو پەڕی خزمەتی دەکەن، دیسان دەیبەنەوە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، ئیتر عەبدولڕەحمان بێلاف تەلەفۆن بۆ کاک نیهال سائیبی برای شەماڵ دەکات، ئەویش دێت و دەیباتەوە بۆ سلێمانی و زۆری پێناچێت لە ڕێکەوتی١٩٨٦/١١/٨ کۆچی دوای دەکات لە گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە. پرسەکەشی لە مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی شاری سلێمانی دەبێت.[1]

بەڵام ئەوەمان بیرنەچێ هونەرمەندانی داهێنەری بواری مۆزیک ئەوانەن کە کۆچی دوایش دەکەن، تەنها بە جەستە لێمان دوور دەکەونەوەو لە بەردەمماندا نامێنن، بەڵام بەڕۆح لە گەڵماندان و لە هەستماندا بوونیان هەیە و دەمێنن بەڵگە بۆ ئەمەش گۆرانییە نەمرەکان و ئاوازە زیندووەکانیان. شەماڵ سائیب زیاتر لە ٣٠ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، هەروەها ئارەزووی دانانی هۆنراوەی بۆ گۆرانیش بووە بۆیە زۆربەی هۆنراوەی گۆرانییەکانی لە دانانی خۆی بووە.

١. عادل محەمەد کەریم: گفتوگۆی تایبەت لەگەڵ هیوا محەمەد، دانیشتووی شاری سلێمانی خاوەنی پەراوگەی(دەنیا)بەرامبەر چالاکی قوتابخانەکان شەقامی سالم تەنیشت لقی ٤. سلێمانی ٢٠١٦.




دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
ناوەندێکی ڕۆشنبیریی گشتییە و ئامانجی تەنها خزمەت گەیاندنە بە نووسەران و خوێنەرانە، ئەم دەزگایە کتێبەکانی بە ناوی چوار کەسی کوردەوە
چاپ دەکات، بۆ ڕێزگرتن لەکار و خەبات و ماندووبون
و زیندوو مانەوەی ناویان،
لەناو کورد و کتێبخانەی کوردیدا.




ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی ناوەندێکە لە دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان لە سلێمانی، تا ئێستا (٦٩)کتێبی چاپ کردووە.

سپاس بۆ
د. تەها ڕەسووڵ،
پشتگیری نووسەر وخوێنەرانە

ئەنوەر قەرەداغی - سلێمانی

# ڕەوشی ئەمڕۆی گۆرانی و موزیکی هەورامی



کاتێک باس لە گۆرانی و مۆسیقای هەورامی دەکەین وەک هونەرێکی تایبەت بە ناوچەیەکی تایبەت لە کودستاندا، دەبێت هەموو لایەن و رووەکانی ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچە گرنگە لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، سیاسی، دیینی)لە بەر چاوماندا بێت وەک پانۆرامایەک لە سروشتی ژیانیان بخەینە بەر چاومان تا بتوانین لەسەری بدوێین وهەقی خۆی بدەینێ.

دەزانین هەورامان ناوچەیەکی بەرفراوانە و گۆرانی هەورامی پانتاییەکی گەورەی لە هونەری گۆرانی کوردیدا هەیە، ئەم گۆرانییانە سروشتی هەورامان لە (شاخ و کێووبەفی سەر لووتکەکان، یاڵ و دۆڵ، سازگاری چەم و کانیاو، جوانی رەز و باخ وسەیرانگە...)بوارێکی وایان درووست کردووە کە هەستێکی زۆر ناسک ئاشناکەن بە گوێی بیسەرانیدا، جا ناوەرۆکی ئەوتێکستانەش دانراوی شاعیرەکان بن یاخود تێکستی فۆلکلۆری بن، هەر لە (جوانی سروشتی هەورامان، دڵداری و خۆشەویستی، گلەیی وسەرزەنشتکردن، دابران و لێکجیابوونەوە، بێزاری لە دووری و غەریبی و بێمەیلی، پارانەوە و ستایشکردن، گاڵتە و سووکایەتیکردن بە خەڵکانی بەد و ناحەز و پیاوخراپ، ترس لە پیری و نەخۆشی و پەککەوتن، ترس، لە مردن و...)دەبیسێرنەوە بەسەردەمی زۆربەی زۆری ئەو خەڵکان. سەردەمانێک بوو گۆرانی ئەم ناوچە بەهۆی کەم ئامۆشۆکردنی لە گەڵ ناوچەکانی تره وەک پێویست نەبووە یان هەر ئاشنا نەبوون لەگەڵیا، ئەوانەش کە کەم تازۆر گوێیان لێدەگرت نەیان توانیوە وەک گۆرانیەکانی تر بیڵێنەوە و وەک پێویست چێژی لێ وەرگرن تەنانەت لەبەرخۆشیانەوە نەیان توانیوە بیڵێنەوە تەنها ئەوەندە نەبێت سۆزێکی راستەقینەیان لا بەجێهێشتوون ولەناخیاندا رەگێکی راسگۆیی داکوتاوە، چونکە لە هەموو روویەکی هونەری یەوە نەتوانراوە ئایا لاسایی بکرێتەوە یان بوترێنەوە چونکە شێوەی دیالێکتەکەی تایبەت مەندیەکی میلۆدی خۆی هەیە زیاتر کەسانی ناوچەکە دەتوانن بیڵێنەوە هەروەها رووی هونەریش جۆرە قورگێکی دەوێت مەگەر هەر ئەوانەی لەوناوچانەدا ژیاون بتوانن هەقی خۆی بدەنێ، هەربۆیە تەنانەت لەناو مۆسیقارەکانی کوردیشا زۆر پێیان وابووە کە گۆرانی هەورامی لەگەڵ مۆسیقادا ناگونجێ! وبە نۆتە نانووسرێتەوە کە ئەمەش رایەکی هەڵەیە و زۆر بە ئاسایی دەکرێت ئەو گۆرانیانە بکرێنە نۆتە و نموونەش زۆرە، ئەمەش نموونەیەکە: -

ئەی یاران



ئەم نموونە تەنها دەنگە سەرەکیەکانە کە نوسیومەتەوە گەر وەک دەنگی گۆرانیبێژ ێک بنوسرێتەوە زۆر زەحمەتە چونکە ئەو تایبەت مەندیەی لە دەنگی گۆرانیبێژ دا هەیە لەرینەوەیەکی تایبەتە دەبێت موزیکزانەکان بریاری لەسەر بدەن بۆ ئەوەی هەموو بەوشێوازە بینووسنەوە نەک هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی، بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسان نیە.

رژێمەکانی رابوردوو رۆڵێکی ئاشکرایان هەبووە لە خنکاندنی ئەو توانا جوانانەی کە دەرکەوتوون، بەوەی ماوەیان پێ نەدراوە لە ناخی خۆیاندا چی هەیە دری ببرن. هەربابەتێکیش ئەنجام درا بێت وەک تۆمارێکی پاک نەگەشتووەتە دەستمان ئەوانە نەبێت کە بە ئامێرێکی ریکۆردەری ئاسایی لە ماڵان تۆمار کراوە بە چەپڵەوە و لە ماڵان هەڵگیراوە ماوەی ئەوە نەرەخساوە بتوانن لەستۆدیۆیەکی باش تۆماربکرێن یان لەگەڵ تیپێکی مۆسیقای گەورە بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن، رەنگە تەنها لە گەڵ شمشاڵێکدا یان دەفێک یان دوو تا سێ چوار گۆرانیبێژ بۆ یەکتریان سەندووەتەوە، ئەوانەی لەبەردەستماندایە شاهێدی حاڵەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە بەکەسانێکی داهێنەر ناویان هەبووە هەندێ پێداویستی گونجاویان بۆ خۆیان درووست کردووە کە ئەو بۆشاییەی پرکردووەتەوە کە ئامێری مۆسیقایان بۆ پر بکاتەوە وەک چەپڵە یان درووست کردنی دەنگی دووزەلە بە گەلا کە ئەمە خۆم بە چاوی خۆم دیوومە ساڵی ١٩٥٩ کاتێک بۆ سەردان

چووینە دێی(سەرگەت)بۆ ماڵی پوورو خاڵوانم، لەوێ شاییەک سازکرا کە چەند گۆرانیبێژ ێک گۆرانیان دەووت و بۆ یەکتریان دەسەندەوە، بۆ پتر لە سەعات بەردەوام دەبوون پاشتر هەر گۆرانیبێژ ەکان داوای گەڵای چناریان دەکرد و وەک (ئاغزە جگەرە)ئەیانپێچایەوە و لە بەینی هەردوو پەنجە گەورەیاندا دەیانگرت و فوویان پیادا دەکرد و ئاوازی جوان جوانیان پێ دەردەکرد کە گەڵای یەکەم کەس خەریک بۆایە خراپ ببێ ئیشارەتێکی گۆرانیبێژ ی دووەمی دەکرد بۆ تەواو کردنی ئاوازەکە دووەم کەس دەستی پێدەکردەوە لە هەمان تۆنی موزیکدا نەبوو بەڵکو جیاواز بوو ئیتر ئەو جیاوازیە نەکرێت لێرەدا باس بکرێت تەنها وەک نموونویەک پیشانی ئەدەم: -




جاری وا هەیە بە میانەیەک یان نیو میانە یان سێ میانە بە پێی دەنگی ئەو گۆرانیبێژ ە کە بۆی دێت کە مەرج نیە هەموو کاتێک لە تۆنێکی دەست نیشان کراوەوە بێت بۆی دەسێنێتەوە.

بەم جۆرە کەسانێک بەردەوام گەڵایان ئامادە دەکردو ئەیان پێچایەوە تا گۆرانیبێژەکان بەردەوام بن لەومۆسیقا لێدانەدا جا هەرچارە کەدەیان گۆڕی تۆنی هەریەکەیان وەک ئەوی تر نەبوو بە پێی قەوارەی گەڵاکە دەگۆرا یان تیژ تر دربوو یان گڕتر دەبوو و هەڵپەڕکێ کەرانیش شاباشیان دەکردن، ئەمەش زیرەکیی مرۆڤی هەورامی پیشان ئەدات. جگە لە زۆر بواری تر لە جلوبەرگ وپێڵاو و شتی تر کە دەست ڕەنگینیەکی یەکجار جوانی پێوە دیارە. من زۆر سەردانی ناوچەی هەورامانم دەکرد چونکە دایکم خەڵکی دێی (سەرگەت)بوو هەورامی بووزۆر شتی سەرسوڕهێنەرم دیوە لە گۆرانی وتنیاندا بە تایبەت سیاچەمانەو ئەو شێوازانەی دەیان وت کە هەریەکەیان تایبەتمەندیەکی خۆی هەبوو، هەروەها ئەو بەزمی گۆرانی و چەپڵە کە بەسەردەمی هەریەکەیانەوە بوو لە کاتی ئیش و کاریاندا یان شەوان بۆ خەم ڕەوێنی هیلاکیان.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاسوودەیی لە ناوچەکەدا کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر ئەم هونەرە، بەتایبەت ئەوهونەرمەندانەی لەناوشارەکاندا دادەنیشتن یان لە دەرەوەی وڵات هەوڵیان هەبووە بەڵام هەوڵەکان لایەکی زۆری لاواز کرد لە میلودی ومۆرک و ریتمی ئەو گۆرانیانە چونکە نە رویەکی شارەزایانە و درووست مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرد لە زۆر شتا لاساییەکی کوێرانەی گۆرانی شێوازەکانی تر دەکرایەوە بە ناتەواوی و ناخۆشی، چونکە هەندێک بواری تایبەت مەندێتی هەیە لە گۆرانیەکانی ناوچەی هەوراماندا رەنگە لە ناوچەکانی تردا نەبێت وە میانەی نێوان دەنگەکان کە لە هەندێک گۆرانیدا زۆر تایبەتمەندە وەک لە گۆرانی (کەڵ مل باوانم)دا زۆر روون ودیارە، گەر موزیکزانێک باش گوێ لەو گۆرانیە بگرێت باش هەستی پێ دەکات کە میانەی دەنگەکانی زۆر تایبەت

مەندن، یان هەندێک لەرینەوە هەیە لەزۆر لە میلۆدیەکان ئەو لەرینەوانە مەگەر تەنها لە قورگی گۆرانیبێژ ێکی هەورامیەوە دەربچێت کە زۆر پێویستە هێمای تایبەتی بۆ دابنرێت لەلایەن موزیک زانەکانەوە، پاشان تایبەتمەندی ئەو میلودیانە لەگەڵ ئەو ریتمانەی پێی ئەنجام ئەدرێ، من خۆم لە دایکمەوە هەورامیم و زۆر لەو میلۆدیانە ئاشنام ئەو تایبەتمەندیانەم هەست پێکردووە.

من لێرەوە ناتوانم باس لە جۆری گۆرانی هەورامی بکەم چونکە زۆری دەوێت بەڵام پێموایە ئەمرۆ زۆر زوڵم لەو میلودیە جوانانە دەکرێت و میلۆدیەکەی ئەشێوێنرێت و ئامێری کیبۆرد جوانی رۆحی ئەو گۆرانیانی گۆڕیوە بۆ بابەتێکی تر کە هیچ پەیوەندیەکی بە مۆرکی گۆرانی هەورامیەوە نیە، بۆ تاقیکردنەوەش باگوێ لە یەک گۆرانی بگرین بە دەنگی هونەرمەندێکی وەک (عوسمان کێمنەیی) وگۆرانیبێژ ێکی تازە و خۆمان بەراوردیان بکەین... ئەو کاتە ئەم ڕاستیەش دوور لە رووە زانستیەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چ جیاوازیەکیان هەیە.

بەهەرحاڵ لەم نووسینەدا ناتوانین بچینە ووردەکاریەکانەوە ئەوەندە دەڵێم گەر بەم شێوەی ئێستا بڕوات چەند ساڵێکی تر ئەوەرەسەنایەتییەش کە ماوە نامێنێت.

وەک لەپێشووتر ئاماژەم پێدا ئەو هەوڵە تازانە ئەگەر چی لە رووی تەکنیکی تۆمارکردن جوانن بەڵام زۆر لەو گۆرانیبێژ انە هەقی مۆرکی ئەو گۆرانیانەیان لاواز کردووە، بۆیە ئەوەی هەورامی بێت چاک لەو لایەنە شارەزایە کە ئەو گۆرانیەی ووتراوە شێوێنراوە و بە تورەییەوە دەڵێت: (کەی ئەو گۆرانیە وا ووتراوە)، بۆیە وەک نموونە ئەو گۆرانیانە دەخەنەوە یاد کە لە دەنگە رەسەنەکانەوە ووتراون ئەگەر چی لە رووی کوالەتی تۆمارکردن باشیش نەبن، ئەو گۆرانیانەش بە چەپڵەوە ووتراون یان دوو قۆڵی و سێ قۆڵی کە درێژترین کاتی خایاندووە وەک چۆن کۆن کۆن شەڕە شێعریان دەکرد هەروەها گۆرانی هەورامیش بە هەمان شێوە بەرامبەر بە یەک دەخوێنن و جوانی و رەسەنایەتی و توانای خۆیان دەخەنە رووبەرامبەر بە یەک.

بە داخەوە زۆر گۆرانی هەورامی ئەمرۆ وەک خواردنی(سەندویچ)ی لێهاتووە، زوو دەبیسرێت و زووتریش بیر دەچێتەوە و هیچ شتێک بەجێ ناهێڵێت لە ناخ و دەروونی بیسەریدا تەنها ئەو ساتە نەبێت.

ئەو باشانەیش کە هەن کەوتوونەتە بەرئەم لێشاوی ئەو بەرەڵاییەی کە میدیاکان ئەنجامی ئەدەن چونکە کەسی پسپۆریان نیە لەو بارەوە بریار بدات بایەخ پێنەدانی میدیاکان بە دەنگە رەسەنەکانە، کەسانێک لەو میدیایانەدا گۆرانیەکان هەڵدەسەنگێنن کە رەنگە وەک پێویست شارەزاییەکیان لەو جۆرە گۆرانیانە نەبێت و تەنها رووی حیسی تیادا لێک ئەدەنەوە و بۆشاییەکی کاتی شاشەکانیان بۆ پردەکەنەوە ئەمەش نەک هەر گۆرانی هەورامی بگرە زۆر جۆر گۆرانی.

من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە دەڵێت وتنی گۆرانی هەورامی بەبێ موزیک تایبەتمەندیەکی ئەو شێوازە گۆرانییەیە، بۆیە ناشێت بڵێین کە گۆرانی هەورامی لە گەڵ مۆسیقادا ناوترێت یان نەوتراوە و ئەوەش هیچ تایبەتمەندی نیە بەرای من، چونکە ئێمە کەدەڵێین مۆسیقا

یەکسەر ئامێری مۆسیقای وەک کەمان وچەلۆو فلوت و ئەو ئامێرانەی تیپە مۆسیقا کوردیەکان بەکاریان دێنن، گۆرانی هەورامی لەگەڵ زۆر لە ئامێرە میللیەکاندا وتراون بەسەرکەوتویی لە سەرتاسەری هەوراماندا، بەڵام لەگەڵ ئەو ئامێرە تازانەی کە تازە هاتوونەتە گۆرانی کوردی، کە ئەو جۆرە گۆرانیانەش هەروەک گۆرانی ناوچەکانی تری کوردستان درەنگ لەگەڵ ئەو ئامێرە تازانە بەکار هاتوون. بابزانین کە ئەو ئامێرانەی ئێستا بەکار دەهێنرێن زۆربەی زۆری ووردە ووردە پاش ساڵانی ١٩٥٠ وە کەوتوونەتە ناو کۆڕە هونەریە کوردیەکانەوە هەربەم شێوەش درەنگ لە گۆرانی هەورامیدا بەکار هاتووە چونکە لە رووی بڵاو بوونەوەی چ لە ریگای رادیۆو تیڤیەکانەوە چ لەرێی بازاڕی ئەو گۆرانیانە درەنگتر لە ناوچەکانی تر ئاشنای ئەو میدیایانە بووە. من لەگەڵ ئەوەدام و بڕواشم وایە کە گۆرانی هەورامی رەنگێکی زۆر جوان و رەسەنە و تایبەتمەندێتیەکی زۆر جیاوازی هەیە لە ناو سەرجەم گۆرانی کوردیدا بەڵام کەسانی خۆی دەوێت بۆ ووتنی ئەو کەسانەش نەختێک درەنگ فریاکەوتوون کە ئەمەش خەتای خۆیان نەبووە بە قەدەر ئەوەندەی خەتای بارودۆخی ژیانی کوردەواری بووە، بۆیە من ئەوە بە تایبەت مەندێتی دانانێم بڵێم تەنها هەر لەگەڵ چەپڵەدا ووتراوە بەڵێ بە چەپڵەوە ووتراوە بەڵام کاریگەری سیاسی وبارو دۆخی کۆمەڵایەتی و لایەنی شارستانیش رۆڵی خۆی هەبووە لەو دواکەوتنەدا، ئەمڕۆ پاش ئەوەی لە قۆناغێکی گۆڕاوی کۆمەڵگای کوردەواری دا دەژین و تەکنەلۆجیا کاریگەری راستەو خۆی هەیە لە گەڵ ڕێرەوی ژیانماندا گۆڕانکاری دروووست بووە، هەموو کۆمەڵگای کوردی هەستێکی جوانی لا درووست دەبێت کە باس لە گۆرانی هەورامی دەکەیت و ئەو مۆرکە جوانەیان دێتەوە بەرگوێ کە زووتر گوێیان لێبووە و بە ستایلێکی جوانی گۆرانی کوردی ناو دەبرێت.

باشترین کار بە رای من لەم قۆناغەی ئێستادا بایەخدانە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو میلۆدیە جوانانەی کە ماون لە لایەن کەسانی شارەزاوە بە هەموو شێوەیەکی نووسین و وێنەگرتنی ئەو کەسانەی کە ئەو میلۆدیانە دەڵێن و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ئەو بابەتانە و تۆمارکردنی دەنگیان بە دەنگ و رەنگەوە توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجام بدرێت، ئەمە نەک هەر بۆ گۆرانی هەورامی بەڵکو بۆ گۆرانی هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیش، باشترین کەسیش بۆ ئەم بابەتانە ئەو خوێندکارانەی کە لە قۆناغە کۆتاییەکانی پەیمانگاو خوێندنی باڵان، هەوڵ بدەن توێژینەوەکانیان لەسەر ئەملایەنانە بکەن، یان وەزارەتی رۆشنبیری تیمی تایبەت وهەمەجۆر درووست بکات بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو میلۆدیانە بە بەرنامەیەکی دارێژراو و هەموو جۆرە توانایەکیان بخاتە بەردەست بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانیە. هەنگاوی تریش هەن بۆدوای ئەم قۆناغە کە دەکرێت لە کاتی خۆیدا باس بکرێت. ئەم کارە هەر سوود بە تەنها رووی هونەری ناگەیەنێت ئەوەندەش سوود بە لایەنەکانی تری ژیان دەگەیەنێت بێگومان.

## پێزانین

**دارەوان حاجی حامید ـ سلێمانی**



دوور لە ئەجندای حیزبی، دوورلەبیرکردنەوەی تەسکی‌حیزبی، د.«تەهاڕەسووڵ»م خۆشدەوێ، لەبەرئەوەی جیاواز لە لایەنە مادیی خاوەنی جیاوازیەکی‌تری فیکیریە... !

ئەم دکتۆرە لایەنێکی ئێپستۆمۆلۆژی‌لۆژیکیانەی هەیە و خاوەنی فەزیلەتێکە بۆیە ئومێدێک لەم مەعریفەتە دەبینم، من پێم وایە ئەو چینە ئەرستۆکراتیەی دوای شۆڕش کە لەلایەن چەند پرۆفیسۆرێکی کوردی بەم شێوەیە ناسێنراوە، تەنێ لەلایەنی مادییەکەیەوە جیاوازییان لەگەڵ چینەکانی‌تردا هەبێت، ئەوانە زیاتر کەسانی پارەدار و سەرمایەدارن نەک لە جەوهەری فیکریدا لە کۆمەڵگا جیا بکرێنەوە دەشێ بە بورژوا ناویان بەرین، لێ ئەم پیاوە وەک ئەرستۆکراتیەکی کۆنی گریکیە وجگە لەوەی سەرمایەدارێکی دەست ڕۆشتوە خاوەنی بیرێکی فەلسەفی وفیکری مەزنە لە ناو ڕۆشنبیر و کتێبخانەکانی ئەمرۆی کوردستاندا.

من دەست خۆشی لە دکتور تەها دەکەم و ئومێدەوارم هەموو لایەک بتوانن هاوشێوەیی ئەم پیاوە توێژینەوە درووست بکەن، ئومێدێکی زۆرم بەم پیاوە هەیە و لەپەنای ئەوەوە هەوڵێکی مەزنی بەرپاکردنی ڕێنسانسێکی فیکری لاهوتی ئیسلامی جیاواز لە پیاوانی تەسەوف دەبینم، هیوادارم ڕێز لە کارەکانی ئەم پیاوە بگیرێت، دکتۆر بەردەوام بە و لە ڕێگەی کۆمەڵگەی پەروەردەی مارگرێت و دەزگای خێرخوازی کەریمی عەلەکەو ڕادوی مارگرێت و تیفی مارگرێتەوە دەستی ئەو گەنجانە بگرە کە ئەمڕۆکە ئومێدێکی گەورەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست گرنگیان پێ نەدراوە و نەتوانراوە لە کەسانی بیر تەسک و کۆیلەی پارە جیا بکرێنەوە. کۆمەڵگای ئێمە چەند پێویستی بە ڕیفۆرمی ئایدولۆجی هەیە هێندەش زیاتر پێویستی بە ناساندنی ئەزمونی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەیە پێویستی بە ناساندنی قۆناغی مۆدێرنی عەقڵخوازەکان و ئەزمونخوازەکان هەیە.

لەکۆتاییدا سوپاسی ماندوبونت دەکەم و بەندە کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرو خوێندکاری دکتۆرام لە فەرەنسا تەواو ئیمانم بە ڕێنسانسێکی فیکری ئیسلامی هەیە دەستخۆشیەکی گەورەت لێ دەکەم، پاڵپشتی تەواوی کارەکانتانم.



وریا ئەحمەد - هەولێر

# چۆنییەتی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)

* بەهارێکی درەنگی ساڵی (١٩٤٧)لە گەڕەکی (بەفری قەندی)لەشاری (کۆیە)لە دایکبوومە, (ڕۆژ و مانگ)دیار نییە.
* قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەکۆیە و دواتر خانەی مامۆستایانم لە هەولێر, ساڵی خوێندنی (١٩٦٧ ـ ١٩٦٨)تەواو کردووە.
* ساڵی(١٩٧٠)لە قوتابخانەکانی شاری کۆیە بەمامۆستای (سروود و موزیک)دەمەزرام.
* لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو, یەکێک بوومە لەدامەزرێنەرانی (تیپی مۆسیقای باواجی ـ کۆیە), دواتریش وەک موزیکژەن و ئاوازدانەر و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەوتیپە, کارمکردووە.
* ساڵی (١٩٧٤ ـ ١٩٧٥)لەگەڵ چەندین هونەرمەندی کورد، چوومە ریزی (شۆڕشی ئەیلول)و ئەندامی (تیپی مۆسیقای شۆڕش)بووم و تیپەکە دەیان سروودی بۆ (ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق)تۆمارکردووە, بۆ ئاوارە کوردەکانی باشووریش لە ئۆردووگاکانی (وڵاتی ئێران)دا دەیان کۆنسێرتمان ئەنجامداوە.
*ساڵی(١٩٧٥)دوای نسکۆی شۆڕش خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندن و هەم ڕاهێنەر و سەرپەرشتیکار و ئاوازدانەری (تیپی مۆسیقای منداڵانی هەولێر)بوومە. کە ماوەی چەندین ساڵ لە میهرەگانەکانی چالاکی قوتابخانەکاندا لەسەر ئاستی هەموو عیراقدا مەدالیای یەکەمی وەدەستهێناوە.
* لە (١٩٨٠)بە سەرەوە لەهەولێر دامەزرێنەر و راهێنەر وئاوازدانەری (تیپی مۆسیقای خانزادی کچان)بوومە.
* بەهاری ساڵی(١٩٨٠)لە (کوێت)لەگەڵ هونەرمەند (حەمە جەزا)کۆنسێرتمان ئەنجامداوە.
* تا ئەمڕۆ دەیان خوولی فێربوونی موزیکم بۆ منداڵان ومێردمنداڵان ولاوان کردۆتەوە.
* دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١)دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای (زیر وبەم)بوومە و یەکەم تیپی هونەری بووە، مۆڵەتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەئیمزای شاعیری نەمر (شێرکۆ بێکەس)وەرگرتووە.
* ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵات بووم، لە دەیان کۆنسێرتدا بەشداریم کردووە، لەوانە کۆنسێرتەکانی (ئەکادیمی کوردی لە ئەڵمانیا).
* هەر لە ساڵی (٢٠٠٥)تاساڵی (٢٠١١)ئەندامی راوێژکاری (دەزگای موزیک وکەلەپووری کورد)بوومە لەهەولێر و هەر لەژمارە (١) تا ژمارە (٦١)سەرنووسەری گۆڤاری (چلاواز)بوومە.
* ساڵی (٢٠٠٥)لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بە (شارەزا)دامەزرام.
* لەسەرەتای دامەزراندنی (کۆلێژی هونەرە جوانەکان)لەهەولێر وەک (مامۆستای وانەبێژ و راهێنەری هونەری)لەبەشی موزیکی ئەوکۆلێژەدا وانەی (ژەنینی بەکۆمەڵ)م گوتۆتەوە، تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨).
* ئەمڕۆش سەرۆکی (تیپی زیر وبەمی هەولێر)م، ئەوتیپە یەکەم (CD)نوێی خۆی کە نۆ (تراک)ی لەخۆ گرتبوو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)خستە بەردەم هەواداری گۆرانی وموزیکی کوردی و (٥)لەو بەرهەمانەشی بە (کلیپ)کردووە، ساڵی (٢٠١٤)ئەمجارە ((CD دووەم و سێهەمیشی بڵاوکردۆتەوە, جگە لەوە تیپەکە تائەمڕۆ بەدەیان چالاکی هونەری ئەنجامداوە.
* تا ئەمڕۆ هەشت بەرهەمی چاپکراوم هەیە:

١)کتێبی (ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی)ساڵی (١٩٨٩).
٢)کتێبی (باڵەبان)ساڵی (١٩٩٧).
٣)گۆڤاری (چلاوازی ژمارە یەک)ساڵی (٢٠٠٥)کە خۆی بە تەنیا ئەرکی نووسینەوە وڕاڤەی نۆتەکانی گرتۆتە ئەستۆ.
٤)کتێبی (تەمیرە)ساڵی (٢٠٠٨).
٥)کتێبی (کەشکۆڵی نووسینەکانم)ساڵی (٢٠٠٩).
٦)کتێبی (ئەحمەدی حەمە مەلا)ساڵی (٢٠١١).
٧)کتێبی (خالید دلێر)ساڵی (٢٠١٥).
٨)ئامێرەکانی موزیکی کوردی (٢٠١٦).
٩)کتێبی (دەهۆڵ)کە تێکست و نۆتەی (١٠٠)گۆرانی کوردییە.

لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو، چەندین ساڵ رەنج و هەوڵ و سەفەرکردن وماندووبوونی بێوچانماندا، بۆوەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە). بۆنموونە: ئەوسا لە (بەغدا)بۆ دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقاو وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، هەندێک مەرجییان هەبوو، لەوانە: دەبوو سێ دەرچووی (پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)هەبن و هەر یەکە پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونیان تێپەڕیبێت، ئەوانە: هونەرمەندان زاهیر محەمەد، ئەنوەر تاهیر، کەریم حەمەد بوون، دوای ئەوە خانوویەک بەکرێ بگرین و دروشمی (تیپی مۆسیقای



وەستاوەکان لەڕاستەوە: کۆچکردوو سیامەند عیزەت تاهیر، ئازاد بیلال، جان تۆماس، زاهیر محەمەد. دانیشتوان لەڕاستەوە: رزگار عەبدولکەریم، چاپووک حەویزی، وریا ئەحمەد، کۆچکردووان: سەردار ئەحمەد و ئەنوەر تاهیری ناسراو بە (مەلا ئەنوەر).

باواجی) لەسەر ئەوخانووە هەڵواسین، بۆیەخانوویەکمان مانگی بە (٧)دیناری ئەوسا بەکرێگرت و دروشمی تیپەکەمان لەسەرشوێنێکی دیاری ئەوخانووە هەڵواسی، ناچاربووین چەن دانە کورسی و قەنەفەیەکیش بۆ ژووری سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبردنی تیپەکە بکڕین لەگەڵ هەندێک پێداویستی دیکە، دیارە ئەوپارانە لەلایەن ئەندامان و هونەردۆستان و هی گیرفانی خۆشمان درا، مەرجی دیکەیان، دەبێ لەبانکی کۆیە (حساب)ێک بکەنەوە بەناوی تیپەکە و (١٠٠)دیناری تیادابنرێت، بۆیە ئێمە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ئەوپارەیەمان دانا، ئێمە (دە)ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بووین و هەریەکە بڕی (١٠)دینارمان دانا، ئەوسا ساڵی (١٩٧٠)ی ز. بەندە تازە بەمامۆستای وانەی (سروود)لەکۆیە دامەزرابووم هەموو مانگانەکەم (٣٠)دینار بوو، مەبەستمە بڵێم ئێمە مۆسیقا لەخوێنماندابووە، ئەگینا ئەوپارەیە ئەوسا بۆئێمە زۆربووە، ئینجا مەرجی دیکەیان ئەوەبوو، چەندین دەفتەری بەرگ رەقی (٢٠٠) لاپەڕەیی بکڕێن و بچین لەدادگای کۆیە دوای دانانی ژمارە بۆهەموو لاپەڕەکانی (ستەمپ ـ مۆر)بکرێن، بۆئەوەی رێگە لەهەرهەوڵێکی خوانەخواستا گەندەڵی بگیرێت، ئەوکارانەمان هەمووی تەواوکرد، پاشان هەر بۆنموونە: بەندە کەئەوسا جارێ زگورتی بووم، زیادلەجارێک بۆ ئەو مەبەستە سەفەری (بەغدا)م کرد و دیارە برادەرانی دیکەش بۆنموونە هونەرمەند: زاهیر محەمەد کە بەبرای گەورەمان دانابوو، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی ئامێری کەمانی رۆژئاوایی، ئەویش بۆئەومەبەستە چەنجارێک بۆ (بەغدا)سەفەریکرد، شایانی باسە لەبەرباروودۆخی سیاسی ئەوسای ناوچەکە، ئەگەر کۆچکردوو (جەلال بێتووشی)کەئەوسا لەبەغدا لەدەزگای (رادیۆ و تەلەفزیۆنی عیراق)وەک (بەڕێوەبەری بەشی وێنەگرتنی سینەما)دەستبەکاربوو، ئەگەر ئەوپیاوە کوردەی خەڵکی شاری کۆیە لەوێ نەبوایە، رەنگە چەندین ساڵی تریش ئەومۆڵەتەیان بەتیپێکی کوردی و بەتایبەتی هی شاری کۆیە نەدابوایە.

مۆڵەتی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)، ژمارە (٨٣٢) لەڕێکەوتی (١-٣-١٩٧٢)لەلایەن (دەزگای سینەماوشانۆی بەغدا)وە واژووکرا، پێش ئەوکاتە ئێمە لەهاوینی ساڵی (١٩٦٥)دەستمان بە کۆبوونەوە و خۆئامادەکردن کردبوو، لەبیرمە ئەدیب و شاعیری کۆچکردوو مامۆستا (زەکی ئەحمەد هەناری)، کە ئەوسا بەڕێوەبەری (قوتابخانەی باواجی سەرەتایی کۆیە)بوو، لەپشووی هاوینی ئەوساڵەدا رەزامەندیدا کەئێمەی ئەندامانی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)لەقوتابانەکەی ئەواندا، هەفتەی چەن رۆژێک لەوێ پرۆڤە بکەین، ئەوسا قوتابخانەی باواجی لەجێی سەرای کۆنی کۆیە بوو. بۆیە ئێمە لەوساوە بەتایبەتی هاوینان مەبستم مۆزیکژەن و کۆرسەکانە، هەربەردەوامبووین لەپرۆڤەکردن، دیارە لەتۆمارکردنی یەکەمین بەرهەمی تیپەکەشماندا هەر بەڕێز جەلال بێتووشی بوو دیسان هاوکارمان بوو، لەوەی وادەی تۆمارکردنی لە (دەزگای ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا)بۆ مسۆگەرکردین، بۆ ئەوەی یەکەمین بەرهەمەکانی تیپەکەمان تۆماربکەین. دیارە ئەوبەرهەمانە راستەوخۆ لەناو ستۆدیۆ تۆمارکردن، تۆماری دەنگ و رەنگی پێکەوەکرا، شایانی باسە ئەوسا تۆمارکردنی تەلەفزیۆن بەرەش و سپی بوو، هەتا تۆمارکردنەکەش تەواوبوو، کاک جەلال بێتووشی بەجێینەهێشتین و لەناوستۆدیۆ هەر لەگەڵماندا بوو. دەرهێنەری بەرهەمەکان کەسێکی عەرەب بوو بەناوی (حوسێن نەسراوی)دەمێکە کۆچی دوایی کردووە، وێنەگرەکان ئەوەندە تیپەکەو کۆرسەکەیان بەدڵ بوو، ناویان نابووین (تیپی ئوم کەلسوومی باواجی)!

پاش ئەوتۆمارکردنە و پەخشکردنی بەرهەمەکان لە تەلفزیۆنی کەرکووکەوە، ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی (١٩٧١) ی ز. بوو، تیپەکە بەو بەرهەمانە لەناوخەڵکدا دەنگیدایەوە، بۆیە ئەوکارە وەک هاندانێکی وزەبەخش بوو بۆمان و یەکسەر کۆمەڵێک بەرهەمی نوێمان ئامادەکرد و ئەمجارەیان بەرهەمەکان دیسان بەرەش و سپی ئەمجارە لە (تەلەفزیۆنی کەرکووک)تۆمارکران و وێنەیان گیرا، لەتاکە ستودیۆی ئەو تەلەفزیۆنە لەستودیۆی دەنگوباس بەرهەمەکان تۆمارکران، لەبیرمە یەک دانەکامیرای چەسپاوی لێبوو، مەبەستم کامیراکە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو توانای جوولانەوەی نەبوو، ئەمجارە (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)بەوبەرهەمە نوێیە زیاتر جێگەی خۆی لەناودڵی خەڵکدا کردەوە، بەتایبەتی دەنگی گۆرانیبێژ ی مێردمنداڵ (سەلاح پشدەری)لە گۆرانی (لانەوهەی لانت کەم)زۆر کاریگەر بوو. دیارە ئەوسا جارێ هێشتا مۆڵەتی فەرمی کارکردنی هونەری بە (تیپی مۆسیقای سلێمانی)نەدرابوو، بەڵام وەک تیپ دەهاتن بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک و بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی)یەوە بەرهەمییان تۆماردەکرد.



خالید سەرکار - سلێمانی

# مێژووی سەرهەڵدانی تیپەمۆسیقیەکانی شاری سلێمانی



(خالید ئەحمەد عەزیز ناسراو بە خالید سەرکار)ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی (گڵەزەردە)لەدایکبووە دواتر هاتوونەتە ناوشاری سلێمانی هەر لەوێ خراوەتە بەر قوتابخانە خاوەنی دوو برا وسێ خوشکە کە هەر دوو براکەشی ژەنیاری مۆسیقان سەرەتای کاری مۆسیقی دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن لە خانەی مامۆستایان ساڵی ١٩٦٥ کارکردن لەگەڵ ئەنوەر قەرەداخی و لەدامەزراندی تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە دەستبەکاربووە، وەک پەنابەر چۆتە هۆڵەندا لەوێش سێ ساڵ لەگەڵ ئۆرکسترایەکی گەورەی هۆڵەندی کاری کردووە کاریگەری باشی هەبووە لەسەر توانای مۆسیقی، دوا کاری پێش خانەنشین بوونی سەرپەرشتیاری هونەری بووە لە پەروەردەی سلێمانی و سوپاس بۆ خوا بەتەندرووستی باشەوە لەکاروچالاکی هونەری بەردەوامە.

سەرەتای سەرهەڵدان ودرووستبوونی تیپی مۆسیقی لەشاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٦ لەسەردەستی چەند کەسایەتیەکی دیاروناسراوی شار لەوانە (ئەدیب ورۆشنبیر مامۆستا شاکر فەتاح، مامۆستا و وەرزیشکار ساڵح عەلی، ڕۆشنبیر و فەرمانبەر ئەحمەد میرزا عارف، جەلال حەمدی، عەلی عارف ئاغا....)زیاتر ئامێرە مۆزیکییەکانیان لەفوودارەکان بوون، بەداخەوە کە هیچ تۆمارێکی دەنگی بەرهەمەکانیان بەردەست نییە یا فەوتاون چۆن ئەوئامێرانەیان دەستکەوتووە؟ یان چۆن فێربوون؟ کێ فێری کردوون؟ نازانرێ!بەداخەوە کە هیچ زانیارییەکی پێویست دەربارەیان بەردەست نییە.

لەساڵی ١٩٤٧- ١٩٤٨ لەشاری سلێمانی خولێکی فێربوون بۆ ژەنینی ئامێرەموزیکییەکان کراووەتەوە، هونەرمەندی ئێراقی بەتوانا وژەنیاری عوود و کەمان جەمیل بەشیر وهونەرمەند حەنا پەترۆس مامۆستای ئامێرە فوودارەکان لەشاری بەغدادە وە هاتوون وسەرپەرشتی ئەو خولانەیان کردووە کە زیاتر لە مانگێکی خایاندووە و کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیر لەوخولەدا بەشداربوون لەوانە (قادردیلان، شەماڵ سائب، شاکرفەتاح...)ئەرشیفی وێنەیان ماوە وبڵاوکراوەتەوە... سوودی باشیان بۆ فێربوونی ئامێرەکانی مۆزیک وەک (کەمان، عوود، کلارنێت، ریتم.. هتد)لەو دوو مامۆستایە وەرگرتووە وپەیوەندی هوونەری بەردەوامیان لەگەڵدا بەستوون وسەردانیان کردوون وبیروبۆچوونیان لەسەر مۆسیقاوگۆرانی ئاڵوگۆڕکردوون.. کاریگەری گەورەیان هەبووە بۆ پێکهێنان ودرووستبوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی

ساڵی ١٩٥٥ تیپی مۆسیقای (مەولەوی)لەشاری سلێمانی دامەزرا کە بەوەرچەرخانێکی مێژوویی لەهونەری کوردیدا بەگشتی ولە شاری سلێمانی بەتایبەتی دادەنرێ کە بەشێوەیەکی فەرمی ورێ پێدراو لەلایەن دەوڵەتەوە وبنکەیان کردەوە، ئەم تیپە بەیەکەم تیپی مۆزیکی دادەنرێ کە بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی کاریان کردووە وهەندێکیان دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد بەشی مۆسیقا بوون، بەرهەمەکانیان بەنۆت نووسراوەتەوە وتۆمارکراون، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەندامانی ئەم تیپە لە کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیروئەدیب وشاعیر بوون کە کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر گۆرانکاری لە بیرورا وبۆچوونی کۆمەڵگە دەربەست بە گۆرانی ومۆسیقا... کە ئەوکات بەچاوێکی سووک وبێ بایەخ تەماشادەکرا،ئەو هونەرمەندە میلیانەی کە لەپێناو بژێوی ژیانیان نەیژەنین یا زوڕنا لێدانیان ودەهۆڵ کوتین لەشایی وزەماوەند وبۆنەکان کردبووە پیشە ڕێزوقەدریان لای خڵک نەبووە،

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە دوو هونەرمەندی میللی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم کە لەسلێمانی نیشتەجێبوون لە ژوورێکی تاریکی ناتەندرووست لەبەرهەیوانیماڵی کاک فەرەنسیس داودی هاوڕێم لەگەڕەکی گاوران ژیانیان بەژەنینی ئامێرەکانی نەی وزوڕنا و دەهۆڵ وزەرب بەسەردەبرد یەکێکیان ناوی حەسەن حاجی قاسم ناسراو بە حەسەنی نەی کە بەتواناوکارامەیی لە ژەنینی نەیدا گەلێک میلۆدی جوانی هەیە وکاری لەسەرکراوە دووەمیان عەبدوڵلای سەیدزادەیە کەلەژەنینی زەربدا زۆر بەتوانابوو کە دووانەی هونەریان لەوسەردەمەی شاری سلێمانی پێکهێنابوو ساڵانی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکان زۆرجار لەماڵان گۆرانییان تۆمار دەکرد بۆ هونەرمەندان حەسەن زیرەک یا ئەحمەد شەماڵ.. هتد ئەو تۆمارانە وەک ئەرشیفی هونەری ماون کەتیپی مۆسیقای سلێمانیش دامەزرا جار ئەم دوو هونەرمەندە میللیەیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ شاری بەغداد ولەبۆنەی نەورۆز و ئاهەنگەکان بڕگەی تایبەت بەخۆیان هەبووە

دیارە دەرکەوتنی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەسەر شانۆ وبۆنەکاندا، چەند لاوێکی شۆخ وشەنگ بەستایلی مۆدێرنی سەردەمەوە کەزۆرجار لاسایی هونەرمەندە ناسراوەکانی عەڕەبیان دەکردەوە وسەرنجی ڕێزوخۆشەویستی خەڵکی شاریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئاهەنگەکانیان دەبوون زۆر هەڵیانداوە ڕەچاوی ڕەسەنایەتی کوردی بکەن.

لەزۆربەی شاروشارۆچکەکان ئاهەنگ وکۆنسێرتیان ئەنجامداوە، یەکێک لە ئاهەنگەکانیان بۆ کۆمەک وهاوکاری کۆکردنەوە بوو بۆ لێقەوماوانی لافاوی ساڵی ١٩٥٧ ی شاری سلێمانی کە زەرەرو زیانی زۆریدا لە دانیشتووان ودووکان وماڵی هاوڵاتییانی شارەکە ئەم تیپە ئاهەنگەیان لە چەند شاروشارۆچکە بە بلێت واتە بەپارە ئەنجامداوە و هاوکاری باشیان بۆ لێقەوماوان کۆکردۆتەوە، هەر لەو ساڵانەدا هونەرمەندی ناسراوی کورد وخەڵکی شاری کۆیە (سێوە)کە بە خاڵەسێوە ئەناسرا هاتووە بۆ سلێمانی و لەسەر داوای ئەم تیپە لە هۆڵی پەروەردە ئاهەنگیان بۆ سازداوە وجەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون.

لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی هونەرمەند قادر دیلان سەرپەرشتیاری هونەری وڕابەرایەتی تیپی مەولەوی دەکرد کە ژەنیاری کەمان وکلارنێت وچەند ئامێرێکی تر بوو، زۆر بەتواناولێهاتوو بوو وستایلی خۆی هەبوو لەژەنیندا، ڕەسەنایەتی پێوەدیار بوو، هونەمەندێکی خۆرسک بوو، دەنگیشی خۆشبوو، شارەزای بەستە و مەقامەکوردییەکان بوو، ئەم هونەرمەندە ساڵانی شەستەکان چووە بۆ وڵاتی چیک وتامردنی ژیانی لەوێ بەسەربردووە، هەر لەوێ خوێندنی ئەکادیمی لەسەر موزیک خوێندووە و گەلێک بەرهەمی نایابی تۆمارکردووە وئێستا گۆڕی ئەم هونەرمەندە لەشاری سلێمانییە.

هونەرمەند ولیەم یۆحەنا یەکێکیترە لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدایە ژەنیاری ئامێری کەمان، عوود، ئۆکۆردیۆن بووە مامۆستای مۆسیقا بووە لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی سلێمانی مامۆستای ئەنوەرقەرەداخی، خالید سەرکار، فرەنسیس داود، سەلاح ڕەئووف.....بووە گەلێک بەرهەمی لە ئاواز بۆ هونەرمەندە گەورەکان و بۆ منداڵان داناوە

لەئەندامانی تری ئەم تیپە هونەرمەندانی(حازم داود کەکریستان بوو خەڵکی شاری موسڵ بوو ژەنیارێکی بەتوانای عوود بوو، نەجاتی عەبدە ئێستا لەژیاندا ماوە و لەوڵاتی سوێدە، هادی عەنبەر، بەهجەت ڕەشید، د. ئومێد مەدحەت موبارەک، حاتەم سەعید،...)لەو دەنگە خۆشانەی لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی بەشداربوون (حەمەساڵح دیلان کە ڕەسەنایەتی کوردی لەدەنگیدا ستایلێکی تایبەتی بووە وشارەزایەکی باشی مقامە کوردییەکان بووە وئاوازی بۆچەندین گۆرانی وسرووودی نیشتمانی داناوە، ڕەفیق چالاک شاعیر و دەنگخۆش وشانۆکار، ڕەشید عەبدوڵلا ناسراو بە ڕەشۆڵ، حەمەی بەکر، مەحموود تۆفیق شلک، عومەر ڕەزا)ئاهەنگی گۆرانی تۆمارکردووە بۆ چەند هونەرمەندانی وەک (عەلی مەردان، تایەرتۆفیق، باکووری، فواد ئەحمەد، عوسمان عەلی، ماملێ، حەسەن زیرەک، شەماڵ سائیب....)ئەم تیپە کاریگەری هەبوو بۆ درووست بوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی و بەردەوام بوون لە چالاکی تا ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان بەرۆیشتنی قادر دیلان سەرپەرشتیاری تیپەکە لەکاروچالاکی وەستان، بەڵام ئێستا هەر لەشاری سلێمانی تیپێک بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی بەمەبەستی درێژەپێدانی ڕێڕەوی ئەوان خەریکی کاروچالاکین نامدار قەرەداخی سەرپەرشتییان دەکات. نەمانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەگۆڕەپانی هونەری شاری سلێمانی سەرهەڵدانی (تیپی مۆسیقای سلێمانی)لێکەوتەوە.

ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ ژمارەیەکی کەم لەلاوان کە عاشق بە مۆسیقابوون لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان کۆدەبوونەوە خوالێخۆشبوو ئازاد شەوقی کە شێوەکاروسەرپەرشتیار بوو ئەو کۆمەڵە لاوەی گرتەخۆی و ئامێروجێگا وئاسانکاری بۆ دەکردن... هەر لەو ساڵەدا خولێکی بەهێزبوونی ژەنین کرایەوە کە مامۆستایان (ولیەم یووحەننا و ئەنوەر قەرەداخی) سەرپەرشتییان دەکرد پرۆڤەکرا بۆ ئامادەکردنی بەرهەمی هونەری.. بەهۆی نزیکی بینای بەڕێوەبەڕایەتی چالاکی قوتابخانەکان لە دەرگای خەستەخانەی سلێمانی و دەنگی ژەنینی مۆسیقا دکتۆری خەستەخانەکە هات بۆ لامان و بیرۆکەی سازدانی ئاهەنگی لێکردین بۆ نەخۆشەکان، هەرچەندە سەخت بوو بەلامانەوە کە ئێمە هێشتا لە سەرەتادابووین، بەڵام پرۆگڕامێک لە گۆرانی کوردی، عەڕەبی، هەندی ئامادەکراو ئێوارەیەک لە باخی خەستەخانە پێشکەش بە نەخۆشەکان کرا و زۆر سەرکەوتوو بوو، هەر لەو ساڵانەدا تیپی ڕەشید کە تیپێکی تایبەت بە تابلۆی هەڵپەرکێ ومۆسیقاوگۆرانی

بوو زۆر بەناوبانگ بوو لە شاری بەغدادەوە هاتبوون بۆ سلێمانی هونەرمەندی گەورەی عێراقی حەقی شبلی سەرپەرشتیاری بوو.. ئێمەش وەک عاشقانی مۆسیقا لەگەڵیاندا لە پێشوازی بووین، داوامان کرد ئێمەش بۆ ماوەی(٢٠ دەقیقە)وەک تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداربین.. متمانەمان بەخۆمان پەیداکرد و چەند بەرهەمێکمان پێشکەش کرد بە چەپڵەڕێزان پێشوازی کراین ئەم کارە بوو بەهاندانی درووست بوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە سەرەتاوە لە (١٨)ژەنیار پێکهاتبوو. ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ هونەرمەندانی شانۆ مۆڵەتی فەرمی پێشکەش کرا بە دەوڵەت لەشاری بەغدا بۆ پێکهێنانی تیپێک بەناوی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) وبارەگای هونەری دانرا لە بینای تۆفیق قەزاز و دەستکرا بە پرۆڤەو ئامادەکردنی چالاکی، چەند بەرهەمی شانۆیی ومۆسیقا وگۆرانی ئامادەکرا و لە ئاهەنگی جەماوەری لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە پێشکەشکران کە ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە بزووتنەوەی مۆسیقا و گۆرانی ونواندنی کوردی، بەڵام زۆری نەخایاند بڕیاردرا کەجیابینەوە وهەرتیپە بەجیاکاری خۆی بکات... لە ١٩٧٣/٥/٢٣ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەفەرمی مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت و بارەگای خۆی دامەزراند و بەهاوکاری ئەندامان ستۆدیۆیەکی تۆمارکردن درووست کرا و جیهازی تۆمارکردن و مایک وکەرەستەکانی تر کەهەمووی سادەبوون، دەست کرا بە پرۆڤەکردن وئامادەکردنی گۆرانی ومۆسیقا و تۆمارکردن، پێکەوە دەچووین بۆ شاری کەرکووک کە تاکەکەناڵی کوردی بوو بۆ تۆمارکردنی بەرهەم دوای مۆڵەتی ئەوان بۆتێکستی شێعرەکە وناوەڕۆکی بابەتەکە گەر لایان گونجاوبوایە.. ئینجا تۆماردەکرا بۆ بڵاوکردنەوە زۆرجاریش ڕەفزدەکرا و ڕێگەیان پێنەئەدا گەر وشەیەک یا ڕستەیەک لای ڕژێم گونجاونەبایە.

ئەندامانی سەرەتای درووست بوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەم بەڕێزانەبوون (ئەنوەر قەرەداخی، خالید سەرکار، فەرەنسیس داود، فەرەیدوون دارتاش، ولیەم یۆحەننا، جەماڵ شادان، جان تۆماس، حەمەحسێن، حوسەین عەلی، مەحموود عەلی، ئەسعەد قەرەداخی، سەربەست محەممەد، شەوکەت ڕەشید)لە گۆرانی بێژەکانیش (مەحموود سابوونچی- مامۆستابوو، محەممەد جەزا ساڵح- مامۆستابوو، کاژاو شەوکەت - خوێندکاربوو، عوسمان شارباژێری- مامۆستابوو) دوای چەند ساڵ کارکردن کۆمەڵێک هونەرمەندی تر پەیوەندییان پێوە کردین لەوانە (عوسمان محەممەد، سەلاح ڕەئووف، نووری قەرەداخی، مونیر وەکیل، سەباح محەممەد)وکۆمەڵێک دەنگخۆشی هاتنە تیپەوە وەک (قادرکابان، کەریم کابان، عوسمان عەلی، ئیبراهیم خەیات، حەسەن گەرمیانی، عەبدولقادر حەسەن، کامەران مەجید، عەبباس محەممەد، پەیمان عومەر)و هەر لەو ساڵانەش ئەم ژەنیارانە پەیوەندییان کرد (ئەلبێرت عیسا، عومەر سەرکار، محەممەد ڕەشید، ئاراس ئیبراهیم، دلێر ئیبراهیم، جەماڵ کابان، جینان قوستەنتین..... هتد)

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تیپی مۆسیقای سلێمانی گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینی کۆنسێتی لە شارەکانی سلێمانی، بەغدا، هەولێر، دهۆک، کەرکووک، خانەقین، هەڵەبجە، کۆیە، ڕەواندز.... هتد پێشکەش بە جەماوەر دەکرد کاری هونەری بۆ دەیان هونەرمەندی دەنگخۆش تۆمارکرد وەک؛(حەسەن زیرەک، ڕەسوڵ گەردی، باکووری، حوسێن عەلی، تەحسین تەها، حەمەجەزا، هۆمەر دزەیی، شەماڵ سائب، بێژەن کامکارو...)، تیپی مۆسیقای سلێمانی هاوکات گرنگی داوە بە هونەری سروودی نیشتمانی ونەتەوەیی ولەئەرشیفی تیپ پارێزراون هەروەها گرنگی داوە بە هونەری کۆراڵ و چەند بەرهەمی هەیە وبە هەڵپەڕکێی کوردی وبەشێوەی تابلۆی هونەری.

تیپی مۆسیقای سلێمانی وبەرهەمەکانی بەشایەتی هونەرمەندانی عەرەب، تورک، فارس،... بەباشترین تیپ لەڕووی ئەکادیمی وتێکەڵکردنی کاری هارمۆنی لەبەرهەمەکانیدا وبایەخی زۆری بە ڕەسەنایەتی کوردی وپاراستنی خەرمانێک لەبەرهەمی هونەری هەیەبەدرێژایی تەمەنی

لە ڤیستڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لەشاری بەغداد ساڵی ١٩٧٤ کەبەگەورەترین ڤیستڤاڵی هونەری مەزندە دەکرێ بەدادوەری هونەرمەندانی ئەکادیمی وپەیمانگەی بەغداد بەپلەی نایاب دەستنیشان کرا وخەڵات کرا هەر لەوساڵەدا ئەندامانی تیپ پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد و چەندین بەرهەمی نەتەوەیی ونیشتمانییان لەسروود وگۆرانی بۆ شۆڕش تۆمارکرد لە ئێزگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، تا ساڵی ١٩٩١ چەندین دەنگخۆش وژەنیار پەیوەندییان بە تیپەوە کردووە وبوون بەئەندام وەک: (شەهید عەبەی مەلا، عەدنان کەریم، بڵێسە عومەر، زانا مەحموود هەژار، ع ج سێگرمە، بورهان مەجید، پەیمان عومەر، فاتمە حەسەن و...)بەردەوام دەنگی نوێ وژەنیاری نوێ لە پەیوەندیدا بوون بەتایبەت دەرچوانی کۆلیژ وپەیمانگای هونەرە جوانەکان بەگشتی هەمووکات ژمارەی ئەندامان سەد تا چل ئەندام بووە تیپی مۆسیقای سلێمانی توانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی لە ماڵانەوە بگوازێتەوە بۆ سەر شانۆ و ڕادیۆ وتەلەفیزیۆن و... کە گۆڕینێکی گەورە بووە لە مێژووی مۆسیقاوگۆرانی کوردی

بەشداری بەرچاوی هەبووە لە هەموو بۆنەکاندا ڤیستڤاڵ وکۆنسێتی هەیە لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی سنە و کرماشان ومەریوان.. هتد. لە باکووری کوردستانی لەشاری دیاربکر و شارەکانی تر هەروەها لە ئەوروپا ولەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان، بەڵام سەد ئاخ کە ئەم تیپە مەزنە تائێستا لەشاری سلێمانی بارەگایەک یا جێگەیەکی شایستەی هونەری کە هۆڵ و شانۆ وستۆدیۆ هەبێت نییەتی وبۆی نەکراوە!!! بووجەیەکی



دارایی سالانەی خۆی نییە بۆ ئەنجامدانی بەرهەمەکانی، هەمووجار دەبێ پەنا بۆ حیزب ودەسەلات وکۆمپانیا و دەولەمەندەکان ببات

تیپی مۆسیقای سلێمانی وئەندامەکانی کاریگەری بەرچاویان هەبووە وهەیە بۆ ڕۆشنبیری هونەری ولەشوێنە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانی شار دەست ومەقامیان دیارە، زۆریان مامۆستای هونەری مۆسیقان لە قوتابخانەوخوێندنگەکاندا یا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وکۆلیژی هونەری ودەستیان هەبووە لەدرووستبوونی دەیان تیپ وگرووپی هونەری لەوانە:

١- تیپی مۆسیقای منداڵانی شێخ مەحموود ئەندامی تیپ دلێر ئیبراهیم سەرپەرشتی کردووە

٢- تیپی مۆسیقای منداڵانی پیرەمێرد ئەندامی تیپ سەلاح ڕەئووف سەرپەرشتی کردووە

٣- تیپی مۆسیقای منداڵانی نەورۆز ئەندامی تیپ عوسمان محەممەد ئەمین سەرپەرشتی کردووە

٤- تیپی مۆسیقای منداڵانی بێخود ئەندامی تیپی مەولەوی نامدار عومەر سەرپەرشتی کردووە

٥- تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان ئەندامی تیپ خالید سەرکار سەرپەرشتی کردووە

٦- تیپی مۆسیقای منداڵانی دیلان ئەندامی تیپ فەرنسیس داود سەرپەرشتی کردووە

٧- تیپی مۆسیقای ئامادەیی سلێمانی کچان ئەندامی خالید سەرکار سەرپەرشتی کردووە

٨- تیپی مۆسیقای زانکۆ ئەندامی تیپ ئەنوەر قەرەداخی سەرپەرشتی کردووە

٩- تیپی مۆسیقای میللی وفۆلکلۆری ئەندامی تیپ ئەنوەر قەرەداخی سەرپەرشتی کردووە

١٠- تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ئەندامی تیپ دلێر و ئاراس ئیبراهیم سەرپەرشتی کردووە

١١- تیپی مۆسیقای نەتەوەی ومیللی ئەندامان (خالید سەرکار و زانا هەژار)سەرپەرشتیان کردوە

١٢- تیپی مۆسیقای کیژانی سلێمانی ئەندامی تیپ ئەنوەر قەرەداخی سەرپەرشتی کردووە

١٣- ئۆرکێسترای سلێمانی(ئەنوەر قەرەداخی، عبدوڵلاجەماڵ، نەجات ئەمین)سەرپەرشتیان کردووە.

بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای مەولەوی سالانی حەفتاکان دوو تیپی مۆسیقی تر هەبوون لەشاری سلێمانی کە بەرهەمی جوانیان پێشکەش کردووە ئەوانیش تیپی مۆسیقای مەولەوی جاران کە هونەرمەند نامدار قەرەداخی سەرپەرشتیاری بووە وگۆرانیبێژ ان حەمەی نێرگز وسەلاح مەجید ئەندامی ئەو تیپەبوون و تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد سەرەتا شەوکەت ڕەشید سەرپەرشتی کردووە.

تیپی مۆسیقای سلێمانی گرنگی بە دانان و ئەرشیف کردنی کتێب لەسەر هونەر و هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی داوە و بەشداری بەرچاویان هەبووە لە کۆڕ و سیمینار و دەولەمەندکردنی ئەرشیفی هونەری کوردی بە قەڵەم و هونەرە بەپێزەکانیان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری هونەری کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی، شایەنی باسە لە دوای ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ تا ئێستا لە شاری سلێمانی چەندین تیپی مۆسیقا و گرووپی هونەری تر درووست بوون (سوننەتی، عیرفانی، میللی و فۆلکلۆری)وەک تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی، تیپی مۆسیقای سوننەتی گەریان، تیپی مۆسیقای سوننەتی پایز کە زیاتر بە ستایلی کرمانجی کاری هونەرییان ئەنجام داوە، تیپی مۆسیقای سوننەتی لوڕ کە چەندین میلۆدی کوردی ڕەسەنیان زیندووکردۆتەوە بە دەنگی هونەرمەندانی دەنگخۆشی وەک ئیسماعیل سابووری، لوقمان سەلیم، بورهان محەممەد... ئەمانە ئێستا بەشێکن لە تیپە مۆسیقییە کاراکانی سلێمانی.

دیارە نووسین لەسەر هونەری مۆسیقا و گۆرانی تیپە هونەرییەکان لە شاری سلێمانی زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرێت بە تایبەت تیپی مۆسیقای مەولەوی و سلێمانی کە لەم دەرفەتەدا هەر ئەوەندە لەباربوو بە داوای لێبووردن لەو هونەرمەندانەی کە ناویان نەهاتووە.

---

• بۆ نووسینی ئەم چەند دێرە سوودم لە نووسینێکی برای بەڕێز جەماڵی دەڵلاک وەرگرتووە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٩٦ و پشتم بەستووە بە ئەزموونی هونەری خۆم کە شایەت حاڵی ڕووداوەکان بووم

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن - هەولێر



# گۆرانی خانباجی حەسەن زیرەک

## لوتکەی داهێنان

سالی لە دایک بوون: هە ولێر ١٩٥١بە نفوس ١٩٥٣ ڕاستیەکەی/ بەکالۆریۆس: بەشی زمان و ئەدەبی فارسی بەغدا
ماستەر: زانکۆی سلێمانی –بەشی کوردی – گەڕان بە دوای نەمرییدا لە ئەفسانەی کوردی و فارسی – ٢٠٠٠.
دکتۆرا: زانکۆی سەلاحەدین – کۆلیژی زمان- پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی – هە ولێر ٢٠٠٧
بەرهە مە چاپکراوەکان- لێکۆڵینەوە:
١- قەدەغەشکێنی –لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە لە ئەفسانەی کوردی - ٢٠٠٠سلێمانی٢- گەڕان بە دوای نەمرییدا لە ئەفسانەی کوردی و فارسی- هە ولێر- ٢٠٠٢. ٣- پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی- ٢٠٠٧ سلێمانی. ٤- نەورۆزی کورد.. لەئەفسانەوە بۆ بە جیهانی بوون. ٢٠١٢.
٥- ساواک بۆچی (حەسەن زیرەک)ی کوشت؟ هە ولێر- ٢٠١٢. ٦- ٦. فێربوونی زمان بە لە بەر گرتنەوە، لێکۆڵینەوەیەکی تیوری پێشبینیکارە- ٢٠١٥- سلێمانی. کۆکردنەوەی کلتورو فۆلکلۆر: - ٧- هێلکەی نامێ- بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم. هە ولێر- ٢٠٠٦.
٨- هێلکەی نامێ- بەرگی یەکەم- بەشی دووەم. هە ولێر- ٢٠٠٦. ٩- تێرنەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم. هە ولێر- ٢٠٠٨.
١٠- زیاتر لە عەشقێک، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم. هە ولێر- ٢٠٠٨.
بەرهە مە ئەدەبیەکان: ١١- وریابن خەوتان لێ نەکەوێ! چیرۆک بۆ مێرمنداڵان- بەغدا- ١٩٨١. ١٢- گۆرانی ئازادی، چیرۆک بۆمیرمنداڵان، هە ولیر- ٢٠١٢. ١٣- خۆت لە من بزر مەکە! شێعر- بەغدا- ١٩٨٥. ١٤- بەردەژن، ڕۆمان، سلێمانی- ٢٠٠١ ١٥- پیری کێوان، ڕۆمان، سلێمانی- ٢٠٠٤.
١٦- پێڵاوی شنگالییەکان، شێعر، هە ولیر- ٢٠١٥. ١٧- مەرگی سەگ، کورتە چیرۆک، هە ولێر- ٢٠١٧. ئینسکلۆپیدیای هە وڵێر- بەڕێوەبەری گشتی- لە گەڵ چەند بەڕێزێک- هە ولێر- ٢٠٠٩.
ڕۆژنامەوگۆڤار: ١٩- کوردستانی نوێ- ئەندامی دامەزرێنەروئەندامی ئەکەمین دەستەی نووسەران- هە ولیر- ١٩٩٢.
گۆڤاری منداڵان: - ٢٠- پەڕەسێلکە- بەڕێوەبەری گشتی – هە وڵێر- ١٩٩١. ٢١- پەریستان، سکرتیری نووسین، هە ولێر- ١٩٩٢. ٢٢- هە نگ، سکرتیری نووسین، هە ولێر- ١٩٩٣.
بەرنامەی ڕادیۆیی: - ٢٣- دەنگی زارۆکان. ئامادەکردن و پێشکەشکردن بەناوی یەکێتی نووسەران لە هە ردوو ڕادیۆی – دەنگی گەلی کوردستان و دەنگی کوردستانی عیراق- ڕواندز- ١٩٩١. ٢٤- بڵاوکردنەوەی بەردەوامی شێعرو نووسین و وتاروزنجیرەنووسین ولێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەناوخۆیی و دەروە.. لە ١٩٨٤ ەوە. هە تا ئێستاش بەردەوامە. ٥- چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەناوەو دەرەوی کۆردستان و بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی. ٢٦- . تەواوی چاوپێکەوتنە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکان لە ماڵپەڕی. dr. mawlud Ibrahim Hassan Mawlud. hassan@us. edu. krd



لای من و زۆربەی ئەوانەی کەبەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن، وەک من لەسەر ئەو ڕایەن کەدەنگی هونەرمەند (حەسەن زیرەک)دەنگی هەموو تەمەنێک و هەموو زەمەنێکە و بە هیچ شێوەیەک کۆن نابێ! وەک یەکێک لە هونەرمەندە هاوزەمەنەکانی زیرەک لە یادی کۆچیدا گوتی: من کە گوێم لەزیرەک دەبێت سوێند دەخۆم بە(تەلاقم)کە دوێنێ ئێوارێ ئەم گۆرانیەی گوتووە! من لەم سەردەمی کرۆنایەداو سەرەڕای ئەو هەموو کار و پرۆژە و هۆیانەی کە دەتوانن خەریکم بکەن و بێ کارم نە هێڵنەوە! هێشتا زۆرجار دەنگی زیرەک، ژیانی زیرەک ڕامدەکێشن و وام سەرگەرم دەکەن، لە بیرم دەچێتەوە لە نێومالْ کەرەنتینەم و نازانم لە چ شوێنێک و زەمەنێک و لە نێو چ ڕووداوێکدا دەژیم! دەزانم ئەم کرۆنای جیهانگیرە هەموو ژیان دەگۆرێ وگۆرانێک تەواو جیا لە جیهانی پێش کرۆنا و لە نێویشیاندا هونەر و ئەدەبیش گۆرانی گەورەی بەسەردادێت، زۆر ڕێباز و شێوازی تازە سەرهەڵدەدەن و هەندێکیش لەوەی ڕابردوو لە زەمەندا دەکەلێن و دوادەکەون، بەلام دڵنیام کە هونەری زیرەک، دەنگی زیرەک هونەرێکە و دەنگێکە سەردەمی کرۆناش دەبڕێ و دوای کرۆناش هە ر دەمێنێتەوەو بەردەوامیش دەبێت! سەیرکە لەوەتەی یەکەمین گۆرانی – کە قسە هە یە- (ئەسمەر یارم جوانە)بێت، لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئێستگەی بەغدا تۆماری کردووە تا دەکاتە مانگی شەشی ١٩٧٢ و چەند ڕۆژێک پێش مردنی، بە قسەی حوسەینی برای دواگۆرانی تۆماردەکات بە ناوی (وامن دەمرم دەردم گرانە)!ئەو دەنگ و هونەرە زیندوویەتی خۆیان پاراستووە و هە تا ڕۆژگاریش بچێتە پێش و بشگۆرێ، هە ر دەیپارێزێ و لە لووتکەدا دەمێنێتەوە.

خانباجی و زمانی شێعرەکان (*١)

گۆرانی(خانباجی)حەسەن زیرەک کە بە چوار زمان و یەک ئاواز و ئاوازێکی تێکەڵ لەچوار ئاواز، ئاوازی ئەرمەنی، کوردی، ئازەری، فارسی، بە یەک گوتن و یەک دەنگ گوتوویەتی بەچوار

زمان زمانەکانی: ئەرمەنی، کوردی، ئازەری، تورکی و فارسی، ئەم گۆرانییە لەسەر بەرزترین لووتکەی داهێنانی گۆرانی هە موو زەمەن و زەمانێک وەستاوە و هیچ داهێنانێکی تری گۆرانیی هیچ هونەرمەندێک نایگاتێ لە چەشنی خۆی تاقانەیە!

شاعیرانی کوردی کلاسیک زۆرجار بۆ هونەر نواندن ودەرخستنی ئاستی شاعیریەتیان بە چەند زمانێک، شێعری تێکەڵ لە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیان نووسیوە، وەک ئەوەی(نالی)دەفەرمووێ: حاکمی سێ موڵکە (نالی)دیوانی هە یە! ئەوا(زیرەک)یش خۆی نەیگوتووە من حاکمی چوار موڵکم، بەڵام هەیەتی چوار دیوانی گۆرانی هەیە و بەکردەوە و شاهی چوار مەمملەکەتی هونەری گۆرانییە (*٢)ئەوەتا گۆرانی خانباجی شێعرەکەی تێکەڵەیەکی چوار زمانەیە، ئێستا وەک نموونە کورتەیەکی شێعرەکان دەنووسینەوە

یەکەم: شێعری ئەرمەنی

ئێرتاخ زاڵی بورنخ جاڵی، خانباجی

جەنگید چاڵی دوشید خاڵی، خانباجی(*٣)...

دووەم: شێعری کوردی

خانباجی وەی وەی خانباجی

گەر دەمکوژی هانێ خەنجەر، جوان باجی...

سێیەم: شێعری ئازەری – تورکی

بوداغ لاردە جەیران جوزال، گل باجی

ئەمان درناخ لاری داش لارەزال، خەم باجی...

چوارەم: شێعری فارسی

صورتگری نقاش چین.. خم باجی

رە صورت یارم ببین.. گل باجی

... هتد، ئەم شێعرە شێعرێکی بەناوبانگی شاعیری بە ناوبانگی ئێرانی (سەعدی شیرازی)یە.

پێنجەم*١: شێعری دانراو- هێمن، ئەم شێعرە بە مەقام دەڵێتەوە..

قەت لە دنیادا نە بوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم

ئەی خودا چەند بێکەس و بەدبەخت و چارەڕەشم... هتد(*٤)

شەشەم*٢: شێعری ئازەری – ترکی

یارەمان دینم ئامان ئێمانم ئامان

ئەغام نێنم گوڵم نێینم ئەمان نێینم... هتد

حەوتەم*٣: جارێکی تر فۆلکلۆری کوردی

خۆزگەم بەوەی یاری جوانە، خانباجی

لە نێو جحێلان سوڵتانە، گوڵ باجی... هتد(*٥)

زیرەک لەکارە هونەریەکانیدا زۆر هونەر بەکاردێنێ لە داهێنانی یەک بە یەکی گۆرانییەکانیدا بەرچاودەکەون، بۆ نموونە: بۆ (جوان کردن)و (خۆش کردن)و(ڕازاندنەوە)ی شێعر و ئاوازەکە.

یەکەم: (جوان کردن)برگەی دەنگی، کە برگەیەکە ئاوازێکی خۆشی هە یە و گوتن و ئاوازە کە خۆشتردەکات ودووبارە دەبێتەوە و مانای نیە! وەک ئۆوە، دەی، وەی، ئەمان، ئای، وای...

دووەم: (خۆش کردن)وشەی جوان و مانادار کە ماناکە لەگەڵ تەواوی شێعرەکە ڕێک دەکەوێ و ئاوازێکی خۆشیشی پێ دەبەخشێ پێش شێعرەکە یان دووای شێعرەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمانە بەشێک نین لە شێعرەکە، بەڵام گۆرانیبێژ بۆ جوانترکردنی شێعر وئاوازەکە دووبارەی دەکاتەوە! جوانێ، گوڵم، ئاسکێ...

سێیەم: (ڕازاندنەوە)ڕستەی کورتی مانادار کە لە دوای کۆپلە و دێرە شێعرەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمیش بەشێک نین لە مەتنی شێعرەکە، بەڵکوو گۆرانیبێژ شێعر و ئاوازەکەی پێ دەڕازێنێتەوە!ناسکە جوانێ، سوورەگوڵ، ڕەش ئەسمەر...

لە گۆرانی خانباجیش ئەم جوان کردن وڕازاندنەوەو خۆشترکردنە هەیە. زیرەک بە و هونەر و دەوڵەمەندییە لە ئاواز و وشە و مانا لە گۆرانی- خانباجی – ش بەردەوام دەبێت و لە فۆلکلۆرەوە بۆ شێعر هەر شێعرێک بەرز بە ئاستی ئاواز و دەنگ! لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هەر زمانێک ڕەوانتر لە زمانەکەی تر، دەنگێک پڕاوپڕ لە خۆشیەکانی دەنگ، گوتنێک لێوانلێو لە هونەری گوتن، خانباجی گۆرانیەک پڕاوپڕ لە داهێنان.. دەنگ، ئاواز، شێعر، گوتن.. پڕە لە جوانی وشەو مانا، پڕە لە ڕەوانی زمان ڕەوانی چوار زمانی لێک جیا! یەک ئاواز ئاوازی چوار زمانی لێکدراو لیکدراو و هاوسەنگ، هاوسەنگ بە یەک ئاواز لەو زمانەوە دەچێتە زمانێکی تر، لە ئەرمەنییەوە بۆ کوردی، لە کوردییەوە بۆ ئازەری و لە ئازەرییەوە بۆ فارسی و لەوێوە جاریکی تر بۆ کوردی جارێکی تر بۆ ئازەری و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ کوردی. لە بەستەوە بۆ مەقام، لە مەقامەوە بۆ بەستە، جارێکی تر بێ ئەوەی زمانی گوتنی لە ئاواز و شێعردا گرێی بکات.

خانباجی، گۆرانی برایەتی و ئاشتی...

ئەم گۆرانییەی – خانباجی – هونەرمەندی شەهید حەسەن زیرەک، جگە لە جوانی و بەرزییە هونەریەکەی ڕۆڵێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بەرزیشی گێڕاوە، وەک هەموو گۆرانییە تێکەڵەکانی و زیاتریش بووەتە هۆی لێک نزیک بوونەوەی ئەم میللەتانە و هەموو میللەتەکانی ناوچەکەش، کاتی لە یەک گۆرانیدا و گۆرانیەکی لووتکەی داهێنان و بە دەنگێکی بەهەشتی و چوار زمان، ئەرمەنی و کوردی و ئازەری و فارسی بە ئاوازێکی خۆش و بە گوتنێکی شاگوتن وەک بارانی بەزەیی خودا بەسەر ڕۆژهەڵاتدا دەبارێ، جگە لە پشکووتنی گوڵ، گوڵی دڵان و لە دڵی تاک بە تاکی مرۆڤەکان، لە خاکی ناوچەکەدا و لە نێو میللەتانی جیا بۆ هە میشە بە ڕیشەی پاکی برایەتی دەپشکوون. بە پیویستی دەزانم، لەمەودوا لە جیاتی سروودی شۆڕشگەری و حەماسی میللی، بۆ برایەتی میللەتانی ناوچەکە، ئەم گۆرانییەی زیرەک بۆ ئاشتی و برایەتی میللەتانی ڕۆژهەڵات و هەموو جیهان ئەم سروودەی کە پر لە هێمای مرۆڤایەتییە بکرێ بە مارشی ئاشتی و خۆشەویستی نەوەکانی داهاتووی لەسەر پەروەردە بکرێ! بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەوەندەی ئەم گۆرانیەی هونەرمەندی(شەهید حەسەن زیرەک)ڕێگای خۆش کردووە بۆ برایەتی، بێخەوشی نێوان ئەم میللەتانە بەردەوام خۆشی دەکات، هیچ یەک لە حیزب و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نەتەوانە نەیانتوانیوە ئەمە بکەن(*٦).

حەسەن زیرەک، دەنگێک لە بەهەشتەوە هات و بە دۆزەخدا تێپەڕی وگەڕایەوە بۆ بەهەشت..

چیرۆکی گۆرانی خانباجی؟!

زۆربەی هە رە زۆری گۆرانییەکانی زیرەک چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڕای من گۆرانی خانباجیش بێ – چیرۆک – نیە! بەڵام تا ئێستا لە هە موو ئەو نووسینانەی کە باسی ژیان و گۆرانیەکانی زیرەک دەکەن، لە هیچ شوێنێک من نەم بیستووەو نەم خوێندووتەو کە بەڕێزێک باسی چیرۆکی ئەم گۆرانی – خانباجی- یەی کردبێ، لە کاتێک دا بە تەنیا ئەم

گۆرانیه هه ڵدەگرێ نامەیەکی دکتۆراو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هونەری ئەدەبی شایستەی لە بارەوە بنووسرێ!

لە ڕووی ئاوازەوە هەندێک بە ئاوازێکی ئازەری یان ئەرمەنی دەزانن! هەرچەندە زانستی مۆسیقا پسپۆڕی من نییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تەمەنێکە و بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی زیرەک دەگرم، وای بۆ دەچم کە چۆن زیرەک شێعری ئەو گۆرانییەی لە چوار زمان تێکەڵ کردووە، ئاواش لە ئاوازەکەشیدا ئاوازی چوار نەتەوەی تێکەڵ کردووە، واتە ئاوازەکەش تێکەڵەیەکە لە ئاوازی کوردی، فارسی، ئەرمەنی و ئازەری، ئەم تێکەڵ کردنەش لە توانا و هونەری زیرەک بە دوور نیە، لە نێو هونەری ئاوزدانان و ئاواز گوتندا زیرەک نهێنی و هونەری زۆری نواندووە، کە تا ئێستا کەمی باسکراوە و لێکۆڵینەوەی تێدانەکراوە.

شاعیرێتی زیرەک

ئەگەرچی شاعیرێتی زیرەک ئەویش هێشتا لە لێکۆڵینەوەو دانپێدانان بە دوورە، بەڵام، شاعیرێتی زیرەک شتێک نیە بشاردرێتەوە؛ بەتایبەت(شێعری گۆرانی)هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاریان لە گەڵ زیرەک کردووە و ناسیویانە، دان بەوە دادەنێن، کە زیرک نەک هەر شاعیر بووە، بەڵکوو زۆربەی شێعری گۆرانییەکانی لە کاتی گۆرانی گوتندا ڕاستەوخۆ گوتوویەتی، ئەوەش کە ژیانی خۆی بە شێعر نووسیووەتەوە هونەرێکە دەچێتە پاڵ هونەرە زۆرەکانی زیرەک و ئەرکی (زیرەکناس) گرانتر دەکات. لە کتێبی(ساواک، بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟ ٢٠١٢)نووسیوومە: لە م ژیاننامە شێعریەداشێعرەکەی زیرەک دەچێتە پاڵ شێعرەکەی (حاجی قادری کۆیی)کە زیرەک باسی ژیانی خۆی دەکات و دەنووسێ:

خەڵکی(بۆکان)م (کورد)ی خوێن پاکم
برام (حوسەین)ە(خات ئامین)ە دایکم
ناوم(حەسەن)ە باوکم (عەبدوڵڵا)
خوشکم(سارا)یە (کاکەمین)ە کاکم

حاجی قادریش لە باسی ژیانی خۆی ئاوا دەفەرمووێ:

باوکم (ئەحمەد)بوو ناوی فکرم دێ
خەڵکی لادێ بوو دایکی من (فاتێ)

زیرەک بەو نەخوێندەوارییەی خۆی لەم شێعرە ژیاننامەیەیدا گەیشتووە بە ئاستی شاعیرێتی حاجی ئەویش لە باسی ژیانی خۆیدا.

گۆرانی شین و شایی لە یەک کاتدا...

هونەرەکانی زیرەک زۆرە، بەڵام تا ئێستا تەنیا دەنگخۆشیەکەی بەرچاوە! دکتۆر (محمد صدیق مفتی زادە)لەو پێشەکیەدا کە بۆ چاپی یەکەمی (چریکەی کوردستان١٩٦٦)ی نووسیوە دەڵێ: (کاک زیرەک بە بێ کۆسپ و کۆشش چەند هونەری تێدا کۆبووەتەوە، هە ر ئەو بەرێزە لە بارەی دەنگی زیرەک نووسیویەتی: (دەنگی زیرەک بۆ خۆی دەزگایەکی ئۆرکێسترای کوردییە، چونکە لە هە ر چرکەیەکدا چەند جۆر ئاوازی مۆسیقا هەست ئەکرێ !)ئەو دەنگە دەزگاییە و ئۆرکێسترایییە، زیرەک زۆر هونەرمەندانە و بە عەشقەوە بەکاری هێناوە، هەر بۆیە لە هەر شوێنێک و لە هەر بۆنەیەک و بە هەر شێعرێک دەنگی هەڵێنابێ، داهێنەر بووە. لە باسی ئاوازی- خانباجی – دا لە کتێبی (ناڵەشکێنە)ی مامۆستا (قادر نەسیری نیا)لە نووسینەوەی شێعری گۆرانییەکانی زیرەک و بە نۆتە کردنی ئاوازەکان بە ڕێز (وەحید موعتەسەمی)دا بۆ خانباجی نووسراوە (مەجلیسی)ئەگەر ئاوازە کە مەجلیسییە، بەڵام ئاوازێکی خەماویە و زیرەک بە شادییەوە دەیڵێ، ئەمە داهێنانێکی زیرەکە و تایبەتمەندییەکێتی بۆ زۆر لە ئاوازەکان، کە ناوە ڕۆکێکی خەماوییان هەیە کەچی زیرەک بە دەنگێکی شادی بەخشەوە دەیانچرێکێنی. زۆرجار ڕێککەوتووە زیرەک لە یەک کاتدا ئاوازی (شین و شایی)بە دوای یەکدا دەردەبڕێ، بۆ بەڵگەی ئەم هونەرە با گوێ لە خۆی زیرەک بگرین، کە ڕەحمەتی (میرزا کەریم خۆشناو)لە باسێکدا بەناوی – لەدێیەکی سوێسنیان- لە زاری زیرەک دەگێڕێتەوە: (ڕۆژێک لە سەفەرێکی دوور دەگەڕامەوە، پارەم پێ نەمابوو جلوبەرگێکی چڵکن و پیسم لەبەردابوو، کراس و ژێرکراسم لە بەرچڵک وعارەقە و تۆزی ڕێگا وەک هەمبانەیان لێهاتبوو. لە ڕۆیشتنی زۆر و هەتاوی گەرم بەسەر سەرمەوە ڕەش داگەڕابووم وتاقە یەک جگەرەشم نەمابوو گێژو حۆل هەر وەک شێتم لێهاتبوو، ئەتگوت غەم لە دنیادا نەماوە هەموویان کۆکردووەتەوە خستوویانەتە نێو جەواڵێک و بە کۆڵی منیان داداوە، بە ڕاستی شەکەتبوو بووم و لە ڕێگادا پێم نەدەکرا پێ هەڵبێنم. بە هەر حاڵی هەبوو خۆم گەیاندە نزیک ئەو دێیە خۆشەی کە دۆستێکی زۆر خۆشەویستمی تێدایە. ئەم دێیە بەرزی، نزمی، کانی، ئاوی سارد، داروبار و سێبەرێکی زۆر خۆشی هەیە، لە جوانیدا لە ناوچەکەدا بێ میسالە و زۆر خۆشە. کە نزیک بەیاڵەکە بوومەوە دەنگی دومبەک وگۆرانی ئەهات. سووڕامەوە دیم شاییەکە نە سەری دیارە نە بن، دەنگی تەپڵ و دووزەلە و گۆرانی وشاباش وگازە گازی منداڵان تێکەڵاو بووە. منیش نزیک بوومەوە و لە سەر بەردێک کە بە سەر مەیدانی شایەکەدا ئەیڕوانی دانیشتم. چاوم لە ئاشنا کەم ئەگێڕا بەڵکە بیبینم وبچمە ماڵەوە و هەندێک ئیسراحەت بکەم و سەرخەوێکیشی بۆ بشکێنم. بەڵام بە داخەوە چەندی شایی و ناو دێ وئەملاوئەولام ڕوانی ئەو دۆستەی خۆم نەدی، کە سەیری شایی ئەکەم، ڕەشبەڵەک گیراوە و ئافرەتان جوانترین کراس وکەوا و سوخمەی ڕەنگاو ڕەنگیان لە بەرکردووە و بۆنی میخەکبەندیان دەماغی خەڵکی ئەکاتەوە. کوڕانیش ڕانکوچۆغەی تازەو خاوێنیان لە بەرکردووە و دەسماڵی گوڵینگە داریان وەبەر پشتێن داکردووە. گۆرانیبێژ یش سەرگەرمی شاباش وەرگرتنە. گیرفانی لە پارەی کاغەزی گران بەها پڕبووە، هەر دەم نادەم هاوارێکی لێ هە ڵدەستێ و بە هەمووهێزێکی خۆی هاوار ئەکات شاباش فلان ئاغای کوڕی فلانی هە زار تومانی کردە شاباشی بووک و زاوا، یان دایک و بابی زاوا یان دۆستان بۆ یەکتر، منیش سەیرئەکەم یەک فلسی ئەحمەرم پێنیە. ئەمەش قەیناکا بەڵام خۆ یەک جگەرەشم هەر نییە، ئەملاوئەولام ژن و پیاو کچ و کوڕی لێدانیشتبوون. لە بەر ئەوەی جێگای من مەسەڵەت بوو بەسەر مەیدانی شاییەکەدا ئەوا هەریەکێ لە شاییەکە ماندوو بووبایە یا بیویستبایە سەیری شایی بکا، ئەو ئەهات لەلای منەوە دائەنیشت. لە بەرئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دێهاتەکانی دراوسێوە بانگ کرابوون و خەڵکی غەوارەی زۆری تێدابوو، من پێوە دیارنە بووم کە غەریبم یا خەڵکی دێ، کەس بەتەنگ ئەم قسەوە نەبوو، ئەم دێ ئەم هە موو لاوچاکە خۆیان ڕازاندووەتەوە شاد و بە کەیف و دڵخۆش، تەنیا منی بەدبەخت نەبێ !! کاکی گۆرانیبێژ یش دەستە جلکێکی لە بەردایە ئەڵێی بێچووە تاجیرە، گیرفانەکانی هە روەک مار پێوەیدابێت وابوو، پوزایی بەقەدەر بوخچەیەک ئەبوو، هەمووی کاغەزی گران

بەهابوو! دەنگە کەشی ئیللا ماشاڵڵا خۆ دەنگی (گوێرەکە)یەک تۆزێک لەدەنی ئەم گۆرانیبێژ ە خۆشتربوو، دەنگی نووسابوو ئەوەندەی بۆ شاباش هاوارکردبوو، بیرم لەوەزعی خۆم ئەکردەوە و سەیری ئەمانەشم ئەکرد هەر چەندە لە ژیانما حەسوودیم بەکەس نەبردووە، بەڵام زۆر دڵم بە خۆما ئەمایەوە لەوانە بوو لەوکاتەدا یەکێ قسەی لە گەڵ کردبام، بۆ حاڵی خۆم فرمێسکم لە چاو بهاتبایە خوار، هەر ئەم دالخەیەم لێدابوو، یەکێک هاواری کرد و گوتی: کوڕینە نان حازرە فەرموون، شایییەکەیان تێکدا و فەرموو فەرمووەدەستی پێکرد، ئەو دەستی کابرایەکی دەگرت وئەیگوت فەرموو بۆ ماڵی ئێمە و ئەوەی تریاسکی یەکێکی ئەگرت وئەیگوت تۆش ئەبێ بێیت بۆ ماڵی ئێمە، سەبر سەبر خەڵکی گوندەکە میوانەکانیان بردەوە و ئەوەی لە دەورو پشتی منیش بوون یەکەیەکە چوونە خوارەوە و تەنها من مامەوە کەس بە منی نەگوت وەرە پارووێک نان بخۆ، ئەوا سکیشم لە برسان ژان ئەکات لەم دێهاتەش وا عادەتە، ئەگەر خوانەخواستە مردوویەکیان لێ بمرێت یا بە خێر زەماوەندێکیان هەبێت ئەو هەرماڵە و بە پێی توانای خۆی چێشت لێ ئەنێ ئینجا یا هەر لە ماڵی خۆی میوان بانگ ئەکات، یا هەموو ئەهلی ئاوایی چێشتی خۆیان لە ناو قاپی پاک و تەمیز و لەگەڵ هەندێک نانی نەرمی تیری و هەندێ نێرکە پیوازو جامێک دۆی خەست وسارد و ترش کە خوێشی تێئەکرێ لەسەرسینییەکی پاک و خاوێن یا لە سەر سەلەی دار کە لە شوولکە بی درووست ئەکرێ دائەنێن و ئەیخەنە سەردەستیان و ئەیبەنە مزگەوت، لە گەڵ میوانەکان و هەر میوانەش لەگەڵ خانەخوێکەی ئەیخوات، لێرە کەس خولقی منی نەکرد، کە زۆر ماندووبووم و زۆریشم برسی بوو، تەنیا مابوومەوەو مەئیووس بووم و بەدەست خۆم نەبووغوربەتیم هەڵساو دڵم پڕبوودەستی خۆم خستە بنا گوێم وتا تینم تێدابوو دەنگی خۆم هەڵێنا وگۆرانییەکی زۆر غەریبم بۆهات. - لێرە میرزا کەریم ڕوو لە زیرەک دەکات ودەڵێ: هە ر چەند قسەشت پێ دەبڕم بەڵام توخوا زیرەک گیان چۆن ئەم گۆرانییەت گوتووە بەئارامی ئاوا بۆ منیشی ناڵێیتەوە؟

زیرەکیش لە دەروونێکی بریندارەو زۆر بە عاجزی و غەمباری گۆرانییەکەی بۆ گوتم، کە بە ڕاستی من خەریک بوو بگریم، ئەوەندەی بۆ وتم:

(بۆچ منیش لە جوملەی عەبدی خودا نیم؟!
بۆچ سەعاتێک لەدەست میحنەت ڕەهانیم؟!
گلەیی دەکەم بە لای خوداوە
دەروازەی مەینەت بۆچ تەنها بۆ من کرایەوە؟!)

زیرەک بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە و دەڵێ: لەم کاتەدا یەکێک لە خەڵکی ئاواییەکە گوێی لە من بوو، ئاوڕی دایەوە و چاوی بەمن کەوت و گەڕایەوەلام و لە سەرم وەستا و هیچ دەنگی نەکرد تا ئەوەی گۆرانییەکەم کۆتایی بێنم و جا لە گەڵم قسە بکا، منیش وا دڵم شکابووعاجزبووم، ئەگەر هە موو خەڵکی دێیەکەش هاتبوایەنەوە و لە سەرم کۆبووبانەوە بە بای خەیاڵم نە دەهات! سەرت نەهێشێنم یەکە یەکە خەڵکی گوندەکە گەڕانەوە، ئەوەی گوێی لێم بوو ئەوی تریش کە ئەیدیت خەڵک بۆلای گردەکەی سەرمەیدانی شایییەکە ئەگەڕێنەوە ئەویش بە غاردان ئەگەڕایەوە. تاوای لێهات خەڵکی دێ بە گەورە و بچووک، پیر و جەوان هەڵیان کردە غاردان بێ ئەوەی بزانن کە چی قەوماوە، تا ئەگەیشتنە لای من وەک بزمار لە عاردەکە ئەچەقین و ئیتر نە ئەگەڕانەوە بە وانەی تربڵێن شتێکی واهە یە، غارمەدەن هیچ نەقەوماوە.

تا حاڵ گەیشتە ئەوەی زۆربەی ئەهلی گوند لە سەرم ڕاوەستان، بێ ئەوەی یەک قسە بکەن و ورتەیان لە دەم بێتە دەرەوە. منیش تا لێنەبوومەوە و دڵی خۆم خاڵی نەکردەوە، گۆرانییەکەم نە بڕی، دوای ئەوەی گۆرانییەکەم تەواوکرد، دیم زۆر ژن و پیرەمێرد دەسماڵیان بەدەستەوەیە و ئەگرین.

کە ئاوڕم دایەوە پشتە خۆم دۆستەکەم دی فرمێسکی ئەسڕێتەوە، باوەشی تێوەرێنام و زۆری ماچ کردم، بەڵام ئاوی چاوی ڕانەدەوەستا من لەو وەختەی کە باوەشم پێوەکرد وماچم کرد و چاک و خۆشیم لەگەڵ کرد، خەریک بوو فرمێسکم بێتەخوار. بەڵام بە هە موو تاقەتم خۆم گرت وهە ندێک چاوم حەواداو وەرسووڕاند، نەوەک فرمێسکم بێتە خوار و بە زەعیفم بزانن، خوا لەمەیان چاک بوو یارمەتیدام...)(*٩)

من ئەم چیرۆکە لێرە ڕادەگرم و ڕوو لە خوێندەواری خۆشەویست دەکەم، کە ئەگەر دەتەوێ لە کۆتایی ئەم بە سەرهاتە وزۆر بەسەرهاتی تری زیرەک شارەزا بیت و هونەری گێڕانەوەی زیرەک وبەسەرهاتەکانی بزانی، ئەوا دوو بەرگەکەی (حەسەن زیرەک و هە ندیک لە بەسەرهاتەکانی-١٩٨٦)بخوێنیتەوە کە (میرزا کەریم خۆشناو)خۆی لە زاری زیرەکی بیستووە و بە چاوی خۆی دیویەتی چاپی کردوون.

هونەری زیرەک و سەمای پیرەمێردێک !

چیرۆکی ئەو پیرەمیردەی کە عاشقی دەنگ و هونەری زیرەک دەبێت ولە دوورەوە دەچێتە (کانی مە لا ئەحمەد)بۆ ئەوەی لە نزیکەوە زیرەک ببێنێ و دەنگی ببیسێ، زیرەک زۆری ڕێز لێدەگرێ و گۆرانی بۆ دەڵێ، سەرەتا گۆرانییەکی خەماوی دەڵێ سەیرئەکات پیرە پیاو خەریکە فرمێسکی دەسڕێ، زیرەک یەکسەرە دەیکاتە گۆرانییەکی شادی و هە لپەڕکێ، کابرا کەوای لە بەر پشتی دەنێ و سەمایەک دەکات نە بکەی نە بخۆی سەیری ئەو سەمایە بکەی – لێرە میرزا کەریم خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە کامێرایەک ڤیدیۆیەک هەبوایە بۆ ئەوەی ئەو دەنگە خۆشەی زیرەک و ئەو سەما جوانەی ئەو پیرەمیردە تۆمار بکرایە، دەبوو بە توحفەی گۆرانی و سەما، هە ر لە یەک کات زیرەک توانیویەتی خەڵک بخاتە گریان و بخاتە سەما، ژیانی زیرەک پڕاوپڕە لەم جۆرە ڕووداو و بەسەرهاتانە بە داخەوە زۆر کەمیان بە وێنەو دەنگ تۆمارکراون، لێرە دەمەوێ ئەوەش بگێڕمەوە کە گەورەیی زیرەک دەردەخات، میرزا کەریم دەڵێ: کە بە تەنیا ماینەوە بە زیرەکم گوت، ئەوە چۆنە زیرەک هەر کەسێک دێت و داوای گۆرانیت لێدەکات تۆ دڵی ناشکێنی و یەکسەر گۆرانی بۆ دەڵێی؟ لە وەڵامی میرزا کەریم خۆشناو زیرەک دەڵێ: میرزا کەریم ئەم پیاوە پیرە لە دوورەوە بە دوای دەنگی مندا هاتووە و دەیەوێ لە نزیکەوە من ببێنێ و دەنگی من ببیسێ، من چۆن بێ دڵی دەکەم! من خۆم دەزانم چۆن دڵی ئەو خەڵکە خۆش دەکەم. بەڵێ زیرەک لە هە موو ژیانیدا و پاش مردنیشی بەردەوام دڵی خەڵک خۆش دەکات! بە لام، بەداخەوە لە ژیان کەس نە بوو دڵی ئەو خۆش بکات !؟

ئەوەی لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەی زیرەک مەبەستم بوو، توانای زیرک بوو لە خەڵک خستنە شین و شایی لە یەک کاتدا، ئەمەش نموونەی زۆرە لە ژیانی زیرەک و بەسەرهاتەکانیدا.

ئەگەر مۆسیقازانی وەک زریاب بە مۆسیقا خەڵکی خستووەتە گریان و پێکەنین ئەوا زیرەک بەدەنگەکەی زۆرجار ئەوەی کردووە. زیرەک پیاوێکە، هە تا پتر شارەزای ژیانی

بیت، زۆرترت خۆش دەویت. هونەرمەندێکە، هەتا زۆرتر گوێ لە گۆرانییەکانی بگری، دەنگیت لا خۆشتردەبێت.

گۆرانی خان‌باجی و خەڵاتی لێدان !!

پاش ئەوەی ساواک حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کرماشان دەردەکا و لە میدیا خانم جیادەبێتەوە، جارێکی تر زیرەک دەکەوێتەوە سەر شاقام و خەریکی کاسب دەبێت، سەرەتا لە شاری سەقز لە نێوان سالانی(١٩٦٧– ١٩٦٨)دا میوانخانەیەکی سێ ئەستێرە دادەنێ و تێیدا کاسبی دەکات، بەڵام وەک بەڕێز(خالید قادری)دەڵێ: باوکم دەیگێڕایەوە کە هە رناوە ناوە چەقۆکێش و شەقاوە دەهاتن و شەڕیان پێدەفرۆشت و لێیاندەدا، دواجار زیرەک دەڕوا و لە (قەڵاتە ڕەش)گازینۆیەک لەگەڵ کەسێکی تر دادەنێ، زۆر ناخایەنێ و ئەوێش بەجێدێڵێ، دواجار دەچێتە (کانی مەلا ئەحمەد)دووجار هە ر بەڵێدان لەوێش دەری دەکەن و بێ کارو بێ ماڵ و بێ پارە هەر ڕۆژەی لە جێگایەک دەبێت، میرزا کەریم خۆشناو دەڵێ: زیرەک ڕۆیشتبوو نەمدەزانی لە کوێیە، دواجار لە مەهاباد سۆراغیم دەسکەوت، چوومە مەهاباد و ئەو ماڵەی کە زیرەک ژوورێکی تێدا بەکرێ گرتبوو، دیاربوو زیرەک لەوێش ڕۆیشتبوو، خاوەن ماڵ (کاک سمایل)ی ناو بوو زۆر بەداخ بوو بۆ زیرەک، گوتی زیرەک لێرەش ڕۆیشت. منیش پرسیم بۆچی: براکەم زیرەک ئێوارەیەک لە گەل چەند برادەرێک دەچتە یانەی (ئیپریم)لەوێ زیرەک گۆرانی (خان‌باجی)دەڵێ، لەو ڕۆژانەش دەوڵەت قەدەغەی کردبوو کە خەڵک کۆببنەوە، کە زیرەکیش لەو یانەیە گۆرانی دەڵێ دەرو ژوور پڕدەبێت و دەبێتە هۆی شلۆغی پۆلیس دیت و داوا لە خەڵک دەکات پەرت بن و چۆڵی بکەن، بەڵام دەنگی زیرەک وادەکات لێرەوە دەڕۆن و لەولا دێنەوە، ئەفسەرەکە دەچێتە ژوورەوە دەبینێ کەوا زیرەک گۆرانی دەڵێ و خەڵکیش دەگێڕنەوە چەپڵەی لێدەدەن، ئەفسەرەکە ڕوو لە زیرەک دەکات بێدەنگ بێت، بەڵام زیرەک تا گۆرانییەکە تەواونەکات بێدەنگ نابێ. ئەفسەرەکە دەڵی نازانی ئەم قەرەباڵغی و کۆبوونەوە هەرایە قەدەخەیە؟ زیرک دەڵێ: ئێمە لە نێو چواردیوارێک کە یەک دەرگای هەیە گۆرانی دەڵێین. لای ئێوە خەڵک لەسەر شەقام گۆرانی دەڵێن و ڕەقسیشی بەدەمەوە دەکەن، ئێمە لە نێو ئەم چواردیوارەش نەتوانین دڵی خۆمان خۆش کەین؟! قسەیەک لەزیرەک و یەک لە ئەفسەرەکە، ئەفسەرەکە زللەیەک لە بناگوێی زیرەک دەدات، زیرەکیش نایکاتە نامەردی و هەتا هێزی هەیە لە بناگوێی ئەفسەرەکەی دەسرەوێنێ، ئەفسەرەکە دەکەوێتە سەر زەوی، گەنجەکانیش حەماست دەیانگرێ و دەکەونە گیانی ئەفسەرو پۆلیسەکان و لە خوێندا سووریان دەکەن، خەبەردەگاتە دائیرە و دوو ماشێن پۆلیس دێن و هەندێک لە گەنجەکان دەگرن و ئەفسەرەکەش دەستی زیرەک لە پشتەوە دەبەستیتەوە و دەکەوێتە لێدانی و دەیخاتە نێو ئاوی حەوزی نێو حەوشەی پۆلیسخانە و تا بەیانی لێیدەدات، زیرەک لە خۆدەچێ و دەیبەنە بیمارستان و (بەڕێز ئاغا محیەددینی دەسماڵی)دەبێتە کەفیلی و بەری دەدات. زیرەک ماوەیەک دەکەوێ و کە چاکتردەبێتەوە بە کاک سمایلی خانەخوێ دەڵی من دەڕۆم. کاک سمایل دەڵێ: براکەم کوێ وەدەچێ تاکەی هەربارت لەسەر پشتی کەر بێت؟! زیرک دەڵێ: کاکە ڕووم نەماوە چیتر ناتوانم لێرە بژیم دەڕۆم لە هە رجێگایەک نانێک دەبێ، من و ڕابە خانم بیخۆین و بە هە ژاری بژین (بەسەرهات، ب٢، ل١٠١تا١٠٦)ئێستاش من هەرچەند گوێم لەم گۆرانی خان‌باجییە دەبێ، دیمەنی زیرەکی نێو حەوزەکەم دێتە بەرچاو و لەدڵێ خۆمدا دەڵێم: خودایە ئەم ژیانە دۆزەخییەی زیرەک و ئەم دەنگە بەهەشتیەت چۆن پێکەوە کۆکردووەتەوە؟

زیرەک دەڵێ: من زۆربەی ژیانم بە لێدان بردووەتەسەر خودا دەزانێ زۆرجار لێیانداوم بۆخۆشم نازانم بۆچی لێمدەدەن!

– – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – –

پەراوێزەکان:

(*١)من نازانم چیرۆکی گوتنی گۆرانی خان‌باجی چیە؟ بەڵام، لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی میرزا کەریم خۆشناو (هە ندێک لە بەسەرهاتەکانی حەسەن زیرەک)لە ل١٠١تا١٠٦ دا باسی ئەوە دەکات لەسەر گوتنی ئەم گۆرانییە پۆلیس زۆریان لە حەسەن زیرەک داوە، لیدانێک تابەردەم ماڵی کوشتن !!

(*٢)– خان‌باجی وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی – خان = خاتوون، گەورە، بەرێز – ی کوردی و – باجی = خوشک = خوشکی گەورە – ئازەری تورکی و ئێستا دەربڕی – خان باج – بەسەریەکەوە ئیدیۆمێکی هاوبەشە لە نێوان زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و ئەرمەنیدا و لە نێو خۆشیدا مانایەکی جوان و خۆش و پڕ ڕێز هە ڵدەگرێ.

(*٣)– بیستوومە زیرەک بە زمانی عەڕەبیش گۆرانی گوتووە، بە تایبەت وەختێ خۆی لە بەغدا گۆرانی هونەرمەندی ناوداری عێراقی (نازم غەزالی)گوتووەتەوە. بەڵام، دەڵێن ڕەشیان کردووەتەوە.

(*٤)– من لە بەرئەوەی ئەرمەنی و ئازەری نازانم، نەمتوانی گۆرانی خان‌باجی بە تەواوی بنووسمەوە، سەیری چەند سەرچاوەیەکیشم کرد ئەو بەڕێزانەی گۆرانییەکانی زیرەکیان نووسیوەتەوە بەداخەوە ئەوانیش تەنیا کوردییەکەیان نووسیبوو، جانازانم نەیانتوانیبوو یان لە کاسێتێکی تریان وەرگرتووە کە هە ر کوردییەکەی گوتووە، چۆن زیرەک گۆرانییەکانی خۆی هەرجارێک بە شێوەیەک گوتووتەوە و جیا لە شێوەکانی تر!

خۆزگە بەڕێزێک کە ئەرمەنی و ئازەریش بزانێ سەرە ڕای فارسی و کوردییەکە، تەواوی ئەو گۆرانییەی دەنووسییەوەو مانای شێعرە ئەرمەنی و ئازەریەکەشی بۆ دەنووسین. ئەوەش بڵێم، ئێستاش من لە ڕاستی نووسینی شێعرە ئەرمەنی و ئازەرییەکە دڵنیا نیم، ئەگەر هەڵەم نووسیون تکادەکەم ئەو بەڕێزانەی دەتوانن بۆم ڕاست بکەنەوە.

(*٥)– زیرەک ئەم شێعرە بەرزەی مامۆستا (هێمن)ی زۆر جار گوتووەتەوە و هەندێک دەسکاری کردووەو لە گەڵ خواست و ژیانی خۆی گونجاندووە چۆن بەڕاستی چەند شێعرەکە دەربڕێ ڕاستەقینەی ژیان و خەباتی(مامۆستا هێمن)ە سەد هێندەش لەگەڵ ژیانی پڕ دەربەدەری وئاوارەیی زیرەک دێتەوە. سەیرکە لە کۆتایی ئەم شێعرە کە بە مەقام دەیڵێ ئەم نیوە دێڕەی بۆ زیادکردووە (ئایا کفرم کردووە ئەشقی چاوی مەهوەشم؟)کە ئەم نێوە دێڕە شێعرە و بەم دەنگە و بەم شێوە پڕ پرسیارەیەوە دنیایەک لێکدانەوە هەڵدەگرێ !!

(*٦)– ئەم شێعرە تێکەڵەی خان‌باجی پێویستی بە ساغکردنەوەیەکی ورد هەیە کە ئایا شێعرە ئەرمەنییەکە فۆلکلۆرە یان نووسراوە یان دانانی زیرەک خۆیەتی، هە روەها شێعرە ئازەرییەکەش، دیسان شێعرە فارسییەکە شێعری چ شاعیرێکە؟ ئەو کوردییەکە هەندێکی فۆلکلۆرە و هەندێکی دانانی خۆیەتی، جگە لە شێعرەکەی مام هێمن کە ئەویش دەسکارییەکی کردووە.

(*٧)– خۆزگە براکانمان لە ڕۆژهەڵات ڕای ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی فارس و ئەرمەن و ئازەرییەکانیان سەبارەت بە زیرەک بۆ دەگواستینەوە و ئاگاداردەبووین، هونەری زیرەک بەم تێکەڵییە بەزمانە جیاکان چ کاریگەرییەکی هەبووە لە لێک نزیککردنەوەی هونەرمەندان و جەماوەرەکانیان.

(*٨)– چیرۆکی ئەو کەسانەی کە نەخۆش بوونە و سوودیان لە گۆرانی و دەنگی زیرەک بینیوە زۆرە، بەتایبەت نەخۆشییە دەروونی و ڕووحییەکان.

(*٩)– ئەم بەسەرهاتەی زیرەک بۆ خۆی ڕۆمانێکە، هەڵدەگرێ فیلمی سینەمایی لێ بەرهەم بێت، سەیرکەن زیرەک چ زیرەکانە و شارەزایانە و چیرۆکنووسانە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و لە دەرخستنی پانۆرامابییەوە بۆ زووم و لەدەنگەوە بۆ جووڵە و لە مەنەلۆژەوە و بۆ دیالۆگ و لە گەورەوە بۆ بچووک و لە تۆپۆگرافەوەو بۆ ئاووهەوا ولە خودەوە بۆ گشت و لە باری کۆمەڵایەتییەوە بۆ باری دەروونی چاو و زاری دەگوێزێتەوە و ڕووداو و دیمەنەکەمان بەدەنگ و ڕەنگ وەک خۆی دێنێتە بەرچاو.

# قادر دیلان

عومەر کەریم بەرزنجی ـ سلێمانی

قادردیلان تەنیا گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو ژەنیار و ئاوازدانەر و شانۆکار و شارەزاییەکی باشی هەبوو لە ئامێرەکانی شمشاڵ، نەی، سەکسیفۆن، عوود، کلارنێت و کەمانچە، لەهەموویان زیاتر ژەنیاری کلارنێت بوو، یەکەم هونەرمەندی کورد بووە میلۆدیی میلیی کوردی لە چوارچێوەی ئۆرکێسترادا پێشکەش کردووە.

هونەرمەند قادر دیلان دەڵێت: ساڵی ١٩٤٦ بۆ یەکەمجار لەشاری سلێمانی بۆ ماوەی دوو مانگ خولێکی مۆسیقا کرایەوە، ئەمە یەکەم هەنگاوم بوو بەنسبەت هونەری مۆسیقا، بەم دوو مانگە توانیم دەست و پەنجەم لەگەڵ مۆسیقا رابێنم و شارەزاییەکی مام ناوەندیم پەیداکرد، پاشان لەگەڵ مۆسیقادا بەردەوام بووم و لەگەڵیدا ژیام.

قادر دیلان ناوی تەواوی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلانە لەساڵی١٩٢٨لەشاری سلێمانی لەدایک بووە. باوکیشیان ئەحمەد دیلان، دەنگخۆشێکی سەردەمی خۆی بووە، شاعیرو روناکبیر حەمەساڵح دیلانی برای دەنگخۆش و شاعیرێکی نوێخواز بوو.

قادردیلان خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە. دواتر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ بۆ کۆلێژ چووەتە بەغدا ئەمەش دوای ئەوەی لەکۆلێژی ئابووری لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت. بۆ یەکەمین جار سەردانی بەشی کوردی ئێستگەی بەغدای کردووە. لە ساڵی ١٩٦٢ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ ماوەی چوار ساڵ بابەتی موزیک لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات دەخوێنێت، لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانی یەکتریان خۆشدەوێت و ژیانی هاوبەش پێکدێنن. هەر لەو وڵاتە لە یەکێک لە تەلەڤزیۆنەکان وەک مۆزیکژەن کاری کردووە.

دیلان لە سەردەمی لاوێتییەوە لەگەڵ دەستەیەک لە لاوانی بەهرەمەندی بواری هونەری موزیکی وەک هونەرمەندان (شەماڵ سائیب و ولیەم یوحەنا و نەجاتی عەبدە....)چالاکیی هونەریی هەبووە. محەمەد ئەمین پێنجوێنی شاعیر لەبارەی قادر دیلانەوە دەنووسێت: دوای خزمەتێکی زۆر لە بواری هونەردا لە وڵات، بۆ خوێندنی زانستیی موزیک چووە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆفاکیا. لەوێ بە بلیمەتی و زیرەکی خۆی بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا. بە هۆی کودەتای (١٩٦٣)ڕێگەی گەڕانەوەی وڵاتی لێ بەسترا هەر لەو پەیمانگایەی دەرسی تیدا خوێندبوو، بووەوە بە مامۆستا.

ئاوازی سروودی نەورۆزی پیرەمێرد

سروودی نەورۆز کە هۆنراوەی پیرەمێردە لە ئاداری ساڵی ١٩٤٨دا نووسیویەتی و لەسەر داواکاری شاعیر، هونەرمەند قادر دیلان ئاوازی بۆداناوە. قادر دیلان دەلێ لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی١٩٤٨ دا بوو رۆژێک من و کاک حەمە ساڵحی برام لە شەقامی مەولەوی لەگەڵ شاعیری مەزنی گەلەکەمان لەیەک راست هاتین و دوای سڵاو و چاک و چۆنی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد رووی تێکردم و گوتی کاک قادر هەڵبەستێکی تازەم لەم رۆژانە لەسەر جەژنی نەورۆز نووسیوە ئەگەر بتوانیت ئاوازێکی لە شێوەی سروود بۆ دابنێیت و کاک حەمە ساڵحی برات بە دەنگەخۆشەکەی بیچڕێت و خۆشت دەزانیت جەژنی نەورۆزیش نزیک بۆتەوە. پیرمێردی نەمر لە گیرفانی پاکەتێکی جگەرەی ئەو سەردەمەی دەرهێنا و چەند جگەرەیەکی تێدا بوو دەری هێنا و هەر لەسەر بەرگی پاکەتە جگەرەکە هەڵبەستی نەورۆزی بە دەست خەتی خۆی بۆ نووسیمەوە و منیش لە ماوەی یەک دوو رۆژدا ئەم ئاوازەم بۆ دانا کە ئێستاکە لەسەرتا سەری کوردستانی گەورەدا زۆر بڵاوە.

تیپی مۆزیکی مەولەوی

هونەرمەند قادر دیلان لە ساڵی ١٩٤٨دا تیپێکی مۆزیکی دامەزراندووە بەناوی دیلان، لە ساڵی ١٩٥٢ ناوی تیپەکە گۆڕاوە بۆ تیپی مۆزیکی مەولەوی وەک ڕێزێک بۆ ئەو شاعیرە گەورەی کورد. ئەم تیپەش بە یەکەم تیپی مۆزیکی کوردی دەناسرێتەوە کە بە فەرمی خاوەن نووسینگە و ئەندام بووە. باکووری دەنووسێت: تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ساڵی (١٩٥٥)دامەزراو ئەو هونەرمەندانەی خوارەوە ئەندامی تیپەکە بوون:

قادر دیلان – سەرۆکی تیپەکە بوو – کەمانچە
ولیەم یۆحەننا – عوود، کەمان، چەلۆی
بەهجەت رەشید سەعاتچی – عود
نەجاتی عەبدە – شمشاڵ (نای)
حاتەم سەعید – تەپڵ (ئیقاع)
حازم حەداد – قانوون
حەمە کاکە – عودی
بەهمەن سەعاتچی کەمانچە
هادی عەنبەر کەمانچەی
ئومێد مدحت کەمانچەی
عوسمان سابونچی گۆرانیبێژ بوو عوودیشی لێ دەدا
عەباس تۆفیق دەف

لە ساڵی ١٩٥٧ کاتێ لافاوێک لە شاری سلێمانی هەستاوە، دیلان لەگەڵ تیپەکەی بە شار و گوندەکانی کوردستان دەگەڕێن و ئاهەنگی خۆبەخشانە پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەک بۆ لێقەوماو و زیانلێکەوتووانی لافاوەکە کۆ بکەنەوە، بیرۆکەکەی زۆر مرۆڤانە و نوێ بووە بۆ ئەو سەردەمە، ئەو لافاوە زەرەرو زیانێکی زۆری لە شاری سلێمانی داوە، کە گۆڤاری هیوا بەبایەخەوە ئاوڕی لەو کارەساتە داوەتەوە.

گۆرانییەکانی «فریشتە» و «جوانیبێناو» لەناسراوترین گۆرانییەکانن. قادر دیلان کەمانچەژەن بوو لەگەڵ ئەوەشدا ئامێری دیکەی مۆسیقی دیکەشی ژەندووە.

مەرگ و نەمری داهێنەرێک

قادر دیلانی هونەرمەند و داهێنەر و نەمر لە ڕۆژی ١٨ی ئاداری ١٩٩٩دا لە دووره نیشتمان و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بەنەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەستدا و لە پراگ بەکاتیی نێژرا تا لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ دا تەرمەکەی هێنرایەوە سلێمانی و بەخاک سپێردرایەوە.

سەرچاوەکان:

ئاوردانەوەیەک لە گۆرانی کوردیی سەدەی بیستەم، باکووری، رامان ژ٢٨ ٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٨ ل١٧٣– ١٧٤
دیمانە. قادر دیلان، فەخرەدین تایەر، رامان ژ٢٨ ٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٨ ل٨٧– ٨٩



ڕەحیم لوقمانی - سنە

# ئەگەر گۆرانی لە بێژنگ بدەیت، خۆشەویستی و ڕازەکانی نیشتمانت دەست دەکەوێت...

هونەر زادەی نەتەوە و جوگرافیایە. داهێنەری سەرەکی هونەر جگە لە کاریگەری سروشت، بە پلەی یەکەم خودی مرۆڤە. بە هەمان شێوە هەموو ئایین و فەرهەنگێک، داب و نەریت و پێخۆر و بژیوی خۆی هەر لە ژینگەی خۆی وەرگرتووە، لە هونەرەوە بگرە تا بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕوانین بۆ دیاردەکانی سروشت و شتە پیرۆزەکان. کە واتە خودی مرۆڤ و پێوەندی جوانی ناسینی لە نێوان سروشت و ژینگەدا، داهێنەری مێژووی پێشکەوتنی کار و داهێنەری سەرەکی هەموو هونەرەکانە.

زاگرۆس نشینان و ئاراراتیان، خاوەنی وڵاتی دێرین و میراتبەری مێژوو و فەرهەنگی شارستانیەتی مێزۆپۆتامیان. کورد لە ڕووی جوگرافیا و زمان و فەرهەنگەوە، دەتوانم بڵێم یەکێک لە دەوڵەمەندترین نەتەوەکانی جیهانە. لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کۆنترین نەتەوە کە خاوەنی زۆرترین زاراوە و ئایین و فەرهەنگی دێرین بێت نەتەوەی کوردە. زمان و زاراوەی ڕەنگاوڕەنگ، زەمینە و هۆکارە بۆ ئەوەی کورد دەوڵەمەندترین و ڕەنگاوڕەنگترین مووسیقا و ئاوازی جیاوازی خۆی هەبێت.

«بە گشتی لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا هونەر و بە تایبەتی مووسیقا و گۆرانی بەشێکی سەرەکییە لە دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە لە پێداویستی و پێوەندی نێوان کار و ژیان و سروشتەوە سەری هەڵداوە.»(کۆمەڵناسی هونەر: د. ئاریانپوور)

لە هەندێ شارستانییەتی دێریندا گۆرانی و مووزیکیان بە دیاردەی ئاسمانی و خودایی زانیوە. لە ڕوانگەی هیندییانەوە «برەهما» داهێنەری ساز و ئاواز بووە و هەفت دەزگای موزیک هەرکامیان داهێنراوی ئاسمانێکن. لە تەوراتدا مووسیقا داهێنراوی یەکێک لە خوادۆزانی گەورەیە بە ناوی «یووباڵ». بە باوەڕی کۆنی میسری «تووس» خودای زانست چەنگی درووست کردووە و کتێبی لە سەر مووسیقا نووسیوە. بە باوەڕی یوونانی خودا(ئاپۆلۆن)خۆی سازی لێداوە. بە باوەڕی ژاپۆنییەکان «ئیزاناگی و ئیزانامی» داهێنەرانی ئاسمانی بەدەم درووست کردنی زەوییەوە سروودیان چڕیوە.

لە یوونانی کۆن و هەر وەها لە ئایینی دێرینی کوردان وەک ئایینی پیرۆزی یاری و ئێزدی، مووسیقا دیاردەیەکی پیرۆزی ئاسمانییە. ئەمڕۆش دەزگاکانی مووسیقای کوردی بە هەفت شێواز دابەش کراون. وێدەچێ لە سەر ئەو باوەڕە بێت کە لە هەفت ئاسمانەوە وەرگیراون. وشەی هەفت لای هەموو کوردان وشەیەکی پیرۆزە، وەک: هەفت پلەی عیرفان، ڕۆژەکانی هەفتە، هەفتەی منداڵ، هەفتەی مردوو، هەفتەی زەماوەند، هەفت تەبەقی ئاسمان و هەفتەنانی یاری کە هەموو فریشتەکانی ئایینەکە و لە نزیکانی خوداوەند بوونە. لە ئایینی یاریدا تەمووره سازی پیرۆزی ئایینەکەیە و زۆر هاوسۆزە لەگەڵ ڕووحی باوەڕمەندان. ستایشی ئایینی لای ئێزدییان بە چڕینی سروودی ئایینی و لێدانی دەف و شمشاڵ بەڕێوە دەچێت، لای گەلی یارسانیش ئاوازی ئایینی بە دەنگی دەنگخۆشان لەگەل ڕیتم و زایەڵەی تەمووره بەڕێوە دەچێت. ئەمە نموونەی پێوەندی ئایین و مووسیقای ئاسمانییە لای کوردان. بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەشدا گۆرانی و مووسیقا زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەیە و بەجۆشترین هاوسۆزە لەگەڵ ڕووحی نەتەوەییماندا.

کۆنترین شوێنەواری تەنبوور، لە بەردەنووسەکانی ئاشووریدا وێنەی سازێک هەڵکەندراوە کە دەستەکەی درێژە و کاسەیەکی بچووکی لە شێوازی تەمبوور هەیە. ئەمەش نیشانەی کاریگەری هونەر و شارستانیەتی گەلانی دراوسێی ئاشوورییە وەک گەلی هیتی، هووری، میتانی، مید، لۆڤی و سۆمەری کە وەک دەسەڵاتی ناوچەیی دانیشتووانی ڕەسەنی میزۆپۆتامیا بوونە و لە باری زمان و فەرهەنگ و هونەر و باوەڕی ئایینییەوە بە بنەما و سەرچاوەی مێژوویی هەموو کوردان دێنە ئەژمار لە خاکی بەرینی کوردستاندا.

لە نامەی سەرەنجامدا(کتێبی پیرۆزی ئایینی یاری) دەڵێ: کاتێ خوا ویستی «مەشی» ئادەم بخولقێنێ (بە باوەڕی تەورات و قورئان، یەکەم مرۆڤ ئادەمە و بە باوەڕی ئایینی یاری مەشیە)خودا هەرچی کردی و کۆشای، گیان نەدەچووە ناو جەستەی مەشییەوە، دوای چل ڕۆژ خودا فرمانی بە «بنیامین» گەورەی فریشتەکان دا کە ڕۆح بکا بە بەر مەشی (یەکەم مرۆڤ)دا. بنیامین هات ئاوازی «ڕاستیی» بۆ گیانی ئادەم لێدا، بەڵام ڕۆح بەوەش قایل نەبوو بچێتە بەر مرۆڤێک لە گڵ! ئینجا هەفت تەوانان، هەفت فریشتەی ئاسمان تکایان لە خودا کرد چارەیەک بدۆزێتەوە. ئەویش فەرمانی دا: ئێوە بچن مووسیقا بژەنن هەتا ڕۆح خۆی نیشان بدات. هەفت فریشتە چوون پێکەوە مووسیقا و ئاوازی خۆشیان بۆ لێدا، ئیتر ڕۆح ئاوازەکەی پێ خۆش بوو و چووە ناو جەستەی یەکەم مرۆڤەوە.
(مێژووی مووسیقای کوردی، موحەممەد حەمە باقی)

هەمیشە لە ناو کوردا باوەڕێکی گشتی هەیە کە دەڵێ: مووسیقا هاوڕاز و دەرمانی ڕۆحە.

لەسەر پێوەندی مێژوویی ساز و گۆرانی کوردی ئاماژە بە چەند وشەیەکی سۆمەری دەکەم وەک پێشینەی بەکار هێنانی ساز لە ناوچەی «دووئاوان» و تێکەڵاوییان لەگەڵ زمان و گۆرانی ئەمڕۆی کوردیدا. لە زمانی سۆمەریدا وشەی adabdab (ئادابداب)، سازێکی گردەواری بووە لە کەوانەی دارین و پێستی ئاژەڵ درووست کراوە کە

هەمان دەفی خۆمانە. وشەی a,ua (ئاوا)بە واتای هەوا یان ئاوازە، کە ئەمڕۆ خۆمان دەڵێین «هەوا»ی گۆرانی. سێ وشەی (elil، elilla، elilum)لە زمانی سۆمەری و هیتیدا هەر کام هەوای گۆرانین. ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا وشەی لیلی‌لی، لیلێ‌لێ وەک دەستپێکی هەندێ گۆرانی کرمانجی ژووروو زۆر بەکار دەبرێت. (کورد کێیە، فەرهەنگی سۆمەری: سۆران عومەر)

ساسانییەکان کە خۆیان دواچۆڕی دەسەڵاتی مادەکان بوون و لە ناوچەی کرماشان و هەورامان حوکمڕانییان کردووە، بۆ زۆربەی مەراسیمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان، هونەرمەندانیان لەگەڵ گۆرانیدا چەنگ و تەموورەیان بەکار هێناوە. دوو هونەرمەندی گەورەی ئەو سەردەمە بە ناوی (نەکیسا و باربەد)موزیکوان و گۆرانیچڕی دەرباری پادشا بوونە. مەولەوی لە شێعرێکدا ئاماژەی بە جۆری سازەکان و هونەرمەندانی دەرباری ساسانی کردووە:

... سا نەیچی دەخیل، بێ دێر و درەنگ
موتریب فیدات بام دەس بدەر وە چەنگ
کەف بدەر ئەو دەف، پەنجەت نە ڕووی نەی
بە وێنەی «باربود» جە بەزم ئارای کەی
«نەکیسا» ئاسا دەس دەر وە سەمتوور
دەف و نەی و چەنگ باوەر وە حوزوور
چلچەنگ وە سەر چەنگ لێدەر دەرقەرار
وە هەزار دەستان بنوازەم ئەمجار
وێت بە حەقیقەت مەست بکەر جە مەی
سازان بسازە پەی واوەیلا و وەی
کەف بدەر وە دەف، چنگ بدەر وە نەی
هیچ مەواچە کەی، تۆ خودا سا دەی
بەو ئاواز بەرز خاس بکەر ڕازان
بە عەشق ئازیز نازک ئەندازان
جۆش دەر وە ناڵەم، کوڵ دەر وە دەردم
هۆش دەر وە خەمان، گۆش دەر وە فەردم

(دیوانی دەستنووسی مەولەوی و هەندێ شێعری چاپ نەکراو، لای خۆمە)

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری خەڵکی کوردستان لە ڕەوتی مێژووی پڕ کارەساتی خۆیدا لە هەموو بارێکەوە کاری کردووەتە سەر هونەری مووسیقا و گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی. ئەوەندەی کورد هەڵپەڕینی ڕەنگاوڕەنگ و گۆرانی جۆراوجۆری وەک لاوک و حەیران، بەزمی چەپڵە و مەجلسی، شینگێڕی، لۆرە، مەقاماتی تایبەت، سروود و... هەیە، لای هیچکام لە نەتەوەکانی دراوسێ، ئەم هەموو دەنگ و ڕەنگە جوانە لە گۆرانی و هەڵپەڕینی ئەواندا نابینرێ. بە پێی جوگرافیا تایبەتمەندییەک لە گۆرانی ناوچە جاجیاکاندا هەیە کە پێویستە ئاماژەیەکی پێ بکەم. لە ناوچەی شاخاویی هەوراماندا، زۆربەی ئاوازەکان حاڵەتێکی بڕگەبڕگە و لەرەینەوەی گەروویان تێدایە، هۆکاری ئەوەش سروشتی سەخت و هەڵگەڕ و داگەڕی سەر چیا و ڕێگا پێچاوپێچەکانی هەورامانە کە ئەو شێوە چڕینەی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت لە سیاوچەمانە و ئاوازی مەجلیسی و خاویشدا هەمان حاڵەتی گەروو خۆی نیشان دەدات. بەڵام لە ناوچەی گەرمێن و شوێنی دەشتەکی و ئاراندا ئاوازی کوردی بە شێوازێکی ئارام و لەسەرخۆ دێتە گۆ؛ وەک مەقامی ئەڵڵاوەیسی و قەتار و ئەو مقامانەی لە پێدەشتەکانی هەولێر و کەرکووک ناوچەی گەرمێن گوتراون. ئەوەش نیشانەی دەوڵەمەندی و لێکەوتەی جوگرافیای پێدەشت و ئارانی کوردستانە. جگە لەم بابەتە، گەنجینەی گۆرانیمان وەک: گۆرانی کار، ئایینی، دڵداری، لۆرە، لاوک و حەیران و... بە سەدان جۆر بەزمی هەڵپەڕکێ، لاواندنەوەی ئازیزان، لایلایە بۆ منداڵان، گۆرانی بۆ نیشتمان و زۆری دیکەش کە هەرکام لەو ئاوازنە دەکرێ پۆلێنبەندی تایبەتیان بۆ بکرێت. بە هەمان شێوە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی سەرهات و کارەساتەکانی مێژوو لە ناو گۆرانی کوردیدا بە هەموو شێوەزارەکانیەوە، بۆ هەموو کەس دیار و بەرچاوە. بە بێ هیچ گومانێک باوەڕم وا نییە نەتەوەکانی دراوسێی کورد و ئەوانەی حاشا لە بوون و مێژینەی دەکەن، هێندە ئاوازی ڕەنگاوڕەنگ و جیاوازیان هەبێت.

تەنانەت گۆرانی کوردی کاری کردووەتە سەر ئاوازی گەلانی خاوەن دەسەڵاتی دراوسێش. پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکەم کە وا هەندێ «هونەربەند»ی پلە و پارەخوازی بێ ڕیشەی خۆماڵی، زۆر جار ئاوازی نەتەوەی خۆیان فرۆشتووەتە هونەرمەندی دەسەڵاتی ناکورد و ئاوازەکانیان بە هی ئەوان ناساندووون. بە داخەوە نموونەی کەسانی وا بێ‌شناسمان لێرە زۆرن کە نابێ هیچ چاوپۆشی لەو ئاکارە خراپەیان بکەین، هەتا ئەوانیش بەخۆیاندا بچنەوە و خۆراکی ڕووحی نەتەوەیی خۆیان هەرزان فرۆش نەکەن بۆ بێگانەیەک وا هیچ نرخێک بۆ زمان و فەرهەنگ و مووسیقامان دانانێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ خوێندەواری کوردی بەشی مووسیقام دیوە، بەسەر ئەو هەموو گەنجینە پڕەی ئاوازی خۆشی نەتەوەیی خۆماندا بە شانازییەوە دەڵێن کاری «ڕەدیف» و ئاوازی ئێرانی! دەکەن؛ وەک شەکر بچێژن و کلاس بڕێژن، دەڵێن با پەنجە و ڕووحیان بە ئاواز و ڕیتمی دەزگا و مۆسیقای ئێرانی! ڕابێت و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی تاران! ببنە هاوکاسە! و... بە هەر پاساوێک بێت ئەو کارانە خۆفریودانە و خزمەت کردنە بە هونەری نەتەوەی باڵادەست! ئەم پەتا کوشندە و لەخۆبێگانەبوونە، بە داخەوە باکووری کوردستانی بەڕێژەیەکی دیار و باشووری کوردستانیشی تووش کردووە. لە باشووردا تووش بوونەکە جۆرێکیترە، چونکە گوندەکانیان وێران کراون و گەورەترین سەرچاوەی مووسیقا و ئاوازی ڕەسەنیان وەک خۆیان نەماون. دەسەڵاتی باشوور نەیانتوانیوە چارەسەری ئەم کێشەیە و سەدان کێشەی هاوشێوە بکەن و گوندەکان و فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواری زیندوو بکەنەوە. هونەرمەندان کە پێشینە و سەرچاوەی ئاوازیان وەک پێویست نەماوە، هەوای گۆرانی عەرەب و تورک و فارس دێنن جلی شێعری کوردی بە بەردا دەکەن! و بە ناو گۆرانی تازە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. کە دیارە ئەو جۆرە ئاوازە نامۆیە لە کوردی نەبێ لە هەموو شتێک دەچێت.

ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا هونەرمەندی گۆرانیبێژ مان بووە بە تەنیا خۆی فەرهەنگێکە لە دەنگ و ئاواز و ڕیتمی ڕەسەنی کوردی. حەسەن زیرەکی ستەم لێچوو، کە وەک نەتەوەکەی هەمیشە ستەمدیدە بوو، یەکێک لەو هونەرمەندە گەورانەی کوردستانە وا قوتابخانەیەکی گەورەی بۆ مووسیقا و گۆرانی کوردی فەراهەم کردووە. هەموو هونەرمەندانی کورد و بگرە دراوسێکانیش هەتا ئێستاش نانی ئاواز لەسەر سفرەی دەوڵەمەندی ئەو دەخۆن.

زەمانی هیتلێر لە ئاڵماندا هونەرمەندیکی گەورەی میللی هەبوو بە ناوی ڤاگنێر، هیتلێر و خەڵکی ڕەسەنی ئاڵمانی زۆر هۆگری هونەری ڤاگنێر بوون. گوتبووی هەرکەس ئاوازەکانی ڤاگنێر کاری تێ نەکا و هەستی نەبزوێنێت، گومان لە ئاڵمانی بوونی خۆی بکات! گومان ناکەم لە کوردستاندا کوردێک هەبێ و بە بیستنی دەنگ و ئاوازی زیرەک هەستی نەبزوێ و ڕووحی نەگەشێتەوە. ئەگەر کەسی وا هەبوو، ئەوا گومان لە کوردبوونی خۆی بکات!

بە داخەوە وەک گوتم کەسانێک هەن بۆ بازرگانی هونەربەندی و هونەرفرۆشی هاتوونە مەیدانی هونەر و هەموو هەڵێک بە قازانجی بەرژەوەدنەی خۆیان دەقۆزنەوە و لە هیچ شتێک ناپرینگێنەوە؛ جا فرۆشتنی هونەر بێت یان بەهەڕاج کردنی خۆیان! نان لەسەر شانی هونەر دەخۆن بە بێ ئەوەی شتێکی تازەتریان پێ بێت یان بەردێکی بچووک بخەنە سەر دیواری قەڵای گۆرانی کوردی.

بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە خاکی کوردستان، کەسی دڵسۆزی واشمان هەیە، دوورترین گوندەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان و گورجستان گەڕاوە و بە هەزاران ئاواز و گۆرانی کوردی کۆکردووەتەوە و لەگەڵ وشەکانی خۆیاندا نۆتیشی بۆ نووسیون. جەمیلە جەلیل کچی خانەوادەی بەڕێزی «جەلیل» لەو کارەدا باشترین خزمەتی بە مووسیقا و گۆرانی کوردی کردووە. لەو خەرمانە هونەرییەدا سەد گۆرانی وەک نموونە هەڵبژاردووە، نۆتی بۆ هەموویان نووسیوە و وشە بە وشە لە کتێبێکدا چاپی کردووە. بە داخەوە خۆی قەت کوردستانی نەدیوە، بەڵام لە پێشەکی کتێبەکەیدا زۆر بە جوانی و هونەرمەندانە هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان و گۆرانی و هەڵپەرکێی هاوزمانانی دەردەبڕێت. پێم خۆشە بەشێک لە وتەکانی لێرەدا بنووسم: «دەڵێن کوردستان، وڵاتی ئێمەی کورد، زۆرجوان و ڕازاوە و نەخشینە، زۆر حەزبەر و دڵڕفێن و پڕئەوینە، خاکی پڕخێروبێر و زینەت وزێڕە. دەڵێن چۆمەکانی وەک پشتوێنەی زێونین. وەک گەوهەری نایاب و ئاوێنەی بێ وێنەن. ئاوی کانیەکانی مەرهەمی دڵانن. دەڵێن چیاکانی کوردستان پشتیان لە پشتی یەکترە و وەک هەوران سەربەرزن، لووتکەی چیاکان سینگی بەرزی ئاسمانیان شەقکردووە. چیا و هەوارگەکانی دیمەن خۆش و زنار پۆشن. دەوراندەوری چیا وەک تۆڕی گوڵگوڵینە، دەنگ و ئاوازی پەروەردەی سروشتە و بەگوڵاڵەی چیا خەمڵیوە. دەڵێن لە سەر چیاکان ئاسمان تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەستێرەکان زۆر پرشنگدار و نزیک و دڵگرن. سروەی فێنک و بای چیا وەک بای چیای دیکە ناچن. هەروەها باڵندەکانی زۆر زراڤ و تایبەتن.

من ٢٥ ساڵ بە ناو کوردی ڕووسیادا (ڕووسیای پێشوو)گەڕاوم و گۆرانی و مەقامی کوردم کۆکردووەتەوە و نووسیومەوتەوە. لەم ئاوازانەدا ڕامان و خەمی کوردستان دەبینی، ڕەنگ و نیگاری چیاکانی تێدا دەبینی، خوو و خدەی کوردان، مێرخاسی و جوانی، نازداری (دۆتمام)کچە ئامۆزا بە چاوی خۆت دەبینی. ئەو بەرهەمانە بۆ من تەنیا مەقام و ستران نین! مەقام و سترانی کوردان دەنگ و بانگی کوردستانی ڕەنگینی منە. دەنگ و هاواری باب و باپیرانی منە کە لە بن خاکەوە دەگاتە گوێمان. ئەوە هاژەهاژی چەم و کانییە کە لە هەرلایەکی کوردستانەوە دەبیسترێ. ئەوە وژەوژی بای سەر چیایە، فیکە و جریوەی چۆلەکە و پاساری و باڕە و کارەی بەرخ و پەزانە.

ئاوازی میران کە پێی دەڵێن (مەقامی سواران)گەلۆ ئەوە مێژووی زیندووی کورد نییە؟ بەسەر هاتی کەژوکێو و دۆڵ و پێدەشت نییە؟ ئەوە هاوار و ناڵەی برینداران، دنەدانی گۆرانی برازاوا، بانگی ئارامی شایی بەربووک، شریخەی مەتاڵ، دەنگی ڕم و سمی ئەسپی سواران نییە؟ ئەو دیاردانە هەموو بوونەتە دەنگ، بوونەتە ئاواز و مەقام، بە باڵی دەنگ فڕیون و سنووریان بڕیوە و دەربازی وڵات بوونە. ئەمڕۆ ئێمە هەر چیایەکی بڵندوخۆش دەبینین، بەو دەنگانە هۆگر دەبین و دڵمان دەڕوا. ئەوە بۆ من دڵبەرستانە. ئاواز و مەقامێکی کە شوانان بە بلوێر لێی دەدەن، کێ دەڵێ ئەوە دەنگ و ئاوازەی سروشت نییە کە خەم و خەیاڵی بلوێرڤانی تێکەڵ بووە و دەگاتە گوێی ئێمە؟ لە زەماوەندی ئێمەدا، کاتێک کوڕ و کچ شان بە شانی یەکتر هەڵدەپەڕن، زەوی چۆن لە بەر ئەو هەموو جوانییە خۆرادەگرێ؟ بڕوانن هەڵپەڕکێی ئێمە چەندە ناو و شێوەی جۆراوجۆری هەیە: شەڕانی، سێ پێ، قلیچک، ڕۆمانی، میرزایی، شۆڕۆر، سەکمە، هۆی ناری، لاچی، تەنزەرە، ترنگی، کۆچەری، بێری بێری، قازقاز و گەلێکی تریش... بەڵێ، کەسێک بە جوانی گوێ بداتە مەقام و ستران و بڕوانێتە جۆرەکانی هەڵپەڕینمان، بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبینێتەوە. ئەوەتا لەپاشی سەرکوت و تاڵان و وێران کردنی گوند و شاران، لە پاش کوشتن و خوێن ڕژاندنی ئێل و ئەشیرەتان، نەتەوەی ئێمە هەر ماوە و ناشمرێ. مەقام و سترانی کوردی هەموو ڕەمزو سیمبۆلن. هەموو بارهێنان و مەکتەبی قاڵبوون و میللەت پەروەرین. دەجا لە سەرمان پێویستە مەقام و گۆرانی و ئاوازی خۆمان وەک سۆمای چاومان بپارێزین، تا لە بیر نەچنەوە و فەرامۆش و بێ خودان نەبن؛ دەنا وەک پەزی بێ شوان گورگ تێیان دەکەوێ و بڵاویان دەکاتەوە و بۆ خۆیان دەبا.

(کتێبی KILAM U MIQAM E DCIMETA KURDA، کۆکردنەوەی جەمیلە جەلیل چاپی سوێد ١٩٨٢)

(ئەم کتێبە بە پیتی لاتین و کرمانجی ژووروو نووسراوە و من گۆڕیومە بە کرمانجی ناوین. ڕ. لوقمانی).

ئەم کتێبەی بەڕێز جەمیلەم لە سنە برد بۆ یەک دوو شوێنی فێرکاری مووسیقا و پێشنیازم پێکردن فێرخوازەکان بەو کتێبەش ڕابهێنن و فێریان بکەن، چونکە هەموو

ئاوازی ڕەسەنی کوردین، با منداڵەکان هەوای ناوچەکانی دیکەی کوردستان بزانن. بە داخەوە فێرکاری ئەو شوێنانە گوتیان: ئێمە کاری مووسیقای ئێرانی! و کلاسیک دەکەین... !

بۆ تەئیدی وتەکانی ڕێزدار جەمیلە جەلیل لە بابەت تێکەڵبوونی سروشت و مرۆڤ و گۆرانییەوە، قسەکانی نووسەرێکی گەورەی داغستانی دێنمەوە کە ئەوان چۆن دەڕواننە مووسیقا و گۆرانی نەتەوەیی خۆیان و هونەرمەندانی ئێمە چۆن! ڕەسووڵ هەمزە تۆڤ نووسەری داغستان، لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (داغستانی من)دەڵێ: وشە و قسە لە بێژنگ بدە گۆرانیت دەست دەکەوێ، رق وکینە و خۆشەویستی لە بێژنگ بدە، گۆرانیت دەست دەکەوێ. بەسەرهات و کاروباری مرۆڤایەتی و سەرلەبەری ژیان لە بێژنگ بدە گۆرانیت دەست دەکەوێت.

منیش دەڵێم: ئەگەر چیا و خاک و داروبەردی کوردستان لە بێژنگ بدەیت شێعر و گۆرانیت دەست دەکەوێت، ڕازی مێژووت دەست دەکەوێت. ئەگەر گۆرانی لە بێژنگ بدەیت، سۆز و وەفاداری، خۆشەویستی و نیشتمان و هاواری گەلی کوردستانت دەست دەکەوێت.


سەرچاوەکان:

١. کلام و مەقامی کوردان، جەمیلە جەلیل، چاپی ستۆکهۆڵم

٢. داغستانی من، ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ، چاپی بەغدا

٣. بەیازی دەستخەت، دیوانی مەولەوی، لای خۆمە

٤. کورد کێیە، سۆران حەمە ڕەش، چاپی ٢٠١٣

٥. جامعە شناسی هنر، د. آریان پور

٦. مێژووی مووسیقای کوردی، محەمەد حەمە باقی چاپی هەولێر ٢٠٠٢




مەحموود زەمانی - بانە

# چەند بیرەوەری لە حەسەن زیرەک



### بەسەرهاتی پیاڵۆکەکەی حەسەن زیرەک

پیشانگام دانابوو کوڕێکیش لە دراوسێی منەوە غوڕفەی هەبوو. باوکی هات بۆ لای کوڕەکەی. شتەکانی منی زۆر بە دڵ بوو. وتم خەڵکی کوێی؟ وتی خەڵکی کانی بەندم قسەمان کرد باس هاتە سەر حەسەن زیرەک. کابرا وتی حەسەن زیرەکم دیوە و یەک، دوو شتیشم لێکڕیوە و ئاوای بۆ من گێڕایەوە: «ڕۆژێ لەبەر گاڕاجی بەختیاری (بانە)دانیشتبوو شتەکانی (کەلوپەلی ماڵێ)ی بڵاوکردبۆوە عەبەی مەلا حەیران هاواری (هەرای)بۆ دەکرد و شتەکانی بۆ ئەفرۆشت. منیش چوومە پێشەوە پیاڵۆکەیەکی ماست خۆری چینی و تۆنگێک(پارچ)ی ئاوخواردنەوە لەگەڵ چەند لیوانێکم لێکڕی و لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵ. نەمکرد جوان لە شوێنێ دایان بنێم، خستمنە بەردەست. دوای ماوەیەک هەم تۆنگەکە شکا و هەم لیوانەکان. ئیتر لە ناعیلاجیا پیاڵۆکەکەم هەڵگرت و شاردمەوە و خستمە ناو گاوسندووق و وەک گلێنەی چاو پاراستوومە.»

چوومە کانی بەند و وێنەیەکی پیاڵۆکەکەم کێشا. کاک مەحموودی کانی بەند وتیشی: «لەو کاتەدا کابرایەکی هاوتەمەنی حەسەن زیرەک هات دوای چاک و خۆشی وتی ئەوە بۆ ئالێرەدا هەوایەکم بۆ نالێی؟ حەسەن زیرەکیش زۆر نگەران بوو، تێکچوو بوو، وتی نەشەم نییە، ناتوانم. گۆرانییەکەی بۆ نەوت. ئەمە قسەکانی کاک مەحموودی کانی بەند بوو.

### دڵاوایی حەسەن زیرەک

دوو کەس خەڵکی گوندی شوێ بانە بۆ فەعلایی دەچن بۆ شیرکەتی جادە مەرزی ئەو جادەی سەیرانبەندەیان لێدەدا. جادە خاکی بوو هاتووچۆی کەم لێدەکرا. لەوێ دادەنیشن هەتا مهەندیس دێ. مهەندیس دێ و دەڵێ کارمان نییە بڕۆن دە ڕۆژی تر وەرنەوە. ئەوانیش بە ناهومێدی دێنەوە لە نزیک کەلی مەڵاحمەد دەڵێن بۆ لانەدەین لە چایخانەکەی حەسەن زیرەک نان و چایەکی بخۆین. لا دەدەن و دێن سڵاوێکی زل دەدەن بە عەرزدا، کەس وەڵام ناداتەوە. ئەمجار لە دەرگا ئەدەن و بانگ ئەکەن مامۆستا، کاک حەسەن، خاڵە حەسەن. حەسەن زیرەک دێ بە دەنگیانەوە و دەڵێن برسیمانە هێلکە و ڕۆنێکیان بۆ ساز دەکا و خەریکی خواردنی دەبن، حەسەن زیرەک دەپرسێ خەڵکی کوێن و بۆ کوێ دەچن؟ ئەوانیش ئەڵێن خەڵکی شوێین بۆ ئەو شیرکەتە هاتووین بۆ فەعلایی. حەسەن زیرەک ئەڵێ پەس کرێکارن. ئەگەر نانەکەتان خوارد ئەو چەوەم بە چەند بۆ دەکەنە سەربان؟ ئەوانیش دەڵێن هەر چەندی دەدەی بەزیاد بێ. نانەکەیان دەخۆن و سەرو چایش دەخۆنەوە و چەوەکە دەکەنە سەربان. دێن بڕۆن حەسەن زیرەک دەڵێ مەڕۆن چایەکی دیکەش بخۆنەوە. ئەمجار دەڵێ پووڵەکەتان دەکاتە چەند؟ ئەوانیش دەڵێن پووڵی خواردنەکە و چاییەکەی لێدەرکە هەرچی پێمان دەدەی بەزیاد بێ. حەسەن زیرەک پووڵی تەواوی کارەکەیان پێدەدا و دەڵێ چاکە و خواردنەکەش میوانی خاڵەی خۆتانن، تێشی چریکاند گۆرانییەکیشی بۆ وتین.

### باسی ئەو ڕانکوچۆغەیەی حەسەن زیرەک
گێڕانەوەی خوشکە ئاوات کچی خوالێخۆشبوو ڕەحمان شاهدوست

باوکم بە ڕەحمەت بێ (ڕەحمان شاهدوست ناسراو بە ڕەحمان خەیات)بەرگدوروو بوو لەگەڵ حەسەن زیرەکا ڕفێق بوون و دانیشتنیان پێکەوە زۆر بوو وگۆرانیشیان لە قاوەخانەکەی حەسەن زیرەک لە کانی مەڵاحمەد بەیەکەوە وتووە.

باوکم لە خۆشەویستی کا حەسەن، دێنێ دوو دەست لە یەک ڕەنگ پارچە ئەدوورێ یەکیان بۆ خۆی، ئەویتریشیان بۆ حەسەن زیرەک. باوکم لەگەڵ حەسەن زیرەک گۆرانی مەجلیسیان وتووە. حەسەن زیرەک کە لە بانە ئەڕوا ئیتر ئەو لیباسانە ئەکەوێتە لای باوکم. باوکیشم هەتا مرد وەک گلێنەی چاو ئەیپاراستن.



مەحیا مکایلی ـ سەقز

# مووسیقای کوردی وقەیرانی بێکەسی

بێ هیچ شک وگومانێک مووسیقای کوردی یەکێ لە کۆنترین ودەوڵەمەندترین مووسیقاکانی جیهانە کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە وبەپێی ئاسەوارە لە مێژینەکان مێژووەکەی بۆ٧٠٠٠ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، بوونی هەزاران میلۆدی فۆلکلۆر لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان، هەروەها بوونی دەیان زاراوەی جیاواز و کوێستانی بوونی ناوچەکە و نەبوونی ڕێگەوبان لە ڕابردوودا و کەمی هاموشۆ لەنێوان ناوچەکان و بوونی دەیان مەزهەبی جیاواز، بۆتەوە هۆی درووست بوونی چەن شێوەگەلی جیاواز کە ئەو شێوەگەلە مووسیقای کوردییان ئێجگار دەوڵەمەند کردووە و هەروەها بۆتە هۆی درووس بوونی مووسیقایەکی بە ڕیشە و پتەو کە پوتانسییەلی بەجیهانی بوونی هەیە. هەروەها بوونی چەندین فۆرم وشێوەگەلی جیاجیا لە ناو مووسیقای کوردی وەکوو؛ حەیران، بەیت، بەند بێژی، هۆرە، مۆرە، لاوک، سیاچەمانە، چەمەری و... هەروەها بوونی هەزاران بەستە وگۆرانی و دەیان مەقامی وەکوو؛ ئەڵڵا وەیسی و قەتار و قەتارە و سەحەرە و خورشیدی و خاوکەر، ئای ئای و گەلۆ و... سەدهێندە مووسیقای کوردییان دەوڵەمەندتر کردووە. هەروەها مامۆستایانی وەکوو، سەیید عەلی ئەسغەر کوردستانی، حەسەن زیرەک، کاوەیس ئاغا، موحەممەدی ماملێ، عەلی مەردان، تاهیرتۆفیق، مەزهەری خالقی و ناسری ڕەزازی و خلە دەرزی و... وەکوو دارێکی هەزار ڕیشە بوونەتە سێبەرێ بۆ هونەر و مووسیقای گەلەکەمان. بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا چەندین قەیرانی جیاواز گەرووی مووسیقای کوردییان گوشار داوە وخەریکن ئەیخنکێنن؛

١- زۆر بەداخەوە لە شارە کوردنشینەنەکانی ئێراندا فێرگەکان لە سەر بنەمای ڕەدیفی ئێرانی وانە دەڵێنەوە و قوتابییەکان فێری وانەی مووسیقای غەیرە کوردی دەکەن. زۆربەی دەرچوانی کۆلێژی مووسیقا کە وانە دەڵێنەوە بەداخەوە هیچ شارەزایی‌یەکیان لە سەر مووسیقای مەقامی نییە و ڕەدیفی ئێرانی ئەڵێنەوە. لەحاڵێکدا مووسقای کوردی مووسیقایەکی مەقامی‌یە وجیاوازییەکی ئێجگار زۆری لە گەڵ ڕەدیف دا هەیە.

٢- بەرپرسانی فێرگەکان هیچ شارەزایی‌یەکیان بەسەر مەقاماتی کوردیدا نییە و ناتوانن ئەو شێوە بە قوتابیانیان فێر بکەن، بۆیە لە ئێستادا مەقام بێژمان ئێجگار کەمە.

٣- زۆربەداخەوە مووسیقای کوردی بەنۆت نەکراوەو و لەم بوارەدا ئێجگار کەم کار کراوە. ئەرکی ئەو کارەش دەکەوێتە ئەستۆی مووسیقازانەکان کە بەداخەوە ئەوانیش ئێجگار کەمتەرخەمن و هیچ هەوڵێ بۆ بە نۆت کردن نادەن و یەکێ لە بۆشایی‌یەکان کە وانە لە ڕووی ڕەدیفی ئێرانی دەگوترێتەوە ڕەنگە نەبوونی کتێب بێت.

٤- بەدرێژایی مێژوو کورد خۆی لە نووسین دزیوەتەوە و یان ئەگەر کتێبیشی نووسیبێ بەداخەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان و سەرهەڵدانی هەزاران شەڕ لەم ناوچەدا کتێبەکانی لە ناو چوون و کتێب وەکوو سەرچاوە ئێجگار کەمن.

٥- بەداخەوە بەهۆی سەبت نەکردن وگرنگی پێ نەدان بە میلۆدییە کوردییەکان بەهەزاران میلۆدی کوردی لەلایەن هونەرمەندانی نەتەوەکانی دراوسێوە کۆپی کراوە و بەناوی خۆیانەوە بلاویان کردۆتەوە.

٦- لەئێستادا گۆرانی‌بێژە گەنجەکان ڕوویان کردۆتە کۆپی کردنی میلۆدی مووسیقای بێگانە و ئەوکارەش بە نوێگەری دەزانن.

٧- لە ئێستادا ئاوازدانەر و تەرانە سورا لە مووسیقای کوردیدا زۆر کەمە، ئەگەر کەسانێکیش ئەو بەهرەیان تێدا هەیە بەهرەکەیان نەخستۆتە خزمەت مووسیقای نەتەوەکەمانەوە.

٨- بەداخەوە کاناڵە ماهوارەیی‌یەکانیش بوونەتە بەشێ لەو قەیرانە و ڕۆژانە بەدەیان گۆرانی بێ ناوەرۆک ونەشیاو بلاو دەکەنەوە.

٩- یەکێ تر لەهۆکارەکانی قەیران پووڵە، هەر هێندە بەسە کە پووڵت بێ ئیتر پێویست ناکا دەنگت خۆش بێ گرنگ نییە دەنگت فاڵشە گرنگ ئەوەیە پووڵت هەیە و بەئاسانی ئەتوانی گۆرانی تۆماربکەی وکلیپی بۆ درووست بکەی پاشان لەخوا بەزیاوبێ ئەوەی زۆرە کاناڵی ماهوارەیی و... کە بێ هیچ هەڵسەنگاندنێ بلاوی ئەکەنەوە.

١٠- ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەرکامیان خاوەنی سەدان ملۆدی فلکلۆرن کە لەسینەی گۆرانی‌بێژ انی ئەوناچەدا ماونەتەوە کە هێشتا تۆمار نەکراون و بە فەوتی هەرکام لەو گۆرانی‌بێژ انە ڕەنگە دەیان میلۆدیش بمرێ، بەداخەوە مووسیقازانەکان هیچ هەوڵێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو میلۆدییانە نادەن تا لە مردن ڕزگاریان بکەن.

بێهزاد زارعزادە (باوکی نیشتمان) ـ بانە



# کۆلکەزێڕینە




بۆ مامۆستا قادر دیلان

مامۆستا قادر دیلان، سەرانسەر سۆزو هەستە، ئاوازی تێکەڵاوی هەزار مێلۆدیو بەستە بەرەو لووتکەی مەبەستە!

هەتاکوو دڵ حەز بکات دەنگی زوڵاڵو شازە، بەوتنەوەی چەندەها گۆرانی جوان و تازە

خوڕەخوڕی جۆبارەو هاژەهاژی ئاوهەڵدێر، گەشبینو ئەویندارە بەهاتی زێدیزەنوێر

گەشبینیی بەرجەوەندی بۆ نیشتیمانی پڕ خێر

شنەی بادی شەماڵەو ئەشنێ سوبحو ئێوارە، ئۆخژنیو ئارامی بۆ جەستەی خەستەی ڕێبوارە

هەتاکوو ناخی گیان پڕبەدڵ ئەویندارە، مامۆستا قادر دیلان دیمەنێک لە بەهارە!

گزنگی تیشکی هەتاو لە کاتی ڕۆژهەڵاتە، ئاڵاهەڵگری ئاشتی بۆ داهاتووی وڵاتە، بۆ نیشتمانی جانان نوقڵ، گەزۆو نەباتە

هەر وەکوو بەفرو باران دڵخۆشی خەڵکو خاکە، کانی بێگەردو پاکە، هەتا دڵ حەزکا چاکە، وەکوو هەتاو ڕووناکە

گوڵزارێکی ڕازاوەو ئاهەنگێکی شیرینە!کۆلکەزێڕینەو هیواو خەونو خۆزگەو ئەوینە

ڕازی دڵی کاکەمەم بۆ بووکی خاتووزینە، چارە بۆ سیامەندو خەجیخانی خەمینە، تامەزرۆیی کاک فەرهاد بۆ بینینی شیرینە

دەنگی زوڵاڵو گەشو نەغمەی جوانو بێ وێنە، وەکوو بەفراوی کوێستان خوڕەی پاکو خاوێنە

شەوچەرەی کۆڕی خەڵکە لەهەرچی جێگەو شوێنە

ئاوازی بەهەشتییەو ئاهەنگی دڵنەوازە، شارەزای نەغمەو سازە، پردی ڕێی فۆلکلۆرو شاچراو بەردەبازە

تا خودی خۆشەویستی شیرینو ئاشتیخوازە

بە(ڕوومەتی بێگەردی فریشتەی ناو خەیاڵی، یان بە جوانی بێناوی، قژکاڵو لێوی ئاڵی)*

ناخی گەلو نیشتیمان پڕ ئەکا لە خۆشحاڵی، زاری ڕەقیبی دڵڕەق ئەکا بەترشو تاڵی!

بەبەستەو بەمەقامو گۆرانی نایابو خۆش، ناخی گیان ئەهەژێنیو دەروون ئەهێنێتە جۆش

بەشێعری مامۆستایان گۆرانو موکریو دڵدار، نیشتیمانی دڵو گیان ئەکا بە جاڕەگوڵزار

ئەبێتە ئازارشکێن بۆ دڵانی لێو بەبار، ئەبێتە پێکەنین و بزە بۆچی لێوو زار

وەکوو هەوری بەهاران دڵخۆشی شارو دێهات، چریکەی بۆ نیشتمان حەزەو ئومێدو ئاوات

هۆکارە بۆ نەمانی ئێشو دەردو کارەسات، هیواو ئومێدەو ئاوات بۆ چی وەختو کاتو سات

پڵنگی شاخو هەردەو چاودێرە بۆ نیشتمان، ئاودێرە بۆ گوڵانی ناودڵانی گشتمان

بەهەڵوێستی ئەبێتە پشتیوانی پشتمان

ئاوازی ناوازەیەو زۆر نایابو دڵگیرە، نیشتمانم هەمیشە چریکەکەی لە بیرە

چرای ڕێبازی گەنجو لاوانی ڕۆشنبیرە، خۆشەویستییو ئەوینی لەناو دڵدا جێگیرە

ئازادو ئازاو ژیرە، وڵاتی خەونەکانی دڵنشینو دڵگیرە

هەستو سۆزی ئەو دەنگە هەروا ماوە لەلامان، بۆتە وێردی سەر زوبان لەلای شیرین کەلامان

بۆ زارمان بووە بەخۆشترین چێژو تامان

ئاهەنگی بێوێنەیەو شێعری جوانو دڵکەشن، پرشنگی خۆرەتاون تریفەی مانگی گەشن، شازترین بەهرەو بەشن

نەغمەو چریکەی مەلان قاسپەی کەوی شاخانن، مۆسیقای ژیانەوەی دەشتو مەزراو باخانن

لابەری چی ناخۆشیو ئێشو ئاخو داخانن

هەستی پاکی سۆزدارو شکۆفەی سەر چڵانە، پەپوولەی باڵ نەخشینی ئەویندارى گوڵانە

میوانی هەمیشەیی خۆشەویستی دڵانە

جاڕەگوڵی ڕازاوەی گۆرانیی وەک سروشتە، سەوزایی شاخو دەشتە، پەپوولەی ئەوینی تیا، خەریک سەیرانو گەشتە!

دڵنیام کە مامۆستا قادر دیلانی هونەر، نیشتەجێی ناو بەهەشتە...

* ناوی دووگۆرانی بەناوبانگی مامۆستا

کاوە فەقیەزادە - مەهاباد

# پێداچوونەوە بەسەر کلتووری زارەکی فۆلکلۆر و مۆسیقای نەتەوەیی لە کوردستان

بابەتی ١


















کلتووری زارەکی کە وەک دەستەواژەی فۆلکلۆر (folklore)ئاوازەی دەرکردووە. لە ڕاستی‌دا هەنبانەیەکە لە سوونەنەت، کلتوور، باوەڕ و گشت داب ونەریتەکان و بەسەرهات و چیرۆک، ئاواز و مەتەڵەکان، هەروەها پەندگەلێکن کە لە ناو کۆمەڵێک لە خەڵک یان نەتەوەیەک و یا خود تورەمێیەک کە لە ڕابردووەوە تاکوو ئێستا باوبوونە و لەگەڵ ڕوانگەی سایکۆلۆژیکالەوە بەزۆری لە لایەن بەشی مامناوەندی یان خواروورتری کۆمەڵگا پارێزراوە و ڕاگوێزراوە.

لە تایبەتمەندییەکانی گرنگی کلتووری زارەکی، دەکرێ ئاماژە بکەینە سەر، ڕاگوێستنی زارەکی ئەم کلتوورە و هەروەها پاراستنی شێوە سەرەتاییەکەیان. مۆسیقای فۆلکلۆر دەستەواژەیەکە کە هەڵگری گۆرانی و هەواو و هەڵپەڕکێی ڕەمەکییانەیە. گۆرانی فۆلکلۆرییەکان(folksongs)هەواو و ئاوازگەلێکن کە لە ناو خەڵکدا برەویان هەیە و لە دەکار کردنی سرووشتی نەست و وزەکانی ناوەکی نەستەوە سەرچاوەدەگرێ. پێکهێنەرانی ئەم هونەرە بەزۆری نەناسیاو بوون و بە شێوەی زارەکی و سینگ بە سینگ ڕاگوێزراوە.

بۆ وتنی ئەم شێوە مۆسیقایە پێویست بە هاوڕێیەتی نییە و بە شێوەی هەوا و گۆرانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکدا دەست دەکەوێ. بەرووکردنی خەڵک بۆ ناو شارەکان و پێشکەوتنی شار و ئاواییەکان، ئاوازە زارەکییەکان ڕێچکەیان بەست بۆ ناو دڵی شار و لە ناو شارەکان‌دابرەویان سەند. لە سەدەی ١٩ زایینی و سەرەتای سەدەی ٢٠، تاسەی ئەوەیکە بە ڕەوتی ژیانی مۆدێرن، داب و نەریتی ڕابردوو تۆزیفەرامۆشی بگرن، ئەو ڕامانە بەدی‌کرا کە کۆمەڵێک لە هۆگران و دڵسۆزان، ئاسەوارە فۆلکلۆرییەکان کۆ بکەنەوە و هەر لە سەر ئەم هەڵوێستە ئارشیوێکی ڕازاوە لەم گۆرانی و هەوا فۆلکلۆرییانە کۆ کرایەوە.

زۆربەی مۆسیقارە ناودارەکانی جیهان لە بەرهەمەکانیان‌دا کەلکیان لە ئاوازە فۆلکلۆرییەکان بینیوە؛ لەوانە هایدێن، گریک، دۆرژاک، چایکۆڤسکی، بارتوک و تاد لە مۆسیقای وڵاتی ئێرانیش‌دا سەردەمانێکە ئاوازە فۆلکلۆرییەکان بوونەتە جێی سرنجی هەندێ لە ئاوازدانەرەکانو وەک پێخۆری زۆربەی بەرهەمەکانیان کەلکیان لێ وەرگرتوون. لە مووسیقارە ئێرانییەکانیش دەکرێ دەست بخەینە سەر حوسێن ناسێحی، ئەبولحەسەنی سەبا، مورتەزا حەنانە، حوسێن دهلەوی و ئیرەج سەهبایی و هەروەها لە مۆسیقای کوردیش‌دا حەسەن و حوسێن یوسف‌زەمانی، هوشەنگ کامکار، و موجتەبا میرزادە و تاد جێی باسە کە یەکێ لە ناوچە گرنگ و هەرە داراکانی بەستێنی مۆسیقای فۆلکلۆر کوردستانە. مۆسیقای کوردی وەرگیراوە لە کەلەپوور و داب و نەریتی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی مێژوو دایە، کە لە کۆنەوە سینگ بە سینگ گەیشتۆتە دەستی ئێمە و بە وێنەی خەزێنەیەکی بەنرخ لە ناو دڵی ئەو نەتەوەیەدا پارێزراوە و تاکوو سەردەمی

ئێستا ڕەچەڵەکی خۆی پاراستووە. مۆسیقای کوردی وەک ڕشتەی مرواریدێک وایە کە دەسکەوتی هەوڵ و تەقەلای هونەرمەندانی بیرمەند و خاوەن هەستە. واباشە لەم بارەیەوە ئاماژە بکرێتە سەر(گزنفون)مێژوونووسی یوونانی کە لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە لە سەردەمی هەخامەنێشێکان‌دا ئەوە دەنگی مۆسیقای ڕەزمی کوردان بوو کە ترسی خستە ناو دڵی یوونانییەکان؛ ئەوە سروودەکانی کورد و زەبری دوو دەهۆڵەی کورد بوو لە ساڵی ٤٠١ی پێشزایین گوێی دوژمنانی کەڕ کرد و ئەوسا لەم وڵاتە ڕایان کرد. ئێمە بۆ هەستپێکردنی شایان‌تری مۆسیقای کوردی پێویستیمان بە ناسینی ئەوخەزێنەیە هەیە تاکوو لەم ڕۆچنەیەوە ڕاستیکانی نەتەوەیی و کلتووری کورد بناسین و بیناسێنین.

«مۆسیقای کوردی خاوەنی هەشت فۆرم و حاڵەتی فەرهەنگی تایبەتە کە بەم شێوەیە دابەش دەکرێ››

• گۆرانی و هەوا: (ئەو وشەیە وەرگیراوە لە تایفەی گۆرانە)ئەم حاڵەتە بەربڵاوترین بەشی سترانی لە مۆسیقای کوردی بە خۆی تایبەت داوە و مێژووییترین پاژی ئەدەبی مۆسیقای کوردی لە خۆ دەگرێ؛ کە بەشێکی گرنگ لە کلتوور و هەستی ئەم نەتەوەیە دەنەخشێنێ. سەبارەت بە ڕیتم و مێلۆدی و شێوەی دارشتنەوە و پێکهاتەیان جیاوازییان لەگەڵ یەک هەیە و لە مەقامە کۆنەکانی مۆسیقای ئێرانی پێکهاتوون و تۆمارکراون.

• قەتار: (وەرگیراو لە وشەکانی گاتا و گاسای زەردەشتە و مێژوویەکی دێرینی هەیە)شێوە ئاوازێکی سەربەخۆیە کە بێ ڕیتم و بە چەشنی ئاواز لە مەقامەکان‌دا بە شێوەی جۆراوجۆر دەوترێت.

•حەیران: جۆرە ئاوازێکی ناوچەیی لە فۆلکلۆری کوردی دایە و هەستێکە بۆ وتنەوەی بەسەرهاتەکانی دڵداری و خۆشەویستی و تاد لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان بە تایبەت ئەربیل(هەولێر)، ڕەواندز، موکریان و تاد بڕەوی هەیە.

• بەیت و بەند: بە گشتی بەیت چیرۆکی قارەمانێتی و دڵداری و خۆشەویستی و بەسەرهاتە هەستیارەکانی گەلی کوردە کە پڕ ناوەڕۆکتر وجیاوازتر لە پاژەکانی تری فۆلکلۆر دەوترێت؛ کە تایبەتە بە کلتوور و فەرهەنگی گشت ناوچەکانی موکریان و پیرانان و سەردەشت وپشت‌دەشت و تاد.

• سیاچەمانە؛ خاوەنی سیاقی سەربەخۆیە، وەرگیراوە لە سرووشت و چرینی لە دەنگی کەو دەچێ. ئەم فۆرمە لە ناوچەکانی وەک هەورامان و مەریوان و پاوە و دەورووبەری سنە بڕەوی هەیە.

• هۆرە: لە مۆسیقای کوردی‌دا هەستی تاراوگەیی، غەم و خەفەت، شین و شین‌گێڕی بە شێوەیەکی نەرم و نیان دەردەبڕێ. وەک کلتووریناوچەکانی کرماشان، ئیلام، لۆرستان، زەهاو، ئیسلام‌ئاباد، گیلانغرب و شارەزوور و دەورووبەری ڕووباری سیروان و ناوچەکانی کلهوور دێتە ئەژمار.

• لاوک و لاوژە: لە هەستی دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت و هاوڕێ دەگەڵ خۆی بارگەی غەم و پەژارە و بێمرادی دەردەبڕێ و بەزۆری لەدەڤەری شکاک، واتا کرمانجی باکوور بڕەوی هەیە.

• چەمەرێ: ئەم فۆرمە پاژێک لە فەرهەنگی فۆلکلۆری ناوچەگەلی ئیلام و لۆرستان و کرماشایە، کە بۆ ڕێزلێنان لە بوونی بەنرخی لە دەست ڕۆیشتوویەک دەوترێت.

ئەگەر بێتوو هەنگاوێک بەرەو ڕابردوو بنێینەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کەسانێک هەبوون کە ئاسەواری هەڵکەوتەیان ئافراندووە کە ناسنامەی ئەوان بۆ ئێمە ڕوون نییە، بەڵام نابێ ئەوەی لە بیرکەین کە دوو زانای گەورەی مۆسیقای ئێرانی کۆن کورد بوون؛ یەک لە وان زەریاب قوتابی ئیسحاق بینی ئیبراهیم (١٥٠ - ٢٣٥ هـ ق)کە گۆرانی‌بێژ و هۆزان‌وانێکی ناودار بووە کە لە بەغدا، ناوەندێکی مۆسیقای دامەزراوندووە و ئەوەی‌تریان عەبدوولقادری مەراغەیی (٨٣٨ هـ ق)پسپۆڕی مەقامی ستران‌بێژی و پەردەناسی بووە. بێگومان لە سەدەی ئێستاش‌دا کەسانێک هەبوون کە ئەو ئاسەوارە بەنرخەیان بە ڕاستی و درووستی وەرگرتووە و تۆماریان کردووە و بە سرنجدان بە کەرەسەکانی سەردەم گەیاندوویانەتە دەستی ئێمە و بەرەکانی داهاتوو کە دەکرێ گەورە هونەرمەندانی وەک مەلا کەریمی سابڵاغی، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و تاد ناو بەرین. بە هیمەتی گەورە پیاوانی مۆسیقای کوردی بنچ و بناوانی ئەو هۆنەرە تاکوو ئێستا هەر ماوەتەوە و پارێزراوە و ئێمەش پێویستە لە پاراستنی ئەو گرنگە هەوڵ بدەین وهۆی سەربەرزی و مانەوەی زێدەتری ئەو پێکبێنین، نەک بێتوو خەساری پێبگەیێنین و ببینە هۆی سەرشۆڕی ئەو هونەرە.

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆکە دەگەڵ جۆرێک لە مۆسیقای تر بەرەوڕووین کە هەڵگری کلتوور و فەرهەنگی غەوارە و بیانییە و لە ناوچە کوردنشینەکان باو بووە بە چەشنێ کە تەنانەت ئەم فەرهەنگە هەڵەیە بە دزەکردن بۆ ناو مۆسیقای بەزمی (کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ و تاد)بۆتە هۆیبریندار بوونی مۆسیقای فۆلکلۆر و هەروەها لە لایەن کەسانی هەڵپەروەرەوە ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی چەندین ساڵە ڕەسەنی کوردی کە هەڵگری سەرەتاییترین فەرهەگی ئەو وڵاتەیە هەڵبگرنەوە و بە ناوی خۆیان تۆماری بکەنەوە.

هۆی ئەو کەلێن و بوشاییە شتێ نییە جگە لەوەی کە بەشێ لە گەورە پیاوانی ڕابردووی مۆسیقا، بە هۆی بایەخنەدان بەو گرنگە و هەروەها کێشەکانی ناوچەیی، بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە مۆسیقای کوردی وەک نۆت بنووسنەوە و پۆلێن‌بەندی بکەن و تۆماری بکەنەوە و ئەم کلتوورە هەڵەیە هۆی لاواز بوونی مۆسیقای کوردی پێکهێناوە.

کەسانێک کە لە وانەکانی مۆسیقادا دەخوێنن یاخود ئیش دەکەن لەوانە ژەنیاران کە پێویستە ئاسەوارە هەڵکەوتەکانی ڕابردوو، کە ئێستاکەش لەبەر دەستمان‌دا ماونەتەوە کۆ بکەنەوە و بە شێوازی نۆت تۆماری بکەن

تاکوو لە سەر بنەمای پاراستنی مۆسیقای کوردی بۆ نەوەکانی ترکەلکیان لێ وەرگیرێ و گۆرانیبێژ ەکانیش دەبێ وریا بن کە لە دابەزاندنی ئەو مۆسیقایە هەموو تێبینی و سرنجەکان لە بەر چاو بگرن و بەرپرسانە ئیش بکەن؛ تاکوو ڕەچەڵەکی ئاوازەکان بپارێزرێن. لەم حاڵەتە دایە کە مۆسیقای کوردی پێشکەوتنی دەبێت و دەمێنێتەوە. ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوە بێت دەگەڵ هێرشی مۆسیقای گەلی بیانی و هەڵگرتنەوەی هەلپەروەرانەی هەندێ کەس، داهاتووی مۆسیقای کوردستان شتێنابێ جگە لە تاریکییەکی بێدەنگ. لە کۆتاییدا ئاواتەخوازم کە مۆسیقای کوردی لە هێرشی فەرهەنگی بێگانە بپارێزرێ و بەرەو داهاتوویەکی ڕوون بچێت.

بابەتی ٢

# مۆسیقاناسانی کورد لە ڕوانگەی ڕەخنەوە

نازانم تاکەی مۆسیقاناسان، ژەنیاران و گۆرانیبێژ انی کورد هەر دەڵێن ئەوە مەقامی فارسە یا مەقامی عەرەبە، ئەوە ئێرانییە یا عێراقی، تورک یا ئازەرییە...

کورد لە دنیادا ٤٠ میلیۆن کەسن، تا ئێستا ڕەسمولخەتێکی یەکگرتوویان بۆ خۆیان نییە؛ زمانی سۆرانی لە فۆنتی عەرەبی وەرگیراوە و زمانی کرمانجی لە ئینگلیسی یا فەرەنسی. سەدان ساڵە شاعیر، نووسەر و چیرۆکنووسانی کورد لە بەشی ئەدەبیات بە زمانی دایکی شێعر، پەخشان، ڕۆمان، بەیتوباو و حەیرانیان بۆ نەتەوەکەمان بەجێهێشتووە و بەو قەناعەتە گەیشتووین کە دەبێ کار بکرێ.

بەڵام مۆسیقاری کورد هەر لەو بەینەدا ماوەتەوە کە ئەوە هی ئەم بەرەیە و ئەمە هی ئەوبەرە؛ لەم دراوسێیە ئاوا مەقام ژەندراوە، ئەوە فارسە دەزگای مووزیکی هەیە، ئەوەی دیکە عەرەبە مەقامی مۆسیقای وایە و کورد لەو بەینەدا هیچی بۆخۆی نییە!؟

ئازیزان ئەوەی ئێمەی کورد تا ئێستا نەمانناسیوە و نەماندۆزیوەتەوە چێژە، ستایلە یا زمانی مۆسیقایە؛ زمانێک کە پڕ بە پێستی مۆسیقای کورد و کوردستان بێ. «مایەجەر» و «ماینەر» یا «دەزگا» و «مەقام» یا «هەوا» و «گۆرانی» کێشە نییە و ئێمەی کورد ناشتوانین پەیژەی تایبەت بە مۆسیقای کوردمان هەبێ کە تونالیتەکەی جیاواز بێ یا تۆنی دەسپێک و کۆتایی لەگەڵ هەموو دەزگا، مەقام، ماژۆر و مینۆری جیهانی جیاوازی هەبێ نە لە ناو مۆسیقای سۆرانی، نە لە ناو کرمانجیدا؛ کێشەی سەرەکی مۆسیقاناس و ژەنیارەکانن کە بە ڕەمز و ڕاز یا ڕەنگی مۆسیقای کورد شارەزا نین.

ئێمە زۆر کات دەڵێین مامۆستایانی گۆرانیبێژ ی وەک «سەید عەلی ئەسغەر»، «مەلا کەریم»، «سێوە»، «مشکۆ»، «ئایشەشان»، «عەلی مەردان»، «تاهیر تۆفیق»، «حەسەن زیرەک»، «محەمەد ماملێ»، «مەزهەر خالەقی»و... بەهۆی نەبوونی وڵاتی سەربەخۆ هەڵوەدای شار و وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بوون، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری ژەنیارەکان کورد نەبوون، مۆسیقاکانیان تام و چێژی کوردی نەدەدا.

مەگەر تا ئێستا گرووپە مۆسیقاناسەکان چ لە ناو کوردستان و چ لە ناو موزیسییەنەکانی دەرەوەی وڵات بەو هەموو زانستە مۆسیقایە توانیویانە خۆیان نیزیک کەنەوە و چێژی مووزیکی کورد تۆمار بکەن؛ بۆ نموونە:

ـ کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، نازری و پوورنازرێکان هەرهەموویان لە بواری دانانی مۆسیقا، تیکنیک و ژەنیاریدا زۆر بە توانان و جێدەستیان دیارە، بەڵام زیاتر شارەزای مۆسیقای ڕەدیفی ئێرانین و هەرکە بەرهەمەکانیان گوێ دەگری یەک سەر ستایلیان فارسییە، زۆر جاریش مۆسیقای کوردستانیان لە خزمەت تیکنیکی مووزیکی فارس بەکارهێناوە، چون شارەزای چێژ و زمانی دایکی مۆسیقای کورد نەبوون بەداخەوە نەیانتوانیوە کارێکی بەرچاو بۆ مووزیکی کوردستان بکەن، چ وەک چێژ یا وەک فێرکاری و زانستی دراسی.

## وەزعی مۆسیقای کوردستان لە ڕۆژهەڵات

ـ کورد لە ڕۆژهەڵات تا ئێستاش هیچ ئاکادێمییەکی مووزیکی وەک «قوتابخانەی مۆسیقا»، «پیمانگای مووزیکی زانستی» و «زانکۆی مۆسیقا»ی نییە، زۆربەی ژەنیارانی ڕۆژهەڵات لە مۆسیقای ئاکادێمی ئێران و لە مامۆستایانی مووزیکی ڕەدیفی فێری ئامێرە مۆسیقایەکان بوون.

کوردی ڕۆژهەڵات تا ئێستاش بەقەد پەنجەکانی دەست مۆسیقاری بەتوانای نییە، ئەوی کە هەشە زۆر جار گومانیان هەیە. ژەنیارەکانمان دەڵێن کوا خۆ کورد مۆسیقای نییە، ئەوەی کە هەمانە هەر گۆرانی و بەستە و چەند مەقامێکی بچووکە و ناتوانین بە تەواوی ئامێرەکانی پێ فێربین، بەڵام ڕەدیفی مۆسیقای ئێرانی حەوت دەزگا و پێنج ئاوازی تایبەت بە ئامێرەکانی بۆ نووسراوەتەوە و ژەنیار زۆر باش بە شێوەی زانستی فێری دەبێ.

لە باشوور زۆر مۆسیقاری بەتوانا بە زانستی مووزیکی سەردەمییانەوە کار و چالاکی و تۆماری زۆر بەرهەمی پرۆفیشناڵیان چ بە شێوازی گرووپی ئۆرکێستراڵ و گرووپی چەند کەسی و تەک ژەنی کردووە و زۆریش جێدەستیان دیارە؛ بۆ نموونە:

ـ تیپی مۆسیقای هەولێر، تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئۆرکێسترای سلێمانی، ئۆرکێسترای کورد، ئۆرکێسترای هەولێر، گرووپی بچووکی چەند کەسی وەک گرووپی باوەچی، لۆڕ، مەحوی، وە زۆر گرووپی دیکە کە لە کاناڵ و میدیاکان خەریکن کار بۆ مۆسیقای وڵاتەکەمان دەکەن. دەتوانم بڵێم بە سەدان مووزیکاری باشی وەک مامۆستایان کورد قادر دیلان، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، سەلاح ڕەئووف، نەجات ئەمین، ع. ج. سگەرمە، وریا ئەحمەد، محەمەد زازا، چەتۆ نەورۆز و... بەڵام زیاتر شارەزای مۆسیقای دراسی عەرەبی یا کلاسیکی جیهانین

و کاتێک گوێبیستی بەرهەمەکانیان دەبی، زۆر بە کەمی تام و چێژی ڕاستەقینەی کوردەوارییان تێدا بەرگوێ دەکەوێ و لە بەشی ئۆرکێسترادا هەر خەریکن مووزیکی کلاسیک دێننە نێو مۆسیقای کوردییەوە. لە بەشی گرووپی چەند کەسی بەداخەوە گرووپەکان زۆر بەئیفتخارەوە ستایلی مۆسیقای ئێرانی(ڕەدیفی)یا ستایلی عەرەبی و تورکی بەکار دێنن. زۆر جاریش دەبیسین کە ئەوە فلان کەسایەتی یان مامۆستای مووزیک خەریکی کۆکردنەوەی مەقامە کوردییەکانی ناوچەی گەرمیانن یا کورد نیزیک بە ٦٠ مەقامی مۆسیقای هەیە (شایانی باسە بە نووسراوە لە بواری تیئۆری مۆسیقای کورد و پەیژە و دەزگا و مەقامەکانە کوردستان هێندێک کار کراوە)بەڵام ئەوەی گۆبیستی بووین هەر لە گۆرانیبێژ انی کۆنەوە بۆمان بە میرات ماوەتەوە، دڵنیاشم کە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش هەر بەو شێوەیە کار کراوە.

**وەزعی مۆسیقای کوردستان لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا**

- لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا نیزیک بە پنجا ساڵە ئاکادێمیای مووزیکی زانستی وەک «قوتابخانەی مۆسیقا»، پەیمانگای مووزیکی زانستی» و زانکۆی مۆسیقا» لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەشێوەی وانەی مووزیکی ئاکادێمی خەباتی بۆکراوە و هەروا بەردەوامە. بەڵام تا ئێستاش بۆیان نەکراوە مەنهەجێکی دراسی و زانستی بۆ مۆسیقای کورد دابڕێژن کە پڕ بە پێستی مووزیکی کوردستان بێ.

- ئێمە وەک میللەتی کورد مۆسیقایەکی زۆر تایبەتمان بە میرات بۆ ماوەتەوە، کە دەبێ بیپارێزین و بە باشی بەکاری بهێنین. مامۆستاکانی گۆرانیبێژ مان هەریەکە و لە بواری خۆیدا زۆر باش و ڕێکوپێک ئەو میراسە بەنرخەیان بۆ پاراستووین، «دیارە کورد مۆسیقاکەی لە گۆرانیبێژ ەکانەوە بۆ ماوەتەوە» ئەوە ئێمەین کە دەبێ بە باشی کەلکی لێوەرگرین و بە شێوەی زانستی و دراسی مۆسیقای زمانی دایکی بناسین و فێربین.

هێندێک خەڵک هەیە بێ ئەوەی هیچ لە مۆسیقای زانستی یا لە گۆرانی و دەزگا و مەقامەکانی کورد یان لە ئامێرە مووزیکییەکان بزانێ و زانیارییەکیان هەبێ، خۆ لە بابەتێک لە بابەتەکانی مۆسیقا دەدەن، بەتایبەت گۆرانیبێژ ی. زۆر ئاستەمە و دەبێ بەباشی بابەتە مۆسیقاییەکانی وڵاتەکی بناسێ جا بیر لەوە بکاتەوە کە لە بواری هونەری دەنگبێژیدا کار بکا. بەداخەوە ئەوەی ئێستا بەسەرمان هاتووە زۆربەی بە هۆی ئەوە بووە کە گۆرانیبێژ ان لە زانستی مووزیک هیچ سەردەرناهێنن و بێ ئەوەی بزانن خەریکن کاری چەندین ساڵەی ئەو مامۆستا زەحمەتکێشانەی کاریان بۆ کردووین خراپ دەکەن، تازە جیلی داهاتووش نازانن، وەدەزانن ئەوەی گوێیان لێدەبێ زۆر تەواوە، هەر بۆیە خۆڵێدان لە مۆسیقای نەتەوەیی زۆر ئەرکێکی ئینسانی، زانستی و نەتەوایەتییە و بۆ هەر کوردێک کە لە کۆی ئەو زەوییە ژیان بەسەر دەبا.

- ئێمە دەبێ وەک وڵاتانی دیکە لە سەرەتاوە فێری زمانی مۆسیقای دایکیمان بین و لە ئەلفوبێوە حەول بدەین بە شێوەی ئاکادێمیک ئامێرەکان بژەنین و پێبەپێی زانستی مۆسیقای کوردستان لە ئەلفوبێوە تا پێشکەوتوو بە زانستێکی تەواوەوە ئامێرە مووزیکییەکانی وڵاتەکەمان بناسین و کاری پێبکەین.

- کورد بۆ دراسەی ڕاهێنان لەسەر پێناسەی تام و چێژی مووزیکی کوردستان دەبێ خۆی لە فۆرمە مۆسیقاکان هەوێن بکا و لە چەند بەشدا مووزیکەکەی بە نۆت بنووسێتەوە و بەشێوەی زانستی کلاسی و خانەبەندی دراسی (ئەلفوبێ، سەرەتا تا مامناوەند و پێشکەوتوو)لە چەند کتێبێکدا بیخاتە بەر دەستی خۆلیایانی مۆسیقای کوردستان بۆ فێربوون و ڕاهێنانەکانی وانەی مووزیک کەلکی لێوەرگیرێ، تا میلەتی کوردیش بەو ئامانجە گەورەیە بگا لە مۆسیقاکەیدا.

فۆرمەکانی مۆسیقای کورد بریتییە لە (گۆرانی، ئاواز، دەزگا، مەقام، بەیت، بەند، هەوا، حەیران، لاوک و لاوژە، سیاچەمانە، هۆرە، چەمەری)و هتد، کە ناسنامەیەکی مۆسیقایە لە کوردستان و هەریەکە و تایبەت بە ناوچەیەکی کوردستانە، کە دەبێ مووزیکاری کورد بەباشی بیانناسێ و بەکاریان بێنێ.

- منی مووزیکار کاتێک مۆسیقای ڕەدیفی و ئاوازی ئێرانم بە ماوەی هەشت ساڵ (٧٢ تا ٨٠)لە پایتەختی ئێران (تاران)تەواو کرد و زۆریشم حەوڵ دا کە بەردەوامبم بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر وڵاتەکەم گەیشتمە ئەو قناعەتە کە کار لەسەر مۆسیقای کوردستانەکەم بکەم، هەر بەو بۆنەوە زیاتر لە دە پەرتووکم (هەزار و دووسەد مێلۆدی و مەقامم بە نۆت نووسیوەتەوە)لەسەر مۆسیقای کوردستان کۆکردۆتەوە و دامڕشتووە، بەشێوەی زانستی و ڕاهێنانی مۆسیقای کوردی بۆ ئامێری «سەنتوور» و بۆ لێکۆلینەوەی موزیک کە چاپ کراون، بەڵام کوا تاکە کەسێک لە موکریان دەتوانێ ئەو خەونە دێرینەیەی چەندین و چەند ساڵەی باب و باپیرانمان بهێنێتەدی. ناسینی مۆسیقای کوردستان زۆر کارێکی زەحمەتە و کاری کەسێک یا ناوچەیەک لە کوردستان نییە، هەر بۆیە من بە ئەرک دەزانم و داوا لە هەموو مووزیسییەنە کوردەکان دەکەم خۆیان بپارێزن لە مۆسیقای دەورووبەر و پابەندبن بە زانستی مۆسیقایی، خەباتێک و حەولێکی باش بدەن تا ئێمەی کورد ناسنامەیەکی نەتەوایەتیمان هەبێ بۆ مووزیکەکەمان.

لە کۆتاییدا تا مۆسیقای تەواوی کوردستان پاک و پیسی لێ جیانەکرێتەوە و خانەبەندی مەقامی، دەزگایی یا بە زمان و نووسینی کوردی بەدەزگا و مەقام بگووترێ (پەیژە و ئاواز)، یان چریکەی پەیژەی ئای ئای، پەیژەی دووگا، پەیژەی سێ گا، پەیژەی چوارگا و هتد نەکرێ و چەند ڕیوایەتێکی لە ناو هەموو مۆسیقازانانی کورد نەبێ، مووزیکی کورد هەروا پرشوبڵاوە، کاتێک «خانەبەندی» کرا و بوو بە مۆسیقای کلاسیک یا دراسی، ئەوکات دەتوانین بەهەموو شێوازە مۆسیقاکان کاری لەسەر بکەین و دڵنیابین ڕۆژێک جیهانیش دەبێ.

ناسر عەلیار - بۆکان



# ئەحمەدئاغای ئێلخانی لە سەدەی پێشووی موکریاندا

## سەرنجێکی خێرا بە سەر عێلی دێبوکریدا (تایەفەی مارفاغا)

عێلی دێبوکری لەو عێلاتەن نیزیک سێسەد ساڵ لەوە پێش هاتوونە ناوچەی موکریان. مێژووی هاتنیان بە وردی نەزاندراوە و وێدەچێ، سەردەمی حوکمڕانی کەریمخانی زەند بووبێ. لە وڵاتی دیاربەکری سەر بە دەوڵەتی عوسمانی هاتوونەتە کوردستانی ئێران. لە ئاکامدا لە مەڵبەندی موکری گیرساونەتەوە و بە یەکجاری نیشتەجێ بوون. هۆی کۆچکردنیشیان بۆ بەری ئێران نادیارە.

هێندێک شت لە مەڕ بنەچەکەی دێبوکرییەکان لە زووەوە لە سەر زمانانە. لە قسان بنەچەکەیان دۆم، یا ئاشەوان بووە. ئێمە لەم بارەوە ناتوانین شتێکمان بە ڕوونی بێتە دەست. بەڵام ناتوانین سەر لەم ڕاستییە بادەین کە دێبوکرییەکان لە کاتی هاتنیان بۆ موکریان هەم دەوڵەمەند بوون، هەم تایەفەدار و بەدەسەڵات. چونکە ناکرێ سەرعێلی دێبوکرییەکان بە نێوی بەیرەماغا بە ڕووتی و بێدەسەڵاتی هاتبێتە ئێرە؛ کەچی کوڕەکەی بە ناوی ڕەسووڵاغا ململانێی عەشیرەتی لەگەڵ عەشیرەتەکان بکا و لە ئاکامدا بە دەستی عەشیرەتی پیران بکوژرێ. لە سەر ئەو کارەساتە خزمەکانی عەشیرەتی پیران لە سابڵاغ وەدەردەنێن. لە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی هەباساغا کوڕەزای بەیرەماغا دەگاتە ڕادەیەک لە هێز و دەسەڵات کە تەنگ بە دەسەڵاتدارترین حاکمی ناوچە عەبدوڵڵاخانی موکری هەڵدەچنێ. حاکم وادار دەبێ لە ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لە سابڵاغ هەباساغا بکوژێ. حکوومەتی قاجار دەکەوێتە بەین، عەبدوڵڵاخان لە کار دەخرێ و دەبردرێ بۆ وڵاتێکی دیکە. ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی کە ساڵی کوشتنی هەباساغایە یەکەم هەڵکەوتێکی مێژوویی سەر بە دێبوکرییەکانە کە تۆمارکراوە. لە بەر ئەوە ئەو ساڵە دەکەینە نوختەی تەحلیل لە سەر ڕابردووی دێبوکرییەکان. لە ماوەی حەفتا، هەشتا ساڵ چۆن ئەو عێلە کە لە ناوچەکەشدا غەریب بوون لە بەینی حکوومەتی کەریمخان و حکوومەتی محەممەدشای قاجاردا توانیویانە عەشیرەتی پیران هەڵکشێننەوە بۆ بناری قەندیل (پیرانشاری ئێستا). هەروەها حاکمی بەهێزی سابڵاغ کە عەشیرەتی قەدیمی موکری لە پشت بووە، لە شار وەدەرنێن؟ مەگەر ئەوە بسەلمێنین کە بەیرەماغا کاتی نیشتەجێبوون لە موکریان هەم کەسانێکی زۆری بەدەورەوە بووە، هەم ماڵ و دەوڵەتێکی زۆری بووە. تا ئەو جێیە وەچەکانی توانیویانە زۆر لە دێهاتی شاروێران وەدەست بخەن.

بۆ ئەوەی زووتر بچمە سەر باسی وتارەکەم، بە کورتی دەڵێم بەیرەماغا بە خۆی و بە عێلەکەیەوە لە شاری «قارەمان‌ماڕاشی» دیاربەکر ڕا دوای چەند وچانێک هاتوونە گوندی «دێبوکر»ی ڕێگای مەهاباد - پیرانشار. هەر بۆیە نێوی پێشووی دێبوکرییەکان عێلی «قارەمانی» بووە. ئەمن لەو باوەڕەدام، گوندەکەیە نێوی لەو عێلە وەرگرتووە، نەک بە پێچەوانە. واتە وشەی دیاربەکر بە سەر ئەو گوندەدا بڕاوە. دوایە لە نێو قساندا بووەتە «دێبوکر». ئێستا



نشستە: احمد آقا ایلخانی‌زادە
ایستادە: (راست) مارف آقا ورمزیار
(چپ) حاج مارف آقا معروفی ( برادرزادە ایلخانی)

قەبری دیاربەکرییەکانی هەوەڵێ کە لەگەڵ بەیرەماغادا هاتوون لەو گوندەیە.

بەیرەماغا سێ کوڕی بووە کە دێبوکرییەکانی ئێستا هەموویان تۆرەمەی ئەو سێ کوڕەن. یەکەمیان، شێخاغا بووە. بنەچەکەی شێخاغاییەکان و خزمەکانی ئەوانە. دووهەمیان، سڵەماناغا بووە. کە بنەچەکەی قارەمانییەکان و خزمەکانی ئەوانە. سێهەمیان، ڕەسووڵاغا بووە. بنەچەکەی زۆربەی دێبوکرییەکانی دەشتی شاروێران و محاڵی بۆکان و ئەوانە. دیارە هەرکام لەو سێ تایەفە کە سێ لقی گەورەن بەسەرهاتی تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام ئەمن تەنیا لقێک لە تایەفەی ڕەسووڵاغام هەڵبژاردووە بە نێوی تایەفەی مارفئاغا ئەویش هەر ئەوەندەم کار پێیانە هەتا دەگەم بە ئەحمەدئاغای ئێلخانی. ئەمن لێرەدا هەر کارم بە ئەحمەدئاغای ئێلخانیە نەک خزمە دوور و نیزیکەکانی. ڕەسووڵاغا لە تەمەنی پیری بە هۆیەکی نادیار لە شاری سابڵاغ بە دەستی عەشیرەتی پیران کوژراوە. سێ کوڕی بووە. کوڕی هەوەڵی، هەباساغا بووە کە سەرۆک عێلی دێبوکرییەکان بووە. بنەچەکەی عەبباسیەکان و خزمەکانی ئەوانە. حەمەدئاغا بنەچەکەی زۆربەی دێبوکرییەکانی دەشتی شاروێرانە. مارفئاغا بنەچەکەی زۆربەی دێبوکرییەکانی بۆکان و دەوروبەر و بڕێک لە دێبوکرییەکانی شاروێرانە. لە کوڕانی

ڕەسووڵاغاش بەسەرهاتی کوڕی یەکەم و دووهەمیان با زۆریش سەرنجڕاکێش بن بە جێ دەهێڵم و دەچمە سەر بەسەرهاتی مارفاغا.

مارفئاغا کوڕە چکۆلەی ڕەسووڵاغا بووە. کاتی کوشتنی هەباساغای براگەورەی بەڕاسپێری (ماموریت)حکوومەتی وەخت خەریکی کۆکردنەوەی باج و خەراج لە قەڵای مەریوان دەبێ. بە بیستنی ئەو خەبەرە بە سواری ماینی جازێ، یەک ڕکێف تا شاری سابڵاغ گیر نابێ. وێڕای دێبوکرییەکان و عەشیرەتی بڵباس لە گەمارۆدانی سابڵاغ بەشداری دەکا. مارفئاغا بە هۆیەکی نادیارەوە لە شارویران لە حەمەداغای برای جوێ دەبێتەوە. دەشتی پڕ پیتوبەرەکەتی شارویران بەجێ دەهێڵێ دێتە گوندی حەمامیان لە سەر چۆمی تەتەهوو لە چەند کیلۆمیتری ڕۆژاوای بۆکان. ئەوکات بۆکان گوندێکی بڕێک گەورەتر لە گوندێکی ئاسایی بووە. مڵکی تایەفەیەکی موکری بە ناوی تایەفەی «خەڵکی» بووە.

دەکوترێ مارفئاغا گوندی حەمامیانی لە کەسێک بە ناوی حاجی حەمامی کڕیوە. پاش هەندێ، گوندی گەورەی بۆکانیش لە ساحیب مڵکەکان کە چەند کەس بوون دەکڕێ. لە ساڵی ١٢٦٦ی کۆچی بۆکانی فرۆشتووە بە سەردارعەزیزخان. دەکوترێ هەر لە سەرەتادا بۆکانی بۆ سەردارعەزیزخان کڕیوە. ئەوە یەکەم ئەنگوتنی ئەستێرەی بەختی مارفاغایە کە نیزیکبوونەوەیەتی لە سەردارعەزیزخان. قسەیەک هەیە لە لایەن میرزا کەریمی بارامبەگی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوییەتی و کوڕەکانی لەو ساڵانەی دواییدا بڵاویان کردۆتەوە. دەڵێ: سەردارعەزیزخان مڵکەکەی لێ ئەستاندووون ئەمنیش لە وتارێکدا لە گۆڤاری مهاباد وەڵامم داوەتەوە نەمسەلماندووە، بەناوی «غلبەی احساسات...». مارفئاغا بە وتەی حاجی سمایلاغای ئێلخانیزادە لەگەڵ ڕەعیەتەکانی چاک بووە، هاونشینی کردوون لەگەڵ کەیخوداکانی گوند لە مزگەوت نانیان دەخوارد. ئەوەی لێی دەگێڕدرێتەوە پیاوێکی مەندوماقووڵ و حەیابەخۆ و ڕێزگری مەلای ئاوەدانی بووە.

هەرچۆنێک بێ هەڵسوکەوتی مارفئاغا وەبەر دڵی سەردار دەکەوێ. دۆستایەتی بەینیان دەکێشێتە خزمایەتی. شاپەیکەرخانمی کچی فەڕووخخانی براگەورەی عەزیزخان و خوشکی مزەففەروددەولە، ساحێبی چەند مڵکێک لە سابڵاغ و دۆڵی ئاجیکەند، لە مارفئاغا مارە دەکرێ. مارفئاغا لە ژنی دیکە چەند کوڕی دیکەی بووە کە ئەوان گەورەتر بوون. لەوان دەگەڕێین هەرچەند پیاوی هەڵکەوتەیان تێدا بووە.

دەپەرژێینە سەر ئەو کوڕانەی لە تەمەنی بەساڵاچوویی لە شاپەیکەر خانم کەوتوونەتەوە واتە برایماغا برای گەورە، حەمەدئاغا برای نێونجی، ئەحمەدئاغا برا چکۆلە. ئەو سێ کوڕە پاش مەرگی بابیان لە ژێر چاوەدێری براگەورەکانیان بەتایبەت گوڵاویاغای قەرەقشڵاخدا بوون.

دێینە سەر باسی وتارەکەمان کە باسی ئەحمەدئاغای ئێلخانی کوڕی مارفاغای کوڕی ڕەسووڵاغای کوڕی بەیرەماغای دیاربەکرییە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەحمەدئاغای ئێلخانی سێ کارەسات و قۆرت و نەهامەتی کە لە موکریان بە سەر دێبوکرییەکان هاتووە باس دەکەین. سێهەمینیان گیران و لەناوچوونی ئەحمەدئاغای بەرباسی خۆمانە. سەیر ئەوە بووە دوای هەر سێک نسکۆکە دێبوکرییەکان دووبارە هەستاونەوە و زۆرتر هەڵکشاون.

ئەو سێ نسکۆیە ئەمانەن:

١- کوژرانی ڕەسووڵاغای کوڕی بەیرەماغا لە شاری سابڵاغ وێدەچێ لە سەرەتای حکوومەتی قاجار ئەو ڕووداوە قەومابێ. هۆی ئەو ڕەشەکووژییە بە چاکی مەعلووم نییە. بەڵام بە دەستی عەشیرەتی پیران ئەو کارەساتە کراوە. لە کاتی ئەو جینایەتەدا ڕەسووڵاغا لە تەمەنی پیریدا بووە بە بێ تاوان، گیانی فیدای بەربەرەکانی عەشیرەتی کردووە. دێبوکرییەکان ڕادەپەڕن عەشیرەتی پیران لە شاری سابڵاغ وەدەردەنێن

٢- کوژرانی هەباساغای کوڕی ڕەسووڵاغا سەرۆک عێلی دێبوکرییەکان بەدەستی حاکمی سابڵاغ و ئاخرین میری موکری بە شێوەیەکی ناجوامێرانە لە ناوەندی حکوومەت بە بێ شەڕ و




**بڕێک لە (شەجەرەنامە)ی دێبوکری کە وەچەی مارفئاغا دەس‌نیشان دەکا سەرەتای (شەجەرەنامە) گەورەکەی لای بەڕێز عومەراغای عەلی یار هەڵگوێزراوەتە ئێرە.**

قڕە لە کاتێکدا خزمایەتیش لە نێوانیاندا بووە، ڕوخساری ناوچەی موکریانی گۆڕی. کۆتایی بە میرایەتی نیوە سەربەخۆی کورد لە ناوچەکە هێنا، پێی عەجەمی بۆ موکریان کردەوە. ئەو کارەساتە لە ئاکامی ڕکەبەرایەتی و ململانێی بەینی عەوڵاخانی موکری و هەباساغای دێبوکری هاتە پێشێ، ڕێکەوتی ئەو کارەساتە لە زەمانی حکوومەتی محەممەدشای قاجار لە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی بوو. دێبوکرییەکان بە توندی ڕاپەڕین. عەشیرەتەکانی بلباس واتە مامەش و پیران و مەنگوڕیشیان بە هاوارەوە هات. گەمارۆی شاری ساباڵغیان دا حکوومەت کەوتە بەین. خان و داروەدەستەکەیان لە شار بردەدەرێ، کتێبی «دارالسلطنەی تبریز» نووسراوی کامەران میرزا کێشە و هەرای دوای کوشتنی هەباساغای بە درێژی باس کردووە. میرایەتی چوارسەد ساڵەی موکری بڕاوە. لە نێوان دێبوکرییەکان و موکرییەکان دوژمنایەتی کەوتە بەین. دێبوکرییەکان بوون بە هێزێکی گەورەی ناوچەی موکریان.

٣- گیران و دەسبەسەری و لەناوچوونی ئەحمەدئاغای ئێلخانی لە چاخی پادشایەتیی «مظفرالدین شاە» دوو ساڵ پێش واژۆکردنی «مشروطە» سێهەمین نسکۆی ژیانی عەشایەری دێبوکرییەکان بوو کە بە درێژی لەدواییدا باسی لە سەر دەکەین. دواتر حاجیەلخانی برای ئەحمەدئاغا و کوڕەکانی توانیان جێگای بگرنەوە. ئیدی ڕیاسەت لە بنەماڵەی هەباساغای گەورە هاتە دەرێ و کەوتە دەست کوڕانی حاجیەلخانی. دێبوکرییەکان بوونەوە بەهێزی یەکەمی ناوچەکە و تا ئیسلاحاتی زەوی و زار و تێکچوونی سیستەمی ئاغایەتی درێژەی کێشا.

بەسەرهات و هەڵسوکەوتەکانی ئەحمەدئاغای ئێلخانی

ئەحمەدئاغا و دوو برا گەورەکەی کاتێک بابیان بە ڕەحمەتی خودا چووە (١٢٧٨ی کۆچی)کەم تەمەن بوون گوڵاویاغای براگەورەیان کە لە دایکێکی دیکە بووە سەرپەرەستی کردوون. ئەو سێ کوڕەی مارفئاغا لە شاپەیکەرخانم کە بەخۆ داهاتون سێ ڕێگای جیاوازیان گرتووەتە بەر. برایماغا پیاوێکی باسەواد بووە تەنانەت ئی وەک ئەمیر نیزامی گەڕووسی نامەی لەگەڵ گۆڕیوەتەوە برایماغا زۆر خۆی بە مڵکدارییەوە ماندوو نەکردووە. بە دەروێشی ژیاوە. هاوسەرگیری لەگەڵ کچە ڕەعیەتێک بە ناوی فاتان کردووە.

حەمەدئاغا پیاوێکی قورس و قایم و دیندار بووە. بۆ هەموو کەس جێی باوەڕ بووە. حەولی ماقووڵی نەداوە. تەنانەت ڕازی نەبووە وێنەشی لێ هەڵگرن. کچی حاجی سەید بایزی ساباڵغی کە لە سەیدەکانی بەرەی مەلا جامی بووە مارە کردووە. بەڵام ئەحمەدئاغا کە دواتر لەقەبی ئێلخانی پێدراوە هەر لە جحێڵی ڕا بەرزەفڕ بووە. هەوای بڵیندی لە سەردا بووە ڕاست لە کچی سەردارعەزیزخانی موکری یەکەم پیاوماقووڵی کورد و لە پیاوە ناودارەکانی ئێران شین بووەتەوە. ماجەرایەک بووە چونکە باس لە پەیوەندی سەردار و شێخ عوبەیدیللاشی تێدایە، لە زمانی کاک سەلاحی موهتەدی دەیگێڕمەوە.

« ئەحمەدئاغا دڵی بە «ئوممیخانم»ی کچی سەردارعەزیزخانەوە دەبێ [بۆم ئاشکرا نییە ئەودەم سەردار ماڵی لە کوێ بووە؟] سەردارعەزیزخان دەیهەوێ ئوممیخانم بدا بە شێخ عەبدولقادری شەمزینی کوڕی شێخ عوبەیدیللا. کار دەگاتە جێگایەک بێن بۆ مارەبڕینی. ئوممیخانم لەگەڵ ئەحمەدئاغا کەین و بەینی بووە. ئەحمەدئاغا لێی ڕادەسپێرێ کە بڵێ ئەگەر بمدەن بەو شێخزادەیە خۆم دەکوژم، مێرد بە ماڵە دەروێشان ناکەم. سەردارعەزیزخان دەڵێ ئەوانە ماڵە دەروێش نین، دەزگیرەی دەرگاکەشیان زێڕ و زیوە. سەردار زۆری لێ ناکا دەیدا بە ئەحمەدئاغای کوڕی مارفاغا. » وادیارە ئەحمەدئاغا لە ئوممیخانم منداڵی نەبووە یا بۆی نەماوەتەوە. ئێستا قەبرەکەی ئوممیخانم لە باکووری پارکی میللەت (قەبران)ی بۆکانە. وا وێدەچێ ئوممیخانم لەگەڵ ئەحمەدئاغا زۆر نەژیابێ. خوداوڕاستان ژنی دووهەمی ئەحمەدئاغاش هەر کچی سەردارعەزیزخان بووە بە ناوی فاتمە خانم لە ژنێکی سەردار بە نێوی هۆریزاد خانمی وەرمەزیار. [وێدەچێ ئەو ژنەی دوای مردنی سەردار مارە کردبێ. ] ئەحمەدئاغا لە فاتمە خانم سێ کچی لە پاش بەجێ ماوە بە ناوەکانی مەرزییە خانم کە لە حەیاتی ئێلخانیدا دراوە بە بایزئاغای برازای واتە حاجی بایزئاغای کوڕی حاجیەلخانی، دووهەمیان زبیدە خانم بووە کە دوای لە ناوچوونی ئێلخانی دراوە بە عەلیاغای کوڕی حاجیەلخانی. سێهەمیان عەزیمە خانمە کە لە حەمەدەمین بەگی نۆبار مارە کراوە. لە شەڕی شێخ عوبەیدیللا ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی هەر وەک لە مێژوودا باس کراوە و دەمبەدەمیش گێڕدراوەتەوە سەرەتا کوڕەکانی مارفاغاش وێڕای دێبوکرییەکان لە لەشکری شێخدا بوون، دوایە لێی هەڵگەڕاونەتەوە. ڕەئیسی دێبوکرییەکان ئەوکات قادرئاغای ئیندرقاش بووە. گوڵاویاغای کوڕی مارفاغاش گەرچی ڕەئیس نەبووە بەڵام بە پیاوی دووهەمی دێبوکرییەکان ئەژمێردراوە. عومەراغای عەلیار لە بارەی ئەو تێهەڵچوون و هەڵگەڕانەوە ئاوای دەگێڕاوە: «دوای ئەوەی لەشکری شێخ عەبدولقادر هات میاندواوی تاڵان کرد بەرەو بناو ڕۆیی دێبوکرییەکان لەو کوشتن و تاڵانە نارازی بوون بەتایبەت لە هەڵسوکەوتی مەنگوڕەکان قەڵس بوون گوڵاویاغا بە شێخی کوت قوربان ئەمە بۆ خەزایە هاتووین یان بۆ تاڵان؟ ئەوەتا هێندێ لە لەشکری ئێمە بە پێوە میز دەکەن. شێخ دەڵێ گوڵاویاغا ئەمن ئەوەی لە تۆ چاکتر دەزانم. گوڵاویاغاش جواب دەداتەوە وەڵڵاهی قوربان چ چاتری نازانی. بە دزی گوڵاویاغا و قادرئاغا لە لەشکری شێخ دەکشێنەوە. » بەڵام دوای زاڵبوونی لەشکری عەجەم ئەگەر تکای ئەمیر نیزامی گەڕووس نەبایە قادرئاغا و گوڵاویاغاشیان دەگرت. قەرەنیاغای ئێلخانیزادە بۆی گێڕامەوە «گوڵاویاغا وەختێک تاڵانی کوردەکانی دیت سوێندی خوارد کە لە لەشکری وادا نابم کاتێکیش لەشکری عەجەم هاتن قەرەقشلاغی گوڵاویاغاشیان تاڵان کرد دیسان سوێندی خوارد لە ژێر حوکمی ئەوانەدا نابم. گوڵاویاغا ڕۆی بۆ نەستانی سەردەشت. دوایە دەوڵەت پەشیمان بووەوە کردیان بە حاکمی سەردەشت. » ئەو دوو گێڕدراوە تا ڕادەیەک عادەتی دێبوکرییەکان بەیان دەکا ئەگینا دەشکرێ لەو هەڵگەڕانەوەی دێبوکرییەکان قسەوباسی پەنامەکی و ژێربەژێریش بووبێ بەتایبەت دەکوترێ قادرئاغا زۆر سیاسەتمەدار بووە.

ئەحمەدئاغا لەو کاتیدا بە گۆترە و تەخمین تەمەنی لە دەوری ٣٠ ساڵدا بووە لە جێی بابی لە حەمامیان دامەزراوە. ئەو دێیە دەکا بە پێگەی دەسەڵاتداری خۆی. یەکەم شت کە ئاسەواری دەسەڵاتداری و مشووری مڵکداری ئەحمەدئاغا لە گوندی حەمامیان دەسەلمێنێ سازکردنی گومبەزی حەمامیانە لە سەر تەپکێک لە پەنای گوندەکە و وەقفی ئەو تەپکە بۆ قەبرستانی

بنەماڵەی مارفاغا. هێنانی خشتی سوور و سازکردنی گومبەز و لەکارکردنی سەلیقەی مێعماری لەو گومبەزەدا بێجگە بۆ کەسێکی دەسەڵاتدار کە پەیوەندی لەگەڵ شارە گەورەکان هەبووبێ ناگونجێ. ئەو دەزگا و سازکراوە کە بۆ ناشتنی مردووەکانی بنەماڵە ڕاکشاوە هێندە بە لایەوە بایەخدار و گرنگ بووە کە لە یەکێک لە شارە گەورەکان ڕای سپاردووە بەردەنووس (کتیبە سنگی)ی بۆ ساز کەن. کابرای بەردهەڵکەن لە سەر بەردەکە نووسیویەتی:

بسم‌اللەالرّحمن‌الرحیم اللهم صلّ علی محمّدٍ و علی آلِ محمّد

روزی خدمت مقرّب الحضرت الخاقانیە آقای احمد آقای ولد مرحوم مغفور معروف آقای دهبوکری رسیدم گنبدی بنا کردە بود حسب الخواهش نوشتە شد. سنە ١٣٠٦ الحقیر عباسقلی قاجار.

وادیارە ئێستا ئەحمەدئاغا لە کاتی نووسینی ئەو بەردە لەقەبی ئێلخانی پێ نەدراوە. لانیکەم ئەو گومبەز و بارەگایە لە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی سازکراوە. هەر وەک لە نووسراوەکە وەدەر دەکەوێ کاتێک ئەو داوایە لە کابرای بەردهەڵکەن کراوە گومبەز سازبووە کەوایە دەکرێ زووتریش درووست کرابێ یانی لە ١٣٠٥دا. ئەوەی ئاشکرایە ئەحمەدئاغا لەو کاتدا هاتوچۆی شاری گەورە وەک تەورێز و مەراغەی کردووە. بە بۆچوونی عەقڵیش هاتووچۆی ئەحمەدئاغا بۆ شارە گەورەکان زۆر ئاساییە. چونکە مظفرالدولە پیاوی گەورەی دەوڵەتی ئێران خاڵی بووە. سەیفەددین‌خان حاکمی وڵاتی موکری ئامۆزای دایکی و ژن‌برای بووە. هەروەها لە تافی لاوەتیدا کاتێک سەردارعەزیزخان ماوە ئەو زاوای بووە، بێگومان هاتووچۆی تەورێزی کردووە. ڕەنگە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ناسری و لەگەڵ وەلیعادیش (مظفرالدین شاە)کە دواتر بوو بە شا هەر لە زەمانی ئەویشدا لە زیندان خرا ناسیاوی بووبێ.

ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی سەیفەددین‌خانی کوڕی عەزیزخان مالیکی بۆکان و چند گوندی دەوروبەر و حاکمی سابڵاغ و سەردەشت لە تەورێز کۆچی دوایی کرد. لەو دەنگۆ و چاووڕاو و قسەوقسەڵۆکانە دەگەڕێین کە ئەحمەدئاغای ئێلخانی یا ئەمیر نیزامی گەڕووسی سەیفەددین خانیان دەرمانداو کردبێ، خودا عالمە و قسە لە سەر شتی غەیبی ناکرێ. ئەوەی ئاشکرا بووبێ هەردووک ئەو کەسایەتیانە زۆریان پەرۆشی بۆ سەیفەددین‌خان دەربڕیوە. ئەمیر نیزام لە نامەکانیدا و ئەحمەدئاغاش بە بەشداری‌کردن لە ڕێوڕەسمی ناشتن و بە خاک ئەسپاردنی و سەرەخۆشی سەیفەددین‌خان و ڕۆیشتن بۆ تەورێز ئەرکی خزمایەتی و دۆستایەتیان بەجێ هێناوە. ئەمما بە بۆچوونی عەقڵی و بە ڕواڵەت دەزانین ئەوساڵە بۆ موکریانساڵێکی هەستیارە. سەیفەددین‌خان پیاوێکی کارپێکراو و دەست و داوێن پاک و با سەواد بووە. هەم لە سەوادی ڕۆژ لە زمان‌زانی، هەم لە سەوادی مەلایانە و عەرەبی زانی. نەمانی سەیفەددین‌خان بۆشاییەکی زۆری درووست کردووە. ئەمیر نیزامی گەڕووسی سەرەخۆشی سەیفەددین‌خانی لە عیززەتوللاخانی ئەمیرتومان و فەڕڕوخ خانێکی خزمی کردووە. دیارە بنەماڵەی «مظفرالدولە» بەتایبەت ئەمیرتومان کە سەیفەددین‌خان هەم ئامۆزای بووە، هەم زاوای بووە زۆر بە تەما بوون بە بۆنەی منداڵ- بوونی کوڕی سەیفەددین‌خان واتە حەمەحوسێن‌خان کە لە تەمەنی یازدە و دوازدە ساڵیدا بووە جێگای سەیفەددین‌خان بگرنەوە. لەوانەیە کەسانێک لە نێو عەجەمیشدا بووبن ئەوانیش بە تەمای حکوومەتی موکریان بووبن؛ چونکە پاش میرانی موکری دانانی حاکمی عەجەم بۆ وڵاتی موکری ئاسایی بووە. ئەحمەدئاغای ئێلخانیش لەو نێوەدا بە ئاشکرایی هەوای سەروەری لە کەللەیدا بووە. بە بێ‌باکی خۆی لە نێو گۆڕەپانی کێبەرکێ دەخا. ژنەکەی سەیفەددین‌خان حوسنی جیهان خانمی خاڵۆزای مارە دەکا کە ئەوەش دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی نێوان بنەماڵەی «مظفرالدولە»ی خاڵی و ئەحمەدئاغا. یانی بەینی خاڵۆزا و پوورزا کێشە ساز دەبێ. ڕەنگە هەر ئەو کێشەیە بووبێتە هۆی سازکردنی دەنگۆی دەرمانداوکردنی سەیفەددین‌خان بە دەستی ئەحمەدئاغا.

بنەماڵەی «مظفرالدولە» واتە ئەمیرتومان و دایکی کە عەجم بووە دەست‌بەکار دەبن، ئەوکاتە زەمانی ناسرەددین شای قاجار بووە. لە کتێبی «ایلات و عشایر کردستان» نووسینی «عبدالحمید حیرت سجادی» لاپەڕەی ٤٤٤ بەڵگەنامەیەک هەیە «شابەگم» خانمی کچی شاڕۆخ میرزای قاجار ژنی «مظفرالدولە» شکایەت‌نامەیەکی بۆ «ناصرالدین شاە» نووسیوە تێیدا سکاڵای لە ئەحمەدئاغای ئێلخانی کردووە کە کچەکەی من ژنی سەیفەددین‌خانی داگیرکردووە زۆر پاڕاوەتەوە تا شای ئێران وەسەر غەزەب بێنێ حەقی بستێنێ.

عرض و جسارت اول:

«صبیّە کە عیال مرحوم سیفالدین خان بود احمد نام دهبکری کە مستأجر دهات آنمرحوم است بدون رضا و اطلاع کمینە چند وقتی است او را نگاهداشتە و در واقع تملّک عصمت خانوادە را در بین طبقەی اکراد نمودە است و کمینە در بین اکراد خجل و سرافکندە شدە استدعا دارم از راە مراحم کاملە امر بە احقاق حق کمینە بفرمائید. »

لە کۆتایی نامەکە شابەگم خانم کە وادیارە زۆر لە شا نیزیکە دەنووسێ:

عرض و استدعای ثانی خانە زاد، عزت‌اللە کە بە زیارت خاک پای اقدس مشرّف شدە است استدعا می‌نماید کە استرحاماً او را بشمول مراحم کاملەی ملوکانە مفتخر و سرافراز فرمایند کە آسودە خاطر... بە لوازم عبودیّت و جان نثاری قیام و اقدام نماید.

خۆ دیارە بە پێچەوانەی شکایەتەکەی شابەگم‌خانم ئەو هاوسەرگیرییە هیچ زۆر و نابەدڵییەکی تێدا نەبووە تەنیا هەڵقولاوی ڕکەبەرایەتییەکە، ئەمیرتومان لەگەڵ ئەحمەدئاغا بوویەتی. چونکە بنەماڵەی سەیفەددین‌خان لە لایەن دەوڵەت و میللەتەوە لاگیریان لێ‌کراوە هەر وەک لە ئیجارەنامەی بۆکان و دێهات دەبیندرێ. هەر وەها ئەو شکایەتنامەیەی شابەگم خانم ئەوەش ڕەد دەکاتەوە کە ئەحمەدئاغا دەستی لە دەرمانداوکردنی سەیفەددین‌خان هەبووبێ، ئەگینا شابەگم خانم لە درکاندنی باکی نەدەبوو چونکە ئەو قسەیە بۆ شکاندنی ئەحمەدئاغا لە هەمووان کاریگەرتر دەبوو.

دوای مارەکردنی حوسنی‌جیهان خانم، ئەحمەدئاغای ئێلخانی پێی دەکرێتەوە بۆ نێو ماڵی سەیفەددین- خان و بە سەرڕاگەیشتنی مڵک‌وماڵی بەجێماوی سەردار و سەرپەرەشتی سەغیرەکانی سەردار. بە پێی سەنەدێکی ئیجارەنامە کە لە ژێر چاوەدێری پیاوچاکان و پیاوماقووڵان و کاربەدەستانی دەوڵەت نووسراوە کە تێیدا نووسراوە حەمەحوسێن‌خان تازە باڵغ بووە و مڵکەکانی هەمیسان بە ئیجارە داوەتەوە بە ئەحمەدئاغای ئێلخانی. ئەو سەنەدە کە لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی نووسراوە دەردەکەوێ کە لە سێ ساڵ لەوە پێش ئەو مڵکانە لە ئیجارەی ئەحمەدئاغادا بوون. وا دەردەکەوێ کە لە ساڵی بە ئیجارەهەڵگرتنی مڵکەکانی سەردار، واتە ١٣٠٩ی کۆچی ساڵێک دوای بەڕەحمەت چوونی

سەیفەددین‌خان حوسنی جیهان خانمی مارە کردبێ و زۆر جاران نیشتەجێی قەڵای سەردار لە بۆکان بووبێ و هەمەلایەنە و خۆی و خودای خۆی لە ماڵی سەردار و کاروباری مڵکەکانی و چارەنووسی منداڵەکانی دەخالەتی کردووە. لەو زەمانی ڕا ئەحمەدئاغا پێیەکی لە حەمامیان دەبێ لە نێو ژن و منداڵەکانی خۆی واتە فاتمە خانم و سێ کچەکەی و کوڕێکیشی بە نێوی قاسم بووە لە تەمەنی شەش، حەوت ساڵاندا ئەمری خودای بەجێهێناوە. پێیەکیشی لە بۆکان دەبێ لە لای حوسنی جیهان خانم و سەغیرەکانی واتە حەمەحوسێن‌خان و سێ کچەکەی سوغرا خانم و تووبا خانم و زارا خانم.

دیارە بەڕێوەبردنی بۆکان و دوازدە پارچە مڵک سەرەڕای مڵکەکانی خۆی واتە حەمامیان و کۆستە و کەرێزە یەکجار کارێکی چەتوون بووە. ئەحمەدئاغا بە ڕێکوپێکی کاری ئەو مڵکانەی بەڕێوە بردووە. وادیارە لەو کاتەدا دەبێ مەحمووداغای برازای دێنێ لە بەردەستیدا هەڵسووڕێ کە تەمەنی دوازدە، سێزدە ساڵانە دەبێ. ئەحمەدئاغا ئاغایەتی بۆکان و دوازدە پارچە مڵکی سەردار و دێهاتەکانی خۆی بە چاکی بەڕێوە بردووە. داهاتی چەند قات زیادی کردووە تەخشان‌وپەخشان و دەست‌بڵاوی دەگەیەنێتە لووتکە. دابێک دادەمەزرێنێ لە ڕۆژانێکی تایبەت جارێک دێهاتەکانی بەری ڕۆژاوای چۆمی بۆکان میوانداری دەکا، جارێکی دیکە ڕەعییەتی دێهاتەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی چۆمی بۆکان بانگێشت دەکا. بە پێی ئیجارەنامەکە هەم حەق‌وحیسابی ماڵی سەردار دەدا، هەم قەرزەکانی سەردار سەیفەددین‌خان پاک دەکا. هەڵسوکەوتی لەگەڵ ماڵی سەردار زۆر بە حورمەتەوە بووە. بەخشەر و خۆڕێکخەر و لێزان و بەحەوسەلە بووە. بەڵام چونکە ماڵی سەردار زۆر نازدار فێر ببوون و منداڵەکانیش کچ و کوڕ تا ڕادەیەک پێگەیشتبوون و فامیان کردبووەوە ئاسایی بوو لە زڕباب خۆشیان نەهاتبێ. لە قەرەنیاغای ئێلخانی‌زادەم بیست کوتی:

«دایکم (سوغرا خانم)دەیگێڕاوە ئەحمەدئاغا زۆری حورمەت دەگرتین ئێمە نیمچە جحێڵ و منداڵ بووین کەچی قرچەپێ لەبەرمان هەڵدەستا، زۆری شت بۆ خەرج دەکردین، بەڵام ئێمە خۆشمان نەدەویست. جارێکیان داوای هێلکەوڕۆنی کرد هێلکەم بۆ لە ڕۆن کرد، ڕۆنی قرچکراو هەڵتۆقی کراسەکەمی کون کرد منیش کوتم خەتای ئەو کابرایەیە هێند نەوسنە. دەستووری دا پێنج کراسیان بۆ هێنام.»

ئەحمەدئاغا بە پێی ئیجارەنامەکە خەرجی مەدرەسە و ئەوقافەکانی بۆکانیشی لە ئەستۆ بووە. دەبوایە خەرجی نۆکەر و کڵفەت و کاربەدەستی دەزگای سەرداریش بدا. لە هاتنی ئەحمەدئاغا بۆ بۆکان مزگەوتی شاری بۆکان ساز ببوو بەڵام ئەگەر ناتەواوییەک بووبێ دەبێ هەر لەو عەیامەدا تەواو کرابێ. مەلا حەسەنی ئیبن القزلجی ئەوکات ماڵی لە تورجان بووە، تەنانەت لە ئیجارەنامەکەدا دەنووسێ «الساکن بترجان» کەوایە هاتنی بۆ بۆکان بۆ سەر مزگەوتی جامیعە لە سەردەمی ئیجارە و ئاغایەتی ئەحمەدئاغادا بووە. واتە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی هەر لەو ساڵەدا حەمەحوسێن‌خان باڵغ دەبێ. کاتێک سێ ساڵ وەعدەی ئیجارەی ئەحمەدئاغا ماوە سەردار حەمەحوسێن‌خان لە سەر دەستی جەماوەرێکی زۆر، نیزیک بە پەنجا نەفەر ئیجارەنامەکە تازە دەکاتەوە تا ساڵی ١٣١٨ی کۆچی. وادیارە حەمەحۆسێن‌خانی پازدە ساڵەی مێرمنداڵ لایەنگر و داشداری زۆر بووە، مەبادا ئەحمەدئاغا کە تایەفەدارە ماڵ و مڵکەکەی لە دەست دەربێنێ.

لە کاک هەباسی ئێلخانی‌زادەم بیست کە دەیکوت: باپیرم (مەلا حەسەنی ئیبنوقزڵجی)زۆر دەوری بووە لەوەدا کە سەردار حەمەحوسێن‌خان بۆخۆی ماڵ و مڵکی خۆی بە ساحێب بکا. لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی ئاڵوگۆڕێکی کەم لە ئیجارەنامەکەدا بەدی دێ کە زۆر لە پیاوماقووڵان و کاربەدەستانی دەوڵەت و چەند مەلای شیعە مۆری دەکەن. مۆری نیشانی دەوڵەتیشی پێوەیە. ئیجارەکە بە پێی دەقی ئیجارەنامەکە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی کۆتایی پێهاتووە. ئەحمەدئاغا لە ئیجارەکردنی بۆکان و دێهاتی دەوروبەر قازانجی زۆری کردووە. ساڵی ئاخری ئیجارەکە خەرمانی بەشی خۆی هێناوەتەوە حەمامیان کە لە هەموو موکریاندا دەنگی داوەتەوە. هەر لەو ساڵەشدا قاتی بووە، گەنمێکی زۆری بە قەرز یا بە خۆڕایی داوە بە خەڵک. زۆریشی لە قەرزەکان نەپرسیوەتەوە کوتوویە ئەگەر بەشی حاجیەلخانی تێدا نەبووبا قەبزیشم لێ وەرنەدەگرتن.

وادیارە زۆرتری هەڵدان و سەرناسی ئەحمەدئاغا بە بۆنەی ئەو تێکەڵییە بووە کە لەگەڵ ماڵی سەردارەکان بوویەتی بەتایبەت ئەوکاتی کە بە فەرمی دەبێتە جێگری سەیفەددین‌خان لە بۆکان. وێدەچێ لەقەبی «ئێلخانی» ئەوکات پێ درابێ هەر لەو ساڵانەی ئیجارەی بۆکان دایە کە چەند کۆبوونەوەی عەشیرەتەکانی کورد پێکدەهێنێ کە یەکیان لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی بووە. دیسان هەر لەو ساڵانەدا بووە کە ئەحمەدئاغا دێهاتی سەدرابات و کانیەڕەش و سێ گوندی دیکە لە حەمەحوسێن‌خانی سەردار دەکڕێ کە ئەوەش دەبێتە هۆی تێکهەڵچوونێکی دیکە لەگەڵ عیزەتوللاخانی ئەمیرتومان کە زوو بە سەر دەچێ. کۆنە قینی ئەمیرتومان لە سەر مارەکردنی خوشکەکەی یا لە ڕاستیدا لە سەر پێشبڕکێی پێڕاگەیشتنی کاروباری مڵکی سەیفەددین‌خان. هەڵەسوون دێنێتەوە و داوای بەشە مڵک لەو دێهاتانە دەکا لە لایەن سەکینە خانمی خێزانی کە کچی سەرداری‌عەزیزخان بووە. ئەحمەدئاغا بۆ بەخاوەن‌کردنی ئەو مڵکە کڕدراوانە مەحمووداغای برازای دەنێرێ، ئەمیرتومان ڕێی نادا لە ئاکامدا بە لەشکرکێشییەکی موختەسەری حاجی حەمەداغای براگەورەی ئێلخانی پاشەکشە بە ئەمیرتومان دەکرێ و ئەو گوندانە بۆ هەمیشە (تا ئیسلاحاتی عەرزی)دەبنە مڵکی ئێلخانی و حاجیەلخانی و بنەماڵەکانیان. جا لێرەدا بە پێی سەنەدێک کە دوای قڕەوکێشەی ئەمیرتومان نووسراوە هەم شابەگم خانم، هەم ئەمیرتومان و پیاوماقووڵانی ناوچە مڵکایەتی ئێلخانیان سەلماندووە.

ئەحمەدئاغا بە پێی دەوڵەمەندی و بەخشەندەگی و دەسەڵات و سەرناسی دەبوو سەرۆکی عێلی دێبوکرییەکان با. بەڵام لە سەر داب‌ونەریتی عەشیرەتی، قادرئاغای ئێندرقاش سەرۆکی عێلی بە دەستەوە بوو. قادرئاغا خۆی هەستی بە جێگەی ئەحمەدئاغا کردبوو بۆیە جارێکیان پێی دەڵێ: کاک ئەحمەد دارم وەپشتی زۆر کەسان کەوتووە پیر بووم کوڕی وام نییە پاڵم ڕێدە. لەو هەموو سەرکێشی و پەخشان‌وتەخشان و خۆنواندنە براگەورەکانی ئەحمەدئاغا، برایماغا و حاجی حەمەداغا دەستیان وەپێش نەدەهێنا. برایماغا زۆر باسواد و فارسی‌زانی چاک بووە. بۆ کاروباری ئیداری و دەوڵەتی بەکارهاتوو بووە. حاجی حەمەداغاش پیاوێکی نیازپاک و بێ‌لایەن و کەیخوداڕەوش بووە جێگەی متمانەی هەمووو لایەک. کاتێک حاجی حەمەداغا دەچێتە حەج، ئێلخانی بە سەد سوارەوە لە حاجی ئۆمەران دەچێتە پێشوازی. ئەحمەدئاغا هەم بۆخۆی لە ئیدارەی مڵکی خۆی و مڵکی ئیجارەیی پیاوێکی بەمشوور بووە،

هەم لە سۆنگەی ئاغایەتی گەنجێکی چالاک و نەترس و بە مشوور وەک مەحمووداغا توانی ئەو پلەوپایە بەرزە لە ئاغایەتی و مڵکداری و «ئەعیانمەنیش»یە وەدەست خا. لە مەحمووداغا دەگێڕنەوە کە کوتوویە «زۆر جار کاتی نەهار بە ماندوویی دەهاتمەوە دیوەخان نەدەپەرژام دانیشم هەر لە پێشخانە پاروویەکم نان دەخوارد و دوبارە سوار دەبوومەوە و دەچوومەوە مەزرا. »

ئەحمەدئاغا لە کۆتایی ئیجارەکەیدا بۆکان دەداتەوە دەست خاوەنەکەی حەمەحوسێنخان و دەگەڕێتەوە سەر مڵکەکانی خۆی. مارەوتەڵاقی بە سەر حوسنی جیهان خانمەوە هەر دەمێنێ بەڵام نازانم ئەو ژن و مێردە چۆن پێکەوە ژیاون. ئەوەی کە مەعلوومە فاتمە خانمی کچی سەردارعەزیزخان پێش ئەحمەدئاغا مردووە. ئەمما حوسنی جیهان خانم پاش ئێلخانیش هەر ماوە. تەنانەت دوای لە داردانی حەمەحوسێن- خانی کوڕی، هەر ماوە و گومبەزی سەرداری بۆکانیشی لە پارکی قەبران ساز کردووە. ئێستا بەشێک لە سەنەدەکە کە بە فارسیە لێرەدا دەگونجێنین:

باعث تحریر این کلمات شرعیة الدلالات اینکه سرکار نتیجة الأمراء العظام محمد حسین خان خلف مرحوم مبرور سیف‌الدین خان سردار مکری طاب ثراه بعد از اقرار صریح بوقوع بلوغ بطریق احتلام و رشد شرعی و رفع حِجر صبی و قیّمی در جمیع خِصص و حقوق شرعی همشیره‌های صِغار خود صُغری خانم و طوبی خانم و زهرا خانم بموجب حکم قاضی نافذ الاحکام حفظاً لمصالح ملکه و مصلَحَتِه قروض ابیه المرحوم اصالتاً از طرف خود و وکالتاً از طرف نوابَ علیه والده معظّمه و اخوات ثلثه مرقومة الأسامی خود باعمدة الأمراء العظام احمد آقای ایلخانی خلف مرحوم معروف آقای دهبوکری مقاطعه دهات و توسیع مدّت اجاره املاک خود نموده بنحویکه اوّلاً حساب سه ساله لوی ئیل و ایلان ایل و یوث ئیل را که از اجاره‌ی شش ساله‌ی سابقه سرکار عمدة الأمراء العظام ایلخانی گذشته بود نقداً و جنساً مأخوذ و مفروغ و بالکلّ پرداخته و رفع و رجوع نمود ثانیاً بعلاوههی سه سال که بوعده اجاره سابقه مانده بود. سه سال دیگر بر موعد اجاره‌ی سرکار عمدة الأمراء العظام آقای ایلخانی افزوده و زیاد نمود. باین معنی که سرکار بندگان نتیجة الأمراء العظام آقای محمد حسین خان زید اقباله از حال تحریر که بیست و چهارم شهر شعبان المعظم مطابق اواخر یوث ئیل خیریت دلیل یکهزار و سیصد و دوازده هجری است تمامی همگی دهات و املاک مفصله خود را با جمیع توابع و لواحق شرعی و عرفی اعم از اراضی و مزراع آبی و دیمی و تلال و جبال و کهریز و کروم و اشجار و قنوات و انهار...

دوای ئەو دێڕانەی سەرێ مڵکەکانی سەردار بە شێوەی خوارێ دەخرێتە سەر ئیجارەی شەش ساڵەی ئەحمەدئاغا:

شەش دانگی بۆکان و کولتەپە
دوازدە دانگی ناچیت و وشتەپە و کانی شقاقان و داوداوا
شەش دانگی داشبەند و حەسارباڵاغی
شەش دانگی دوکچی
شەش دانگی ئینگیجە
دوازدە دانگی کەرێزە و حەسار
سێ دانگی تبت

دەزانین بە پێی نووسراوەی سەرێ سێ ساڵ لەوەپێش هەر لە ئیجارەی ئەحمەدئاغادا بوون واتە نۆ ساڵی تەواو لە ١٣٠٩ ڕا هەتا ١٣١٨.

ئەحمەدئاغا و هەوای سەروەری و سیاسەت

ئەوەی کە ئاشکرایە ئەحمەدئاغای ئێلخانی پیاوێکی عاقڵ و چاوکراوە و شارەزا لە بارودۆخی وڵاتی موکری و مەملەکەتی ئێران بووە. بەڵام ئەمن بێجگە لە یەک گێڕدراوەی لاواز شتێکم نەبیستووە کە ئەحمەدئاغا لە باری کوردایەتی یان ئازادیخوازی قەرەی سیاست کەوتبێ ئەمما گومان لەوەدا نییە ئاگاداری لە بارودۆخی وڵات، کەسەکان بەرەو سیاسەت ڕادەکێشێ. ئەو گێڕدراوەیەی باسم کرد لە برایماغای عەبباسیم بیستووە. کاتێک چەند ساڵی کۆتایی عومری لە بۆکان دەژیا ئەویش ئەوەیە: باپیرەگەورەی عەبباسییەکانی بۆکان بە ناوی هەباساغای چکۆلە برای قادرئاغای ئیندرقاش و کوڕی هەباساغای گەورە، پیاوێکی باسەواد بووە لەگەڵ ئەحمەدئاغای ئێلخانیش نێوانیان زۆر خۆش بووە. جا ئەو هەباساغایە لە تاران هاتووچۆی کۆبوونەوەکانی شێخ هادی نەجمئابادی کردووە. ئەوەش دەزانین شێخ هادی نەجمئابادی سەرقافڵەی ئازادیخوازانی پێش بزووتنەوەی «مشروطه» بووە. تۆ بڵێی ئەحمەدئاغای ئێلخانی ڕێگای کەوتبێتە ئەوێ، یا بڵێی ئەحمەدئاغا جەوانی خۆی هاتبێتەوە یاد کە لە لەشکری شێخی شەمزینیدا بووە هەستی کوردایەتی و سوننیگەری بزووتبێ؟

لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی ناسرەددینشا پاش پەنجا ساڵ شایەتی بە گوللەی کەسێکی ئازادیخواز کوژراوە. ئەوکات ئەحمەدئاغا ئیجارەداری مڵکەکانی سەیفەددینخان بووە هەڕەتی بەدەماغی بووە. پاشاگەردانی هەموو ئێرانی گرتەوە تەنانەت لە باشووری کوردستان لە سەر یەکی وەک «مەحوی» کاریگەری بووە.

ئەهلی عیبرەت ماوەگەر، بێ سەیری»ناصر»شـــا بکات
دوو لە دوو سی کەم شەهی کرد و(کش)ێکی بەرنەهات
هاتی وا سەیـــــری نەهاتی کەن کە سەد تیپان سوار
پاسەوانی بوون لە ناو بەســـتا پیـــادێ کردی مـــات

ئەحمەدئاغا ئەو هەلە بۆ گەورەیی و ماقووڵی زیاتر یا ئەگەر مەرامێکی لە بن سەریدا بووبێ دەقۆزێتەوە. دەس دەکا بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ئێران، لە کرماشانەوە بگرە هەتا ماکۆ. چەند جار کۆبوونەوەیان دەبێ بۆ ئەو کارە. قازی فەتاح و قازی عەلیش ڕەگەڵ خۆی دەخا. دیارە قازی فەتاح وەک سەرۆکی ئەوکاتی ساباڵاغ هەوای سیاسەت و کوردایەتی و سوننیایەتی لە مێشکیدا بووە. هەر لە سەر ئەوانەش چەند ساڵ لە تاران بەدەستبەسەری و زیندان ماوەتەوە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیش سەری هەر لە سەر ئەو کارانە داناوە.

دەکوترێ ئەحمەدئاغا زۆری حەوڵوتەقەلا داوە، قادرئاغاش بۆ ڕێکخستنی عەشیرەتەکان لەگەڵ خۆی خا. قادرئاغا ملی پێدا ناکا. جارێک لەو جارانە قادرئاغا لەگەڵ فەیزەی قسەخۆش کە نەدیم و هاودەمی بووە بانگێشت دەکا بۆ گوندی حەمامیان هەرچەند بە فەیزە و بە ئەحمەدئاغا حەولی لەگەڵ دەدەن، فەیزە قسەی خۆشی بۆ دەکا بێسوود دەبێ. لە ئاخریدا قادرئاغا لەو جۆرە میواندارییە بە لێشاوەی ئەحمەدئاغا وەڕەز دەبێ دەڵێ: «کاک ئەحمەد ئەوە چییە خۆ من میوان نیم؟» ئەویش دەڵێ: «جا ئاغا میوانی لە تۆ ئازیزترم لە کوێ بوو؟» پاشان قادرئاغا ڕوو دەکاتە فەیزە و دەڵێ: «وەللاهی فەیزە پێموابێ کاک ئەحمەد قوونی چەور کردووی واتە بەرتیلی داوییەی.

لەو هەمووهاتووچۆیە و کۆبوونەوەی ئەحمەدئاغا ڕێکیخستووە تەنیا «سووڕەتجەلەسەیەک» لە ماڵی ئێلخانییەکان ماوە کە قازی عەلی و قازی فەتاح و ئەحمەدئاغا لە سەرووی کاغەزەکە مۆریان

کردووە. پاشان دەورووبەری کاغەزەکە پیاوماقووڵانی موکری یا مۆر یا واژۆیان کردووە. ئەو کۆبوونەوە لە ڕێکەوتی ١٣١٦ی کۆچی پێکهاتووە. زۆر سیاسی نییە بۆ ئەوە نابێ کەسێکی لە سەر بگیرێ. زیاتر کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێک‌کەوتنی ئاغاوات و عەشیرەتەکانە کە نەچنە سەر یەکتر، ماڵی یەکتر تاڵان نەکەن، ڕەعیەتی یەکتر دڵخۆشی نەدەنەوە، ئابڕووی خۆیان لە کن حکوومەت نەبەن. ئەو نووسراوەیە زۆر بە خەت و ئینشایەکی ئیسلامیانە و دڵسۆزانە بە ڕستەهایەکی توندوتۆڵی فارسی نووسراوە. بێگومان دوای ئەوە کۆبوونەوەی دیکە هەبووە شتی وای تێدا لە بەرچاو گیراوە کە حکوومەت ئاوا پێی دەرهەڵ بووە. پیرانی بنەماڵەی ئێلخانی هەموو کوتویانە یەکێک لەو کۆبوونەوانە کە ئەحمەدئاغای لە سەر گیراوە لە قەرەگوێز بووە بە «اجماع»ی قەرەگوێز بە نێوبانگە. قسەیەکی خۆش لە پیاوێکی ساویلکە دەگێڕنەوە کە کوتوویەتی جیماعیان لە دەوڵەت کردووە. ئەو نووسراوەیەی دەهێندرێ وەختی خۆی لە خزمەت حاجی سمایلاغای ئێلخانی‌زادەدا بووە و ئێمە کۆپییەکەی دەخەینە بەرچاو. هەر وەک لە نامیلکەیەکی خۆمدا بە ناوی «ڕەخنە لە سەر کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم»دا هێناومە.

ئێستا لە مەڕ گرتن و لەناوچوونی ئەحمەدئاغای ئێلخانی لە دوو نووسراوەی دیکە کەڵک وەردەگرم. ڕەنگە برێک لەو وتە زارەکیانە باشتر بۆ ئێمە دەسەلمێنن بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان لە سەر ئەحمەدئاغای ئێلخانی پێدەبەخشن.

یەکەم گۆڤاری مهاباد ژمارەی ٢٠٠/٢٠١ لاپەڕەی ٥٥ چەند دێڕێک لە سەر ئەحمەدئاغای ئێلخانی نووسراوە کە بە گومانم هەڵوێستی «محەممەد عەلی‌شا»یە کاتێک لە تەورێز وەلیعاد بووە لە سەر ئێلخانی و هاوڕێکانی لە زیندان ئەو نووسراوەیە لە «منشآت»ی میرزا یوسفی ساوجبڵاغی کە باوکی، سەرڕشتەداری سوارەی موکری بووە هەڵگوێزراوەتەوە بۆ گۆڤاری مهاباد، ئەوانیش لە چەند ژمارەدا بڵاویان کردووەتەوە.

«جناب بصیرالسلطنه حکمران ساوجبلاغ:

نوشتجات و مطالبی که در توسّط پست دولتی نوشته و روانه کرده بودند رسید ملاحظه شد از تفصیل مسطوره و مراتب مندرجه آنها اطلاعی به حصول پیوست در باب هرزگی و شرارت طایفه ی منگر و سرقت و بی‌اعتدالی آنها و تمرّد بعضی اشخاص که به آن طورها اظهار داشته بودند معلوم شد این که سابقاً به جنابعالی در تنبیه آنها نوشته بودم که مراقبت نمایند که مبادا اسباب بدنامی بشود مطلب شخصی من اینست که حتّی‌المقدور بی جهت قتل نفس و سفک دم و نهب و اسیر و هتک عصمت نشود. خود جنابعالی میدانید که من حتّی‌الامکان راضی نمیشوم که به احدی از آحاد و ناس اذیتی بشود و تا در قوة دارم می خواهم به رفق و مدارا رفتار نمایم چنانچه با احمد آقا ایلخانی چند سال بود با وجود این همه تقصیراتی که از او سر زده بود مدارا کردم بالاخره که هرزگی و شرارت از اندازه گذرانید فرستادم در طهران او را گرفتند و زنجیر نمودند تا عاقبت در زنجیر بدرود گفت. همچنین جناب آقا میرزا عبدالفتاح قاضی که این همه بی‌اعتنایی به دولت و حکومت محلّی میکرد تا به حدّی که لازم بود به اغماض و چشم‌پوشی با او راه رفتم که بلکه متنبّه بشود و دست از بعضی حرکتهای خلاف بردارند و تا درجه نسبت به حکومت محلّی بی‌اعتنا نشود. دیدم که بهیچوجه از این حرکتهای خلاف منصرف و نادم نمی‌شود آن بود در تبریز او را گرفتند. مغلولاً به طهران فرستادم باز خودم شفیع و واسطه‌ی خلاصی ایشان شدم او را از محبس دولت نجات دادم. لکن با وصف آن تفصیلاتی که جنابعالی از شرارت طایفه منگور و شخص سیّد نوشته‌اند بهیچوجه در تنبیه آنها نباید تعلّل کرد.... » ئەو نامەیە بە چەند دێڕی دیکەش درێژەی هەیە ئەمما ئێمە هەر ئەوەندەمان پێویست بوو. لەو نامەیەدا هاتووە کە ئێلخانی لە ژێر زنجیردا مردووە بەڵام گێڕدراوەکانی بنەماڵەکە سەرجەم لە سەر ئەوە کۆکن کە دوای ڕەهابوون لە قەید و زنجیر بە نەخۆشی وەبا مردووە نە وەک شازادە «محمد علی میرزا نووسیویەتی: «در زیر زنجیر بدرود گفت. »

لەو نامەیەدا هەروەها دەردەکەوێ کە ئاکارەکانی ئێلخانی حکوومەتی زۆر تووڕە کردووە.

دووهەم: ده سند تازه‌یاب از محمد علی میرزا و محمد علی شاه مخلوع – به کوشش ایرج افشار لاپەڕە ٩٣

هەڵوێستێکی دیکەی محەممەد عەلی میرزا سەبارەت بە ئێلخانی:

«چند پُست قبل در فقره‌ی مرخّصی ایلخانی و اکرادی که در طهران محبوس هستند نوشته بودید حق اینست از مسئله‌ی سردار [قوجه بیکلو] من دیگر خیال توسّط ندارم زیرا آنچه لازم بود در حق سردار قوجه بیکلو و حال آنکه آن بیچاره تقصیر نداشت توسط کردم قبول نشد. حالا اگر بخواهم اکراد را هم توسّط بکنم یقین است قبول نخواهد شد. ولی شما محرمانه در ضمن صحبت به اتابک اعظم بگوئید میل ولیعهد اینست این اکراد مرخّص شوند. اگر با توسّط ولیعهد مرخّص می‌شوند من اطّلاع بدهم. اتابک اعظم چه می‌گوید اگر ملاحظه کردید مرخّص می‌شوند اطّلاع بدهید من توسّط بکنم. »

بێ‌گومان ئێلخانی دۆست و ئاشنای زۆر بووە لە نێو دەوڵەتی قاجاردا. لێرە وادیارە یەکێک لە ئاشناکانی ئێلخانی داوای لە «محەممەد عەلی میرزا» کردبێ تکا بۆ ئێلخانی بکا ئەویش لە خۆی ڕانابینێ دەڵێ تۆ لە زمانی خۆتەوە بڵێ: ئەگەر وەلیعاد تکا بکا مەرەخەسیان دەکەن یان نا. ئەگەر کوترا بەڵێ ئەوە خەبەرم پێ بدە تا تکایان بۆ بکەم. هەر وەک لە برێ سەرچاوەدا هاتووە ئەو کاتی ئەحمەدئاغا لە زینداندا بووە. قازی فەتاحیش لە تاران دەست‌بەسەر بووە ماوەی چەند ساڵ دەست‌بەسەرییەکەی درێژەی کێشاوە.

چۆنییەتی گیران و لەناوچوونی ئەحمەدئاغای ئێلخانی لە نێو بنەماڵەکەیدا ئاوا سینەبەسینە گێڕدراوەتەوە:

ئەحمەدئاغای ئێلخانی بەو هەڵسوکەوتانەی بوویەتی یەک لەوان کۆکردنەوەی عەشیرەتەکان و خەڵکی ناوچە بە دەوری خۆیەتی. هەروەها ئەو قەڵاوباڵەخانەی لە حەمامیان سازی کردووە بە ناوی بورجی بەڵەک کە ئێستاش ئاسەواری کەمی لێ ماوەتەوە. زۆری دەوسییە لە لای دەوڵەت بۆ درووست بووە. دەشزانین لە دنیای عەشیرەتی و خێڵاتی پیاوی هەڵکەوتە و شایی‌بەخۆ و خاوەنی سەروەت و سامان نەیار و نەتەوی زۆر لێی ڕاست دەبێتەوە. ئەوەی باس دەکرێ زۆر لە ڕکەبەرەکانی خزم و نیزیکی خۆی بوون کە من تەنیا نێویان دێنم بەڵام هیچیان ناسەلمێنم. یەکەمین: بنەماڵەی «مظفرالدوله» بەتایبەت ئەمیرتومان وەک باس کرا. دووهەم: بنەماڵەی سەردار و دەست‌وپێوەندەکانییان. سێهەمیان: قادرئاغای ئیندرقاش. چوارەمیان: خێزانی حاجیەلخانی، سەیدزادە مریەم هەمیشە دوعا و نزای لێ کردووە. دەستەودامێنی شێخی زەنبیل بووە کە مەحموودی لێ ئەستاندووم، کاری لە دەست حاجیەلخانی هێناوەتە دەرێ.

ئێلخانی لەساڵی ١٣٢١ی کۆچی بانگێشت کراوە بۆ تاران ڕاستەوخۆ نەیانکوتووە دەیگرین یا لێپێچینەوەی لێدەکەین. ئەوکاتیش دەوڵەت لاواز بووە.

نەیان توانیوە پیاوی ئاوا لە وڵاتی خۆی قۆڵبەست بکەن. دەکوترێ پاش گرتن، ئەحمەدئاغا پەشیمان بووەتەوە کە بۆ بەدەستی خۆم هاتمە بەردەستیان وام زانیبا هەتا تەورێزم ڕادەماڵی. هەر چۆنێک بێ ئەحمەدئاغا، برایماغای برای و مارفاغای وەرمەزیار و بایزئاغای برازای، کوڕی حاجیەلخانی کە تازە کردوویە بە زاوای خۆی لەگەڵ چەند نەفەر نۆکەر و خزمەتکار هەڵدەگرێ بەرەو تاران وەڕێ دەکەوێ. چەند ڕۆژ کە لە تاران دەمێننەوە دەعوەتییان دەکەن بۆ سەیری مەشقی سەربازی لە مەیدانی تۆپخانەی تاران. هەر لەو جێگایە قۆڵبەستیان دەکەن. لە قسان پیاوێکی کوردی موکری کە لە تاران کاربەدەست بووە بە ناوی ئەحمەدخانی ساحێبجەمع، بایزئاغای ٢١ ساڵە دەدزێتەوە لە ماڵی خۆی دەیشارێتەوە. ماوەیەک ڕایدەگرێ بە پیاوێکدا دەینێرێتەوە بۆ موکریان. حاڵ ونەقڵی گیرانی ئەحمەدئاغا و هاوڕێیانی لە موکریان بڵاودەبێتەوە. وێناچێ حاجیەلخانی برایان و خزمەکانیان کارێکیان لە دەست هاتبێ. چونکە ئەحمەدئاغا خۆی ئەوەندەی ئاشنا و ناسیاو بووە ئەگەر کارێک کرابێ بۆی بکەن. لە قسان ساڵێک یا کەمتری پێدەچێ ئەحمەدئاغا و هاوڕێیانی لە کۆت و زنجیر ئازاد دەکرێن. تەنانەت قەولیان پێدەدەن شا کە ئەو کات «مظفرالدین شا» بووە خەڵاتی بکا، بەڵام لەو جەنگەیەدا لە تاران وەبا (چاوقووڵکە)دێ. نۆکەرێکی ئەحمەدئاغا وەبا دەگرێ و دەمرێ. حەکیمی ئەوکات دەڵێن کەس تخوونی جەنازەی وەبالێدراوەکان نەکەوێ. هاوڕێکانی ئەحمەدئاغا پێی دەڵێن با تەرمی ئەو کەسە بسپێرین بە پیاوی بەلەدییە بۆخۆمان نەچین بۆ قەبران. ئەحمەدئاغا دەڵێ لە غەریبایەتی گیانی لە سەر ئێمە لەدەست داوە بشمرم لەگەڵی دەچمە قەبران. ئەحمەدئاغا و برایماغای برای تووشی وەبا دەبن. ئەحمەدئاغا زووتر دەمرێ. برایماغا فریا دەکەوێ کاغەزێک دەنێرێتەوە وڵات بۆ حاجی حەمەداغای برای دەنووسێ: حەمەدئاغا خاک بر سر من و تو شد پاشان برایماغاش دەمرێ. دێبوکرییەکان زۆر ئاڵۆز دەبن حەمەداغای برای ئەحمەدئاغا بە جارێک باڵی دەشکێ لەو وەختیدا کە لە زینداندا دەبن وەلیعاد دێ بۆ سابڵاغ. قادرئاغای ئێندرقاش ناچێ بۆ پێشوازی دەڵێ: من ئامۆزام گیراوە لە سان کەوتووم. خەڵکی دێی دارەلەک سڵەماناغای کوڕی برایماغا کە منداڵێکی حەوت، هەشت ساڵە بووە هێناویانەتە سەر ڕێی وەلیعاد. بەڵکوو ڕوحم بە بابی بکەن لە بەندی ئازاد کەن. هێندێکیش لە دێبوکرییەکان قادرئاغا بە تاوانبار دەزانن. وەک نووسیومانە بە بۆنەی نەبوونی «دێکومنت» و بەڵگەی سەلمێندراو ناتوانرێ بەو قسەوباسانە باوەڕ بکردرێ. یەکیش لەو قسەوباسانە ئەوەیە عومەراغای عەلیار لە زمانی سەید جامی حسێنی پیاوی بەتەمەن و خزمی بنەماڵەی حاجیەلخانی دەیگێڕاوە، خەڵک دەیانکوت: سەیفەددینخان بە دەستی ئەحمەدئاغای ئێلخانی تێداچووە. ئەحمەدئاغا بە دەستی حەمەحوسێنخان تێداچووە، حەمەحوسێنخان بە دەستی ماڵی حاجیەلخانی تێداچووە.

بەو جۆرە ژیانی پیاوێکی سەربزێو و شاییبەخۆ، سەرکەوتوو لە شانەچرکەی کێبەرکێی خیلاتی کۆتایی پێهات. زۆر کەس لە سفرەی ڕاخراوی ئەو بەشدار بوون، لە خولقی خۆش و کەرەمی بەهرەمەند بوون. زۆر کەسیش دادنیان لێ دەکرۆشت و بە ملۆزمی ماقووڵی و دەسەڵاتی خۆیانیان دەزانی لە غەریبایەتی سەری ناوە. گومبەزی سازکراوی خۆی بە نسیب نەبوو چووە دنیای خامۆشانی لە ئێمە نەدیو.

ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنەی ئەحمەدئاغای ئێلخانی ئەوەندەشی کاردانەوە بوو کە بنەماڵەی حاجیەلخانی ڕقی دەوڵەتی قاجار لە دڵ بگرن مەیلی بزاڤی «مشروطه» بکەن. دەکوترێ حاجی بایزئاغای کوڕی حاجیەلخانی وێڕای سەیفولقوزاتی قازی بەشداری بزاڤی «مشروطه»ی کردووە. ڕەنگە هەر لە بەر ئەوەش بێ «سالارالدوله» کە دژی «مشروطه» هەستا و زۆربەی شێخەکان و عەشیرەتە کوردەکانی تێهاڵان خەبەرێک لە هاوکاری ماڵی حاجیەلخانی لەگەڵ «سالارالدوله» نییە کە یەکێک لە کۆبوونەوە گەورەکانی سالار لە تیکانتەپەی بۆکان گیراوە.

ئەخلاق و ڕەفتاری ئەحمەدئاغای ئێلخانی

ئەوەی لە زمانی پیرەپیاوانی دوو بەرە بەر لە ئێمە گێڕدراوەتەوە ئەحمەدئاغا پیاوێکی سەنگین، بەخشەندە، نەرم و نیان و بەحەوسەلە بووە. لەگەڵ ڕەعییەتەکانی چاک بووە. کەمتر تووڕە بووە. دەنگی ڕەعییەتەکانی نەداوە. مەحمووداغا کە زۆر لە بەردەستی ئەودا بووە کوتوویەتی ئەگەر لە کاروباری مەزرادا شتێکی نارەوای دیبایە لەگەڵ ڕەعییەتەکان ڕووبەڕوو نەدەبووەوە بانگی منی دەکرد پێی دەکوتم. ئەگەر کارێکی نابەجێی لە منیش دیبایە لە لای خەڵکی پێی نەدەکوتم بانگی دەکردم لە تەنیاییدا پێی دەکوتم.

لە کاری مەزرا و وەرزێڕی زۆر شارەزا بووە، حاجی سمایلاغای ئێلخانی زادە لە زمانی سەیفی دەگێڕاوە کە کوتوویە ئەمن کاسبی مەزرا و باغداری لە ئێلخانی فێربووم. کاتێک لە سەدرابات فەقێ بووم کردبوومی بە سەرکار بە سەر باغ و مەزرا ڕادەگەیشتم.

زۆری حورمەتی حاجیەلخانی لە بەر بووە لە وەختی هاتنەوەی حاجیەلخانی لە حەج بە سەد سواروە لە حاجی ئۆمەران دەچێتە پێشوازی، لە ڕێگادا بە سەر بێستانێکدا تێدەپەڕن بە کابرای بێستانچی دەڵێ ئەو بێستانەت بە چەندە دەدەی بە ئیجارە؟ کابرا بڕە پووڵێک دەڵێ دەستبەجێ ئیجارەکەی دەداتێ جا بە سوارەکان دەڵێ دابەزن بیخۆن و بیبڕن.

دوای کڕینی مڵکی سەدرابات و دەوروبەری مەحمووداغای برازای لە تەمەنی حەفدە، هەژدە ساڵیدا دەنێرێ بۆ سەر مڵکەکانی. ئەمیرتومانی کوڕی «مظفرالدوله» کە خاڵۆزاشی بووە ڕێی لێدەگرێ ناهێڵێ لە باغی ئینگیجە وەسەر کەون بچنە ناودێ. عومەراغای عەلیار لە قەولی عەلیاغای بابی دەیگێڕاوە خەبەر هات بۆ تازەقەڵا بۆ ماڵی حاجیەلخانی کە مەحموودیان ڕێ نەداوە بچێ بۆ سەدرابات، «کچێ سەیدی» ژنی حاجیەلخانی لە چێشتخانە (مدبەق)دەردەپەڕێ بە کەوگیرەوە دەچێتە دیوەخان ڕوو دەکاتە میوانەکان کە ئێلخانیش لەوێ دەبێ دەڵێ ئێوە دانیشتوون پڵاوێ بخۆن کوڕی منیشیان لە سەدراباتێ دەرکردووە. حاجیەلخانی سەخت تووڕە دەبێ دەڵێ وڵاغان زین کەن عەلیاغا کوتوویە منیش دەستم بە داوێنی حاجیەلخانی گرت کوتم دێم حاجیەلخانی عەبای هەڵتەکاند لە هۆوێ کەوتم. لەو کاتەدا ئێلخانی دەیهەوێ حاجیەلخانی هێوەر کاتەوە پێی دەڵێ هیچ نییە بۆ وادەکەی؟ حاجیەلخانی کە ئەو کات حاجی حەمەداغایان پێدەکوت دەڵێ منداڵێکی دەنێری بۆ سەر مڵکان، ئەتۆ ئابڕووت نییە ئەمن ئابڕووم دەچێ دەڵێن کوڕی فڵانە کەسیان دەرکردووە. ئەحمەدئاغا هیچ دەنگێ ناکا. هێندێک سوار لەگەڵ حاجیەلخانی ئەمیرتومان

دەردەکەن و مەحمووداغا دادەمەزرێنن.

ئەحمەدئاغا پیاوێکی وشیار بووە دەگێڕنەوە جارێکیان چاکە لەگەڵ کەسێک دەکا کابرا ماوەیەکی دیکە بە لیباسێکی دیکە خۆی دەگۆڕێ دیسان دێتەوە داوای شتی لێدەکا. ئێلخانی پێی دەڵێ ئەتۆ فڵانە کەسەکە نیت؟ ئەوێ جارێ هاتی بابە خۆ من حاجی برایماغا نیم دەتناسمەوە کابراش لە بەرە خۆیەوە دەڵێ چ بکەم کوتم بنەماڵەن ڕەنگە لێیان نەبڕێ! ئەحمەدئاغا دەڵێ قسە خۆشە بارێکی دیکەی گەنم بدەنێ.

دەگێڕنەوە جارێکیان ئەحمەدئاغا بەسواری ڕێی دەکەوێتە کانی سەنگەرانی بناری تەرەغە کابرایەک لە سەر کانییەکە دەبێ چەند جامی لە بەردەستدا دەبێ ئەحمەدئاغا داوای جامێک ئاوی لێدەکا کابرا نایداتێ دەڵێ بۆخۆت وەرە خوارێ ئاوێ بخۆوە. وا هەڵدەکەوێ کابرا لە ساڵی قاتیدا کە ئەحمەدئاغا گەنمی بە قەت گردێک هەڵداوەتەوە بەخۆڕایی و بەقەرز لە پەستا خەڵک دێن و گەنمیان دەداتێ. کابرای گۆرینە دێ بۆ گەنم. ئەحمەدئاغا دەیناسێتەوە دەڵێ ئەگەر کابرایەک دەستی گیرابێ داوای جامێکت ئاو لێبکا لە سەر کانییەک ئەتۆش چەند جامت لە بەردەستدا بێ چ دەکەی؟ کابرا زوو تێدەگا و عوزر دێنێتەوە جا ئەوجار ئەحمەدئاغا دەڵێ گەنمی بدەنێ.

ئەحمەدئاغا پیاوێکی میوانگر و دڵاوا و ئەعیان مەنیش بووە مجۆعمەی ماڵی ئەو لەبەر گەورەیی دەسکی بووە. دەبوو دوو نەفەر هەڵیگرێ تاق تاق لەو مجۆعمانە لە ماڵی ئێلخانی زادەکان هەر ماون. هەر لە سەر ئەوەش بووە قادرئاغای ئیندرقاش پێی کوتووە کاک ئەحمەد تۆ بەو کارەت دێبوکرییەکان دەبەتڵێنی.

ئێلخانی هەوڵی داوە بۆ مڵکەکانی خۆی لە جەغزی دەسەڵاتی خۆیدا مەلای چاک بێنێ، کەسانی وەک: مەلا شەریفی شێخولئیسلامی هێناوە بۆ حەمامیان. مەلا ساڵحی نەستانی هێناوە بۆ سەدرابات. مەلا حەسەنی قزڵجی دەعوەت کردووە بۆ بۆکان.

ئەحمەدئاغای ئێلخانی بەو سفەتە چاکانەوە شتی خراپیشی وەپاڵ دراوە جا خودا عالمە ئەو وەپاڵدراوانە چەندی هەڵبەستراوە، چەندی ڕاستە. کوتراوە ئەحمەدئاغا پیاوێکی بە تەماع بووە هەوڵی داوە ماڵ‌ومڵکی سەردارەکان هەڵلوشێ هەر بەو بۆنەوە حوسنی جیهان خانمی مارە کردووە. تەنانەت شتی خراپتریشیان کوتووە کە بە وەسیلەی حوسنی جیهان خانم سەردار سەیفەددین‌خانی دەرمانداو کردووە، بەڵام لە حاجی سمایلاغام بیستووە دەیکوت ئەمیر نیزامی گەڕووسی سەیفەددین‌خانی دەرمانداو کردووە.

ماڵ‌ومڵکی ئەحمەدئاغا چی بەسەر هات؟

ئەحمەدئاغا کاتێک لە تاران گیانی لەدەستداوە لە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی مانگی، تەمەنی لە دەورووبەری پەنجا ساڵێک بووە. دوو خێزانی پێشووی کە هەر دووک کچی سەردارعەزیزخانی موکری بوون لەدنیادا نەماون. واتە «ئوممی» خانم هاوسەری یەکەمی و فاتمە خانم دایکی منداڵەکانی. بەڵام وادیارە حوسنی جیهان خانم ئاخرین ژنی لە حیاتدا بووە و مارەوتەڵاقی ئەوی بە سەرەوە بووە. چونکە لە کاغەزی بەش- کردنی میراتەکەی کە قازی عەلی سابڵاغ نووسیوییەتی هاتووە: بعد از تقویم اهل خبره بأجازه و توکیل جمیع ورثه بە سوای زوجەی آنمرحوم کە از اداء قروض امتناع داشت. مەبەست لە «زوجەی آن مرحوم» هەر دەبێ حوسنی جیهان خانم بووبێ. حکوومەتی ئەو کات لەقەبی «ایلخانی» دا بە حاجی حەمەداغای برای. ئیدی لەو کاتەوە حاجیەلخانی بە حاجی حەمەدئاغا کوتراوە.

میراتگرانی ئەو کاتی ئێلخانی ئەمانە بوون:

یەکەم: سێ کچەکەی ئێلخانی، مەرزیە خانم کە ئەو کات خێزانی حاجی بایزئاغا بووە، عەزیمە خانم دواتر بووە بە خێزانی حەمەدەمین‌بەگی نۆبار، زبێدە خانم دواتر بووە بە خێزانی عەلیاغای حاجیەلخانی.

دووهەم: حاجیەلخانی برای ئەحمەدئاغا.

سێهەم: سڵەماناغای کوڕی برایماغا کە میراتی برایماغا کە لە ئەحمەدئاغا پێی دەبڕا دەبوو بەو بگا.

چوارەم: خێزانی ئێلخانی حوسنی جیهان خانم دایکی حەمەحوسێن‌خانی سەردار و خوشکەکانی سەردار.

مڵکەکانی ئێلخانی بەو جۆرەی لە ژێرەوە باس دەکەین بەش کراون.

سەدرابات و کانیەڕەش و عیلم‌آبات و حوسێنابات لە مەحزەری قازی عەلی لە ڕێکەوتی ١٣٢٤ بە حوزووری چەند مەلای بەرزی وڵات، فرۆشراون بە کوڕەکانی حاجیەلخانی:

فروختن حصەی ایشان بجهة اداء قروض مرحوم ایلخانی حق قاضی بود بفروختم بە بیع صحیح شرعی تمامی و همگی شش دانگ هر یک از قراء سدرآباد و کانیەرش و ینگیجە و علم‌آباد و حسین‌آباد اعم از زمین آبی و دیمی و... بعمدتی الأمراء العظام محمود آقای شجاع لشکر و بایزید آقای ناصر لشکر و علی آقای ساعد نظام اولاد، جناب اجل اکرم حاجی محمد آقای ایلخانی بە مبلغ چهل و هشت هزار تومان.

لەو پووڵە چل هەزار تمەن دراوەتەوە لە بری قەرزەکانی ئێلخانی و هەشت هەزار تمەنی باقی لە بەینی میراتگرەکاندا بەش کراوە.

دیارە بەرابەری شەرعی ئیسلام خێزانی ئەحمەدئاغا یەک هەشتی مڵک‌وماڵی ئێلخانی پێ بڕاوە. حاجیەلخانی و سەغیرەکەی برایماغا، سڵەماناغا سێ یەکی باقی مڵک‌وماڵەکەیان پێدەبڕێ. دوو لە سەر سێی دارایی ئەحمەدئاغاش بە کچەکانی دەبڕێ. چونکە دوان لە کچەکانی ئێلخانی بووکی حاجیەلخانی بوون. حاجیەلخانیش بەشێکی پێدەبڕێ ئەو چوار پارچە مڵکەش کە باس کرا هەر کوڕەکانی حاجیەلخانی کڕیویانە، کەوابێ لە هەموو لایەکەوە حاجیەلخانی میراتگری زۆربەی مڵک‌وماڵی ئەحمەدئاغا بووە. نازانم بەشی باقی میراتگرەکانی وەک حوسنی جیهان خانم و سڵماناغا کە ئەو وەخت سەغیر بووە هەر وەها عەزیمە خانم چۆن دراوە. بەڵام لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی سێ کوڕەکەی حاجیەلخانی جێگەی ئێلخانیان لەباری دەسەڵاتی ناوچەیی بە باشی گرتەوە. دووبارە دێبوکرییەکان نۆرەیەکی دیکە هێزی خۆیان لە موکریاندا چەسپاند.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

کاک تاهیرئێلخانی زادە لە دەرەوەی وڵات نووسراوە دەست نووسەکەی منی لەسەر ئەحمەدئاغای ئێلخانی‌زادە گەیشتبووە دەستی و ئەو تێبینیانەی لەسەر نووسراوەکە هەبوو:

یەکەم: لە کاتی مارەکردنی ئوممی‌خانمی کچی سەردار عەزیز خان، سەردار لە ژیان دا نەماوەو سەیفەددین خان ئەو خوشکەی داوە بە ئەحمەدئاغا.

دووهەم: سەیفەددین خان بە دەستی ئەمیرنیزامی گەڕووسی تێداچوو و هیچ شک و گومانی تێدانییە.

سێهەم: هەڵس‌وکەوتەکانی ئەحمەدئاغای ئێلخانی پێوەندی بووە لەگەڵ بزاڤی بەدرخانییەکانی وڵاتی عوسمانی.

د. هاوژین سلێوە - کۆیە

# بیروڕای (م. وریا قادر)لەبارەی گۆرانی منداڵان



* کەیی و چۆن فێرە مۆسیقا بووی؟

وریا قادر حەسن لە ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی بەفریقەندی لە شاری کۆیە، لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٧– ١٩٦٨ پەیمانگای مامۆستایانی لە موسڵ تەواو کردووە، لەمنداڵییەوە حەزی لەمۆسیقا بووە، لە یەکی سەرەتایی مامۆستا عوسمان حەسن قادری مامی فێری خوێندنی کردووە. لەبارەی مۆسیقاوە دەڵێ: «کە منداڵ بووم حەسەن مەندە هەبوو زوڕناژەن بوو، کە زووڕنای دەژەنی زۆرم کەیف پێدەهات، خۆشم قەمیشم بەدەست دەگرت و بلوێر و شتم درووست دەکرد، دواتر کە بوومە پۆلی چواری سەرەتایی زیاتر ئارەزووم بۆ مۆسیقا بزوا. لە ساڵی ١٩٥٧ کە یەکی متەوەستە بووم لە قوتابخانەی سانەوی کوڕانی کۆیە. مامۆستا ئەدراوس خەمۆ (باکوری)، کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو عودی لێدەدا، ئەوکات مامۆستا شەفیق سابیر بەڕێوەبەر بوو، مامۆستا باکوری هەندێ ئامێری پەیدا کرد، گروپێکی پێک هێنا و فێرە مۆسیقای دەکردین، ئەوانەی کە لە گروپەکە بوون: خۆم، مامۆستا زاهیر محەمەد بەئامێری کەمان، ئیبراهیم فەرەجولا – بەئامێری کەمان، ئەکرەم باقی ـ بەئامێری عود، نەشئەد حەمید– بەئامێری نای... مامۆستا باکوری لەدوای نیوەڕۆیان فێرە مۆسیقای دەکردین، ئێمەش زۆر بەگڕ و تین و خۆشەویستییەوە زانستەکەی لێ فێردەبووین و ڕۆژ بەڕۆژ گەشەمان دەکرد، ساڵی ١٩٥٨ بوومە کۆڕس لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەوانە: تەها خورشید، حەمید کاکە، عەدنان جەمال، لەساڵی ١٩٥٩ تیپی مۆسیقای مەولەوی هاتە کۆیە، مامۆستا باکوری تیپی خۆی حازر کرد. هاتینە سەر مەسرەح مامۆستا باکوری و مەلا سەلاح و شەهید جەعفەر گۆرانیان وت. ئینجا دوای تیپی باواجی تیپی مەولەوی هاتە سەر مەسرەح تاهیر تۆفیق و سیوەش گۆرانیان وت.

* تا ئێستا چەند ئاوازی منداڵانت هەیە؟

نزیکەی سی ئاوازی منداڵانم هەیە بیست و پێنجی تۆمار کراون.

شیعرەکانیش هەندێکی هی خۆمن ئەوانی دیکە هی: مەتحەد بێخەو، شوان مام عەلی، ڕۆستەم حەوێزی و.... لەڕاستیدا مامۆستای بواری منداڵان دەبێ خاوەن سەلیقە و خولقێکی زۆر بآ، بزانێ منداڵان چیان دەوێ، دواتر بزانێ چۆن پەیامەکەی خۆی دەگەیێنێ.

* پێناسەی گۆرانی منداڵان چییە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟

پێناسەی گۆرانی منداڵان ئەوەیە، کۆشی دایک بۆ کچ و کوڕ قوتابخانەیەکە بۆپەروەردە و درووست بوونیان بەشێوەیەکی زانستییانە. وە تایبەتمەندی ئەوەیە ئامانجی ڕاستەقینەی دایک دێتە دی بۆ دوارۆژ.

* گۆرانی وتن لەلایەن منداڵانەوە تا چەند ڕۆڵ دەبینێ لە بنیادنانی کەسیاتیان و ئاراستە کردنیان بۆ ژیان.

باشترین هۆیە بۆ خۆبەدەرخستنی کەسایەتی خۆی دوور لەشەرم کردن وا خۆی بەدیاردەخات کە ئەوە مرۆڤێکی پێشکەوتووە و دەبێتە کەسێکی ڕاستگۆ و چاونەترس.

* کەسانی بەئەزموون و تەمەن هەڵکشاو گۆرانی منداڵان بڵێن باشترە یان خودی منداڵان خۆیان بیڵێن یان هەردووکیان پێکەوە.

کەسانی بەئەزموون سوودی زۆر بە منداڵان دەگەیێنن، منداڵ فێری گۆرانی وتن دەبێت، هەست بەخۆی دەکات و ئەو شتە کەسێک فێری دەکات، دەزانێ منداڵەکە بای چەندە لەسەرخۆ فێری دەکات. وردە وردە تا دێتە بەرهەم، ئەوجا ئاوازەکەی بۆدەڵێ و منداڵەکەش وشە بە وشە گوێ بەئاوازەکە دەدا تا بەباشی فێردەبێت مامۆستاکەی

یا باوکی لەگەڵی دەڵێتەوە دوایی منداڵەکە گۆرانییەکە بۆباوکی یان هەرکەسێکی دیکە دەڵێتەوە، هەڵەکانی پێ چاک دەکاتەوە، واتا گەورە گۆرانی بۆمنداڵ بڵێ زۆر باشە، لە ناو گروپەکانیش مامۆستا دەتوانێ دەنگ خۆش و بەهرەمەندەکان هەڵبژێرێ و وابکا ئەوان گۆرانی بڵێن و تەنانەت وابکات گۆرانییەکانیش تۆماربکات.

* ئاواز دانان بۆ شیعری منداڵان، چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟ دەبآ چۆن بێ؟ شیعرەکە دەبێ چۆن بێ؟ ڕۆڵی کام ئامێری میوزیک زیاترە لە گۆرانی منداڵان.

ئاوازدانان بۆشیعری منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە: یەکەم: لەسەر نۆتەی مۆسیقا لەدەنگی (می)تا دەنگی (سی) باشترین ڕێگایە. دووەم: شیعرەکە دەبێ لەشەش دێڕ زیاتر نەبێت، چونکە منداڵ زوو ماندوودەبێت. شیعرەکە دەبێ پڕمانا بێ و لەژیانی منداڵەوە وەرگیرابێ. سێیەم: ئامێری کەمان و و پیانۆ و عود زۆرباشە، چونکە مامۆستاکە دەتوانێ گۆرانییەکە بڵێت تاوەکو فێریان بکات. بەتایبەتی بۆ باخچەی ساوایان، بۆ پۆلی یەک و دووی بنەڕەتی، جا بیستنی دەنگی ئامێرەکە زۆر خۆشە بۆمنداڵان، بەچاوی خۆیان دەیبینن حەزدەکەن ئامێرەکە بگرنە دەست، واش دەزانن کە دەزانن بەکاری بهێنن وە زۆر حەز بەدەنگی ئامێرەکە دەکەن.

* گۆرانی فۆلکلۆری کوردی تا چەند بەشی منداڵی تێدایە، هەوڵەکان چۆنن بۆ زیندووکردنەوەی ئەم بوارە.

گۆرانی فۆلکلۆر یەکەم جار دایک بۆکۆرپەکەی دەڵێ، لەپاڵ لانکی بەگۆرانی (دەبنوو دەبنوو ـ ڕۆڵەی دایە. کە بەسەر پێش دەکەوێت: ((تاتی تاتی ـ کاکە بەخێرهاتی)) ((تاتی تاتی دادە بەخێرهاتی))بە گۆرانی وا لەمنداڵەکە دەکات کە هێز بەخۆی بدات تا بڕوات. بەم شێوەیە منداڵ فێرە ڕۆیشتن دەبێت. ئەم گۆرانیانە بە ناوچەکان دەگۆڕێن، لەشار و لە لادێ. ئێستا کامیرا و تەسجیل بەکاردێت، یان بەرامبەر تەلەفزیۆن منداڵ دادەنرێت.

* مۆسیقا بەگشتی چ ڕۆڵێکی هەیە لە بنیاتنانی منداڵ و ئاراستە کردنی.

مۆسیقا باشترین ڕۆڵی هەیە بۆمنداڵان گوێڕایەڵی دەنگەکە دەبێت و ئامێرەکەش دەبینێ و دەنگەکەی دەبیستێ و حەز بە گرتنی ئامێرەکە دەکات. بزانێت ئەو کۆلکەدارە چۆن ئەودەنگە خۆشەی هەیە؟! کاتێ کە گوێڕایەڵی مۆسیقا دەبن بێدەنگی باڵیان بەسەر دادەکێشێ. ڕۆڵی زۆرباش دەبینێ وا لە منداڵەکان دەکا کە گوێیان لە دەنگی مۆسیقا بوو ڕادەوەستن و گوێی لێبگرن. خۆ گەر لەشاشەی تەلەفزیۆنیشەوە ئامێری مۆسیقا ببینێ جوان سەیری دەکا. منداڵ هەستی وا لێدێت کە مۆسیقای خۆش بوێت و گوێڕایەڵی بێت.

تەماشای سەنتەری گەنجانی کۆیە بکە ئێستا (٢٠٢٠) چەندەها منداڵی گەورە و بچووک کوڕ و کچ هەریەکە ئامێرێکی پێیە و مامۆستایان هەیە فێریان دەکات. لە هەموو گەڕەکەکانی کۆیە ئالەت بەشان زۆرن، لە زەمانی ئێمە شتی وا نەبوو.

تا مامۆستای مەزن مامۆستا باکوری و مامۆستا سەردار ئەحمەد و و مامۆستا زاهیر خولیان نەکردەوە، هونەری میوزیک لەکۆیە وا پێش نەکەوتبوو. هونەرمەندانی ئێستا دەست کردی وانن.

* هەر شتێکی دیکە کە خۆت حەزبکەی بیڵێی، کە ئەزموونی ژیانت پیشان بدات.

من کەدەستم داوەتە مۆسیقا بەئامێری کەمان وانەی سرود و مۆسیقام لە شەش قوتابخانە گوتۆتەوە لە سەرەتاییەکان و لە باخچەی ساوایان. لەباخچەی ساوایان زیاتر گۆرانییەکانی خۆمم فێردەکردن، وشە بە وشە بۆم دەوتن تا بەئاوازەوە فێری بن، دواتر دێڕ بەدێڕ بۆم وتوون تافێرم دەکردن. یەک لەچاودێرەکانم لەگەڵ خۆم دەبردە هۆڵی خوێندنی منداڵان دادەنیشتو فێری گۆرانییەکە دەبوو، من حەفتەی یەک ڕۆژ لەوێ دەبووم. ئەو چاودێرەی کە فێردەبوو ڕۆژانە ئەم گۆرانیانەی پێدەگوتنەوە، تا هەفتەی داهاتوو دەمبینی منداڵەکان باش فێربوون. منیش ئامێرەکەم دەگرتە دەست و بۆم دەژەنین. ئەوانیش دەیانگوتەوە منیش لەگەڵم دەگوتنەوە واي لێهات ئەو گۆرانییانەم هەموو تۆمار دەکردن لە تەلەفزیۆنی کۆیە. جاری وەها هەبوو منداڵەکان زۆر ماندوو دەبوون. نمایش و تەمسیلم بۆدەکردن، بۆنموونە دەموت باران چۆن دەبارێ، هەڵدەپەڕیم و ئەوانیش لاساییان دەکردمەوە، دڵیان خۆش دەبوو، یان دەموت چۆلەکە چۆن دەفڕێت؟ یان بەمشار چۆن دار دەبڕنەوە؟ بەتەمسیل بۆم دەکردن و ئەوانیش لاساییان دەکردمەوە. جاری واش هەبوو حیکایەتم بۆدەگێرانەوە زۆریان پێخۆش بوو. ئەو بابەتانەی کە پێشکەشم دەکردن هەمووی لەدەوری هونەر و ئەدەبیات بوون. ئیتر تەلەبەکان ئەوەندە دڵیان خۆش دەبوو و دەکەوتنە دوام و دەیانوت مامۆستا توخوا ئەو دەرسەش وەرەوە. ئەوکاتەی من وانەی هونەرم دەگوتەوە لە قوتابخانەکانی کۆیە، چەندین مامۆستای بەتوانا هەبوون ئەوانیش وانەیان دەوتەوە و ڕۆڵی خۆیان هەبوو، هەریەک لە مامۆستایانی بەڕێز: سردار ئەحمەد، جەلال عەزیز، هەژار عەلی محەمەد، ئاسۆ عەبدولڕەزاق، هێمن عەبدولحەمید شەمس، سەفین عەبدولڕەزاق...

لەسەرتادا ئەو سرودانەم دەگوتەوە کە پەروەردە ئاماژەی پێکردبوو، بەڵام لە پۆلی چوارەوە لەسەر تەختەڕەش سرودەکەم دەنووسییەوە، ئەوانیش دەیان نووسییەوە پاشان ئاوازەکەم بۆدەگوتن تاکو لەگەڵی ڕابێن ئینجا دێڕ دێڕ شیعرەکەم بۆ شي دەکردنەوە و بەتەواوەتی تێم دەگەیاندن، پێشم دەوتن سودی ئەم سرودە چییە؟ خۆشەویستی خاک و نیشتمانم لەدڵیان دەچاند. پێشم دەوتن هەفتەی داهاتوو سروودەکە لەبەربکەن، کە لەبەریان دەکرد بەحەماسەوە دەیان وتەوە تێکەڵی ناخیان دەبوو. دەتوانم بڵێم نەک هەر بۆمنداڵان، بەڵکو بۆگەورانیش مۆسیقا زۆر پێویستە، بۆیە گوش کردنی منداڵ بە مۆسیقا ئارامیان پێدەبەخشێ، ئێستا مۆسیقا بۆچارەسەری نەخۆشیش سوودی لێدەبینرێت.

هیوا خاڵدار - بۆکان



# هونەرمەند و گۆرانیبێژ حسەین خاڵدار



لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٩٣ی زایینی)

لە ناوچەی گەورەی هەوشار لە ئاوایی چۆپلو سەربەشاری تیکاب(پارێزگای ورمێ)لەدایکبووە. دوای تێپەربوونی چەن ساڵێک دەچێتە قوتابخانە و بە داخەوە بەهۆی بارودۆخی ئەودەم خوێندنی زۆر نەبردوەتە پێش و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەخوێنێت. بە پێی ڕێورەسمی کۆن هاوتا لەگەڵ گەورەکان دەچێتە ناو کۆبوونەوەکان و شەونشینی و هەر لەو تەمەنە بچووکە خولیای گۆرانی کوردی دەبێت و جاروباریش گۆرانی دەڵێت. تا ئەوەیکە خاڵی(بەرەحمەت بێ)زۆری پێخۆش دەبێ و دەڵێ کەتۆ دەنگت خۆشە و گۆرانی جووان دەڵێی. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە گۆرانی بڵێتەوەو ئاوازی ناوچەی هەوشار بە جوانی ئەدابکات. ئەو دەم کە وەک ئێستا پێشکەوتن نەبووە چەن بەرهەمێک بۆ ناوەندە بڵاوکراوەکانی گۆرانی تۆماردەکات و شریتەکان دەست بە دەست دەڕۆن و ناوبانگ پەیدادەکات. دەنگێکی جوان و خاوێن دەبێتە هۆکار تا تۆمارگاکانی شارەکانی دەوروبەریش بەشداربن. یەکەم بەرهەمی(ئەلبۆمی)بە ناوی سەیزادە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٣٧٠ لە بۆکان لەتۆمارگای جەواهێری تۆماردەکرێ. مامۆستا عوسمانە سوور ,سەید قادر بەرزەنجی و عەلی عابدی هاوکاری موزیک دەبن و زیاتر لە بیست گۆرانی پێکەوە تۆمار دەکەن. لە بەرهەمە کۆنەکانی دەتوانین ئاماژە بدەین بە سەیزادە/دوورلەوەتەن/یارغەزەڵ / هەرمن مامەوە/ئاخ لەجەوانی/لەیلا/بابمرم بمرم/خاڵۆرێبوار/ئاخ لەمینالێ/کراس ڕەشێ و... دەیان گۆرانی و ئاوازی دیکە.

دوای ئەوەی لەهەوشارەوە کۆچ دەکات بۆ بۆکان دوای چەن ساڵێک یەکەمین بەرهەمی تەسویری لە ساڵی١٣٨٥ بە هاوکاری چەن موزیک ژەنێک تۆماردەکات و بە یەکێک لەو گۆرانیانە زیاتر ناوبانگ پەیدادەکات. گۆرانی ئای خەم وەی خەم، یەکەم جار خوالێخۆشبوو کاک حەمە کێلەشینی وتوویەتی. هەر لەوساڵەدا دەبێت کە بانگێشت دەکرێت بۆ شاری سەردەشت لە فیستڤاڵێک بەشداری دەکات و چەن گۆرانیەک دەڵێت. چەن ساڵ دواتر بانگێشت دەکرێ بۆ کوردستانی عێراق لە کاناڵی کوردستان تی وی میوان دەبێت چێژو تامێک تایبەت بە گۆرانی ناوچەی هەوشار و موکریان دەبەخشێتە خەڵکی کوردستانی عێراق. وا دەبێت کە لە باشووریش خولیای دەنگ و ڕەنگی دەبن و وهەتا ئێستاش لە بۆنە جیاوازەکاندا هەر بانگێشت دەکرێ. تا ئێستا زیاتر لە سەدان گۆرانی وتووە و هەندێکیان تایبەت بەخۆین و خۆیان ئاوازی بۆ داناون. هونەرمەند حسێن خاڵدار توانایەکی تایبەتی هەیە لە ئەدای مەقام و غەزەڵ وتندا لە ساڵی ١٣٨٥ یەکەمین مەقامی بە ناوی بەختی ناهەموار کە شێعری مامۆستا قانعە تۆمار دەکات.

بە وتەی خۆیان زیاتر خولیای مەقام و گۆرانیە غەمگینەکانن تا گۆرانی سەریع و ڕیتمی توند. بەڵام دەنگی دڵنشینی وای کردووە تا هەموو جۆرە گۆرانیەک بە دەنگی بەڕێزیان خۆش بێتە گوێ و ئارامی ببەخشێتە ڕۆح و ڕەوانمان. چەن ساڵێک لەوەپێش لە تەلەویزیۆنی سنە بۆ شەوی چلە بانگێشت دەکرێ و دوابەدوای ئەو چەن جارێک میوانی کاناڵی تەلەویزیۆنی سەحەری کوردی تاران دەبێت و چەن گۆرانیەکیش لەو دوو کاناڵە تۆمار دەکات.

هەروەها لە کاناڵی ان آر تی سلێمانی میوانی تایبەت دەبێ و چەن ئاوازێک دەڵێتەوە کە سەرچاوەی هەموو ئەمانە لە یوتیوب پەیدا دەبێ. دووهەم فیستیڤاڵ لە شاری مەریوان دەبێت و سێهەمیان لە ئاوایی گولێ شاری پێنجوێن لە کوردستانی عێراق. هەرەوها لە ڕادیۆتاکسی سلێمانی و کاناڵی دمۆکراسی بانگێشت دەکرێ. بێ شک دەتوانین بڵێن خاوەن دەنگێکی تایبەتە لە هەوشار و هەوشاری لەم سەردەمە ناساندووە بە ناوچەکانی دەوروبەریش.

هەندێک لەو گۆرانیانە کە بە دەنگی ئەم هەونەرمەندە تۆمارکراون و لای خەڵک زۆر تایبەتن:

ئامۆزاگیان/راوچی/غەزەلی‌لاوە/بابردی/بەختی خەواڵوو شێعری خۆیان /دەسماڵێک‌بێنن/نیزام/هەوری لەکۆڵ /ئایشل/ لای لایە/بەیان بەیان/ئای خەم وەی خەم/کراس ڕەشێ/ کەژەوان/ئاهی دەرون

خەوم بینی مەقام لەیلێ ومەجنوون مەقام /دەڵێم گەرێ مەقام /وەسیەت مەقام /یارم خەڵکی کەرکوکە

نییە لەماڵ مامۆستا حەسەن زیرەک /ئەرێناز مامۆستا حەسەن زیرەک /باوابێ مامۆستا حەسەن زیرەک /شەدەلار مامۆستا حەسەن زیرەک /بەگیانی خۆم بەگیانی خۆت هونەرمەند میدیا حسێن

هونەرمەند حسەین سافی ناسراو بە خاڵدار لە شاری بۆکان نێشتەجێن و خاوەنی پێنج منداڵە. هیوای تەمەندرێژی و لەشساغی

ئامادە کردن: فایق دارتاش - مەهاباد



# فاشیزم

خوێنەری هێژا...

لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری گۆڤاری «بەیان»، هەر جارەو چەمکێکی کۆمەڵایەتیی، ئەدەبیی، سیاسیی، ئابووریی و... بە شێوازێکی تەکوزمەند و ئاسایی شیکاری دەکرێت. ئامادەکارانی ئەم گۆشەیە هەوڵدەدەن بە زمانێکی پاراو و کوردانە و دەربڕینێکی بێلایەنانە، پێناسەیەکی کورتی چەمکە دیاریکراوەکان بخەنە بەرچاوی خوێنەر و بە هیچ شێوازێک نەکەونە نێو وردەکارییە تیۆریک و سیاسییەکانەوە...

پێناسە:

فاشیزم (Fascism)لە بنەما دا لە وشەی لاتینیی (Fasces)وەرگیراوە و بە «تەور»ێک دەگوترێ کە دەسکەدارەکەی بە کۆمەڵێک شووڵ و چیلکەدار چنرابێ. لە سەردەمی ڕۆمای کۆن، ئەم تەورە و دەسکە بە شووڵ چنراوەکەی، هێمای پاراستنی دەستوور و هێمنایەتی بووە.

ئەم دەستەواژەیە، کاتێک هاتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە و کەوتە سەرزاران کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، فاشیستەکانی ئیتالیا بە ڕێبەرایەتیی بەنیتۆ مۆسۆلینی توانیان یەکەم حزبی فاشیستی لە سەر ئاستی جیهان دامەزرێنن و دواتر لە میانەی ڕێپێوانێکی مێژوویی دا ڕۆمای پایتەخت داگیربکەن.

فاشیزم، هەم وەکوو بیروهزر و هەم وەکوو ڕێباز و بزاڤی سیاسیی، باوەڕییەکی تەواوی بە هەبوونی سەردار و سەروەری خاوەندەستەڵاتی ڕەها هەیە کە پێویستە فەرمانڕەوایی بە سەر کۆمەڵگا دا بکات. ئەو کەسە کە زیاتر وەکوو پێشەوا پێناسە دەکرێت، لە هەموو بوارەکاندا خاوەنبڕیار و قسەی کۆتاییە و لادان لە فەرمانەکانی خیانەتە بە ڕێبازەپیرۆزەکە و سزای قورسی هەیە.

بە شێوازێکی گشتی دەتوانرێ بگوترێ کە فاشیزم، سیستەمێکی دەوڵەتگەرای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە کە لە سەر سێ بنەمای سەرەکی «پارتی سیاسیی یەکگرتوو و تاقانە»، «نەژادپەرەستیی توندئاژۆ» و « دەوڵەتی دەستەڵاتخواز و بەهێز و ناوەندگەرا» دامەزراوە و هیچکام لەو بەها لیبراڵیی و دیموکراتیک و کۆمەڵایەتییانەی لە لا پەسەند نییە کە لە میانەی تێکۆشانی درێژخایەنی مرۆڤەکانەوە بەدەستهاتووە و بە پێچەوانەوە لە ڕێگای یەکدەستکردنی نەتەوە و نەژاد و حیزب و کۆمەڵگاوە، هەوڵی سەپاندنی هەژموونی تایبەت بە خۆی دەدات.

فاشیزمیش وەکوو هەموو ئایدۆلۆژیا و هزرەکانیتری ناو کۆمەڵگا، چەندین پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە و لە هەر وڵاتێک بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتیی ئەوێ، خۆی ڕێکخستووە و سیاسەتی کردووە هەر بۆیە ناتوانرێ و ناکرێ پێناسەیەکی یەکدەست و یەکڕەنگ و کۆنکرێتی بۆ بکرێ بەڵام بە گشتی دەتوانرێ بگوترێ کە، فاشیزم ئەو کاتە لە دایکدەبێ کە ناکۆکی چینایەتیی نێوان چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا دەگەڵ بۆرژوازی و سەرمایەداری، دەگاتە لوتکە بە جۆرێک کە ئیتر بۆرژوازی ناتوانێ لە ڕێگای پارلمانییەوە دەستەڵاتی خۆی بپارێزێ و پەنا دەباتە بەر تیرۆر و ڕەشەکوژی و تۆقاندن و سەرکوتی بێڕەحمانەی هەموو ئەو بزاڤانەی کە ڕەگەزی دیموکراتیکیان هەیە. لێرەدایە کە فاشیزم، بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی، لە ڕێگای هەڵگرتنی دروشمی زەق و زەبەلاحی بێبنەما، ئەو بەشەناوەندییانەی کۆمەڵگا بەڕێکخستن دەکات کە لەم ناکۆکییانەدا تووشی بێهیوایی و زیان بوونە و بۆ سەرکوتکردنی سەندیکا و ڕێکخراوەمەدەنی و جەماوەرییەکان و بەسەربازیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا کەڵکیان لێوەردەگرێ.

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی فاشیزم

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری فاشیستی، دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە ئەم جەنگە لە سەر کۆمەڵگای وڵاتە دۆڕاوەکانی ئیتالیا و ئاڵمان، هەیبوو.

ئەم جەنگە لە لایەک نارەزایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، مانگرتنی بەربڵاوی کرێکاران، بارودۆخی نالەبار و ناسەقامگیری ئابووری دەگەڵ خۆی هێنا و لە لایەکی ترەوە بووە هۆی گۆڕانکاری لە نەخشەی نوێی جیهاندا ئەویش بە دارمان و هەڵوەشانی هەر دوو ئیمپراتوریای عوسمانی و ڕووسی. لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕ، دوابەدوای لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، پاشماوەکانی ئەم « پیرەپیاوە نەخۆشە» یان لە ناوخۆیاندا دابەشکرد و هەروەک چاوەڕواندەکرا لایەنە دۆڕاوەکانیان لەم دابەشینە دا بێبەشکرد. لە لایەکی ترەوە سەرکەوتن و هاتنە سەرکاری کۆمەنیستەکان لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیا، ترس و دڵەڕاوکێی خستە ناو چین و توێژە مامناوەندی و باڵادەستەکانی ئەورووپا بە دۆڕاو و براوەوە.

لە بارودۆخێکی ئاوەهادا لە ساڵی ١٩١٩ حیزبی فاشیستی ئیتالیا بە سەرۆکایەتی بەنیتۆ مۆسۆلینی دامەزرا و زۆر زوو توانی سەرنجی بەشە نارازییەکانی ناوکۆمەڵگا بۆ لای خۆی ڕابکیشێت. سەربازە بێکارەکانی گەڕاوە لە شەڕ، چین و توێژە هیوابڕاوەکانی ناوەندی کۆمەڵگا، گەنج و لاوە نەتەوەیی و نیشتمانپەرەوەرەکان، گوندنشینە بێداهات و برسییەکان، چەکمەکانیان هەڵدەکێشا و بە پۆشینی جل وبەرگی ڕەش، هێرشیان دەکردە سەر دامودەزگا دەوڵەتیی و نادەوڵەتییەکان، کەسانی چەپ و کۆمۆنیست و دیموکرات و لیبراڵ و لە دروشمەکانیان دا جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە مەزنایەتی ڕۆمای کۆن دەگەڕێننەوە بۆ وڵات و هەر وەها ئیتالیا لە «

بۆلشویزم» پاکدەکەنەوە.

هەر هەمان بارودۆخ لە ئەڵمانیاش بە هەندێک جیاوازییەوە، هاتە پێشەوە و حزبی نازی بە سەرۆکایەتی هیتلەر توانی لە ژێر دروشمی گەڕانەوەی مەزنایەتی بۆ نەتەوەی ئاڵمان و نەژادی ئارییایی و نەهێشتنی « بولشویزم»، سەرنجی نارازییەکان ڕابکێشیت.

پشتیوانی کەرتی بەهێز و کاریگەری پیشەسازی هەردوو وڵات لە فاشیستەکان، دوا بزماری لە تابووتی دیموکراسیی ساوای هەردوو وڵات دا و جڵەوی دەستەڵات کەوتە دەستی هەردوو پێشەوای سەرەڕۆ و فراوانخواز لە هەردوو وڵاتی ئاڵمان و ئیتاڵیا.

هەر لەو سەروبەندە دا لە ئیسپانیاش، فاشیستەکان توانیان دەستەڵات بگرنە دەست بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی کۆماریخوازەکان هاتن و لە ئەنجام دا شەڕێکی کەموێنەی ناوخۆیی لەم وڵاتە دەستی پێکرد.

لە ئەنجامی بەدەستەڵاتگەیشتنی فاشیستەکاندا، هەموو چالاکیی و بۆنە جەماوەرییەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی بندەستی ئەوان و لە یەکەم هەنگاو دا سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەسیاسییەکان قەدەخە کران و ڕێبەرانیان ڕاپێچی زیندانەکان کران. ئەرتەش بە شێوازێکی کەم وێنە، بەهێز کرا و هەموو توانستە پیشەسازی و بازرگانییەکان خرانە خزمەت مەزنترکردنی ئەرتەش و ئەمەش توانی هەلی کار بۆ لەشکری بێژماری بێکاران بدۆزێتەوە و لە بەشی سەربازی یان بەشی پیشەسازی سەربازی دا بیانخاتە کارەوە.

لە ساڵی ١٩٣٥ بەولاوە ئیتر فاشیسم گەیشتە قۆناخێک کە بە ناوەوەی وڵاتی خۆی ڕازی نەبوو و تەماحی کردە داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و بەم جۆرە پێی دە کەوشی هێزە ئیمپریالیستەکانی براوەی شەڕی یەکەم نا و بەم جۆرە ئاگری هەڵگیرسانی دووەم شەڕی جیهانی هەڵگیرسا.

جۆرەکانی فاشیزم

فاشیزمیش وەکوو هەر ئایدۆلۆژیا و ڕێبازێکی سیاسی بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، چەندەها جۆری لێکەوتۆتەوە و لە هەر وڵاتێک بە پێی بارودۆخەکە خۆی گۆڕیوە.

دوو لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی فاشیزم بریتین لە فاشیزمی نەتەوەیی و فاشیزمی ئایینی.

– فاشیزمی نەتەوەیی: بێگومان یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی فاشیزم، نەتەوەخوازی توندئاژۆی ناوەندگەرای دەوڵەتگەرایە (ناسیونالیسم افراطی متمرکز دولتی)، کەواتە ناسیۆنالیزم و فاشیسم بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمی یەکترن و دەتوانین ئاوای بڵێین کە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و خاوەن‌دەوڵەت ئەگەری زۆری هەیە کە بەرەو جۆرێک لە فاشیزم بخزێ. لەم جۆرە لە فاشیزم دا، ڕەگەز و نەتەوە، باڵاترین بەهایە و لە هەموو هاوشێوەکانی خۆی لە جیهاندا پیرۆزترە. خودی فاشیزمی نەتەوەیی، چەندان لق و پۆپی هەیە وەکوو فاشیزمی ئەورووپایی (ئیتالیای مۆسۆلینی، ئەڵمانیای هیتلەری و ئیسپانیای فرانکۆ)، فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی (بەعس،...)، فاشیزمی ئەمریکایی(خوان پرۆن لە ئارژانتین)

و چەندەها نموونەی تر...

– فاشیزمی ئایینی: جیاوازییەکەی دەگەڵ فاشیزمی نەتەوەیی ئەوەیە کە لە جیاتی نەتەوە و نەژاد، ئایین یان ئایین‌زایەک بە بنەما دەگرێ و بە پیرۆزی دەزانێت و پێی وایە لە هەموو ئایینێکی تر کامڵترە و موژدەی ڕزگاری مرۆڤایەتیی تەنیا لە لای ئەوە، ئەم جۆرە لە فاشیزم، بە شێوازێکی بەرچاو و تەنانەت زیاتر لە فاشیزمی نەتەوەیی، توندوتیژخوازە و هەوڵدەدات لە ڕێگای سازکردنی دەوڵەتی ئایینییەوە، مەرامەکانی پیادە بکات (داعش، ئەلقاعیدە، جولەکە توندئاژۆکانی ئیسرائیل و...).

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بیری فاشیستی

– باوەڕمەندنەبوون بە ئاشتی چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیی‌دا.

– دژایەتیکردنی بیرۆکە و هزر و ئابووری و بەهاکانی سیستەمی سۆسیالیستی

– دوژمنایەتیکردنی لیبڕالیزم و بەها و دەسکەوتەکانی جیهانی لیبڕاڵ

– تۆتالیتێربوون و بەستنەوەی هەموو شتێک بە دەوڵەتەوە

– بەکاریزماکردنی تاکەکەس وەکوو پێشەوا و پیرۆزکردنی کەسایەتییەکەی

– سیستەمی تاک حیزبی

– دژایەتیکردنی دیموکراسی و گاڵتەپێکردن بە بەها دیموکڕاتیکەکان

– درووستکردنی قارەمان و پاڵەوان لە هەموو بوارەکان دا

– نەهێشتنی ژیانی پارلمانی و شووڕایی

– لەناوبردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسیی و کەلتووریی و ڕێکخراوەییەکان

– درووستکردنی سەندیکای پیشەیی و کەلتووریی تایبەت بە خۆی و داخستنی ئەوانی دی

– درووستکردنی ڕێکخراوی سەربازی و میلیشیایی لە دەرەوەی یاساکان

– بەکارهێنانی ئایین و خێزان بە مەبەستی جوڵاندنی هەستی جەماوەر و ڕاکێشانیان بۆ چالاکی

– پڕوپاگاندا بۆ سازکردن و ئافراندنی ڕوحی هێرشکارانە و جەنگاوەرانە

– درووستکردنی مرۆڤی نوێ و جیاواز لەوەی کە هەیە....

چارەنووسی فاشیزم

ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٥٠ ی سەدەی ڕابردوو، سەردەمی زێڕینی بیری فاشیستی دێتەژمار چونکە لە چەندین وڵاتی گرنگی جیهانی ئەوسەردەمە، وەکوو ئیتاڵیا و ئاڵمانیا و ئیسپانیا و ئارژانتین و... توانیان دەسەڵات بگرنە دەست خۆیان و پشتیوانی زۆرینەی کۆمەڵگاش بەدەستبهێنن. نارازییەکان یان بێدەنگیان هەڵبژارد و یان ناچار بە کۆچ بوون و یان ئەگەر ورتەیەکیان لێوەهاتبا، دەنێردرانە ئۆردووگای کاری زۆرەملی و هەندێ جاریش لە ناو کورەکانی ئاگر دا دەسووتان و دەبوونە خەڵووز.

سەرەنجام مەزنترین وماڵوێرانکەرترین شەڕی

جیهانی لە سەر دەستی پێشەوای فاشیستی ئاڵمان و هاوتا ئیتالیاییەکەی هەڵگیرسا. هیتلەر بە ئامانجی خستنە ژێر ڕکێفی هەموو جیهانەوە، لە ساڵی ١٩٣٩ دا هێرشی کردە سەر هەموو ئەورووپا و لە ماوەیەکی کەم دا توانی زۆرینەی ئەورووپا و بەشێکی بەرچاوی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران داگیربکات و خۆی لە مۆسکۆ نیزیک بکاتەوە.

هاوکاری نێوان دوو جەمسەرە دژبەیەکەکەی جیهانی ئەوکات، واتە بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی سۆسیالیستی، خەونەکەی هیتلەری زڕاند و تەنانەت لە ئەنجامی شکستە یەکلەدوای‌یەکەکانی ئەرتەشی ئاڵماندا، ولاتەکەی خۆشی لە لایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرا و دواتر دابەشکرا.

هەردوو سەرکردە کاریزماکە کوژران و ئیتر شتێک بە ناوی فاشیزم و نازیزم بوونی نەما.

دوا وتە:

زۆر کەس و لایەن، پێیان وابوو کە تێکشکانی فاشیزم لە ئیتالیا و ئاڵمان، کۆتایی ئەم بیرۆکەیە و ئیتر فاشیستەکان ناتوانن جارێکی تر بێنەوە مەیدان و بۆ هەتاهەتایە مرۆڤایەتی دەگەڵ ئەم بیرۆکەیە ماڵئاوایی دەکات بەڵام دیترا کە وا نییە و تەنانەت فاشیستەکانی ئیسپانیا دەیان ساڵ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەم، هەر لە دەستەڵات دا مانەوە و لە هەندێک وڵاتی ئەورووپایی دیکە وەکوو یۆنان و پۆرتوگال و تورکیا، حکومەتی ئاماڵ فاشیستی لە بەرگی نوێدا درێژەیان بە ژیان دا. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی سەردەمی شەڕی ساردی ڕۆژئاوا کە لە ترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیزمی ڕووسی، وای پێ باش بوو کە تەنانەت لە هێندێک وڵات، ئاماڵ فاشیستەکان بەهێز بکرێنەوە بۆ ئەوەیکە دژایەتی کۆمۆنیزمیان پێ‌بکەن.

فاشیزمی نوێی ئەورووپایی، هەڵگری کۆمەڵێک دروشمی پۆپۆلیستانەیە کە زیاتر خۆی لە دژایەتی پەنابەران و موسوڵمانەکان و هەروەها دەرکەوتن لە یەکیەتیی ئەوروپا و نەهێشتنی ئەو قەوارەیە دا دەبینێتەوە.

لە لایەکی ترەوە فاشیزمی نوێی ڕۆژهەڵاتی، هەم خۆی لە قەوارەی نەتەوەیی دا ڕێکخستۆتەوە و هەمیش لە قەوارەی ئایینی دا. فاشیزمی نەتەوەیی تورکی (کەمالیزم)وعەرەبی(بەعسیزم)لەم دواییانە دا بەرگی ئایینیشیان کردۆتە بەر خۆیان (داعش و جەبهەت‌ونوسرە و قاعیدە و..)و لەم ڕێگایەشەوە هەوڵدەدەن بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن.


سەرچاوەکان:

– فاشیزم لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، نووسینی ئەردەڵان عەبدوڵلا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢

– فرهنگ سیاسی آرش، غلامرضا علی‌بابایی، انتسارات آشیان، چاپ چهارم، تابستان ١٣٩٥

– فرهنگ اندیشەهای سیاسی، ترجمەی خشایار دیهیمی، نشر نی، چاپ هفتم ١٣٩٧

– فاشیسم، نوشتەی مارک نئوکلوس، ترجمەی حسن مرتضوی، انتشارات آشیان، چاپ اول ١٣٩١


## سەفەرێکی نادیار




عەلی مەحموودی (ئاودێر) - بانە


لە مێژ ساڵە ڕێکەوتووم
من عاشق و سەفەر نادیار
لە هەموو بووارەکان ئەدەم
هەر شلاڵیم بۆ دەمێنێتەوە
ڕووباری نێوانمان گرژ
سیروانێکە کەڵەگەت
پردێک لە (با)هەڵ ئەبەستم
جۆلانەیەک بە گزنگ
لە گشت لایەکەوە دێم
لە ڕچەی سێحری نیگاوە
لە ناسکەڕێی خەندەوە
لە شارێگەی پەیڤەوە
گەلێک باڵم بە وشەکان بەخشیوە
ئاخ!کەدووری لە دەنگمەوە
کەزیەکانت بە هەناسەم ئەبزوێن
لە داوی نیگام کەوتووی
سێبەرەکەت لە ئامێزم دایە
ترپەکانت لە سینەم دان
بەڵام دیسان
دووری لە دەستمەوە
ئەترسم گەنجیم کوورت بێنێ
چەماویم بگەڕێتەوە لەم سەفەرە
گۆچانێک بم بەدەست تەمەنمەوە

## چەکرووزەی ناکام

پێی ناوەتە
یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە
گەلێک هیوای لەسەردابوو
گەنجێک دەستەکانی بگرێ
بازنەی عەشقی بۆ تەونکا
بەنەونیگای عاشقانە
زوولفەکانی بۆ شانەکا
بولبولێکی ڕۆژهەڵاتی
لانەی ئەوین وەهۆنێ بۆی
لە سترانی ناسک هەستی
بەیانییان شەونمی ناز
لەسەرپێلووی چاوهەڵێنێ
شەماڵ بێنێتە پێکەنین
شنەی بەیان ختووکەدا
بەڵام هەزاران مخابن
لەو سەرەوە
لەپێتەختی جەلادەکان
گابەردێکی تێرنان نکراو
بوو بەتاوێرێکی سەرشێت
چەکرووزەی بەخاکدا ڕۆنا
کە بەتەمابوو لە بەهاری ٩٩
ڕوومانێک لە هیواکانی
بەگەرمی خۆر لەچاپ بدا



محەمەد ئەدیب ـ بۆکان

# حەمە ئامان، دەنگێکی ڕەسەن



هەموو لایەکمان ئەو قسەیەی جان ئیستیوێسمان بیستووە کە دەڵێ: لەو جێگایەیدا قسەیەک نابێ بۆ گوتن مۆسیقا دێتە گۆ. وتەیەکی بە نرخ هەیە دەڵێ: ڕووحی نەتەوەکان لە داب و نەریتی ئەواندا بدۆزەوە. واتا فۆلکلۆر.

گۆرانی و مۆسیقا چاوگ و دەنگ و زمانی تایبەتی هەر کۆمەڵگایەکە، واتا فاکتێکی دراماتیکی جیاوازو خوازەی تاک و کۆی نەتەوایەتییە. گۆرانیی دەربڕینی هەست و سۆزێکی گۆرانیبێژ و مۆسیقازانێکە، بەیانی ئازار یان دەربڕینی شادمانییەکی دەروونی مرۆڤایەتییە، دەرخەری بێچمی تراژیکی قوژبنێکی ڕوون یان تاریکی هەر گەلێکە، زمانێکی ڕیتمیکە تێکەڵ بە داب و نەریت و هەڵسوکەوتی ژیانی ئامانج خوازی مرۆییە. زمانی مۆسیقا یەکێ لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانە بۆ ڕێگری کردن لە پاکتاوکردنی زمانی، یان باشترە بڵەین شوورەیەکە بۆ ئەوەی نەهێڵێ کلتوور و زمان هڵۆڵ بێ و بە ڕەسەنایەتی بمێنێتەوە.

هونەرمەند حەمە ئامان لە ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی لە ئاوایی یەنگی کەند بەشی فەیزوڵابەگی بۆکان لە دایکبووە و هەر لەو ئاوایەدا فرچکی گرتووە. بابی نێوی سۆفی خودا ڕەحیم بووە و سەردەمی خۆی یەکێ لە دەنگخۆشانی یەنگی کەند بووە. هەر وەک خۆی دەیگوت لە تەمەنی منداڵیەوە هەرەسی بێ بابی زەختێکی زۆری خستووەتە مێشکیەوەو ئەرکی بارهێنانی دەکەوێتە ئەستۆی پورە ئامانی دایکی. هەر بە هۆی دایکییەوە بە حەمە ئامان نێودێر دەکرێت و لە ڕێبەندانی ١٣٩٢ چرای ژیانی بە فووی مەرگ و ئەجەل کوژایەوە.

حەمە ئامان سەرەڕای نەخوێندەواری، شێعرو هۆنراوەی زۆربەی شاعیران و گۆرانیبێژ انی لە بەربووە و لە زۆربەی گۆرانیەکانیدا زۆرجار شێعری شاعیرانیشی دەکردە نێوئاخنی گۆرانیەکانی. خاڵە حەمەئامان گۆرانی و ئاوازە فۆلکلۆریەکانی بە باشی دەگوتەوە، بە تایبەتی گۆرانیەکانی تایبەتی ناوچەی فەیزوڵابەگی زۆر شارەزایانە گوتووەتەوە. چونکە لەحن و گۆرانیەکانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بە پێی زاراوە و فۆنۆتیکی وێژەریەوە لە گەڵ ناوچەکانی دیکەدا هێندێ جیاوازی هەیە. هەڵبەتە هەموو ناوچەکان بە هۆی جیاوازی لەحن و ئەدا و زاراوەییەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

ئەو هونەرمەندە خاوەن لەحن و دەنگێکی تایبەتی بوو و کەم مەجلیس و دانیشتنی دێهات و شاری دەوروبەر بوو کە بە دەنگی ڕەسەنی حەمە ئامان نەڕەنگابێت. بە داخەوە وەک زۆربەی گۆرانیبێژ ان و هونەرمەندە فۆلکبێژەکان ئارشیوێکی تۆکمەو پۆختی کارو بەرهەمەکانی یەک جێ نین و زۆر بەرهەمی ئەو هونەرمەندە لەملاولاو لە ماڵەکاندا هەن و هێشتا بە باشی کۆ نەکراونەتەوە. هەرچەندە کاک حسەینی کوڕی حەمە ئامان زۆرێ لە گۆرانی و ئاوازەکانی بە ئارشیو کردووە بەڵام هێشتا زۆر بەرهەمی بە نرخی دیکە لە دەستی خەڵکیدا ماون. بۆ نموونە لە گەڵ مامۆستا حەسەن زیرەک دوو قۆڵی نەواریان پڕ کردووەتەوە بەڵام هێشتا سەر بەمۆرە و ئەو کەسانەی هەیانە دەستیان بە سەردا گرتووە. بە سەرهاتی ئەو شریتە دوو قۆڵییە بەو جۆرە بووە؛ بە حوکمی ئەوەی حەمەئامان دۆستی ڕۆستەم بەگی ئاخجێوان یان ئیلانێ بووە، لە سەر داخوازی ڕۆستەم بەگ یان لە ماڵی خۆی یان لە بۆکان لە ماڵی حەمە سوڵتان کە دەزگای تەسجیلی دەبێ دوو قۆڵی نەوارێک تۆمار دەکەن. ئەو شریتە دەست بە دەست دەگەڕێ و ئێستا ئەو نەوارە بێ سەرو شوێنەو لە دەست کەسانێکدایە ودەرنەکەوتووە. بە داخەوە لە وڵاتی خۆماندا فکر و ئەندێشەکان تاک ڕەوانە لە ئارادایە و بۆ کۆو بە کۆمەڵ بوون نەگوازراوەتە. ئێستاش زۆرن ئەو بەرهەم و ئاسەواری زۆر هونەرمەندی وەک حەمەئامان کەسانێک دەستیان بە سەردا گرتووە و نایەڵن بڵاوبێتەوە.

حەمە ئامان لە گەڵ زۆربەی گۆرانیوێژانی شارو گوندەکانی دەوروبەردا گۆرانی کوتووە و لەگەڵ نەمر مامۆستا قالە مەڕەیدا نەواری هەیە و زۆر دانیشتنی لە گەڵ عۆسمانە سوور و زۆر نایە ژەن و هونەرمەندی دیکەدا هەبووە.

لەرە و چەهچەهەی حەمە ئامان بە تایبەتی لە مەقامەکاندا بە نێوبانگ و بە نامیەیە. لە گۆرانی « قەتارەی قەتار، سەرجەلەی قەتار». یان لە گۆرانی بارانە. سەوزەڵێ. ئازیزێ. سەیزادە و..... بە ڕاستی ڕووحی وەبەر هێناون. جێی ئاماژەیە گۆرانی سەیزادە یەکێ لە ئاوازە تایبەتیەکانیەتی و خۆی دایناوە.

کاک حەمەساڵەی حاجی عەلی کە خۆی یەکێ لە هونەرمەندان و دەنگخۆشەکانی یەنگی کەندە و لە گەڵ خاڵە حەمەئامان زۆریان گۆرانی پێکەوە تۆمار کردوە، سەبارەت بە گۆرانی سەوزە یان سەوزەڵێ دەڵێ: لە ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی سێ نەوع و شێوەی سەوزەمان هەیە:

١. سەوزەی هەمزەبەگ؛ ئەم سەوزەیە نەفەسی زۆر چاک و تایبەتی دەوێ. لەم ڕۆکەدا کەس وەک عومەری مەجیدی

عەربەنووسی نەکوتووەتەوە. بەڵام سەردەمی خۆی مەلا حەسەنی شەهابی لە هەموو کەسی چاکتر کوتووە. مەلا حەسەن پیاوێکی نابینای گەڕۆک و بێ کەس و ڕەبەن بووە، دەنگخۆشیەکەی تایبەتی و ناوازە بووە. زۆرتر هاتوچۆی ماڵی مامۆستا مەلا کەریمی زاری شاعیری لە ئارەبەغڵوو کردووە، بەداخەوە سەرەنجام چرا دووکەڵ دەکێشێ و دەخنکێ و فەوت دەکات. نموونە:

ڕێبوار هەی ڕێبوار ڕێگام دەربەندە
ئەونە شیرینە هەر دەڵێی قەندە

٢. سەوزەی خاڵە مەجی(مەجید)؛ ئەو سەوزەیە لە لایەن خاڵە مەجیدی کا سەلیمی (یەنگی کەندییەوە)کوتراوە. ئەو سەوزەیە کرژەوە وەختی خۆی خاڵە مەجید شایی پێ گێڕاوە. نموونە: سەوزەڵێ سەوزە گیان باریکەی کۆیی

بەرکە بەملاوە ئەڕواحـــــم ڕۆیی
ئەونەم نەماوە بمنێنە قەفـــــــەس
نەچاو تێر ئەخوا نە دڵیش ئەڵێ بەس

٣. سەوزەی حەمە ئامان کە سەوزەیەکی زۆر نەرم و خاوەو تایبەتی حەمە ئامانە و هەر بە نێوی ئەویشەوە ناسراوە. بۆ نموونە: بیکە بە خاتر دوو برا گەنجەکەت

ئەملام ماچ کردی بێنە ئەولاکەت
سەوزە هۆ سەوزە سەوزەم ون بووە
ئاخۆ سەوزەی من ماڵی کێ چووە

بە کەمێ تێفکرین و لێخورد بوونەوە لێمان حاڵی دەبێ ئەو ناوچەو شوێنانەی جوولەکەی لێ نیشتە جێ بووە لە دوو بواری هونەری و ئابووریدا دایم لە گەشە و پەرە سەندندا بووە. چونکە جووەکانی ناوچە دایمە خەریکی گۆرانی و شادی بوون. هەر وەها بە هۆی ئەوەی زەوی و زاری کشت و کاڵیان نەبووە و زۆرتر خەریکی بازرگانی و چەرچییەتی و سەنعاتی ئەوکات بوون و ڕۆڵی گرنگیان لە مەڕ کاسبی و کاری دیکەدا بووە. بە گشتی کاریگەری جووەکان لە سەر هونەر و ئابووری ناوچە زۆر بەرچاو و ڕوونە. گوندی یەنگی کەند بە هۆی ئەوەی چەندین بنەماڵەی جووی لێ بووە و هونەرمەندی بەنێوبانگیشیان تێدا هەڵکەوتووە دەنگخۆش و گۆرانیبێژ ی بەرچاوی لە یەنگی کەند تێیدا بەرهەم هاتووە. کاتێ جووەکان لە یەنگی کەند و باقی ناوچەکاندا بوون سێ دەنگخۆش و هونەرمەندی ناوداریان بووە کە لە شایی و زەماوەندی ئەو دەورە دێیانەدا گۆرانییان کوتووە و شاییان گێڕاوە. ئێستاش پیر وبە ساڵاچووکان باسیان دەکەن. عەزیزە جوو = زورناژەن. بلە جوو = دەهۆڵژەن. شەنگە جوو = گورانیبێژ. شەنگە جوو خەڵکی داربەسەر بوو و بلە جوو و عەزیزە جوو یەنگی کەندی بوون.

لە دێی یەنگی کەند وەچەی هونەری سەردەمی جووکان: خاڵە قادر پەریزاد. سۆی حەمە ڕەحیم باوکی حەمە ئامان. عەلی ڕەحمان باوکی بلە نازادار. حەسەنی کەڕەی بەردەزەرد. مەجی کا سەلیم. سۆی حەمە مراد. حاجی کەریم. سەحی باوە، کە شەڕە بەندیشی لە گەڵ شەنگە جوو کردوە و لە گۆرانییەکدا کوتوویەتی: (دیوتە چیم کرد لە شەنگە، لە شایی دەروێشاڵی). بە جۆرەی قسەی کاک حەمەساڵە سەحی باوە گۆرانی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ نموونە، نیزام نیزامە. کە لە باری لەحن و شێواز وکەلیمەشەوە لە گەڵ نیزام نیزامەکەی مامۆستا عەلیکەردار فەرقی هەیە. سەحی باوە کوتوویە:

نیزام نیزامە نیزام بوو بە ڕاس / سجیل بیست و دوو وەرەقەم خەلاس / مەشقم پێدەکەن لە وڵاتی شیراز

بەرەی دووهەم وسێهەمی دەنگخۆشەکان ئەو کەسانەن: حەمە ئامان. بلە نازادار. عەبووی کافەرەج. ڕەحیم خان. حەمەساڵەی حاجی عەلی. کە هەموو ئەو خۆشەویستانە خاوەن نەواو شریتی تایبەتی خۆیانن.

ئەرکی هونەرمەند پاراستنی کرامەت و مەزنایەتی هونەری دێرینی کوردییە. هونەرمەندانێکی وەک مامۆستا حەسەن زیرەک، خلە دەرزی، حەمەی بەیتان. حەسەن سیساوەیی و سەدان کەسایەتی مەزنی دیکە، زۆر خاکەڕایانە هونەری دێرین و فۆلکلۆری نەتەوایەتییان پاراستووە و ئەرکی خۆیان بە شانازییەوە بە جێ هێناوە. حەمە ئامانیش بەش بە حاڵی خۆی لە پانۆڕامای هەرێمی بەرینی فۆلکلۆردا توانیویەتی دەنگێکی دیار و ئاشنابێت.

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر پرۆسێسێکی زیندوو و دینامیکە لە خزمەت بەرژەوەندی هونەریی زمانی کوردیدایە، گەلی ئێمە بە هۆی بوونی چەمکی ئۆتوریتەیەکی زاڵی بیانی، ئەرکە لە سەر شانی بۆ پێناسەی شوناسی «خۆیی بوون» دەبێ لە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆری وەک فۆلکلۆر زۆرتر و بە بڕشتر کەڵکی پێویست وەربگیرێ. دیارە لەم ڕۆکەی زەماندا، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی جیلی ڕۆناکبیر و بە تایبەتی لایەنی هونەری لە ژانری مۆسیقا و گۆرانیدا، یانی لێک گرێدانی ڕووحی سۆبژێکتیوی فۆلکلۆر بە بەستە و گۆرانی و موزیکی مۆدێرنی ئەم سەردەمەی کوردییەوە.

باس کردنێکی مەیدانی لە سەر کەسایەتی حەمەئامان نیشانەی هونەرمەند بوون و دەنگێکی جیاواز و ڕەسەنی کوردییە. چونکە ئەگەر حەمە ئامان خاوەنی دەنگ و شوناس‌و شێوازی تایبەتی خۆی نەبووبایە بێ شک ئێستا باسی لێوە نەدەکرا و لە ناوچەدا دەنگی دیار نەدەبوو. دیارە هەر هونەرمەند و یان ئەدیبێک لە هەر جۆرە ژانرێکی ئەدەبی و هونەریدا ئەگەر خاوەن ڕێچکە و ئوسلووبی خۆی نەبێ لە ناخی بیرو هزری کۆمەڵگادا ون دەبێ و مۆمی هونەری بوونی دەکوژێتەوە. کە وایە هونەرمەندی ئەمڕۆ دەبێ لەسەر لەحن و تۆنی دەنگی هونەرمەندانی فۆلکلۆربێژ جەخت و فۆکووس بکەن و بۆیان ببێتە باگراوەندێکی ئەزموونی هونەری. یەکێ لە خاڵە هەرە بەرچاوەکانی هونەرمەندی فۆلکلۆربێژ» بەرپرسیاربوونە»، بەرپرسیار لە بەرانبەر زمان و دەنگ و بەیانی لەحن و ئەدای گۆرانی و دەنگی ڕەسەنایەتیدایە. هونەرمەندی ئەمڕۆ دەبێ بە کردەوە بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە نەتەوەکەی خاوەن باگراوەندێکی نەریتی و فۆلکلۆری مەزن و گرانە و بە کردار و پراکتیکانە هەنگاوی شێلگیرانەی بۆ هەڵگرێ و باوەڕی بەوە هەبێ ئەو کەسایەتیانە سێلبریتی هونەری وئەدەبی و ئوستوورەیی ئێمەن و ئیش و بەرهەمی ئەوان لە سەر بزاڤی گۆرانی و موزیکی کوردی باندۆڕی ئەساسییان هەیە و بە شانازییەوە پشتیان پێببەستین.



ڕێبوار حەمەتۆفیق ـ سلێمانی

# دابەشبوونی جوگرافیایی هەقەکان لە سلێمانی

کوردستان، شوێنی چەندین ئایین و ئایینزا و تەریقەتی جیاوازە. دانیشتووانەکەی، بە زۆرینە موسوڵمانن و چەند قوتابخانەیەکی سۆفیگەریی ئیسلامییان هەیە. مەولانا خالیدی کوردی یان شارەزووری (١٧٧٩ - ١٨٢٦) تەریقەتی نەقشبەندی تێدا بووژاندوونەتەوە.

کۆمەڵی هەقەکان، وەک ڕێچکەیەکی تەریقەتەکە، لە دامەزرێنەرەکەیانەوە(شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) (١٨٧٢- ١٩٤٢)بەزنجیرەی ئیرشاد و بە حەوت کەس تا (شێخ ئەحمەدی سەردار)دەچنەوە سەر مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

لەنێوان کوردانی کۆمەڵی هەقە و ئەهلی هەقدا، جیاوازییەکی زۆری ئایینزایی و جوگرافی هەیە، بە جۆرێک لە هەندێک شوێندا، ئاوێتەی یەک دەکرێن و هەڵەتێگەیشتن درووست بووە. بەشێوەیەکی گشتی، کۆمەڵ یان ڕێباز و بزووتنەوەی هەقەکان، دەکەوێتە سنووری جوگرافیای وڵاتی ئێراق و ئەهلی هەق یان عەلەوییەکانی زاگرۆس دەکەوێتە سنووری وڵاتی ئێرانەوە.

هەرچی دابەشبوونی جوگرافیایی هەقەکانیش هەیە، بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانییەوە و ناتوانین بە شێوەیەکی سەرپێیی سنووری دابەشبوونی جوگرافی بۆ دیاری بکەین، هەروەکو چۆن بە هەڵە بە چەند ناوچەیەکەوە گرێ دەدرێنەوە و دەوترێت: هەقەکانی)سوورداش، کەلکەسماق، سەرگەڵوو، یان شەدەڵە و...)چونکە ڕەوتی مێژوو و گۆڕانکارییەکان سنوورەکەیانی گۆڕیوە، بۆ نموونە: بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری دوای ساڵی ١٩٨٨و هەڵمەتی ڕاگواستنی خراپەکاری ڕژێمی بەعس، شوێنی زۆرێکیانی گۆڕیوە و نیشتەجێی ئۆردووگا زۆرەملێکانی کردوون، یان ئەو کەرتبوونەی کە لەناو خۆیاندا و لە پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم هاتە کایەوە و بوون بە سێ پارچەوە: باڵی (مامەڕەزایی، حەمەسووری و حەمە ئاغایی)، و لە هەندێ شوێنی وادا گیرساونەتەوە کە خەڵکانی تری لێ نیشتەجێ بووە کە هەقەیی نەبوون. درووست کردنی بەستی دووکانیش هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی هەندێ لە گوندەکانی هەقەنشین ببن بەژێر ئاوەوە.

لە ناو ئەو نووسراوانەی کە لە سەر شوێنی نیشەجێ بوونی هەقەکان نووسراون، هەندێکیان سنووری جوگرافییان بۆ چەند شوێنێکی کەم بچووک دەکەنەوە، بۆ نموونە لە ئینسایکلۆپیدیای گشتیدا هاتووە کە (تەنها لە ناوچەی سووورداشی نزیک شاری سلێمانی و چەند گوندێکی کەرکووکدا، بڵاوبوونەتەوە.)بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، سنوورەکە زۆر لە ئەمە زۆرترە و بەربڵاوترە و تەنانەت پەڕیوەتەوە بۆ سەنتەری پارێزگای هەولێر، لە شارۆچکەکانی تۆپزاوا، بەنی سڵاوە و قەزای کۆیە و دێهاتەکانی، لە ناحیەی تەقتەقیش. هەروەها لە: تۆربە، گەڵنێری، سارتکە و کلکە سماق، لە ناوچەی شوان شێخ بزێنی و دێهاتی قەڵاسێوکە، ئاغجەلەر، ناوچەی سووورداش و خەلەکان، کۆیە دیوی خەرابە و قازی بەگیان و کڵێسە تا دەچێتەوە ساتوقەلا و بازیان، لە ناو جافەکانی خوڕخوڕە یاخیان، کوێرەکانی، شارستێن لە بنگرد لە ناوچەی قەڵادزە، سەنگەسەر، بەستەسێن، ڕانیەش هەن.

دوای درووستکردنی بەستی دوکانیش و دوای ئەوەی دێهاتی هەقەنشین وەک دێهاتەکانی‌تری ناوچەی بتوێن و شوێنەکانی‌تری حەوزی دووکان بوون بەژێر ئاوەوە، دانیشتووانی دێهاتەکانی تۆربە و گەڵنێری و دێهاتی ناوچەی بنگرد و خۆشاو و مەلا هۆمەر و خەڕەکرێسە ئەمانەیان هێنایە بەکرەجۆ، لە ئەوێ زەوی و ئاویان درایە و ناونران (بەعراوییەکان – بەحراوییەکان)واتە ئەوانەی بوون بەژێر ئاو (بەحر)ەوە، کە مەبەست لە زێی حەوزی دووکان بوو کە گوندەکانی میرزاڕۆستەم خۆیی و دێهاتەکانی: تۆربە، گەڵنێری، مەلاهۆمەر و کەم و زۆر لە زەوی دێهاتی خدران و قوڕاله و دەشتی بتوێن و گەلێک شوێنی تر... بوون بە ژێر ئاوەکەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لێرەو لەوێ لە: دۆڵی جافایەتی، ناوچەی ئاغجەلەر، مەرگە، پشدەر، بتوێن، عەسکەر، دەشتی کۆیە، گەرمیان و کەرکووکیش نیشتەجێن.

هەندێکیش لە ئەم سنوورەدا زیادەڕەوی دەکەن و شوێنی‌تر دەخەنە سەر سنووری هەقەنشینەکان کە دوورە لە ڕاستییەوە و لەگەڵ بابەت و بیروباوەڕی تردا تێکەڵی دەکەن و دەڵێن: هەقەکان لە زۆر ناوچەی کوردستاندا هەن و لە کوردستانی ئێران و ناوچەی سلێمانی و سەرگەڵوو و دووکان و هەولێر و کەرکووکیش، کە وەک ترا، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم هەڵەیە، تێکەڵکردنی کۆمەڵی هەقە و ئەهلی هەق بێت.

بەکورتی دەتوانین پشت بە بۆچوونەکانی(شاکیر فەتاح) ببەستین کە پێی وایە: هەقەکان، بەهەموو لایەکی کوردستانی ئێراقدا بەتایبەتی بە ناو بەشی سۆراندا بڵاوبوونەتەوە. هەر لە سنووری قەزای چەمچەماڵ‌دا لە نزیکەی٣٥ گونددا نیشتەجێ بوون. لە سنووری قەزای ڕانیەش‌دا دوو سێ گوندێکیان هەبووە. لە هەموو ئەمانەوە تێدەگەین کە سنووری دانیشتووانی هەقە، بەشێوەیەکی گشتی کەوتووەتە ناوچەکانی دەوروپشتی دەریاچەی دووکانەوە و بە چڕی بە پارێزگای سلێمانی‌دا بڵاوبوونەتەوە و لە سەنتەری هەر دوو پارێزگای کەرکووک و هەولێریش‌دا هەن، ئەمە جگە لەوەی لە چەند ناوچەیەکی زۆر کەمی ئەم دوو پارێزگایەش‌دا، نیشتەجێ بوون.



# وێژەوانانی موکریان

بەشی ١١

سەید نووح عینایەتی(نەبەز) - مەهاباد

بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن. لە ئەم ژمارەیە:
١- محەممەد مامڵێ ٢- عەرەب‌عوسمان ٣- قادر سیاحی

## محەممەدی مامڵێ



دڵە! وا شاری مەهابادە وەرە!
کابەتە، ڕووگەتە، کڕنووشێ بەرە!
تۆزێ لەو خاکە بە سەر خۆتا کە
تۆزی پیرۆزە لە دنیا تاکە
تۆزی چاوی دڵی نابینایە
لێرە کل بوو کلەکەی سینایە
لە چ جێ ناوی مەهاباد بێنی
بۆ هەموو چاوێ بەرز دەنوێنی (هەژار)

مەهاباد! ئەو شارەی لە هەر شوێنێکی کوردی لێ بژی، فەخر و شانازی بەدوودا دێ و بە چاوی حورمەت و ڕێز و گەورەیی لێی دەڕوانن. شارێک کە گەلێک مەزنەپیاوی ئایینی و سیاسی و ئەدەبی و هونەری لە بێشکەی خۆیدا پەروەردە کردووە و وەک کانگایەکی ڕۆشنبیری و هونەری و... هۆی سەرفەرازی نەتەوەیەکی وەئەستۆگرتووە. لە هەر جێیەک باسی مەهاباد بێتە گۆڕ، شێعری وەفایی و هێمن و هەژار و چریکەی دەنگی جاویدانی مامڵێ دەبنە گوڵی مەجلیس و شانازی دەخولقێنن. محەممەدی مامڵێ ئەو تاقانە دەنگخۆشەی کە هیچ کوردێک نییە بیرەوەرییەکی لە دەنگی نەبێ و هیچ ئاشقێک نەبووە لە بێشکەی سۆزی گۆرانییەکانیدا دڵی ڕانەژابێ. بنەماڵەی مامڵێ یەکێک لە ڕەسەنترین بنەماڵەکانی مەهابادن کە لە نیعمەتی دەنگێکی خۆش و خوداداد بەشدارن و دەتوانین بڵێین هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵە خۆشەویستە لە ژن و پیاو، کەم و زۆر لەو نیعمەتە بێبەش نین و لەو نێوەدا دەنگی کاک محەممەدی مامڵێ و توانای باڵای هونەری گۆرانی‌بێژ ی گەلێک جیاوازە و وەک مانگی نێو ئەستێران لە شەوی دڵاندا دەدرەوشێتەوە.

محەممەدی مامڵێ کوڕی مام عەلی کوڕی مام سەعید، جۆزەردانی ١٣٠٤ی هەتاوی لە شارە هونەرپەروەرەکەی مەهاباد لەدایکبوو. ساڵی ١٣١٠ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەعادەت دەست پێکرد کە حەیف و مخابن بە هۆی بێدەرەتانی و تەنگ و چەڵەمەی ڕۆژگار نەیتوانی لە پۆلی شەشی سەرەتایی زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. بەڵام بەهرەی دەنگخۆشی و زاتی هونەریی ئەو مەزنەپیاوە زۆر زوو خۆی دەرخست و کەوتە بەر دڵ و سەرنجی کەسایەتییە هونەرییەکان و هەروەها هەموو خەڵکی کودستان.

ئەو بنەماڵەیە و بەتایبەت مامۆستا محەممەدی مامڵێ لە شاری مەهاباد کۆڵەکەی سەرەکی دەنگ و ئاواز و گۆرانی ئەم ناوچەیەن و بە هۆی چالاکی و زەحمەتەکانی ئەو هونەرمەندە، گەلێک ئاهەنگ و سۆز و ئاوازی ڕەسەن لە فەوتان ڕزگارییان هات و گەنجینەی هونەری کوردستانیان پێ دەوڵەمەند بوو. بەتایبەت قەتارەکانی مامڵێ کە سەرچاوەکەیان لە حەزرەتی وەفایی شاعیری بێ وێنەی ئەم شارە و غەزەلە بێ وێنە و بەسۆزەکانیەتی، لە ڕەسەنترین مەقامەکانی کوردین کە ئەگەر هەوڵی ئەو هونەرمەندە نەتەوەییە نەبا، دەفەوتان و بەیەکجاری لەناو دەچوون.

کاک محەممەدی مامڵێ جگە لەوەی کە وردبینانە لەسەر ئەو ئاهەنگە ڕەسەنانە کاری دەکرد و خەمی لێدەخواردن، لە لایەکی تریشەوە ڕوح‌سووک و قسە خۆش و خۆشەویستی هەموو چین و توێژەکانی شار بوو و بۆ حەساندنەوەی دڵی خەڵکی شار وێڕای کۆمەڵێک گەنج لاوی وەک، حەسەن مامڵێ، خەلیل سەدیقی و مەلا حوسێن عەبدوڵلازادە و... کە هەموویان دەنگخۆش و هونەرمەند بوون دەیانچریکاند و تۆزی خەم و خەفەتیان لە دڵان دەتاراند.

ساڵەکانی ١٣٣١- ١٣٣٨ کە بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەرتەشەوە ڕادیۆیەک لە مەیدانی ئاسنگەرانی مەهاباد بە بەرپرسیی سەرهەنگ ڕادپوور دامەزرا، بە پێشکەشکاری هونەرمەندی نەمر سەید ڕەحیم قورەیشی بەرنامەیەک بە ناوی «گوڵان» لە شەوانی پێنج شەممەی هەر حەوتوویەک بەڕێوە دەبردرا کە بە خوێندنەوەی شێعر و وتار لە لایەن نەمر سەید ڕەحیم و گۆرانی خوالێخۆشبوو کاک محەممەد مامڵێ دەڕازاوە و ئەو بەرنامەیە تا ڕادەیەک بوو بە هۆی ئەوەی دەنگی خۆش و بلاوێنی مامۆستا محەممەدی مامڵێ بپارێزێ و میوانی ماڵی ئاشقانی ئەو سەردەمە بێ.

مامۆستا مامڵێ وێڕای ئەوەی بەهرەیەکی زۆری لە حەزرەتی وەفایی بردووە، سوودێکی زۆریشی لە ئاوازەکانی خوالێخۆشبوو حاجی هاشمی نانەوازادەگان بردووە و شێعرەکانی مامۆستایان هێمن و هەژاریش ڕەنگدانەوەیان لە گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندەدا هەبووە کە بەتایبەت کاتێک گوێ دەدەیە گۆرانی هەواری خاڵی و هەروەها کورتەچیرۆکێکی مامۆستا هێمنیش هەر بەو ناوە دەخوێنییەوە، هەست دەکەی بینەری شانۆیەکی جیهانی شێکسپییەرێکی کوردیت و کار لە ناخی دڵ و دەمارت دکەن. جێی خۆیەتی یادێک لە ڕەوانشاد

دوکتور هاشمی شیرازیش بکەین کە شێعری «زەمانە گوڵێکی دامێ لێی سووتاندم... » بوو بە یەکێک لە ئاهەنگە خۆشەکانی ئەو زاتە هونەرییە.

سەرەنجام مامۆستا محەممەدی ماملێ دوای بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی فەرامۆشی (ئالزایمێر)، لە ڕێکەوتی ١٣٧٧/١١/٣ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و لە سەر شانی ئەویندارانی دەنگە ڕەسەنەکەی لە گڵکۆی هونەرمەندان و شاعیران بە خاک ئەسپێردرا و بوو بە جیرانی نەمران هێمن و هەژار.

## عارەب عوسمان و هێندێک بیرەوەری



هەولێری مەزن کە بە شاری قەڵا و منارە و شاری هۆلاکۆبەزێن ناودێرە، لە لایەکی ترەوە مەڵبەند و سەرچاوەی حەیرانە، ئەو ژانرەی کە مۆرکی ڕەسەنی کوردایەتی پێوەیە، لە هەولێرەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ هەموو ناوچەکانی تر پەلی هاویشتووە. حەیران نە کاری هەموو کەسە و نە هەر دەنگێک بۆ حەیران دەبێ. حەیران یانی میراتی هونەریی ئەدەب و مۆسیقایەکی گەلێک تایبەتی چەندین سەدەی ئەو نەتەوەیە کە سینگ بە سینگ خۆی پاراستووە و وێنەی گەنجێکی گرانبەهای لەمێژینە کەوتووەتە دەستمان کە دەبێ بە گیان و دڵ بیپارێزین و خەمی لێبخۆین و پەرەی پێبدەین.

گەلێک دەنگی خۆش و سیحراوی و گەلێک هونەرمەندی بەتوانا لە دەریای پڕ گەوهەری حەیراندا بوونەتە مەلەوانێکی بەتوانا و ڕووح و دڵی ئێمەیان ڕاچڵەکاندووە و بەرەو ئاسمانانی بێبنی جوانی و خەیاڵ بردووە. یەکێک لەو دەنگخۆشانەی کە ماوەیەک لەمەوبەر میوانی شاری مەهاباد بوو و چەند شەوێک لە خزمەتیدا بووین عارەب عوسمانە کە بۆ هیچ کەس نەناسیاو نییە و هەر کەسەی بیرەوەرییەکی لەو دەنگە زوڵاڵە هەیە. ئەوەی لێرە پێشکەشتان دەکرێ لە زمانی شیرنی خۆیمان بیستووە و بۆخۆی ئاوای باسی ژیانی هونەریی خۆی کردووە.

مامۆستا عارەب عوسمان کە بە تەنیا عارەبیش ناوبانگی دەرکردووە کوڕی عوسمان حەیرانە کە یەکێک بووە لە حەیرانبێژە بەتواناکانی دەشتی قەراج و هەولێر. عارەب عوسمان ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر پێی ناوەتە دنیا و لەو شارە فرچکی گرتووە و ئێستاش هەر نیشتەجێی ئەو شارە و ئەو گەڕەکەیە. عارەب لە ساڵی ١٩٧٠ وەک قوتابییەک لە خزمەت هونەرمەندی بەتوانا مامۆستا وریا ئەحمەد کە ئەوکات لە ڕادیۆ کوردی بەغدا دەنگی تۆمار کردووە ئەزموون کۆدەکاتەوە بەڵام بە گوتەی خۆی هونەرمەندی بلیمەت واتا ڕەسووڵ بێزار گەردی لەگەڵ هونەرمەندانی سەردەمی خۆی (جەلال سەعید، بورهان خۆشناو، نەجمەددین ئاوارە، نیزام شوکر، قادر زیرەک) بڕەوی زیاتریان بەهونەرەکەیان داوە و هاتوونەتە مەیدان.

عارەب عوسمان چوار وەرزی ساڵ بە جلی کەشخەوە دەبینرێ، بەردەوام قاتێکی بوزوو و پەستەکێک لەبەر دەکات و پشتێنێکی سپی گوڵ گوڵی بە شلی دەبەستێ. هەرچەند بە ڕیتمی خێرا و خاو گۆرانی دەڵێ بەڵام ناوبانگی بە حەیرانبێژ دەرکردووە و بە گوتەی خۆی: « باوکم و مامەکانم لە دەشتی قەراج و کەندێناوە حەیرانبێژی ناودار بوون، بۆیە ١٩٨٢ مامۆستایانی میووزیک ئامۆژگارییان کردم کە وەکوو ڕەسووڵ بێزار گەردی دەست بە حەیرانبێژی بکەم، ئەو بۆشاییەی لە هەولێر لە بواری حەیران هەیە پڕی بکەمەوە، بۆیە لەو کاتەوە حەیران دەڵێم، ڕاستە باوکم حەیرانبێژ بوو، بەڵام من زیاتر بە حەیرانەکانی ڕەسووڵ گەردی سەرسام بووم و لەژێر کاریگەری حەیرانی ئەودابووم، ئێستاش دەڵێن ئەگەر حەیرانەکانی عارەب عوسمان نەبووایە دوای هەشتاکان حەیرانی هەولێر تۆزی لەسەردەنیشت».

مامۆستا عارەب عوسمان پێی وایە لاوک و حەیران جیاوازییان زۆرە و ئەگەر لاوک لە سلێمانیش بگوترێت دەبێ تێکستەکە هەر بە کرمانجی بێ. لاوک زیاتر داستان و مێژووی سەرکردە و مێرخاس و عەگیدان دەگێڕێتەوە، بەڵام حەیران زیاتر لە سەر عاشقان و ئەویندارن و هەندێ جار لەسەر سوارچاکانیش دەگوترێ و خۆی گوتەنی حەزێکی زۆری لە لاوکە و: « زۆر شەیدای لاوکم، بەتایبەتی لاوکەکانی محەممەد عارف و حەسەن جزیری، هەروەها لاوکەکانی خەلیل باکۆزیم زۆر بەدڵە، لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد عارف بەشداری زۆر دانیشتنمان کردووە و گۆرانی و لاوکمان بەیەکەوە گوتووە، بەتایبەتی لە ئاهەنگە تایبەتییەکان. زۆربەی لاوکەکانی محەممەد عارفم لەبەرە».

ئەو مامۆستایە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ منداڵەکانیشی دەنگیان خۆشە ئاوا دەدوێ: « بەڵێ دەنگیان زۆر خۆشە، بەڵام لێناگەڕێم گۆرانی بڵێن، چونکە من لە ژیانی هونەریدا زەحمەتی زۆرم بینیوە، بۆیە حەز ناکەم منداڵەکانم لە کاری هونەری نزیک ببنەوە». ئەو هونەرمەندە مەزنە وەک بۆخۆی دەڵێ: لە زۆربەی وڵاتان لە ئەورووپا، ئەفریقا و ئەمریکا کۆنسێرتم کردووە، لە ئەورووپا تەنیا لە نەرویج کۆنسێرتم نەکردووە، لە چەند وڵاتێکی عەرەبیش کۆنسێرتم هەبووە. لە ئێران و تورکیا و سووریاش گۆرانی و حەیرانم گوتووە. کاکە حەیرانم لە هەموو دنیا گەڕاندووە و بڵاوکردووەتەوە. هەرچەند لە ئورووپا داوایان لێکردم بمێنمەوە بەڵام من هەولێرم زۆر خۆشدەوێت، ئەو کاتەی لە پاریس کۆنسێرتمان هەبوو، گوتیان مەگەڕێوە هەولێر، منیش گوتم هەموو شەقامی شانزەلیزێ ناگۆڕمەوە بە گەڕەکێکی هەولێر. پاریس و سەدان شاری ئەورووپا بە قوربانی هەولێرێ دەکەم». کەلامی ئاخر ئەوەیە کە عارەب عوسمان هەرچەندی بڵێی ڕووحسووک و ڕەزا شیرین و قسەخۆشە و ئەوەندەی لە مەهاباد میوانی ئێمە بوو گەلێک بە هاونشینی سەرسام و خۆشحاڵ بووین و وەکوو بیرەوەرییەکی لەبیرنەکراو لە ژیانمان تۆمارکراوە. هەر لێرەوە سڵاوی گەرمی بۆ دەنێرین و داوای تەمەنێکی لێوڕێژ لە سلامەتی و سەرکەوتنی بۆ دەکەین و هیوادارین دیسان میوانمان بێ و لە خزمەتیدا بین و لە وجوودی مەزنی بەهرە ببینین.

# قادر سیاحی



دەنگێکی زوڵاڵ و پڕسۆز کە چریکەکانی کار لە ناخی دڵ دەکەن، سەردەمێک لە توێی گۆرانی ئەویندارانەوە پیر و لاویان دەهەژاند و ئاوپڕژێنی باخچەی دڵانیان دەکرد و ویردی زمانی ئاشقان بوون، ئێستا لە قاقڕی ستەمکاری بێ ڕەحمی زەمانەدا کپ و خامۆش بووە و تازیەداری مەرگی ئاواتەکانییەتی. ئەو هونەرمەندەی سەردەمێک کۆڕی دڵانی بە دەنگی بلاوێنی خۆی دەرازاندەوە، ئێستا لە سووچی خەمباریی خۆیدا وەک مۆمێکی تەنیا، دڵۆپ دڵۆپ دەتوێتەوە و چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدایە. بەڵێ ئەو هونەرمەندە خۆشەویستەی کە بە هۆی چەرخی چەپگەرد و ئەمەگنەناسی کۆمەڵگا لە تاراوگەی بێکەسیدا ناهومێدانە ژیان بەسەر دەبا کەسێک نییە جگە لە مامۆستای خۆشەویست و دەنگخۆشی کەم وێنە سەید قادری سەیاحی. بە داخێکی گرانەوە مامۆستا سەیاحی ساڵانێکە هەردووک گوێی لە نیعمەتی بیستن بێبەش بووە و تەنانەت سریوەیەکیش نابیستن. لە سەفەرێکدا کە میوانی ماڵی ئێمە بوون هێندێک پرسیارم بە نووسراوە لە خزمەتیان دانا کە سەرنجی ئێوەی هێژا بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.

سەرەتا خۆشحاڵ دەبین خۆتان بناسێنن.

و: من سەید قادری سەیاحی، ناوی باوکم سەید محەیدین و ناوی دایکیشم ئایشێ سەردەشتییە کە لە ٢٢ی چواری ١٣٣٠ی هەتاوی لە گەڕەکی ڕەزگەیانی شاری مەهاباد چاوم بە دنیا پشکووتووە.

مامۆستا گیان بۆمان بفەرموون چۆناوچۆن بوو تێکەڵ بە دنیای هونەری مۆسیقا بوون؟

و: ڕاستییەکەی خوداڵێخۆشبووی باوکم کە بەداخەوە تەمەنم شازدە ساڵ بوو کە بە ڕەحمەتی خودا چوو، دەنگی خۆش بوو و ئاهەنگ و ئاوازی زکری دەروێشانی زۆر چاک دەگوت و منیش حەزم لێبوو وەک ئەو خۆم بەتاقی بکەمەوە. هەستم دەکرد دەنگم خۆشە و هەمیشە زەمزەمەیەکم لە سەر زار بوو و لاسایی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ م دەکردەوە و بۆ یەکەم جاریش لە تەمەنی ٩ ساڵیدا کە لە قوتابخانەی سەرەتایی سەعادەتی شاری مەهاباد دەرسم دەخوێند، لە خزمەت مامۆستایان و بەرپرسانی ئەم قوتابخانەیە گۆرانیم کوت کە کەوتە بەر دڵیان و زۆریان پێخۆش بوو و گەلێکیان هان دام و تەشویقیان کردم و چاکم لەبیرە ٢٠ تمەنیشیان خەڵات کردم و بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار لە بەرامبەر چەند کەسدا خۆم بەتاقی کردەوە. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەردەوام هەوڵم دا کە لەو بوارەدا خۆم بەهێزکەم. پاشان کە لە قوتابخانەی محەممەدڕەزاشا دیپلۆمەکەم وەرگرت، لە نێو پێنسەد کەسدا تەنیا من وەکوو خوێندکاری زانکۆی هونەرە جوانەکان وەرگیرام و دەرسی مۆسیقام بە شێوەی زانستی خوێند. پاشان لە ئەڕتەشدا دەستم بە کارکرد و ساڵانێکی زۆرم لە بواری هونەری مۆسیقادا چالاکی کرد و ماوەی دە ساڵیش هاوکاریی ڕادیۆی ورمێم کردووە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە یەکێک لەو مامۆستایانەی کە زۆری شت لێ فێر بووم کەسێک بوو بە ناوی ئاغای فەخری خەڵکی تەورێز بوو و لێرەوە ڕێز و حورمەتی ئەوتۆی خۆمی پێ دەگەیەنم و ئەگەر ماوە دەستی ماچ دەکەم.

مامۆستا گیان وەک بزانین جودا لە دەنگی خۆش و گۆرانییە جوانەکانتان، لە چەند سازانیشدا ژەنیارێکی بەتوانان، تکایە لەو بارەوە قسەمان بۆ بکەن.

و: بەڵێ وایە و لە ژەنینی کلارینێت، ساکسیفۆن تێنۆر، ساکسیفۆنی ئاڵتۆ، فلووتی کلیددار و زەرب و جازدا.

مامۆستا گیان لە بارەی بەرهەمەکانت قسەمان بۆ بکە بەتایبەت ئەوانەی دەنگیان داوەتەوە.

و: بەڵێ هێندێک لە گۆرانییەکانم وەکوو «یارەکەم مریەمی ناو بوو»، «کیژی مەهابادی»، «تۆی نازەنینم» و بە گشتی ئەو کاسێتە زۆر چاکی ناو دەرکرد و ئەوانە بەرهەمی خۆشی دەورانی هونەری منن کە هەم ئاهەنگ و هەم ڕێکخستنەکەیان کاری خۆم بوون کە توانیان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا جێی خۆیان بکەنەوە.

مامۆستا لەبیرتانە چەند کۆنسێرتتان تا ئێستا بەڕێوە بردووە؟

و: ناوەڵڵا لە بیرم نییە چەند کۆنسێرت بوون بەڵام لە ئێران کە زۆرم کۆنسێرت هەبووە و لە دەرەوەش لە وڵاتانی ئینگلیس و تورکیا و ئاڵمان بەرنامەم بەڕێوە بردووە بەتایبەت لە ئینگلیس زۆر چاکیان پێشوازی لێکردین و تەنانەت فەرمانبەرەکانی سفارەت بەگشتی گەلێکیان وێنە وەک یادگاری لەگەڵ کێشاین.

مامۆستا گیان دەزانم نابێ زۆرت کات بگرم و بۆ ئەوەی کە تووشی ماندووبوونت نەکەم پرسیاری ئاخرم دەدەمە دەست ئێختیاری خۆتان کە چتان پێخۆشە بیفەرموون.

و: تکایە خۆشحاڵم لە خزمەتتاندام و دڵم ڕوون دەبێتەوە. نازانم بڵێم چی. مامۆستا هێمن دەفەرمێ هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە. منیش گەلێکم دەرد و نەهامەتی دیتووە و ئەو کاتانەی لە ئەڕتەشدا بووم زۆرم ئەوشار ئەوشار کردووە و تا ئەوکاتەی بە داخوازی خۆم ئەرتەشم جێهێشت لە زۆر شاری وەک مەهاباد و شیراز و زۆرتریش لە ورمێ خزمەتم کردووە و ئێستاش لە شاری خۆیە نیشتەجێم. لە دوازدە ساڵ لەمەوبەرەوە بە هۆی نەخۆشییەکی سەخت تووشی ناژنەوایی بووم و هیچ شتێکم گوێ لێ نابێ و ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ژیانێکی تاڵ و پڕ لە چەرمەسەریم تووش بووە و چێژ لە هیچ شتێکی ژیان نابینم و هەست دەکەم لە نێو گۆڕێکی تەنگ و تاریکدا دەژیم. زۆرم بەرهەمی ئامادە هەیە کە بە هۆی ئەو نەخۆشییە داخیان لە سەر دڵم ماوەتەوە و تەنیا ئاواتم ئەوەیە بەر لە مردنم گوێچکەکانم چاک بنەوە و بتوانم دەنگی ئاسمانی ساز و ئاوازەکان ببیستم و ئەو بەرهەمانەم پێشکەش بە نەتەوەکەم بکەم.

## کەریم ڕەحمانی ـ بانە

## وتووێژ لەگەڵ محەممەد ناهید



### هونەرمەندی گۆرانیبێژ مۆسیقار وێنەکێش، ئەکتەریشانۆ و سینما، تارساز و دانەری قامووسی کوردی- کوردی/ فارسی مامۆستا محەممەد ناهید



پرسیار: سەرەتا خۆتان بناسێنن! مامۆستا محەممەد ناهید کێیە؟ چۆن هۆگری ئەو گشتە هونەرە بوون؟

مامۆستا: کەسێکی زۆر ئاساییم و لە ساڵی١٣١٨هەتاویدا لەشاری سەقز هاتوومە دنیا و لە گوندی سلێمانکەندی و قۆڵەبڵاغی لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند و هونەرپەروەردا ژیاوم و هەر لە مێرمنداڵییەوە پڕۆڤەی نیگارکێشانم لە خزمەت ئوستادی مەزنی نیگارکێش (فەیزوڵڵا خانی ناهید)ی باوکمدا دەسپێکرد ماوەیەک بەقەڵەم ڕەساس پاشان چوومە سەر ڕەنگی ڕەوغەن. لە تاران سێ ساڵ لەخزمەت ئوستاد نەجمئابادیدا درێژەم بە پڕۆڤەی نیگارکێشان دا٠ساڵی ١٣٣٢ دەستمکرد بە پڕۆڤەی ژەندنی تار و پاییزی ١٣٣٢ لە شانۆیەکدا کە ئاغای مەحموودی مەحدوود لە هۆڵی دەبیرستانی شاپووری شاری سەقز وەڕێی خستبوو لە پێشپەردەی شانۆکەدا کە ئەوکات (نومایش)یان پێدەگوت گۆرانیم گوت و تاریشم لێدا، ئەمە لە حاڵێکدابوو کەزۆربەی دانیشتوانی ناو هۆڵەکە نەیاندەزانی ناوی ئەو ئامێرە کە من دەیژەنم چییە٠بۆزانیاری خوێنەری بەڕێز پێویستە بڵێم خوشکی ئاغای مەحدوود بە ناوی فاتمەی مەحدوود هەوەڵین ژنێک بوو کە کەمانی دەژەند و من لە مەدرەسە فێرخوازی بووم و هاوسێشمان بوو. زۆر جار دەهات و گۆرانیم بۆ دەگوت و ئەویش کەمانی لێدەدا و هیچکات دلۆڤانییەکانیم لەبیر ناچێ٠هەروا کە ئاماژەم پێ کرد گوندی سلێمانکەندی ملکی باوکم و ٥ مامەم بوو بەهەموویان دیوەخانێکیان هەبوو کە زۆرجار پێکەوە لەوێ ڕایاندەبوارد و زۆرجار میوانیان هەبوو و نان وخوانیان لەماڵەکانیانەوە بۆدەهات و بەدەوری یەکەوە دادەنیشتن و شێعر و ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقا دەهاتە ئاراوە٠مامەی گەورەم عەبدوڵڵاخان (ئیفتیخار)لەساڵەکانی١٣١٦ هەتا ١٣٢٠ سێ دەورە نوێنەری شارەی سەقز و بانە بوو لە مەجلیسی شۆرای میللی و لەتاران فێری نیگارکێشان و تارژەندن بوو. کاتێ هاتەوە تارێکی (شیراز)ێشی هێنابۆوە کە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا قادری عەبدوڵڵا تۆقە لەسابڵاغ لە ساڵداتێکی ڕووسەوە فێری ژەندنی تاری قەفقاز بوو.

(بە ڕیوایەتی ژنەکەی)هەوەڵین تاری شیرازێ ساڵی ١٣٢٠ کە هاتە کوردستان مامە ئیفتیخارم هێنای، لە جاجمێکی دەپێچێ و بێ ئەوەی کە لەسەقز بیکەنەوە دەیبەن بۆ گوندی سلێمانکەندی و لەژێرزەوینێکدا دایدەنێ و بە شێوەی نیانی گشت براکانی فێری تارژەندن دەکا (لەبەر ئەوە جەماوەر تارژەندنیان پێ حەرام بوو)کە لەناو گشتیاندا باوکم دەبێتە تارژەنێکی پسپۆڕ و چونکێ هەموویان دەنگیان خۆش بووە و مۆسیقاریش بوون زۆر بەدرووستی گۆرانییەکانی کوردییان ئیجرا کردووە و گیانێکی تازەیان کردووە بە بەر مۆسیقای کوردیدا و دیوەخانی سلێمانکەندی بووە مەکتەبێکی تایبەتی هونەری٠ لەسەروبەندە دا خاتوئامین ناوێکی خەڵکی سلێمانکەندی کەپێشتر شووی کردبوو بە باوکی حەسەنزیرەک پاش مردنی مێردەکەی دەستی کوڕە دە ساڵانەکەی دەگرێ و دێتەوە بۆ سلێمانکەندی و داخوازدەکا لە مامە ئەحمەدم بەڵکوو کارێک بە حەسەنی کوڕی بسپێرێ وئەویش دەیکا بە مەیتەر. ڕۆژێک مامم دەچێ سەری بەهاربەند بدا گوێی لە دەنگێکی خۆش دەبێ، دەزانێ دەنگی حەسەنی لاوە، دەیباتە دیوەخان و دەیناسێنی بە براکانی و ئەوانیش گوێ لەدەنگی ڕادەگرن و هەموو دەیپەژرێنن کە دەنگێکی سێحراویی هەیە و دەستدەکەن بە پەروەردە کردنی و زۆر گۆرانی کوردیی فێر دەکەن٠بۆخۆم لە باوکمم بیستووە کە فەرمووی ڕۆژی واهەبوو دە گۆرانیمان فیردەکرد بۆ سبەینێ بەشێعرەکانییەوە لەبەری بوو و دەیگوتەوە و زۆر بە دەگمەن واهەبوو هەڵەیەکی بکردایێت٠دوای ئەوەیش بۆئەوەی دایمە لەبەردەستیاندابێ دەیکەن بە چاپەزی دیوەخان و لەورابوو کە هەتا دوارۆژی ژیانی چووە هەر شوێنێک هەر قاوەخانەی دانا و کارێک بوو کە هەوەڵین جار لەسلێمانکەندی فێری بوو٠ سەبارەت بەوە کە خاتوئامینی دایکی خەڵکی سلێمانکەندی بووە و خۆیشی لای مامەئەحمەدم بووە من گرتە ڤیدئۆیێکم هەیە کە لە کۆڕێکدا پیرەپیاوێکی خەڵکی سلێمانکەندی لەو بارەدا قسەی کردووە٠هەروا کەئاماژەم پێکرد ساڵی ١٣٣٢ لە پێشپەردەیەکی شانۆدا بەشداریمکرد بەڵام لەبەر لۆمەی جەماوەر تارەکەم دەدا بە حەماڵێک بیبا بۆ شوێنی شانۆکە و لەوێ لێم وەر دەگرتەوە٠

من لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا فێری مۆسیقا بووم ئەوکات بۆ هونەری نیگارکێشانیش هەروا دژوار بوو بۆ نموونە ڕۆژێک کۆلکە مەلایەک نامەیەکی بۆباوکم هێنا لەلایەن شێخی زەنبیلەوە کە لەگەڵ باوکمدا دۆستایەتییان زۆر خۆش بوو و نووسیبووی: بیستوومە پێشنوێژی گوندەکەتان نەماوە بەڵکوو ئەم مەلایە بکەی بە پێشنوێژ، باوکیشم دەستووریدا ماڵیان پێداو بەراتی بۆ بڕیەوە نیشتەجێ بوو٠چونکی ڕاسپاردەی شیخی زەنبیل بوو جارجار دەهاتە خزمەت باوکم، پاش ماوەیەک ڕووی کرابووەوە و گوتی ئاغا تۆ زۆر پیاوی چاکی بەڵام سەد مەخابن خۆت گرفتاری سزای قیامەت دەکەی و دەبێ لەو دنیا تەواوی ئەو نیگارانە زیندوو بکەیتەوە. ڕۆژێ سەیدی زەنبیل نامەیەکی بۆ باوکم نووسیبوو، داوای لێکردبوو بەڵکوو تابڵۆیەکی خۆتم بۆ بنێرێ. ئەویش بە منی گوت ئا خێرا مەلام بۆ بانگ کە. مەلام بانگ کرد و باوکم وتی ئەو نامەیە بخوێنەوە. مەلا وتی سەوادی فارسیم نییە، هەر عەرەبی قورعان ئەزانم خۆت بیخوێنەوە. باوکم وتی نابێ، بیبە کەسێ بۆت بخوێنێتەوە. لەوسەرۆ کە هاتەوە نامەکەی نابوو بە سەریۆ و ماچی ئەکرد. وتی ئاغا ببەخشە غەڵەتم کرد و ئیتر قسەی وا ناکەم. باوکم وتی جەریمەکەی ئەوەیە تابڵۆکە بگری بە کۆڵەوە و بە پیادە بیبەی بۆ خزمەت شێخ لە زەنبیل. مەلا وتی وەڵا پێشم خۆشە زیارەتێکیش ئەکەم. جا مەبەست ئەوەیە ئێمە لەوەها بارودۆخێکدا فێری نەققاشی و مۆسیقا و گۆرانی بووین.

ئەکتەر و دەورگێڕی لە شانۆ و سینەمادا: هەر وەک وتم هەر لە دەورانی قوتابخانەدا لە سەقز بەشداری نمایشنامەکانم دەکرد. دوایەش کە چووم بۆ دەبیرستانی نیزام لەوێش درێژەم پێدا. دوای ئەوە کە خانەنشین بووم لە یەکەم فیلم کە ناوی دەنگی دار واتا (صدای چوب) بوو و ئاغای ئەردەڵان دەرهێنەری بوو لە سەقز سازکرا دەورم گێڕا. دوایەش لەفیلمی ئاغای بەهمەن قوبادی بە ناوی «نیوەی مانگ» دەورم گێڕا. لەگەڵ ئاغای عەلیزادە لە فیلمێکدا دەورم هەبوو بە ناوی تفەنگی دوولوول. دوایەش سریاڵێکی ٣٧، ٣٦ بەشیدا دەورم گێڕا. ئەو زنجیرە فیلمە بۆ ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بوو. ئەویش ئاغای عەلیزادە دەریهێنابوو. لە فیلمی «بادکنک ها» دا و دوایەش لە زنجیرە فیلمێکی ٣٦ بەشیدا بەناوی (بەسەرهاتی ئەندازیار)دەورم گێڕا کە ئاغای چەمەن گوڵی دەرهێنەری بوو و بۆ tv سنە بوو. پاشان لە کورتە فیلمێکدا بەناوی باڵۆنەک و ئیتر پاش ئەوە لە هیچ فیلمێکی دیکەدا دەورم نەگێڕاوە. لە ساڵەکانی ١٣٤٠ی هەتاویدا کە لە تاران بووم هاتووچۆی زۆرم لەگەڵ ئاغای محەممەد قازی وەرگێڕی بەناوبانگ و دۆستانیدا هەبوو. جەلەسەمان بوو، شەوە شێعرمان بوو سەبارەت بە ئەدەبیات و شێعر قسە ئەکرا. دوای ئەوەش دەست بە مۆسیقا و گۆرانی ئەکرا. من لەو کۆڕانەدا

درگایەکی نوێم لێکراوە و هۆگری وشەی کوردی بووم. لە ساڵی ١٣٥٠دا کە گوێزرامەوە بۆ شاری خۆی، لە ساڵی ٥١ دا دەستم بە کۆکردنەوەی وشەی کوردی کرد و لە ساڵی ١٣٩١دا لە ئاکادمیای زمانی کوردی لە هەولێر «فەرهەنگی ناهید» کە چل ساڵ زەحمەتم پێوەکێشابوو چاپ کرد. دوای ئەوەش کتێبێکی ترم بە ناوی «بەرکوڵ» چاپ کرد. پاش ئەوەش فەرهەنگەکەم کرد بە دوو جلد و لە ١٦٠٠ لاپەڕەدا، شتێکی بە بایەخە بۆ لاوانی کورد.

پرسیار: ئایا هەر دوو کاسێت گۆرانیتان بڵاو کردەوە؟ چۆن تۆمارت کردن؟ دوایەش لەو پەڕی بەناوبانگیدا وازتان لە گۆرانی گوتن هێنا؟

مامۆستا ناهید: لەو کۆبوونەوانەی ساڵی ١٣٤٨ لە تاران دۆستێک کە لە ڕادیۆ ئێران کاری ئەکرد پێشنیاری پێکردم کە وەرە بۆ ڕادیۆی ئێران، ئێمەدەزگای چاکمان هەیە، ئاهەنگ بۆ خۆت زەبت کە. چووم بۆ مەیدانی ئەرک و لەوێ ٧، ٦ گۆرانیم تۆمار کرد بە ناوی خۆم و دوای ئەوە لەوێ پەخشیان کردەوە، ناردیان بۆ کرماشان. بەرنامەکان لە تاران تۆمار ئەکرا و ئەیان نارد بۆ کرماشان. بەردەوام گۆرانییەکانی من لە ڕادیۆ کرماشان بڵاوئەبۆوە. بێ ئەوەی بمهەوێ بوومە گۆرانیبێژ (بەپێکەنینەوە)

لە ساڵی ١٣٦٠ دا کە خانەنشین بووم دوو کاسێتی ترم پڕکردەوە کە هەر یەکێ دە ئاهەنگ بوو. یەکیان کەریمی تەڵایی تۆماری کرد و ئەوەی کەشیان چەند کەس بوون لە بۆکان بە شەریکی تۆماریان کرد. بە وتەی خودی ئاغای کەریم تەڵایی ڕەحمەتی تا ئەو وەختە هیچ کەس ڕیکۆردی فرۆشی ئەو نەوارانەی نەشکاندبوو. بە ڕاستی ئەچووم هەر ماڵێ نەواری منیان بوو. بیست ئاهەنگم لە لای کەریمی تەڵایی و لە بۆکان تۆمار کرد و لە ڕادیۆ ئێرانیش شەش ئاهەنگم پڕۆڤە کرد. خۆم نەمئەویست لە مەجلیس و شتا کە دۆستان دادەنیشتن و گۆرانیمان ئەوت دەنگم زەبت بکەن بەڵام بە دزییەوە زۆر ئاهەنگم زەبت کراوە.

بە دوو هۆ تەرکی گۆرانیم کرد یەکیان ئەوەبوو کەوتمە سەر نووسینی قامووس و وشە، بەڕاستی هەموو کاتی گرتم. ئیتر نەمئەتوانی درێژە بە گۆرانی وتن بدەم. دووهەم ئەوە کە گۆرانی و گۆرانی وێژی پویتەیەکی وایان پێنەداوە، من هەر لە ئەوەڵیشەوە پێمخۆش نەبوو، خۆم لێ ئەدزیەوە، من لە مەجلیسی خۆماڵی دۆستانەدا دادەنیشتم گۆرانیم ئەوت دەنا لە کۆڕ و هۆڵ و ئەو شتانەدا هەرگیز بەشداریم نەکردووە.

پرسیار: زۆرگۆرانی دوو قۆڵی مەجلیسی خۆتان لەگەڵ ڕەحمەتی مامۆستا محەممەد ماملێ بڵاوبۆتەوە، ئەوە چۆناو چۆن بوو؟

مامۆستا ناهید: بەڵێ لەگەڵ بەهەشتی کاک محەممەدی ماملێ دا زۆر شەوان و ڕۆژان پێکەوە بووین، یا ئەو دەهات بۆ سەقز بۆ ماڵی ئێمە یا من دەچووم بۆ مەهاباد بۆ ماڵی ئەوان. زۆر بیرەوەری خۆشمان لێی هەیە و گۆرانیمان پێکەوە وتوە. لەگەڵ کاک عەزیز شاهرۆخ پەنجا ساڵە دۆست و ئاوالین. جاری وابووە لەگەڵ ئەویش و فەیزنزادیش گۆرانیمان وتوە.

پرسیار: شارەزاییتان لە چەند ئامێری مۆسیقادا هەیە؟

مامۆستا ناهید: من لە ئەوەڵۆ سازم هەڵگرت دوای ئەوە کە گەرامەوە بۆ سەقز، وێڵۆنێکم دی هەڵواسرابوو چووم پرسیم ئەوە چییە؟ وتیان وێڵۆنە. عەبە کەمانچەم دیبوو کەمانچەی لێ ئەدا هەتا ئەوکاتە کەمان(وێلوون)م نەدیبوو بەڵام زۆرم حەز لێی بوو لەوڕا چووم و کڕیم بە پەنجاتمەن بەڵام نەمدەزانی چۆنی دەژەنن٠لەوەپێش دەستەی لۆتی وەهابم دیبوو کە عەبە کەمانچە لەو کۆڕەدا کەمانچەی لێدەدا و پێش ئەوە وێڵۆنەکە بکڕم بە شێوەی عەبە کەمانچە بە خەتکێش دەمهێنا بە سیمەکانی تاردا و دەمژەند کاتێکیش وێڵوونەکەم هێنایە ماڵەوە هەر بەو شێوەی کەمانچە دەستمکرد بەژەندنی٠پاش ماوەیەک عوود و ماندۆلین و بزۆکیشم کڕی و وەک تار دەستمکرد بەژەندنیان بەڵام باوکم فەرمووی کامیانت پێخۆشە ئەوانی دیکە بخە لاوە، ئەوەبوو تەنیا تارم هەڵبژارد.

پرسیار: چۆن بوو کەوتیتە خولیای دانانی فەرهەنگ؟

مامۆستا ناهید: هەروەک باسمکرد پاش دابڕان لە کۆڕی شەوانەی شێعر و ئەدەبیات کە لەخزمەت ئاغای محەممەدی قازی و دۆستانی شاعیرو ئەدیبیدا بووم و باندۆرێکی بەرچاویان لەسەربیر و هزرم دانابوو، کاتێ ساڵی ١٣٥٠ هەڵیانداشتم بۆشاری خۆی هەر لەسەر کارتێکردنی ئەو کۆڕانە لەساڵی ١٣٥١ەوە دەستمکرد بە کۆکردنەوەی وشەی کوردی و کاتێ هەنبانە بۆرینە گەیشتە دەستم بەحورمەتی مامۆستا هەژار و بەرگری لە خەرجی زیادیی جەماوەر ئەو وشانەی کە لە هەنبانەدا هاتبوو لێم دەرهاویشت مەگەر وشەیەک چەند واتای هەبووایە کە لە هەنبانەدا نەنووسرابووایێ کە نیشانەی(+)م لەسەر دادەنا واتا جگە لە هەنبانە ئەم واتایانەیشیهەیە، ئەوکات ئەلفبێی کوردیم نەدیبوو و بە فارسی وشەکانم دەنووسی و ئێستایش هەندێ لەو فیشانەم بۆ یادگار ڕاگرتووە٠

فەرهەنگی ٧١٣ لاپەڕەیی ناهید ساڵی١٣٩١ لە ئاکادێمیای زمانی کوردیی هەولێر چاپ بوو٠لەو سەروبەندەدا لە زانستگای کوردستان سەرقاڵی دەرهێنانی فەرهەنگی هاوتای وشەکانی فارسی بەکوردی بوون کە ماوەی شەش مانگ بێ بەرانبەر و خۆبەخشانە هاوکاریم کردن٠دوای ئەوە فەرهەنگەکەی خۆمم پێتاند و کردمە ١٦٠٠ لاپەڕە و سپاردمە ئاکادێمیا لە هەولێر بۆچاپ٠ساڵی ١٣٩٥ کتێبی بەرکوڵم لەسەر مەسرەفی خۆم لەسنە چاپ کرد و پاشان لەگەڵ لالەی کچم دەستمکرد بە وەرگێڕانی سێ کتێبی نووسەری بەتوانا (زۆیا پیرزاد)و ئێستا ئامادەی چاپە و ماوەیەکیشە سەرقاڵی نووسینی بیرەوەریەکانی ژیانی پڕکوسپوکەندالی خۆمم٠

پرسیار: چ بیرەوەرییەکتان سەبارەت بە هونەرمەندانی دیکە هەیە؟

مامۆستا ناهید: لەگەڵ زۆربەی مامۆستایان و هونەرمەندانی کوردی ئێران و عێراقدا دۆستایەتیم هەیە و زۆر کۆڕی دۆستانەم لەگەڵیان بووە وەک: مامۆستایان کاکعەزیز شاڕوخ و کاک (محەممەد و کاک جەعفەر و کاک عەبدوڵلا)ی ماملێ و کاک ڕەشید فەیزنێژاد و کاک ناسر ڕەزازی و بەهەشتی ئیسماعیل سابووری و کاک ڕەزا ئەمیری و کاک حەسەن دەرزی، کاک قادرسەبیاحی و کاک خەلیل سەعیدی و کاک سەعدوڵلا نەسیری و کاک ڕەسووڵ میرزاپوور و لەهونەرمەندانی ئەودیو وەک: بەهەشتی کەریم کابان و حەمە جەزا و کاک دلێر، کاک ئاراس ئیبراهیم و زۆر کەسی دیکەیش کە بەردەوام یادی ئاکاری جوامێرانەیان لەدڵمایە٠

کاک ڕەشید فەیزنێژاد جگە لەخزمایەتی لە تۆمارکردنی دوو شریتدا ڕێبەری ئۆرکێستر بوو و بەڕاستی کارکردن لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو و هێچکات هەستم بە ماندوویی نەدەکرد٠ساڵی١٣٣٩ کاتێ لەزانستگای نیزامیدا بووم سەردانێکی سەقزم کرد و بەخزمەت سەلیمخانی باوکی کاک ڕەشید فەیزنێژاد گەیشتم و بانگهێژی کردم بۆ سبەینێ نەهار کە بچمە خزمەتیان و تەکلیفیشی لێکردم تارەکەشم بەرم ئەوکات کاک ڕەشید مێرمنداڵێکی کەم تەمەن بوو زەربێکی تەنەکەی دەژەند کاتێ دەستم کرد بەتارژەندن لە خۆی بێخود بوو و خۆی فەرامۆش کردبوو.

کاک حەسەن دەرزییش جگە لە دەنگخۆشی لە ژەندنی کەماندا زۆر لێهاتووە و ماوەیەکیش دەچووە بۆکان و لەگەڵ چەند کەسێکی تردا وانەی فێرکاری تارم بۆ دانابوون و لەگشتیان کارامەتر بوو٠کاک قادرسەبیاحی دەرەجەداری مووزیکی ئەرتەش بوو بۆ فێربوون و دەورەی ئوستادی لە قەرەنەیدا سەفەرێکی تورکیای کرد و زۆر بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە ئاهەنگساز و دەنگبێژێکی بەتوانابوو٠بەهەشتی ئیسماعیل سابووری شەوێک لەسەقز بوو بە میوانم، لەبیرمە هەتا بەیانی نەنوستین، دانیشتین و بەزمێکی خۆشمان هەبوو، (کۆڕێکی لەمێژینەی ئوستادانی ئاوازی ئێرانییە کە دەنگیان بە دوو دانگ و چواردانگ و شەشدانگ) دابەش کردووە و دەنگی شەشدانگ وەک: ئوستادان (سەی عەلی ئەسغەر و عەزیز شاهرۆخ و هایدە و ئیرەج)٠سابوور دەنگێکی چواردانگی پڕی هەبوو، واتا لە زۆر شوێن حەوجێی بە بەرزەواج (میکرۆفۆن)نەبوو. ڕووحی شاد بێ. مەزن حەسەن زیرەکی خۆشەویست زۆر بە وەفا بوو بە تایبەت سەبارەت بەو چەند ساڵە کە لە سلێمانکەندی بوو لەگەڵ من و بنەماڵەی ئێمەدا زۆر دڵۆڤان و بەئەمەگ بوو، خاوەنی دەنگێکی گڕ بوو کەلەهەمان کاتدا لێهاتوویی ئەوەی هەبوو کە لەرادەیەکی بەرزدا دەنگ هەڵبڕێ و لەو دەنگانەی کە هێچکات کۆن نابن٠



پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

# ڕێ وڕەسمی بەڕێوەچونی شایی لە سابڵاغی جاران

بەشی١

پرۆسەی هاوسەرگیری وەک بەشی سەرەکی ژیان و دامەزرانی بنەماڵە لە لایەن هەموو کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان بایخی پێدەدرێ و پیرۆزە. بە تایبەتی دایک و بابی لاوەکان بەرزترین ئارەزوو و ئاواتن بەر لە مردنیان جێژنی هاوسەرگیری کوڕ و کچانیان ببینن و نەوەکانیان لە ئامێزبگرن. تەنانەت هەست و خواستیانە هەر خۆشیان هاوسەری دەڵخوازی خۆیان بۆ دیاری بکەن. شێواز و داب و نەریتی هاوسەرگیری لە نێو عێل و هۆز و گوند و شار و شارۆچکەی کوردستان جیاوازە. دیارە هاوسەرگیری ئەگەر بە دڵی هەر دوو لایەن واتە کوڕ و کچ و بنەماڵەکانیان بێ دەتوانین پێشبینی بکەین کە لە داهاتوودا سەرکەوتووانە دەبێ، بە پێچەوانش ڕەنگە وانەبێ. جار وایە هەر کوڕ و کچە پێک ڕازین و بنەماڵەکان ناڕازی، یا یەکێک لە بنەماڵەکان ناڕازی. جار وایە کوڕ یا کچ نابەدڵە و بنەماڵە ڕازین و بە نا بەدڵی هاوسەرگیری دکرێت. دیارە بە گشتیی بۆ هەرکام لەم حاڵەتانە زەمانەت و گارانتی پێکەوە حاوانە و کامڕەوابوون یا نەبوون نییە. گەلێک جار خواوراستان ڕاست دێن و گەلێک جار بە داخەوە خوار و خێچ. هەمووکاتێ بەڕێوەچوونی شایی و زەماوەند دەرفەتێکە بۆ نیزیک بوونەوەی دووبنەماڵە و دامەزراندنی هێلانێکی نوێ بۆ دوو گەنجی خۆشەویستیان. لە ڕابردوودا شوناسی نەتەوەیی و ئایینی لە هاوسەرگیری کوڕ و کچان زۆرتر بەرچاوبوو تا ئێستا. کەمتر بنەماڵەی کورد هەبوو کە ڕازی بن کچ یان کوڕیان لە گەڵ کچ و کوڕێکی غەیری کورد و غەیری موسوڵمان هاوسەرگیری بکات. ئێستا زۆربەی کوڕ و کچان لە ڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیکان و مۆبایل یەکتر دەناسن و دیدار و سەفەریان پێکەوە دەبێ و ئینجا بنەماڵەی ئاگاداردەکەن. ناتوانم بڵێم شێوەیەکی خراپە، بەڵام زۆرجاریش سەرکەوتوانە نییە، یا ئەم تام و چێژ و هەژان و هەیەجانەی نامێنێ، چون هەموو شتێک بۆیان ئاسایی دەبێ و تازەگی خۆی لە دەست دەدات، مرۆڤ لەهەرچی کە بەدڵی بێ بەرگری لێبکرێ و زەحمەت و تەلاشی زیادتری بۆ بکرێ بەلایەوە بایخ و ئەرزشی زۆرتر دەبێ. لە ڕابردوودا زۆرتر هاوسەرگیرێکان هەڵبژاردەی بنەماڵەکان لە نێو خاڵۆزا و ئامۆزا و پوورزا بوو کە بەداخەوە کوڕ و کچ هیچ خۆشەویستێکیان لە بەین دا نەبوو. لە ڕاستیدا هاوسەرگیری خزمایەتی بوو هەتا خۆشەویستی. لەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆرتر کچەکە فیدا دەبوو و چونکە لە بەرخاتری خزمایەتی بنەماڵەکان دەبوا هەموو شت لە زاوا و بنەماڵەی زاو قبوول بکات و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو خزمایەتییە لە باری ژێنێتیکییەوە دەبوو بە هۆی بە دنیا هاتنی منداڵی دواکەوتوو و کەم ئەندام. قەباعەتتر لە هەموو شتێکی مارەکردنی دوو کۆرپەی ساوا لەسەر پشتی لانکێ بوو! هێندێک جار پێشدەهات کە دوو لاو سنوورەکانی بنەماڵە ببەزێنن و بێ ئاگاداری ئەوان دوو بەدوو بڕیار بدەن بۆ ژیانی هاوسەری و پێکەوە ڕا بکەن و هەڵبێن واتە کچ ڕەدوای کوڕ کەوێ، دوایی مەسلەت دەکرا. وا دەبوو دەبوونە هۆی خزمایەتییەکی نزیک. هێندێک جار ماڵی کچ تا ئاخری عومر کچیان وەخۆ(باوەخۆن)نەدەکردەوە و پشتیان بەردەدا، زۆرجاریش ئەو کارە دەبوو بە هۆی پیاوکوشتن و قینەبەرایەتی درێژ خایەن بەینی دوو بنەماڵە یا دوو تایفە و هۆز. هەر وەک باس کرا زۆر جاریش هاوسەرگیری کور و کچی دوو بنەماڵە بێ وەی کە ئەوان یەکتریان خۆش بوێ لە رووی حیساباتی ماددی بوو، وەک تێبینی و پێشبینی بەڕێچوونی داهاتووی گەنجەکانیان. بنەماڵە دەوڵەمەندەکان کچ و کوڕیان دەدا بە یەکتر. هێندێک جار کوڕ و کچ هەر یەکتریان نەدەدیت و نەدەناسی بنەماڵە بریاری هاوسەرگیرییان بۆدەدان! لێرەدا ئەمن نامهەوێ ئەوباسەی سەرێ بەتەواوی شێ کەمەوە تەنیا باسی شێوازی هاوسەرگیرێکی باوی نۆرماڵ و ئاسایی دوو بنەماڵەی ڕەسەنی سابڵاغی جاران دەکەم. کوڕ وکچ لە ڕابردوودا لە ڕێگەی قوتابخانە و حەمام و بازار و شایی و سەر ئاو و کانی و سەر چاک و پیران یەکتریان دەدیت، یان بەربووکێکی وەک ئامەخانێ پێکتری دەناساندن، یان کارداری ماڵێ و نانکەر و ئاوکێشی ماڵێ دەلاڵی بۆدەکردن. هەش بوو کچی نەترس کە حەزلێکردوویان دەکرد و لە کۆلانان چاویان بە ئێکتر دەکەوت و نامەیان ئاڵ و گۆڕ دەکرد. هەوەڵ هەنگاو خوازبێنی بوو، ماڵی کوڕ ماڵە کچیان ئاگادار دەکرد کە فلان کات دێینە خوازبێنی. بەساڵاچۆکانی ماڵی کوڕ دەچونە ماڵی کچ و پێکەوە زۆرتر ئاشنا دەبوون و خوازبێنی کچەیان دەکرد و ئەگەر ماڵی کچ ڕازی بایەن پیاوان تەنیا باسی مارەییان دەکرد و شیرنی و شەربەتیان دەخوارد و دەگەڕانەوە. ڕۆژی دواتر خاتوونەکانی ماڵی کوڕ سەردانی ماڵی کچیان دەکرد، بووک دەهاتە ژووری دەستی خەسووی ماچ دەکرد؟ خەسوو نێوچاوانی بووکی ماچ دەکرد و ئەنگوستیلێکی لە قامکی دەکرد. شیرنی و شەربەتیان دەخوارد، لەو چاوپێکەوتنەدا باسی چەند و چوونی زێڕ و جلوبەرگ و کاتی شایی دەکرا. ڕۆژی مارە کردنێ هەردوو بنەماڵە میوانیان بۆ نەهارێ یان بۆ پاش نەهارێ بانگهێشتن دەکرد و ماڵی زاوا لەگەڵ مامۆستای ئایینی و میوانان دەچوونە ماڵی بووکێ، بووک بابی یا گەورەی ماڵێی بە وەکیلی خۆی هەڵدەبژارد و ئینجا بووک مارە دەکرا، گەرچی زۆر جار لە پێشدا باسی مارەیی دەکرا بەڵام دەت دێت ماڵی زاوا وەک دووکانی بەقاڵی لە سەر مارەیی سەنگ و سووکیان دەکرد کە هێندێک جار ئەو کارە دەبوو بە هۆی ناخۆشی و هەڵوەشانەوەی مارەکردنەکە. لەسابڵاغێ ئەوەندەی ئەمن لەبیرم بێ هیچ بنەماڵێکی ناناسم کە شیربابییان لە ماڵی زاوا داوا کردبێ، لە ڕێ و ڕەسمی مارەکردنی ڕابردوو سفرەی عەقد لەپێش بووکوزاوا ڕانەدەخرا هەربووک بەشداری مەڕاسمەکە نەدەبوو، چون بابی و لە نەبوونی بابیدا برا یان کەسێکی دیکە بە وەکالەت مارەی دەکرد. مارەکردن کە تەواو دەبوو کچە جحێڵەکان بە بووکیان دەکوت دەبێ شەپێکمان

تێهەڵدەی بۆوەی کە ئێمەش نەخشەمان لێبێ و خوازبێنمان بۆ بێ. زۆر جاریش دەبیسرا کە کچێک مێردی نەدەکرد دەیانکوت فلانە کچ بەختی بە دەستی نەیارانی بەستراوە و دووعا و نوشتەی لێکراوە، بەجامی چل کلیل کە جامێک بوو زۆری ئایەی قورئان لە سەر نووسرابوو لە حەمامێ دۆعا و نوشتەیان بۆ باتڵ دەکرد.

لەپرۆسەی هاوسەرگیری لەسابڵاغی ڕابردوو دوای مارەکردن نۆرەی نیشانە کردن دەهات کە ئەویش بەو شێوەیە بوو کە خاتوونەکانی ماڵی زاوا ئەنگوستیلێک و پارچێک زێڕ و دەستێک جلوبەرگ(بە ئینتخابی خۆیان)و نوقڵ و غوراِبیان(یا شیرنی و شیرنیات)دەبردە ماڵی بووکێ، زۆرجار زاواش نەدەچوو بەڵام هێندێک بنەماڵە ئیزنیان دەدا کە زاوا و سێ چوار ئاواڵی لە ڕێ و ڕەسمەکەدا بەشداربن، کەمتر واهەبوو کە گۆرانیبێژ و شایەر لەو ڕێوڕەسمی نیشانەکردن دەور بگێڕن، یان ئاواڵێکی دەنگخۆشی زاوا گۆرانی دەکوت یان زەپتی سۆتیان دادەنا و دستیان دەگرت و چەند گەرێک هەڵدەپەڕین، ئەگەریش ماڵی زاوای حەڵقەیان بۆ بووکێ کڕیبا زاوا حەڵقەی دە قامکی بووکێ دەکرد، بەڵام زۆر باو نەبوو، زۆر جاریش ڕێوڕەسمەکە بە تەواوی خانمانە بوو. بە بووک ئیزن نەدەدرا کە دەستێک بە خۆی دابێنێ و دەست لە برۆ و دەم و چاوی خۆی بدات، لەو ڕێو ڕەسمەدا ماڵی زاوای خانە خوێیان دەکرد بە غوراِبی (شیرینی و نانەشەکرە)و میوە و نوقڵ بە میوان و خەڵکەکە ڕادەگەیشتن. دوای نیشانە کردنیش زاوا ئیزنی پێنەدەدرا کە بچێتە ماڵی بووکێ و بیبینێ وپێکەوە بچن پیاسێکی بکەن. لە چەند بنەماڵە شایەد بنەماڵێک لەسەر دڵان بایە و ئیزنی پێدابان.

دوای نیشانە کردن ڕێوڕەسمی جلوبەرگ هەڵگرتن بۆ بووکێ بوو، ڕۆژی جل هەڵگرتن ماڵی زاوای بەزازێکیان دەست نیشان دەکرد کە پارچەی باش و جوانی دووکانێ بە پشتی حەمباڵی بێنێتە ماڵی بووکێ، ماڵی زاوا و بووک چەند خاتوونێکی بەتەمەنی بنەماڵەی خۆیان بانگهێشتن دەکردن و پاش نیوەڕۆیە لە ماڵی بووکێ کۆدەبوونەوە و بەزاز بە بارەوە دەهات، لەوسەر ئەوسەری ژوورێکی گەورە بەزاز تای پارچانی دەکردەوە و ئینجیا خاتوونەکان تێیدەوەرووکان، بووک بۆی نەبوو لە ژووری بێ و بە دڵی خۆی جلوبەرگی خۆی هەڵبژێرێ، هەڵبەت دوای مارەکردن باسی لێکرابوو کە چەند دەست جلوبەرگ دەبێ هەڵگیرێ. لەو ڕێوڕەسمەدا ماڵی زاوای زۆرتر دم لەپێش بوون تاماڵی بووک، زۆر جاریش ماڵی زاوای زیرەنگیان دەکرد و بە بەزازیان دەکوت پارچەی گران لەگەڵ خۆت مەهێنە خولاسە پڕ و پیرێژن بە کەیفی خۆیان بۆ بووکی چارەڕەش جلیان هەڵدەبژارد، جارناجاریش لە سەر ڕەنگ و جۆری پارچە لێیان دەبوو بە شەڕەدندووکە. هەر ئەو کاتیش ماڵی زاوا بۆ نیزیکانی بووکێ و نانکەر و کاردار و ئاوکێشی ماڵێ خەڵاتیان لێدادەرێ. بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ڕێوڕەسمە تەنیا یەک تیکە لە جلەکان بە قەند و مقەست هەڵدەبڕا. شەربەت و چا و شیرنی دەخورا و مەجلیس کۆتایی پێدەهات. جلەکان ماڵی زاوا دەیان بردەوە ماڵی خۆیان و ڕۆژی شیرن خواردن لەگەڵ زێڕ و ئاوێنە و غەرغەرە و کێش و خاولی حەمام و کەوش و چەند کیسە خەنە و مێخەک و بەرهەڵبێنێک (خام عەلاو)چەند لۆچ شیرنیات و هێندێک کەلوپەلی دەم و چاو جوان کردن لە نێو ساکێکیان دەنا و بە بەربووکێدا بۆ ماڵی بووکێ دەناردراوە، لەو هاتوچۆیەدا بەربووک قسە و باسی دوو بنەماڵەی بۆ یەکتر دەگێڕاوە و دڕدۆنگی و کێشە و هەڵلاش سازدەبوو.

ڕۆژی شیرن خواردن دوای نەهارێ بوو، بنەماڵەی زاوا و بووک خزم و کەس و دۆست و ئاشنا و دراوسی خۆیان بانگ هێشتن دەکرد و دوای نەهارێ بەزۆوە ماڵی زاوا دەچونە ماڵی بووکێ. بووک ڕۆژی شیرن خواردن جلوبەرگی ماڵی بابی خۆی لەبەردەکرد و زێڕی خۆی بەخۆیەوە هەڵداوەسی، هەوەڵێ ماڵی بووک بەشیرنی و میوە میوانداریيان دەکرد دوایە ماڵی زاوا. جلوبەرگێکی کە بۆ بووکێ کڕدرابوو بەربووک لە سەر مەجۆعمەی گەورەی دادەنا و ژوور بە ژوور دەی گێڕا و دانە دانە هەڵی دێنا و بە خەڵکی نیشاندەدا، ئەوە کراسە...... ئەوە ئاواڵ کراسە....... ئەوە کەوایە...... ئەوە خەڵاتە....... دوایەش زێڕەکانی ماڵی زاوای نیشانی خەڵکی دەدا. ئەو جارە شایەریشیان دەهێنا و لەحەسارێ دەست دەگیرا و شایەر ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە، لاوەکان ئەوەندە هەڵدەپڕین بە هەڵپەڕینێ ئاخ و ئۆخیان لە خۆیان دەبڕی، دەست دەکوشران، شان و... بادەدران و چاودەگەڕان و ڕۆژ ڕۆژی دەست و چاو و برۆیان بوو و کەس ئاگای لە کەس نەدەبوو. تەپڵچی وەک قەرەچی دەخۆی هەڵدەدا و ئەوسەر ئەوسەری دیلانێی دەکرد. هەر کوڕێکی دۆی لە دەست دابایە شایەر پێی هەڵدەکوت و بای دەجبەی دەکرد و دەیکردە سیامەند و لاس و کاکەکەمم و شاباشی خۆی وەردەگرت. منداڵەورکەی وەک منیش یان دەستمان دەگرت لە قوژبنێکی حەسارێ خۆمان لە ئەرزی دەکوتاو و خۆمان بادەدا، یان خەریکی پوڵ و نوقڵ هەڵگرتنەوە دەبووین کە بەسەر بووک و زاوایان هەڵداویشت، زۆر جاریش وەبەر پێیان دەکەوتین. ئەرێ ئەو نوقڵە پیسە تولاوانە بۆ تامیان وا خۆش بوو؟ دوای شیرن خواردن ماڵی زاوای جلەکانی بووکێیان دەبردە لای خەیات بە دوورینان دەدا، جاری وابوو جلەکان ئەوەندە زەلام و ناشیرن دەردەهات کە بووک تێیدا وەک داوەڵی لێدەهات و زۆر ناشیرن دەبوو. بەڵام چارنەبوو دەبوو لەبەری کردبایە.

دوای بەڕێوەچوونی شیرن خواردن ماڵی بووک و زاوا لە تەخم و تەدارەکی نان دانێدا دەبوون، چون ماڵەکان زۆر گەورە نەبوون کە جێی میوانی زۆر بێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تەمەنی میوانان جیاوازی هەیە و پیر و جحێڵ بەجودا بەشداری شایی ببن خۆشتریان لێدەگوزەرێ، هەربۆیە بە چەند شەو و ڕۆژان شایی دەکرا. شەوێک نانی جیران و خزمانی دوور، شەوێک نانی حاجی و بازاڕیان، شەوێک نانی خزم و کەسی نیزیک. جاری وا بوو حەوت شەو ورۆژ نان دەدرا، بەڵام زۆرتر ماڵی زاوای ئەوکارەیان دەکرد هۆیەکەشی ئەوە بوو هەمیشە ماڵی کوڕ پێیان خۆشە بووک بێنن و نێوی بنەماڵەیان نەکوژێتەوە و زۆر هۆ و بیانووی دیکە. دەوری حەسارێ سەندەڵی دادەندرا و شایەر گۆرانی مەجلیسی دەکوت و شاباشی وەردەگرت ودوای شام گەڕی هەڵپەڕینێ دەگیرا. زۆرتریش برینج و خۆرشتی کەوەر و دۆکلیو سازدەکرا. ڕۆژەکانیش هەر بەو شێوەیە نانی ژنان دەدرا.

دریژەی هەیە

سەعدی فەیز - تیکاب
کارناسی مۆسیقا لە زانکۆی گیلان



# گۆرانی ناوچەی هەوشار

تەمەنی گۆرانی کوردی وەک تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر ڕووی ئەم دونیایە، لە گەڵ تەمەنی مرۆڤی کورددایە.

بۆیە دەستنیشانکردنی ساڵێکی دیاریکراو یان سەردەمێکی دیاریکراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی گۆرانی کوردی، کارێکی ئێجگار ئەستەم و سەختە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێی سەربەرزی و دڵخۆشییە کە ڕەگ و ڕیشەی گۆرانی کوردی، ئەوەندەی مرۆڤی کورد بە مێژووی کەلەپووری کورددا ڕۆچووە.

گۆرانی و مۆسیقا، سەرەڕای ئەوەی وەک دوانەی یەکتر بن، کەچی تەمەنی گۆرانی لای مروڤ، ئەوەی تەنیا بە قورگ ئەوترێ voice music، لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، زۆرتر سەری هەڵداوە، چەکەرەی کرد، لەم بارەیەوە کورت زاکس ئەڵێت: (گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا، کۆنتر و لەپێشترە چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون بە بێ ئەوەش شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کە چی خاوەنی گۆرانی خویانن). لە بەر ئەوەی مروڤ هەر بە منداڵی و لەسەرەتای زمان پژانینەوە، کاتێ ئەکەوێتە گڕوگاڵ، ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ بۆ خۆی ئەڵێت، یان لاسایی ئەو دەنگانە ئەکاتەوە کە گوێی لێیان ئەبێت، بە بێ ئەوەی بتوانێت، مۆسیقا لێبدات، یان شێعر بنووسێت. ئیتر هەر ئەم زمان پژانە بە گۆرانی، مروڤی ڕێنمایی کردووە بۆ بیرکردنەوە لە دانانی شێعرو ئامرازەکانی مۆسیقا، تا لە کاتی وتندا کەڵک لەو ئامرازانەش وەربگرێت.

هەوشار کانگای شارستانییەتێکی گەوەرە وەکوو مادەکان و ساسانییەکان بووە. ساسانییەکان خاوەنی چەن ئاتەشکەدە لە ئێران بوون کە لەناو ئەم چەند ئاتەشکەدانە ئازەرگشسب پەرستگەی شاری شیز کە لە نزیکی کەلاوەکانی ئێستای تەختی سلێمانە، ئەکەوێتە ٤٩ کیلومتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری تیکابی ناوچەی هەوشار، کۆنترین و گەورەترین و پیرۆزترین ئاتەشکەدەکانی زەرتۆشتە و شایەکانی ساسانی لە بۆنەکانی سەرکەوتن و تاج لە سەرناندا بە نیازی سپاس و دۆعا کردن، ئەبوایە لە تیسفوونی پایەختەوە، کە کەوتۆتە ٣٢ کیلومتری باشووری خۆرهەڵاتی بەغدای ئێستاوە، بە پیادەڕەو زیارەتی ئەم ئاتەشکەدەیە بکەن.

هێرۆدۆت سەبارەت بە چۆنیەتی ستایش و سوپاسی زەرتوشتەکان ئەڵێت: (موغە کان لە کاتی نوێژ و سوپاسی یەزداندا سازیان ئەژەند و گۆرانیان ئەوت)لە ئایینی زەرتوشتدا هەموو پەرەستنێک بە هاوکاری ئاوازەوە ئەنجام دراوە. هەوشار یەکێک لەو سروشتانەیەکە زەرتوشتەکان تیا ژیاون و سروودیان وتووە و سازیان ژەندووە، بێ گومان بۆیە هەوشار بۆتە کانگای گۆرانی و دەنگی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی.

مۆسیقای هە وشار

مۆسیقای هە وشار دابەشی ئەم بەشانە دەکرێ:

مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی
مۆسیقای یارسانەکان
مۆسیقای ئازەری

بەشێکی زۆری مۆسیقای هەوشار ئەگەڕێتەوە بۆ گۆرانی فۆلکلۆرەکان کە بناغەی زۆربەی ئەم گۆرانیانە خوالێخوشبوو مەحموودی باواغە داینەوە و سینگاو سینگ بە ئێمە گەیشتووە

مەحموودی باواغە بێجگە لەوەی گۆرانیبێژ بووە خاوەنی دوو بەیتی وەنەوش و بەڕەزا و عەزیز و کوبرایش بووە.

گۆرانیەکانی مەحموودی باواغە، سەرچاوەیەکی تایبەت و جوانە بۆ مۆسیقای هەوشار کە دوای چەندین ساڵ بە دەنگی مامۆستایان سەی شوکرە، سەید محەممد سەفایی، عەبباس کولەوەس و سەی محێدین داشبلاغ و... دووپات ئەبێتەو، کە هەر یەک لەو گۆرانیبێژ انە خاوەنی گۆرانی و شێوازی تایبەت بە خویانن.

مۆسیقای ئازەری

ئازەرییەکان زۆربەیان ژەنیار بوونە و عاشقیان پێدەڵێن. سازی عاشقەکان قوپوز بووە کە هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە بۆ نموونە عاشق فرمان و عاشق قوچلی. زۆربەی ژەنیارەکانی هەوشار ئازەری زمان بوونە. سازی کەمانچە و تار لە هەوشار لە ساڵەکانی سی و چل تاکوو ساڵەکانی ٦٠و ٧٠ زۆر باوبووە دوای کۆچی موسەیب شاداب ژەنیاری تار و کەمانچە، یەدوڵڵا کەبکی ژنیاری کەمانچە و چەن ژەنیاری تر ئەم سازانەیش لە هەوشاردا کۆچی دواییان کرد. مۆسیقای هەوشار لە گەڵ مۆسیقای ئازەری هەندێک تێکەڵاوە لەبەر ئەوەی ژەنیارەکان ئازەری بوون و گۆرانیبێژ ە کان کورد بوون.

مۆسیقای هەوشاری زۆربەی لە گورانییەکانی فۆلکلۆرن و لە دڵی خەڵکەوە هەڵسەنگاوە و هەر ئەو جۆرەی کە باس کرا تەمەنی گۆرانییەکان نادیارن. مۆسیقای هەوشار لەبەر ئەوەی چەن زاراوە و ئایین و مەزهەبی تێدایە بەربڵاوە، یەکێک لەم ئایینانە، ئایینی یارسانە کە لە هەوشاردا بەشێکی زۆر کەمن.

یارسانە کان

ئاکار و هەڵسوکەوتی پەیڕەوانی یارسان بە گوێرەی بەرنامەیەکە، کە لە سروودەکانیاندا دیاریکراوە. یارسانەکان بەم بەرنامە نووسراوە ئەڵێن دەفتەر یان کەلام، کە بە ناوبانگترینیان سەرئەنجامە یان کەلامی خەزانە. مۆسیقا لای یارسانە کان وەک شتێکی موبارەک و موقەددەس و پیرۆز سەیر ئەکرێ. پێرەوانی یارسان لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە کە مەڵبەند و بارەگای ئاییینیانە، شێعر و سروود گەلی یارسان(سەرئەنجام)بە ئاوازی تەموورە ئەخوێننەوە تەمووریش لایان ئامێرێکی پیرۆزە بۆیە لەسەرەتای دەست پێکردنی هەر سروودێک تەمموورە کەیان ماچ ئەکەنەوە.



وەرگێڕ: هاجەر هووشیار - بۆکان

# سواڵکەر

## ئانتوان چێخۆف – کورتە چیرۆکەکان بەرگی ٣

گەورەم! تکایە ئاوڕێک لە پیاوێکی چارەڕەش و برسی بدەنەوە. سێ ڕۆژە دەمم لە نان نەداوە... بە خودا نە پارەم هەیە، نە سەرپەنایەکم هەیە شەوی تێدا ڕابوێرم... هەشت ساڵی ڕەبەق مامۆستای گوندێک بووم بەڵام... بەڵام بە بەرەکەتی پیلانگێڕی ئەنجومەنی ناوچەیی، کارەکەم لە دەست دەرچوو... بوومە قوربانی ڕاپۆرتی هەڵبەستراو، و ئێستاش ماوەی ساڵێکە بێکارم...

ئێسکوارتسۆف، دادوەری دادگای ئاشتی(بەخش)چاوی لە پاڵتاوە شیپاڵەکەی کە کەوەیی دیاری دەکرد و چاوە ڕەش و مەستەکانی، و هەروەها پەڵە سووری سەر گۆنای پیاوە سواڵکەرەکە کرد و وای هاتە زەین کە پێشتریش لە جێگایەکی تر بینیوێتی.

سواڵکەرەکە هەروەها درێژەی داوە:

- ئێستاش دەیانهەوێ بمنێرنە شارستانی کالۆژێسکایا بەڵام هیچ شتێکم نییە تاکوو خۆم بگەیەنمە شوێنی ڕاسپاردەییم. سوێندتان دەدەم تۆ خودا یارمەتیم بدەن! لە ڕووم هەڵنایا داوا لەم و لەو بکەم بەڵام... ڕۆژگاری سپڵە ناچارم دەکا.

ئێستکوارتسۆف چاوی لە گالۆشەکانی (پاتە)پیاوی سواڵکەر – کە یەکیان گەورە و ئەوی تریان بچووک بوو- کرد و لەپڕێکدا ناسییەوە و گوتی:

- گوێم دەنێ پێموایە سێ ڕۆژ لەوەپێشیش ئێوەم لە سادوایا دیتبوو و ئەورۆژە ئیددیعاتان دەکرد کە خوێندکارێکی دەرکراون، نەک مامۆستایەکی گوند. وەبیرتان هاتەوە؟

سواڵکەر شەرمەزار و سەرشۆڕ، ئارام بە منگەمنگ وەڵامی داوە:

- نا... نەخێر... شتی وا محاڵە! من مامۆستای گوندم و ئەگەریش پێتانخۆش بێ دەتوانم بەڵگەکانیشم بدەمە خزمەتتان.

- دەست لەم درۆ و دەلەسانە هەڵگرن! ئەوێ ڕۆژێ ئیددعاتان دەکرد کە خوێندکارن و تەنانەت هۆی دەرکردنەکەشتان بۆ گێرامەوە. لە بیرتان نایا؟

ئەمەی وت و هەڵچوو. ئەوجار کەمێک لە کابرای سیپاڵپۆشەکە دوور کەوتەوە و بە ڕقەهەستاوی دەنگی هەڵێنا:

- ئێوە خوێڕین ئاغای بەڕێز! دەسبڕ و فێڵباز! دەتاندەمە دەست پۆلیس، بێچاوڕو! نەداری و برسییەتی ماڤی ئەوەتان نادات کە ویژدانتان پێشێل کەن و درۆبکەن!

کابرای سیپاڵپۆش خۆی بە دەسگرەی دەرگاکەوە نووساند، پەشۆکاو وەکوو دزێک کە بە تەڵەوە بووبێ چاو دەبڕێتە داڵانەکە و بە منگەمنگ وتی:

- ئەمن... ئەمن درۆ ناکەم... دەتوانم بەڵگەکانم بدەمە خزمەتتان...

ئێسکوارتسۆف هەر بەمجۆرە کە تێکچووبوو درێژەی دا:

- کێ باوەڕ بە قسەکەتان دەکا؟بە خراپە کەلک وەرگرتن لە هەستیاری شیاوی کۆمەڵگە سەبارەت بە خوێندکار و مامۆستایانی گوند، ئەوپەڕی سووکی و پەستییە! شەرم بتانگرێ ئاغا!

ئاغای دادوەر ڕوو هەڵماڵاوانە جوان سواڵکەرەکەی کوتا.. درۆی بێشەرمانەی کابرای سیپاڵپۆش ڕق و بێزاری تێدا وروژاند و سووکایەتی بە خەسڵەتی مرۆڤایەتی ئەو – خسڵەتێک وەکوو دلۆڤانی و دڵنەرمی و هاودەردی لەگەڵ هەژارەکان – کرابوو. درۆزنی «ئەم بوونەوەرە بێشەرمە» و سووکایەتییەک کە سەبارەت بە دڵسۆزی و دلۆڤانی «ئێسکوارتسۆف»ی کردبوو، کاریگەرییەکی جەرگبڕی لەسەردانا هەر دەتگوت خێراتێک کە پێی خۆش بوو بە نیازپاکی بە هەژار و نەدارەکانی بدا، بەدناو کرابوو. پیاوە سیپاڵپۆشەکە سەرەتا زۆری سوێندخوارد و هەوڵی دا حاشای لێ بکا، ناچار بێدەنگ بوو و شەرمەزار سەری داخست؛ تاوێکی تر دەستی لەسەر سینگی دانا و گوتی:

- بەڕێز! دان لەسەر ئەوە دادەنێم کە درۆم دەگوت! ئەمن نە مامۆستای دێهاتم، نە خوێندکار. هەموو ئەم ناوانە درۆ و ساختەییەکی تەواو بوو. من لە کۆڕی گۆرانیبێژ انی ڕووسی خزمەتم دەکرد بەڵام... بەڵام بە تاوانی مەینۆشی دەریان کردم. ئێستا دەفەرموون ئەرکی من چییە؟ بە خودا کە چارەیەکم نیە بێجگە لە درۆ هەڵبەستن! ئاخر تا دێم ڕاستییەکەی بڵێم هیچکەس یارمەتیم نادا. ئینسانی ڕاستبێژ یا لە برسییەتی دەمرێ یان لە سووچی شەقام لە سەرما ڕەق هەڵدێ! حەق بە ئێوەیە، ئەمن فەرموودەکانی جەنابتان قبووڵ دەکەم و تێ دەگەم بەڵام... بەڵام دەفەرموون چ بکەم؟

ئێسکوارتسۆف بە قەرای شەقاوێک لێی نزیک دەبێتەوە و دەنگی هەڵدەبڕێ:

- چی بکەن؟ دەپرسن کە چی بکەن؟ کار بکەن ئاغا، کار!

- کار!... منیش ئەم قسانە دەزانم بەڵام کوا کار؟

هەڵیتوپڵیت دەڵێن! ئێوە، هەم لاون، هەم بەهێز و هەمیش لەشساغ و – هەڵبەت ئەگەر حەزتان لێ بێ- هەموو کات دەتوانن کارێک بدۆزنەوە. بەڵام ئەخە ئێوە تەشریفتان تەمەڵ و نازدار و مەستن! بە قەرای مەیخانەیەک بۆگەنی وۆدکاتان لێ دێ! وا لە ناخی دڵەوە خووتان بە درۆ و شڕی گرتووە کە هیچ کارێکتان بێجگە لە سواڵکەری و درۆزنی لە دەست نایا! ئەگەر هاتوو لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە لوتف بکەن و بتانهەوێ مل بدەن بە کارکردن دڵنیام بە نیازی دۆزینەوەی کارێک دەبن کە تەنیا پاڵی لێ بدەنەوە و مانگانە و مووچەی زۆروزەوەند وەرگرن! بە ڕاست نێوانتان لەگەڵ کرێکاری چۆنە؟ لەوانەیە پیشەی فەڕاشی یان کرێکاری لە کارخانەشتان پێ خۆش نەبێ! ئینسانی بەدەعیە خۆ بەم کارانە ڕازی نابێ!

سواڵکەر بزەیەکی تاڵی هاتێ و ئارام گوتی:

- سوێند بە خودا کە بەڵگەی سەیر و سەمەر دەهێننەوە! کوا کرێکاری؟ بۆ وێنە من بە کەڵکی کاری فرۆشیاری نایەم لەبەر ئەوەیکە کار و پیشەی بازرگانی دەبێ هەر لە منداڵی و لە بەردەستی دەست پێ بکردرێ، بە کاری پاشماڵەیی هەر وەتر لەبەر ئەوەیکە ئەمن ئیزن بە هیچ کەس نادەم «لە گوڵ کاڵترم» پێ بڵێ... مەحاڵە ڕێم بدەنە کارخانەش لەبەر ئەوەیکە نە پیشەیەکم هەیە و نە کارێک دەزانم...

- قسەی بێمانا دەکەن!ئێوە هەمیشە دەزانن پەڵپ بگرن! دایەی بزانم، ئامادەن هێزنگ(دار)ورد کەن؟

- ئەمن خۆ قسەیەکم نییە بەڵام ئێستا داربڕە کارامەکانیش ماڵەوماڵ لە کار دەگەڕێن.

- هەموو مفتەخۆرەکان وەها بەڵگە دێننەوە. دڵنیام ئەگەر هەر ئێستا پێشنیاری داربڕیتان پێبدرێ بە بێگومان بیانوویەک دەهێننەوە و خۆ دەدزنەوە. حەزتان لێیە داربڕی بۆ من بکەن؟

- ئەگەر ئیزنم بدەنێ، بەڵێ دەیکەم...

- دەی با بزانین ئەگەوایە...

ئێسکوارتسۆف بە شادمانییەکی بوغزاوی ساوەساوی کرد و هەڵەداوان خزمەتکارەکەی بانگ کرد و گوتی:

- ئۆلگا، ڕێنوێنی ئەم بەڕێزە بکە بچێتە ئەنبار تاکوو دار بشکێنێ.

پیاوی سیپاڵپۆش شانی هەڵدەتەکێنێ و وا خۆی دەنوێنێ کە سەری سووڕ ماوە و پیاوانە وەدوای قەرەواشەکە دەکەوێ. لە جۆڕی ڕێگا ڕۆیینەکەی دیار بوو کە لە ڕووی شەرم و خۆویستی و لە بەر گوشاری برسییەتی و حەزی وەدەست هێنانی دەرامەت، ملی بە دارشکان داوە. و هەروەها ڕوونە بە هۆی زێدەڕۆیی لە مەینۆشی، تەواو لاواز و کەمهێز ببوو و هیچ حەزی لە کارکردن نەبوو.

ئێسکوارتسۆف بە هەڵەداوان چووە چێشتخانەکە. لە پەنجەرەکانی وا زاڵ بوو بەرەو حەوشەی ئەم دیوە، چوارچێوەی حەوشە و ئەنبار دیاری دەکرا. ئۆلگا و پیاوە سیپاڵپۆشەکەی بینی کە لە دەرگای تایبەتی خزمەتگوزاران چوونە حەوشە. بە نێو بەفرە قوڕاوییەکاندا ڕێی ئەنباری هێزنگیان گرتە بەر. ئۆلگا کە بە تووڕەییەوە چاوی بڕیبووە هاوڕێکەی و دەستی لە کەلەکەی دانابوو، بە دەنگەدەنگێکی زۆر دەرگای ئەنبارەکەی کردەوە. ئێسکوارتسۆف وای بیرکردەوە: «ڕەنگە نەمهێشتبێ ئەم ژنەتیوە قاوەکەی بخواتەوە. چەندە مرۆڤێکی بەدفەڕە!»

ئەوسا خوێندکار و مامۆستای درۆیی بینی کە لەسەر کۆتەرە دارێک دانیشت و مستی لە ژێر گۆنا سوورەکانی دانا و چووە فکرەوە. ئۆلگا تەورەکەی بۆ فڕێ دا ژێر پێی و هەڵچوو و تفی هاویشتە عەرزی. لە لێوجووڵانەوەکەی ڕا دیاربوو کە جنێو بە سواڵکەرەکە دەدا. سیپاڵپۆشەکە بە نیگەرانییەوە کۆلکەیەکی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، خستییە بەینی لاقی و تازەکارانە تەورەکەی هێنایە خوارێ. کۆلکەکە تلاوتل بەلایەکدا خلۆر بووە. پیاوەکە دیسان کۆلکەکەی هێنا پێش خۆی و هووی لە دەستە ڕچپاوەکانی کرد و جارێکی تر تەورەکەی هوشیارانە هێنایە خوارێ بە جۆرێک کە دەڵێی لەوە دەترسێ لە گالۆشەکانی یان قامکی لاقی بدرێ. کۆلکەکە دیسان بە لایەکدا تلی خوارد.

ئێسکوارتسۆف هێور بووە. لەوەیکە مرۆڤێکی نازدار و مەست و ڕەنگە نەخۆشی لەو سەرما و سەخڵەتییەی زستان ناچار بە کرێکاری کردووە کەمتاکورتێک هەستی بە خەم و شەرمەزاری دەکرد؛ و لە کاتێکدا بەرەو دیوی کارەکەی دەڕۆیشت بیری کردەوە؛ «قەیناکا... ئەم کارانە بە قازانجی ئەوە».

کاتژمێرێک دواتر ئۆلگا هاتە دیوی کاری ئێسکوارتسۆف و ڕایگەیاند کە پیاوە سیپاڵپۆشەکە ئەو کارەی پێی سپێردرابوو تەواوی کردووە.

- زۆر باشە... پەنجا کوپکی پێبدە. ئەگەر پێی خۆش بێ سەری مانگەکان دەتوانێ بێتە ئێرە و دار بشکێنێ... کار هەمیشە دەس دەکەوێ.

لە یەکەمین ڕۆژی مانگەکەی تر، سیپاڵپۆش هەمیسان هاتەوە و ئەگەرچی بەزۆری خۆی لەسەرپێ ڕادەگرت پەنجا کوپکی تری وەدەست خست. پاشان زۆربەی کاتەکان دەهاتە ماڵە ئێسکوارتسۆف و هەموو جارێ کارێکیان پێ ڕادەسپارد – جاریوابوو بەفری حەوشەی دەماڵی و دەیکردە کۆگایەک و هەندێ جاریش فەرش و دۆشەگەکانی دەتەکاند. هەموو جاریش پارەیەکی بیست تا چل کوپکی وەگیر دەکەوت و تەنانەت جارێک بێجگە لە پارە، شەرواڵێکی کۆنیشیان پێ دا.

ڕۆژێک کە ئێسکوارتسۆف خەریک ماڵ گواستنەوە بۆ ئاپارتمانە نوێیەکەی بوو پیاوە سیپاڵپۆشەکەی بۆ بەستن و گۆزاتنەوەی کەلوپەلی ماڵێ گرتە کار. ئەو ڕۆژە وشیار و مۆن و بێدەنگ بوو؛ کەموزۆر دەستی لە قەرەوێڵەکان نەدەدا، سەری دادەخست و بەدوای عارەبانەکە وەڕی دەکەوت و تەنانەت هەوڵی نەدەدا ئازا و گورجوگۆڵ بنوێنێ. لەبەر گوژمی سەرما خۆی مات کردبوو و هەر جارێک عەرەبەوانەکان گاڵتەیان بە بێهێزی و تەوەزلی و پالتاوە ئاغایانە پینەوپەڕۆ کراوەکەیان دەکرد، سەرشۆڕ و سەرلێشێواو دەبوو. ئێسکوارتسۆف دوای تەواوبوونی ماڵگواستنەوە بانگی کردە لای خۆی و ئەسکەناسێکی یەک ڕوبلی بۆلای ڕاداشت و گوتی:

- دەبینم کە ئامۆژگارییەکانم ناکاریگەر نەبووە. فەرموو، ئەمەش هەقدەسی ئێوە. دەبینم کە وشیاریشی و کار کردنیشتان پێ ناخۆش نییە. ناوتان چییە؟

- لوشکۆف

- ئێستا دەتوانم کارێکی تر – لە ڕاستیدا کارێکی خاوێنتر- تان پێ ڕاسپێرم. دەزانن بنووسن؟

- بەڵێ ئاغا.

- سبەینێ ئەم نامەیە بدە بە هەواڵەکەم و وەڵامەکەشیم بۆ بێنەوە. کار بکەن. مەستی وەلا نێن و ئامۆژگارییەکانم هیچ کات لە بیر مەکەن. ئێستا فەرمووون بڕۆن!

ڕازی و دڵخۆش لە ڕێنوێنی کردنی مرۆڤێک بە ڕێی ڕاست، دەستی بۆ لاواندنەوە لە سەر شانی دانا و هەروەها لە کاتی ماڵئاوایی کردن تەوقەی لەگەڵدا کرد. لوشکۆف نامەکەی وەرگرت و چووە دەرێ و لەمەودوا ئیتر دەرنەکەوت.

دووساڵ تێپەڕی. شەوێک ئێسکوارتسۆف لە بەردەم بلێتفرۆشییەکەی شانۆ، پیاوێکی کورتەباڵای لە لای خۆی بینی کە پاڵتۆێکی لەبەردابوو بە یەخەیەک لە پێستی بەرخ و شەکەیەکی کۆنی بە سەریەوە. پیاوە کورتەباڵاکە بە شەرم و حەیا، بلیتێکی بۆ قاقانەی سەرێ کڕی و بەهاکەی بە مستێک قەرەپووڵ دا. ئێسکوارتسۆف داربڕە پێشوەکەی خۆی ناسییەوە و پرسی:

- لوشکۆف ئێوەن؟ چۆنی؟ چی دەکەی؟ هەموو شت باشە؟

- ئەی، خراپ نییە... لە نووسینگەیەک کار دەکەم و مووچەی مانگانەم ٣٥ ڕوبڵە.

- خودا شوکر! زۆر باشە! لەم بابەتەوە زۆر خۆشحاڵم! ئاخر ئێوە بە جۆرێک منداڵی تەعمیدی منن. من بووم کە ڕێنیشاندەرتان بووم بۆ ڕێی ڕاست. ڕەنگە سزادانەکانتان لەبیر نەکردبێ. بە ڕاستی چ بوو کە لەپڕ ون بوون؟ بەڵام ئازیزەکەم هەر چۆنێک بێ سپاست دەکەم کە ئامۆژگارییەکانمت ڕەچاو کردووە.

لوشکوف وەڵامی داوە:

- ئەمنیش سپاستان دەکەم. ئەگەر ئەوێ ڕۆژێ بە خزمەتتان نەدەگەیشتم هەربینا ئێستاش هەر ڕۆڵی خوێندکاری دەرکراو یا

مامۆستای دێهاتم دەگیرا. بەڵێ لە ماڵی ئێوە ڕزگار بووم و خۆم لە زەلکاو دەرکێشا.

- لەم بابەتەوە زۆر کەیفخۆشم.

- سپاس و پێزانین بۆ ڕێنوێنییەکانتان و هەڵسوکەوتی دۆستانەتان. ئامۆژگارییەکانتان زۆر بەکەلک و بە سوود بوون. هەم منەتباری ئێوەم و هەمیش ئی قەرەواشەکەتان – خودا ئەم ژنە نەجیم و دلۆڤانە بپارێزێ

- وتەکانتان زۆر جوان بوو کە هەڵبەت لەم بابەتەوە تا زیندووم خۆم بە منەتباری ئێوە دەزانم بەڵام ئەو کەسەی ڕووحی منی ڕزگار کرد قەرەواشەکەتان ئۆلگا بوو.

- چۆن؟

- هەندێ جار کە دەهاتمە ماڵتان بۆ دارشکاندن دەیبۆڵاند و دەیگوت: « ئاخ لە دەستی تۆی مەیخۆر! نەحلەتی! نەحلەتی خودات لێ بێ!» دوایی دەهاتە بەرامبەرم دادەنیشت و شینی دەکرد: «تۆ ئینسانێکی چارەڕەشی! نە ئەم دونیات هەیە و نە ئەو دونیا! بنیادەمی هەمیشە مەست جێگای لە جەحەنەمە! کۆستکەوتوو!»قسەهایەکی بەم شێوەیە. هێندە لەبەر من پیشی دەخوارد و خەمبار دەبوو و دەگریا کە لە وتن نایا. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوە بوو کە بە جێگای من داری دەشکاند! باوەر بفەرموون ئاغا! لە تەواوی ئەم ماوەیە ئەمن دەنکە کۆلکەیەکیشم لە ماڵە ئێوە نەشکاندووە، تەواوی ئەو شکاندی! نازانم بۆچی ڕزگاری کردم! نازانم بۆ دوای ئەوەی تووشی ئەو بووم تەواو گۆڕام و مەیخۆریم وەلا نا. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە قسەکانی ئەو و پاکی ئەو، بووە هۆکاری ئەوەی بەتەواوی بگۆڕدرێم. ئەو بەخۆیدا هێنامەوە و ئەم ڕاستییەم قەت لەبیرناچێ. بەهەرحاڵ لەسەر ئیزنتان دەبێ بڕۆم، شتێکی وای بۆ دەسپێکی شانۆ نەماوە.

ئەوەی گوت و کورنووشی برد و بەرەو قاقانی سەرێی هۆڵی شانۆکە وەڕێ کەوت.

# ژیانی هونەرمەند سدیقی زوهری

**ڕەزا سەرسێفی - سەقز**



شاری سەقز و ناوچەکانی سەقز بە گشتی بە درێژایی مێژوو مەکۆ ومەڵبەندی گۆرانیبێژانی دەنگ خۆش و بە توانا بووە. یەکێک لەو هونەرمەندە بەرز و بەڕێزانەی شاری سەقز کاک «سدیقی زوهری»یە.

سدیقی زوهری ساڵی ١٣٢١هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە خوێندنی هەتا دیپلۆی تەواو کردوە و لە ساڵی١٣٤٣بووەتە مامۆستای قوتابخانە کە ماوەی ٩ساڵ لە گوندەکانی ناوچەی سەقز بووە و دواتر لە شاری سەقز وانەی بە مناڵان وتوەتەوە و دوای ٣٠ساڵ خزمەت لە ناوەندی پەروەردە و بارهێنانی سەقزدا لە ساڵی ١٣٧٢دا خانەنشین بووە. ئەم گۆرانیبێژەی شاری سەقز تەنیا گۆرانیبێژ یکی سەردەمی خۆی بووە لە سەقزدا کە هاوکات لە گەڵ گۆرانیبێژی لە رادیۆ و میدیاکانی ئەوکات دا خاوەن بڕوانامەی پلەی دیپلۆمی ئەوکات بووە کە هەر بە هۆی تێکەڵ بوونی بە خوێندن و خوێندەواری دنیای مۆسیقای بەربڵاوتر بینیوە و ئاگاداری زانستی مۆسیقا و ئاست و پلەی مۆسیقای وڵاتان و میللەتانی دەوروبەری بووە.

مامۆستا سدیقی زوهری لەو یەکەم کەسانەیە کە چەندین جار لە شاری سنە بە شانازیشەوە لە گەڵ گرووپی «کامکارکان» کاری کردوە و گۆرانی پێشکەش کردوە هەر وەها لەگەڵ کۆڕی مۆسیقای «زێویە» بە سەرپەرشتیاری کاک ڕەسووڵ میرزاپوور چەن بەرهەمی پێشکەش کردوە و لە ٣فستیواڵی ساڵانەی ئێراندا بەشداری چالاکانەیان بووە جارێکیش پلەی یەکەمیان لە فستیواڵی ناوەندی سنەدا وەدەست هێنا.

هەر لە گەڵ گرووپی مۆسیقای زێویەی شاری سەقزدا لە چەندین شاری کوردستان دا کونسێرتیان بەڕێوە بردوە کە لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان سنە، بانە، سەقز و ... هەر وەها شاری تاران لە پەراوێزی چەند جار چوون بۆ فستیواڵەکانی نێوخۆی ئێران بەرهەمیان پێشکەش کردوە، ئەو گۆرانییانەی هونەرمەند سدیقی زوهری تۆماری کردون ژمارەیان ئەگاتە پتر لە بیست گۆرانی کە چەندگۆرانی یەک مۆرکی تایبەتی کاک سدیقی پێوەیە وەک «گوڵی هیوا» « بە ە بە ە لەو چاوانە» ئەو بەرهەمانەیش کە بۆ خەڵک بە دەنگی سدیقی زوهری یەوە ئەناسرێتەوە «ترووکە ترووکەی بەفر کوێستانان گرتی» و «نەغمەی ئازادی» و گەڵێک گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی سەقزن دیارە لە پەروەردەبوونی وەها گۆرانیبێژ یکی دەنگ خۆش و ڕەسەن بێژدا مۆسیقازانانی وەک کاک ڕەشید فەیزنژاد وکاک ڕەسووڵ میرزاپوور دەوری بەرچاویان بوە دیارە لە کەس شاراوە نییە کە کاک سدیقی زوهری لەو یەکەم کەسانەیە کە فۆلکلۆری ناوچەی سەقزی دووبارە بێژی کردەوەو گیانێکی تازەی بە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بەخشیەوە، ڕەنگە هەر بە هۆی ئەم چەشنە هەوڵ و کۆششانەوە بوو بێت کە مامۆستا مەزهەری خالەقی لە وتوو وێژێکدا دەڵێ: من لە سەقز موعەلیم بووم و لەوێ گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانم ئەبیست و پێم خۆش بوو لەسەقزەوە بوو من هۆگری گۆرانی ڕەسەنی کوردیبووم. بە وتەی کاک سدیق زوهری «مەستوورەئامان» یەکێک لەو گۆرانی یانەی ناوچەی سەقزە کە خاڵەقی بە قد کوردستان باڵای پێ بەخشی.

سدیقی زوهری هەرئێستاش لەشاری سەقزدا نیشتەجێیە زۆر بەداخەوە نەخۆشینی کەم کاری گورچیلەکانی تاقەت وتوانای ئەوەی بۆ نەهێشتوەتەوە هەتا وەک جاری جاران لە بەر تریفەی مانگەشەوی شەوانی سەقزدا«ترووکە ترووکەی بەفر»ی کاک سدیق لە گەڕەکەکانی ناو قەڵاو سەرپەچە و بەرزی باوەخان دەنگ بداتەوە و درەختی ژین سەر لەنوێ چرۆی ئەشق و هیوا و خۆشەویستی بکاتەوە.

عابید حسەینی ـ سەقز

# حەسەن کاکەسیاوی

## دەنگێکی ڕەسەن کە بە زرمەی دالان و کەوی لانساری ناوچەی سەقز دێتە کەوانی تار

دەنگخۆشی و هەناسەی چێژبەخش، گەرم کردنی کۆڕی یاران و هۆگران، گەڕەلاوژە و بەرانبەرکێ و شەڕەگۆرانی لە مێژە باوبووە و بە پێی زەمەن ئاڵوگۆڕی پێکراوە و هەڵگری ژیان و ناخی توێتوێی ئەویندارانێک بووە، زۆرجار خۆوێژێک بۆ سەلماندنی گوڕ و تین و بەهرەمەندی هەناسەی، تەراتێن و ڕمبازێنی بە وشەی خۆش هەڵبەزکردووە و دەستەواژە و چەمکی بەستەی بە گەرووی ناخ هەژێن و دڵ لاوێنی خۆی راسپاردووە. بە چەهچەهەی ڕۆح بزوێن، سەمای بە تارەدەنگیەکانی قورگی کردووە تاکوو بسەلمێنێ گۆرانی چرێکی بەهێزە و خرینگە و بازنە و بەرمۆری کناچەی دەم بە بزە و لەرەی لەنج و لاری ڕێک و سیلەچاوی گورچکبڕ و شەکەی پشتوێن‌شلێک دەتوانێ ڕووحی تێکچڕژێنێت و بیهەژێنێت. قاسپە و چرکەچرکی کەوی لانسار و هاژانی مووسیقای کانیاو و زمزمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانیلە و گڤە و لرفەی قەڵبەزەی بە گوڕی بەفراوگەی بن گابەرد و شنە و کزەی با چوەتە نێو ناخ و هەناسەی دەمپاراوی و بە خۆڕادان و خۆبادان و پێزێکەوە وشەبازێن و دەمسێنەوە دەکات.

لە توێی خۆوێژی و گوڵهەناسەیی حەزێک لە سروشت، ئاواتی بەژنێکی شەنگ ودەلال، چریکەی سۆزی خاسەکەوێک و هەڵبەستی پڕ پلپلەی هۆزانوانێک، دەتوانێ ناخی پەنگ خواردووی مرۆڤ بهەژێنێت، بێ ئەوەی پێچ و پەنایەک بدات بە بیرۆکەکانی و بێ سێ و دووکردن بە ناخی گڕ گرتوویدا یەک بین بنووسێ و بە چریکەیەک دەروونە پڕ لە کەف و کوڵەکەی وەگڕ بخات و بە هەڵمژینی شنەیەک بچێتە گەرووی گەلەکەی و ساز و باز لەنگێزە ببەستێت و وەک شوڕابەی بەفراوگە بڕژێتە پێدەشتی حەز و ئاوات و لەرزانە و پاوانە ڕای بچڵەکێنێت و لە تەکانێکدا بەیت و باو و بەستەی سۆز باڵ ئاوێتە چاوی حەز و ئاوات و ڕسکان بخولقێت.

یەکێک لەم گوڵ هەناسانە وەک سەدان دەنگخۆش و بوێژیتر خوالێخۆش بوو کاک حەسەن کاکەسیاوییە کە هەر وەک هەموو دەنگخۆشان بە ناخی مێلۆدی و فۆلکلۆری ناوچەکەیدا ڕکێفی دەنگی لێداوە و بۆ گەیشتن بە دامرکانی کەسەرەکان و خۆشی دڵەکان، هەناسەی ڕاپسکانە و زوڵاڵی دەنگێکی بە چێژی لە شریتی ڕۆژگار تۆمارکردووە. سەراسەر وجوودی ئەوێنێک بووە و هەگبەی پڕ لە کرنۆش و هەنبانەی ئاوەڵای مێشکی داوەتە دەس بەستە و کردوویەتە لانکەی ئاوازی ڕەسەن و خۆی لە قەرەی هەموو بوارێکی گۆرانی کوردیدا داوە. حەسەن کاکەسیاوی لە ساڵەکانی هەزار ١٣٣٢ لە گوندی کاکەسیاو سەر بە شاری ساحیب لە دایکبووە و دوای تەمەنێک وێڕای باڵەبان‌لێدەر و هاوسەفەری دەنگی، حسەین والیدی گەلێک نەواری بە پێزی لە هەموو گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردەواری تەژی کردووە و لە ساڵی ٨١ هەتاویدا بە هۆی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی ئایچی (گۆڕستانی شاری سەقز)تەرمی بێ هەناسە و گۆرانی فۆلکلۆری بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردەکراوە. بە نووسینەوەی چەند گۆرانیەک لە کاک حەسەن دەتوانین بە پلپلەو زرزرەی دەنگیدا بچینە خوارەوە و تێکەڵی هەناسەکانی ببین. ئەم بوێژە دەنگخۆشە گەلێک وشە و دەستەواژەی ناوچەی خۆی تێکەڵی گۆرانییە فۆلکلۆرکان کردووە و هەر وەک هەموو هاودەنگەکانی ناوچەکەی خۆی دەتوانین بە زمانی وێژەیی گۆرانی، گەلێک بیرو باوەڕی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کۆسپ و تەگەرەی ڕۆژگار هەڵەنجێنین و جگە لە بابەتی بەستە و سۆز و بواری کارناسانەی مووسیقی، باسی خەزینەی نەبڕاوەی زمانەوانی و وێژەیش بکەین و لەم خوانە ڕەنگینە خەرمانی زمانمانی زێدەتر پێ دەوڵەمند بکەین.

ئای مەنێ مەنێ نەنواڵە مەنێ
لە خێڵی کویغا بیچکۆلەم دەنێ
من ماچی دەکەم ئەو پێدەکەنێ.



خۆزگەم بە بولبول چینەی گوڵ دەکا
چینە لە بەندی ڕیشەی دڵ دەکا
بەو چاوە جوانە پیاو کافر دەکا
ئا کچەکان بێنۆ کانییەکە چۆڵە
هارەی نیم لیرەی بازنەڵەقوڵە
هەرکە باوەڕکا بە قەسەمی ژن
ماڵ وێرانە چون ماڵەکی من
بۆ حاشاناکای بۆ حاڵەکەی من.
ئای مەنێ مەنێ نەنواڵە مەنێ
لە خێڵی کویغا بیچکۆلەم دەنێ
من ماچی دەکەم ئەو پێدەکەنێ.
قورعانێ بێنە بیخە داوێنم
لە تۆ گەڕێتو کەس نا لاوێنم.
پیری خەزایی شەخسێ بەرانبەر
هەر کە کەمشەرتە ماڵ ناواتەسەر.
لە بەختەکەی خۆم وا ڕادەبینم
چمە سەر سیروان هیچ ئاو نابینم
ئەگەر ئەتزانی بەو حاڵی دەردم
بەزەییت ئەهاو بە ڕەنگی زەردم.
چۆن دڵ شێت نابێت نادا بەخۆدا
خاکەکەی عالەم ناکا بەسەردا
حەیفە بۆمن و تۆ دەسمان لێکبەردا

دەمەکەو بێنێ دەی دەی بینە ناو دەمم
ئەو دەمتە بینێ خرینگەگیان بینە ناو دەمم
دەک بە قوربانت بێ خرینگە دڵەکەی پڕ غەمەم
ئای خرینگە خرینگە خرینگەی نێو دڵان
هەستە با بڕۆین خرینگەگیان بۆ باخچەی گوڵان.
نە شێخ نە مەلا مەڕۆ نە نوشتەی سەیی
هیچی بە فەریای دەردم نەگەیی
گڕۆکەی زانا دەی دەی وەو دەستوور جاران
هەر وەک کەو ئەیخوێند خرینگە لە لای نساران
دەنگ و نییە گوڵەکەی دەی دەی ساڵێ بێ باران
ئای خرینگە خرینگە خرینگەی لێوە بێ
هەی مەلا لە مزگەوت خرینگەگیان با گوێی تێوە بێ.
ماشینێ هاتوە دەی دەی سەرەکەی سەوزە
ئاگای لە تۆ بێ خرینگەگیان حەزرەتی غەوزە.
سێ مانگەی پاییز وەڵلا بریا شەوە بایە
دەم لە ناوی دەم وەوەی چاو لە خەوبایە
زرمەی دالان دی خرینگە بریا یار بایە



ڕزگار خدر مستەفا ـ سلێمانی

# سلێمانی جاران (مۆسیقا لە داروالمولکی بابان دا)



هونەرمەندان شەماڵ سائیب و ڕەشۆڵ



هونەرمەند ولیەم یۆحەننا

گۆرانی ومۆسیقای کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە پێدەچێ مرۆڤی کورد لەسەرەتای بوونیەوە ئاوێزانی گۆرانی ومۆسیقا بووبێ، هەرسێ لەکۆنترین ئاینەکانی(زەردەشتی، یارسان، ئێزیدی)کە لە کوردستان سەریانهەڵداوە رۆڵێکی دیاریان هەبووە لە پێشکەوتنی هونەری گۆرانی ومۆسیقا لەناو کورد دا، چونکە ڕازونیازەکانیان بە ئاوازەوە دەربڕیوە سروودە ئاینیەکانیان پڕبووە لەدەنگی دەف وئاوازی خەم ڕەوێن. مێژووی گۆرانی لە مۆسیقا کۆنترە ڕەنگە تەمەنی گۆرانی کوردی لەگەڵ تەمەنی بوونی کورد دا بێت، هەرچەندە هونەرمەند عەباسکەمەندی بۆچوونی جیاوازە، لە دیدارێکدا دەڵێت: (من پێم وایە مۆسیقا بەر لە گۆرانی هاتبێت، چونکە مۆسیقا دەنگی بایە، بارانە، ئەو کاتەی مرۆڤ گۆرانیشی نەوتبێت مۆسیقاکە هەر هەبووە)

مۆسیقا وگۆرانی کوردی بەشێکی گرنگی کلتوری کوردە و لایەنێکی گرنگی ژیانە لە هەموو بۆنەکاندا بوونی هەبووە و لە خۆشی و ناخۆشی، لە شین و شادی لە کاتی کار و ئەرکی ڕۆژانە: دروێنە.. ساوەر کوتان.. جۆماڵکردن.. هەرەوەز.. جووتێری و زەوی کێڵان.. لە بۆنە ئایینیەکاندا، لە کاتی زەماوەند و گەشت و سەیران، هەر وەک دەڵێن مۆسیقا خۆراکی ڕۆحە هونەرمەند خالقی لە دیدارێکدا دەڵێت: (بەشێکی زۆری ناخی مرۆڤ بریتییە لە هەست و سۆز و خوولیاکانی، تۆ کە برسیت دەبێت وەکو جەستە پێویستیت بە خواردنە بۆ ئەوەی بتوانیت باڵانسی ژیانت ڕابگری پێویستیت بە دەنگێکە کە ناخت تێر بکات، ڕێک وەکو خواردنیش هەر کەس حەزی لە جۆرێکی مۆزیکە ڕۆح و دەروونی خۆی پێ تێر بکات).

وتەیەکی (کۆنفۆشیۆس)هەیە دەڵێت: (ئەگەر دەتەوێت پلەی پێشکەوتن و شارستانیەتی هەر گەلێک بزانیت گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیان بگرە). وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا گۆرانی و مۆسیقا پانتاییەکی گرنگی کلتوری کوردە و زۆرێک لەو ئامێرانەی کە لەناو کورد دا باوبوون و ناسراوبوون وەک: شمشاڵ، دەف، تەپڵ، زووڕنا لە داهێنانی خۆی بوون. پرۆفیسۆری ئەڵمانی (کیرتیساگ)لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە تا ئێستا وەرگێڕدراوە بۆ ١٧ زمانی جیاواز لە زۆربەی زانکۆکانی جیهانیشدا دەخوێندرێت، ڕەچەڵەکی ئامێری کەمانچە دەگەڕێنێتەوە بۆ کورد و دەڵێ: شوێنی سەرهەڵدانی باکووری خۆرئاوای ئێرانە و کورد ئەم ئامێرە ی درووستکردووە.

هەڵکەوتەی شاری سلێمانی لە ناوەندی چیاکانی ئەزمەڕ و گۆیژە و گلەزەردە و بوونی سەیرانگاکانی (سەرچنار، کانی با، کارێزی وەستا شەریف... هتد)و پێکهاتەی خەڵکی شار کە هەمیشە حەزیان بە ئاهەنگ و بەزم و قسەی خۆش و گەشت و سەیرانە ڕوویەکی گەشی داوە بەم شارە. میستەر کلودیوس جیمس ڕیچ کە لە بەهاری ساڵی ١٨٢٠ ز هاتوتە کوردستان و سلێمانی و میوانی مەحمود پاشای بابان بووە، سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەڵێت: (پاشاکانی بابان لەگەڵ پیاو ماقوڵەکانیاندا هەفتەی جارێک یا دوو جار کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرن کە ئامێرە مۆسیقییەکانیان پێک هاتبوون لە.. دەهۆڵ، زووڕنا، شمشاڵ، تەپڵ، دەف، بلوێر، دووزەلە)وەک لە سەفەرنامەی ڕیچ دا دەردەکەوێت عوسمان پاشای بابان برای مەحمود پاشای بابان کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان ئامێری کەمانچەی هەبووە و

حەزی لە کەمانچەژەنین بووە، هەروەها لە گێرانەوەکەیدا ڕیچ دەڵێت: ڕۆژی ٢٧ ی تەمموز ١٨٢٠ پیرەمێردێکی کوردی کەمانچەژەن سەمایەکی بۆ ژەندم دەیوت لەو تیپە مۆسیقییەوە فێری ژەنینی کەمانچە بووە کە لەگەڵ (بارمۆف)دا بوون. هەروەها دەڵێت ڕۆژی ٢ ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لە ماڵێکی قەراخ شاری سلێمانی ئامادەی زەماوەندێک بووە هەر لەو کاتەدا وێنەی زەماوەندەکەی بەدەستی خۆی کێشاوە کە تیایدا تیپێکی مۆسیقا لە بەشی چەپی تابلۆکە نیشاندراوە کە بریتیین لە شمشاڵ و تەپڵ و زوورنا.

هەر لەبارەی مۆسیقاوگۆرانی کوردیی سەردەمی بابان، مستەفا بەگی کوردی لەچامەیەکی ناوازەدا وەک شارەزایەکی زانستی هۆنەری مۆسیقا خۆی پیشان دەدات ناوی (٢٨)گۆرانیبێژ و(١١)ژەنیاری مۆسیقا و(١٥)ئامێری مۆسیقا و(٣١)گۆرانی ئەو سەردەمەی پێناساندووین؛

(ئاغە زەنوون)لێبدا(سینەکەمان)، (فارس)(گرفت)
ئەلکە)(تەنبور)و (دەف)و(ئەسعەد)بدا دەستی بە(ساز)
بـا (ڕەسوڵ)هەڵـداتە(ڕاست)(ساڵح)بلێ (نیوە شەوی)
(محییەدین)(چوارگا)و (قەرە)دەنگی بڵند کابۆ (قەزاز)

هەر لەو هۆنراوەیەدا کوردی ناوی دەنگخۆشێکی سەردەمی خۆیانی لە شعردا هێناوە کە لە هۆنراوەی سالمی ساحێبقرانیشدا ناوی هاتووە، بە ناوی(مستەفا یان مستۆ)کوردی وتویەتی:

(مستۆ)ئیبراهیمی ئەوڕەحمان نەوا و فەتحی حەزین
مستەفا ناری و سێگا و یونس وشەهری و حیجاز

تەنانەت لەکاتی شەرومەشقی سەربازیشدا ئامێری مۆسیقی بەکارهاتووە، کاتێک دوانزە سوارەی مەریوان هێرش و هەڵمەتی لەناکاویان کردۆتە سەر لەشکری دوژمن هەریەک لە دوانزە سوارە تەپڵیان لێداوە تا لەشکری دوژمن وا بزانێت لەشکرێکی گەورە لە ڕوووبەڕوویاندا وەستاوە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا بۆ بیرەوەری ویادی سەردەمی بابان کەچۆن لەڕێورەسمی سەربازیدا مۆسیقا لێدراوە نووسیویەتی:

لەبەر تابووری عەسکەر ڕێنەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

یەکێک لەکۆنترین و دیارترین گۆرانیبێژ ە کۆنەکانی سلێمانی وەک دەڵێن: (ئەحەی ناسر)بووە کە لە گەڕەکی سەر شەقام لە سلێمانی لەدایک بووە خولیایەکی زۆری بۆ گۆرانی وتن هەبووە، حەزی زۆری لە گەشت و گەڕان بووە کە ئەمەش هێندەی تر تواناکانی لە گۆرانی و ئاوازی جۆراوجۆر زیادکردووە و بەدەنگە خۆشەکەی ناسراوە، تا مردن ڕەبەن بووە و لە ماڵی حەپسەخانی نەقیبدا ژیاوە و دۆستێکی نزیکی گۆرانیبێژ ی ناسراو سەید عەلی ئەسغەر بووە.

ساڵانی سەدەی بیستەم لەشاری سلێمانی مۆسیقا بەشێوەیەکی باش گەشەیکرد کۆمەڵە کەسانێکی ئەکادیمی لەو بوارەدا دەرکەوتن و بوونە ڕاهێنەر و دەیان ژەنیاریان پێگەیاند

لە ساڵی ١٩٢٧ عەبدولواحید حاجی مستەفا کە خەڵکی کۆیە بووە و ئەفسەری سووپای عوسمانی بووە، لە تورکیا فێری مۆسیقا بووە، ئامێری پیانۆی بەکارهێناوە، کە هاتۆتەوە عێراق هاتۆتە شاری سلێمانی خولێکی فێرکردنی مۆسیقای لە ماڵی خواجە فەنی کردۆتەوە کە نزیکی ٥٠ فێرخوازی هەبووە.

یەکێک لەهونەرمەندە دیار وبەخزمەتەکانی شاری سلێمانی هونەرمەند (قادر دیلان)ە کە گۆرانیبێژ وومیوزکژەن بووە وراهێنەرێکی زۆرباشی ئەو بوارە بووە لەساڵی ١٩٢٨ لەشاری سلێمانی لەبنەماڵەیەکی هونەردۆست لەدایکبووە کە باوکی بەرێزیشی (ئەحمەد دیلان)دەنگخۆشی ڕۆژانی خۆیبووە، لەساڵی ١٩٤٨ تیپێکی مۆسیقی کوردی دامەزراندووە یەکێک بووە لە هەرەچالاکەکانی بواری خزمەت بە مۆسیقای وگۆرانی کوردی لەوشارەدا لەساڵی ١٩٦٢ دەچێتە دەرەوەی وڵات لە شاری پراگ کە پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوسا بوو، لەوێ چوارساڵ بابەتی مۆسیقا دەخوێنێ وپەرە بەتواناکانی دەدات، لە١٨ی ئازاری ١٩٩٩بەنەخۆشی کۆچیدووایی کردووە.

یەکێکیتر لەو کەسایەتییە بەتوانا و دیارانەی کە ساڵانێکی زۆرخزمەتی مۆسیقای کوردییان کردووە لە شاری سلێمانی مامۆستا (ولیوم یوحەننا)یە، کە گەلێک ژەنیاری مۆسیقای پێگەیاندووە، ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لەدایک بووە ساڵی ١٩٥٤ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقای لە بەغداد تەواو کردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی و دواتریش تیپی مۆسیقای سلێمانی. هونەرمەندانی وەک ئەنوەر قەرەداخی و نەجاتی عەبدە وخالید سەرکار و گەلێکیتر ڕۆڵی بەرچاویانگێڕاوە لەخزمەتکردنی هونەری مۆسیقا وگۆرانی کوردی لەشاری سلێمانی، بەتایبەت هەر دوو تیپی مەولەوی و تیپی مۆسیقای سلێمانی ڕوویەکی گەشی شارن و دەنگخۆشەکانی شاریش لەیاد ناکرێن کە هەرکەسە بەپێی تەمەنی دەرکەوتنیان خزمەتیانکردووە لەوانە (ڕەشۆڵ، مەلا کەریم، شەماڵ سائیب، ساڵح کارگەچی، حەمەساڵح دیلان، حەمەی بکر، ئومەر ڕەزا، کەریم کابان، قادر کابان، عەبەی مەلا، حەمەجەزا، حەسەن گەرمیانی، سەلاح مەجید.....)هتد کە هەمیشە بۆنەوئاهەنگەکانیان بە دەنگە خۆشەکەیان ڕازاندۆتەوە ولەیادەوەری شاردا جێیان بەرزودیارە.

سەرچاوە

١- مێژووی مۆسیقای کوردی نوسینی: محمەد حمە باقی –چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٢
٢- دیوانی کوردی/ لێکۆڵینەوەی محمد مستەفا (حمەبۆر)بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم ٢٠١٠
٣- سلێمانی و کاکی / ئاسۆ عومەر سوارە چاپی یەکەم ٢٠١٩



خالید جوانڕۆیی - جوانڕۆ

# ژیاننامەی هونەرمەندی ناوچەی جوانڕۆ و هەورامان
# مامۆستا «جەهانبەخش غەفووری»



## «ئێره دەنگی هەورامانە»

لەوەتی مرۆڤ گوێی کراوەتەوە و فرچکی بە دەنگی یەک بە یەکی توخمەکانی ئەم گەردوونەوە گرتووە، ئەوە هاژەی چەم و چریکەی باڵندە و گڤەی با و ویزەی تاوێر و تافەی قەڵوەزان بووە کە پەستاوتوویەتیە سینگیەوە و ئەمجا پڕ بە هەست کردوویەتی بە مۆسیقا و بە دەنگ و تەلیسمی خۆی و لە هەموو لاڕێ و ئەشکەوتێکی چاخەکانی مێژوودا بە جێی هێشتووە. کە دەڵێم تەلیسم باس لەو ئاوازانە دەکەم هێشتا بەر گوێی ئێمە نەکەتووە، باس لەو نۆتانە دەکەم هەتا ئەمڕۆش سەربەمۆر ماونەتەوە، باس لە ئەو ڕیتمانە دەکەم کە ڕووحی ئەمڕۆییمانی نەهەژاندووە. باس لەو زەخمانە دەکەم بەر ژێی ئەمڕۆمان ناکەون، و باسم لە نەوای ئەو شمشاڵانەیە کە تا ئێستا لە هەناوی هیچ کەسەوە دزەیان نەکردووە.

ئەگەر لە سەرەتای ئەم جیهانەوە تا ئەمڕۆ گلەییمان لە گەردوون و خیلقەت ئەوە ببێت کە هیچ شتێک جێی خۆی پێ نەبەخشراوە ئەوا دەبێ مۆسیقا بەدەر لەمە بزانین. مۆسیقا هەمیشە و هەموو کات زانیویەتی لە کوێوە سەرهەڵبدا. لە کام هەناوەوە دزە بکاتە دنیای دەرێ. بە ئاگابوون زانیویەتی خۆی لە کام کاو بدات، لە کامە نەفەسەوە چلۆن بێتە دەرێ. مۆسیقا لە گەڵ هەنگاوەکانی ئێمەدا هاتووە. لەگەڵ باڵندەکانی ئەم نیشتمانە فڕیوە. لە ترپەی پێی کاروانان، لە ناو هەناسەی غەریبان، لە هەنیسکی دڵسووتاوان و لە شایی دڵخۆشان و هەتا لە گەڕەلاوژەی دڵدارانمان مۆسیقایەک بە درێژایی مێژوومان هەیە.

کە باسی هەورامان دەکەین سروشت و مۆسیقا پێش وشە دەکەوێ و دەکەوێتە بەردڵان. لەم وارە ئێستاش هەر دەنگی دڵگیری یەکەم هۆرەچڕ لە داڵەهۆ و زەردە دەزرینگێتەوە. ئێستاکەش با چریکەی یەکەم سیاچامەنەبێژ بە دۆڵ و گەوە و پاڵی شاهۆدا دەگێڕێ. هەنووکەش باڵۆرە و لایەلایەی دایکان دێ لە بێشکەی منداڵانی ئەم دەڤەرە.

حەیفە ئەگەر باسی مۆسیقای ئێرەت کرد بە نۆت و ڕیتم لێکیبدەیتەوە و بیناسێنی. چونکە لە ڕاستیدا ئەوە نۆتە دەبێ خۆی بە مۆسیقایە بناسێنێ و جێی خۆی لە ناو بەیتی هەورامان و نەوای سیاچەمانە و مەقاماتی هۆرەدا بکاتەوە، نەک مۆسیقای ئێرە بدرێتە بەر تەوژمی گام و دانگ و دەزگا و سەمفۆنیایەکی تازە پێڕەوکەبووەوە. ڕەچەڵەکی ئەم ناوچە و مۆسێقاکەی سروشتی ناوچەکەیە و لە ناو تاف و چیا و دۆڵ و دارستاندا سەری هەڵداوە. دڵنیام پێش ئەوەی سەمفۆنییایەک خۆی بپەستێوێتە ئەم جیهانەوە، ئەوە دەنگی مۆسیقای ئێمە بووە بەم شاخانەوە دەزرینگایەوە و هەتا ئێستا پاش ئەو مێژووە کەونە هێشتاش کەسکە و نەشەمزاوە.

ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی مۆسیقای ئەم ناوچەیە لە ئاکار و کردار و هونەر و هۆنراوە و شایی و شیوەنی خەڵکی ئێرە پتر دەردەکەوێ. هەر لە کۆنەوە مۆسیقا لە هەموو کونج و کەلێنێکی ژیانی هەورامان بە شێوی جیاواز سەری هەڵداوە. ئەو ڕیتمە بەلەز و یەکدەستەی هەڵپەڕکێ و ئەو نەوای دڵهەژێنی چەمەری لە شیوەناندا، یان ئەو زریکە دڵنەوایەی هۆرە و سیاچەمانە کە لە گەڵ سروشتی شوێنەکەدا بە ڕێکوپێکی دێتەوە و دەگونجێ، هەموویان حیکایەت لە ڕۆچوونێکی تیژ بە ڕووحی مرۆڤی هەوراماندا دەکەن. تەنینەوەی تان بە تان و پۆ بە پۆی هزری ئەم خەڵکە بە مۆسیقا وای لێکردون چرکە بە چرکە و سات بە ساتیان ژیانیان بە ئاوازەوە بژین. لە گوێکردنەوەی منداڵانیان و لایەلایەی سەر بێشکانەوە بگرە تا گەڕەلاوژەی گەنجان و هەڵپەڕکێی ناو شاییان، هەتا دەگاتە ئازیەتی وچەمەری و لاوانەوە، تێکڕا تژی هەستە و دەنگە و مۆسیقا.

تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆسیقای کوردی و بەتایبەت مۆسیقای هەورامان بوونی ژنە، هەم وەک هێما و ڕەمزی گێڕانەوە وهەم هۆنراوە و حیکایەتەکانی ناو گورانی ناوچەکە و هەم وەک سترانبێژ و خاوەن گۆرانی. باڵۆرە و لای لایەی دایکانی کورد و لە ناویاندا ژنانی ناوچەی هەورامان لە مێژە بە گوێچکی منداڵی ئێمە ئاشنایە. بوونی ژنانی گۆرانیبێژ یش لە بواری مۆسیقای ناوچەکە چ بە هۆرە و سیاچەمانە و چ بە دەستڕەنگینی لە بواری ژەنیاریدا

سەلمێنەری ئەوەیە کە ژنانی هەورامان توانیویانە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لە حاست هونەری کوردی و ناوچەکەدا بگێڕن.

لەم دەڤەرە هەر کەسێک بدوێنی و ڕوو لە هەرکێ بکەی شتێکی پێیە کە لە هەمبانەی دەروونیەوە پێشکەشت بکات. ئەگەرچی بێ گومان لە بواری مۆسیقای هەورامان گەڵێک کەسی ناودار و هەڵکەوتە و بلیمەت دەرکەوتوون بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەر تاکێکی ئەم ناوچەیە بۆ خۆی بەهرەیەکی ئەزەلی و ژێیەکی بێ زەخمە و سازێکی نەژەنراوە کە دەکرێ جۆشی دڵ و نەوای هەناوی بکەی بە ئاوازێکی نەسرەوتە و پڕ خرۆش.

مامۆستا جەهانبەهش غەفووری ساڵی١٣١٣ لە گوندی نەوسوودی سەر بە شاری پاوە لە دایکبووە و لە تەمەنی دوازدە ساڵان حەزی بە وتنی سیاوچەمانە و گۆرانی کردووە کە گۆرانی هەورامی خۆی بە چوار بەش دابەش دەکرێت: سیاوچەمانە، بەزمی خاڵ، تەک چەپڵە، چەپڵە، کە مامۆستا جەهانبەخش شارەزای هەر چوار بەشەکە بووە. لە تەمەنی بیست ساڵیدا بە شێوازی فەرمی کاری هونەری خۆی دەست پێدەکات و بە هۆی دەنگە خۆشەکەیەوە زوو چۆتە ڕیزی ئەو هونەرمەندانەی کە لە سەردەمی خۆیدا ئیشی هونەریان کردووە، و لە شایی و زەماوەندەکان ناوبانگێکی باشیان هەبووە. بەڵام ناوبانگی و هونەری مامۆستا جەهانبەخەش غەفووری هەر زوو سنوورەکانی ناوچەی هەورامانی تێپەڕاند و هەر بە ئەم بۆنەوە هەمووکات بۆ شوێنەکان بانگهێشت دەکرا و بە دەنگە خۆشەکەیی سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا و کات و ساتێکی چێژبەخشی بۆ بەرهەم دەهێنان. مامۆستا جەهانبەخش لە تەمەنی سی ساڵان هەر لە ناوچەی نەوسوود هاوسەر گیری دەکات و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەست پێدەکات و دەبنە خاوەنی دوو منداڵ بەڵام ژیانیان هاوبەشییان زۆر درێژەی نابێت و دوای ماوەیەک هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، دوای ئەم ڕووداوە مامۆستا ڕوو دەکاتە شاری قەڵای جوانڕۆ و بە بۆنەی دەنگە خۆشەکەی و کەسایەتی خۆییەوە لە لایەن بەگزادەکانی ئەم ناوچەیە کە ئەو کات دەسەڵات داری شاری ئەم دەڤەرە بوون ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت و هەر ئەو کات بڕیار دەدات لە قەڵای جوانڕۆ بمێنێتەوە. جارێکی دیکە لە قەڵای جوانڕۆ هاوسەرگیری دەکات و خەریک ژیانی ئاسایی خۆی دەبێت و لە ئەو ساڵانەدا کە شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەست پێدەکات شایی و زەماوەندەکان بە ڕادەی پێشوو کەم دەبنەوە و مامۆستا لە پاڵی هۆنەری گۆرانی بۆ بەسەر چوونی ژیان و پێداویستی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەست بە کاری نەجاڕی دەکات و دوو سێ ساڵێک خۆی سەرقاڵی ئەم ئیشە دەکات. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەزعی ئیشی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەبێت و بە ناچاری وەک زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بە هۆی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت و مەترسی فرە بۆ سەر ژیانیان ڕوو لە ئاوارەیی دەکات و دەچێتە کەمپی ڕۆمادی لە عیراق و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لە ئەو کەمپە ژیان بەسەر دەبات و هەر ئەو ماوەیە دەبێتە خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچ، لە ئەو شوێنەش هەر هونەرەکەی دەکاتە تیمارێک لە سەر ئێش و ئازاری ئەو خەڵکە کە لە زێد و نیشتمانی خۆیان ئاوارە بوونە، جەنگ کۆتای پێدێت و جارێکی دیکە مامۆستا جەهانبەخش دەگەڕێتەوە بۆ قەڵای جوانڕۆ و دووبارە درێژە بە هونەرەکەی دەدات و لە شایی و زەماوەندکان بەشداری دەکات وبە دەنگە خۆشەکەی کۆڕەکان دەڕازێنێتەوە، تا چەند ساڵ لەمەوبەر پاش زیاد بوونی ئامێری مۆسیقای ئەم سەردەمانە هەر دەچووە شایی و بۆنەکان بەڵام ئیدی چەند ساڵە لەبەر زیاد بوونی تەمەنی وازی لە گۆرانی وتن هێناوە و بەداخەوە ئێستا تەندرووستی زۆرجێگیر نییە و هەر لە ماڵەوەیە.

بەرهەمەکانی مامۆستا جەهانبەخش غەفووری:

مامۆستا جەهانبەخش خاوەنی زیاتر لە دووسەد کاسێتی گۆرانییە کە بە تاک و لەگەڵ هونەرمەندان و مامۆستایانی دیاری ئەو ناوچە وەک عوسمان هەورامی، حەمە حسەین کێمنەیی، سەباح هەورامی، حەمەومین خواشتی، عەینەدین مەریوانی، فەتحوڵڵا ئەمینی، و زۆریک لە هونەرمەندانی کۆن و نوێی ئەم ناوچەیە وتوویەتی، و کاستێکی تایبەتی لەگەڵ شاعیری هاوچەرخی ناوچەی جوانڕۆ میرزا لتفوڵڵا سارۆخان وتووە کە بە ناسنامەی هونەری ئەم دەڤەرە ناودەبرێت. ناوبراو هەروەها خاوەنی زیاتر لە نەوەد گۆرانی تایبەتی خۆیەتی کە لەلایەن خۆییەوە شێعری بۆ دانراوە و دەتوانین ئاماژە بکەین بە چەند گۆرانی تایبەتی مامۆستا جەهانبەخش: ئاوەدان جوانڕۆ، کراسەکەت حەریرە، شلومل گیان کوبرا گیان، ئەی وەی توو خوا فەریدە، خاسیاوگیان لەیلی گیان، کەمەرە کەمەرە

هەروەها مامۆستا جەهانبەخش لە بەرهەمەکانی لە شێعری شاعیرانێک وەک بێسارانی و مەولەوی کەڵکی وەرگرتووە، ئەم هونەرمەندە ناوداره هەروەها خاوەنی کتێبێکی شێعرییە کە پێکهاتووە لە گۆرانیەکانی کە ئێستاش و لە ڕابردووش، هەوێنی زۆرێک لە کاری هونەرمەندانی ناسراوی ئەم ناوچە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانە و لە دوای زیاتر لە شەست ساڵ ژیانی هونەری نەیتوانیوە چاپی بکات و هەروەها ماوەتەوە، مامۆستا جەهانبەخش هەمووکات گوێ بیستی گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەک، ناسر ڕەزازی، موحەممەد ماملێ، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بووە، هەمووکات لەماڵی ئەم هونەرمەندە دەنگی ئاواز و گۆرانی بوونی بووە. ئازاد غەفووری کوڕی مامە جەهانبەخش هەر لە تەمەنی شەش ساڵاندا لە گەڵ باوکی لە کۆڕەکاندا بەشداری کردووە و گۆرانی وتووە و لە تەمەنی سێزدە ساڵاندا دەست دەکات بە کاری هونەری. وئێستا ماوەی هەژدە ساڵە کاری هونەری دەکات و زۆرجار گۆرانییەکانی باوکی دەڵێتەوە و لە ئیشەکەی خۆی سەرکەوتووە و هەموو کات جێگای سەرنج و ئاماژەی مامۆستا بووە کە شێوازی دەنگ و بەهرەیی هونەری زۆر لە خۆی نزیکە و دەتوانێت پێ لە شوێن پێی ئەم بنێت. هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستا جەهانبەخش و بنەماڵەکەی وهیوادارم نموونەیان لە هونەر و کلتووری کوردیدا زۆر ببێت و ببنە هۆی گەشە پێدانی مۆسیقای کوردی.



چالاک سدیق ـ کەرکووک

# ئای‌ئای

(ئای ئای)فۆرم وئاوازێکی کوردیەو لە شێوەو وتن مەقامەکانی پەیژەی (مەقامی بەیات- دەزکای شوور)وە سەرچاوەی گرتووە بە (باجەڵان)یش ناو دەبرێت کەناوی ناوچەو هۆزێکی کوردەواریە لەشاری خانەقین لەباشوری کوردستان سنووری چڕینی ئای‌ئای هەروەکو (ئەلاوەیسی و قەتاروخاوکەر و خورشیدی)هەموو ناوچەکانی گەرمیان و گەرمەسێروشاری کەرکوک دەگرێتەوەو بەسەرچاوەی ئەم ئاوازانە دادەنرێن. پاشان هەڵکشاوە بۆشاری سلیمانی و لەناوچەکانی کرماشانیش جۆرێکی خوێندن نزیک لەئای ئایەوە هەیە.

زاراوەی (ئای ئای)کەبەناسنامەی ئەم ئاوازە شیرینەیە، لەو دەستەواژەیەوە سەرچاوەی گرتووە کەلەدەسپێکی مەقامەکەدا مەقام بێژان و وەکو یەکەم ووشەی سەربەندو سەرەتا دەیخوێنن کە پێی دەڵێن (دەسپێک)و لە مەقاماتی ئێراقیدا (تحریر)لە دەزگاکانی ئێرانیش (دەرئامەد). دیارە ئەم سەرەتایە هەندێک دریژەی پێ دەدەن وشەی (ئای ئایەکە)یان (ئەرێ گیانە، گیانە گیانە)بەکار دێنن. بەم چەشنە خوارەوە دەیڵێن (ئەرێ گیانە ئای لە خۆم ئای، ئایی... بینایی دیدەم)ئەو دەست پێک و تەنانەت ناوبەندو کۆتایەکەشی ئاوێتەی دەقی هەڵبەستەکان و بڕگەی ئاوازی ئای ئلی دەبێت.

## شێوازی چڕینی ئای‌ئای لەسەر پەیژەی بەیاتی (دوگا - ڕێ)

دەسپێکی ئای‌ئای لەپلەدەنگی(ڕاستە دۆ)وە دەست پێدەکات پلەیەکی تەواو لە پێش بنکەی مەقامەکە tonic بەمیانەیەکی دوانی دەست پێدەکات، پاشان بۆ میانەیەکی سیانی بچووک لە(دۆگا- ڕێ)وە بۆ(چوارگا- فا)هەنگاو دەنێ و دادەبەزێ بۆپلەی (سێگا می کاربیمۆڵ)و دەچێتە پلەیچوارەم ودەگەڕێتەوە بۆبنکەی پەیژەکە کەپلەی (دوگا- ڕێ)یە بەگشتی لەچوارچێوەی ڕەگەزو گۆشەی یەکەمی بەیاتدا درێژە بەئەدا کردنی دەستەواژەی (ئای‌ئای)یان (ئەرێ گیان یان گیانە گیانە)دەدات. پاشان دەست دەکەن ئەداکردن و خوێندنی شیعرو هەڵبەستە دیاری کراوەکەیدا هەر لە میانەی چواریلەی یەکەمی پەیژەکەدا دەمێنێتەوە پاشان دەچێتە بەشی بەرزی چڕینی مەقامەکەوە (مەیانە)کەلەپلەی(حوسەینی- لا) وە دەست بەخوێندنی دەکەن تا دەچێتە پلەی (گردان - دۆ C)و وردەوردە دادەبەزێتەوە بۆپلەی (نەوا، سۆڵ). لێرەدا بەتەواوی ئاوازی نەوا دەردەکەوێت کەلقی نەهاوەندە و پاشان بەپێی قۆناغەکان دادەبەزێتەوە پلەی بنکە tonic لە نمونەی شیکارێکەدا ئاماژەمان پێ کردووەو دووبارە دەچێتەوە بەشی مەیانە واتە ئەوج و بەرزی ئاوازەکەو دیسان دادەبەزێتەوە بۆ بنکەی ئاوالزەکەو بەشی کۆتاییگەلێک جار بە ووشەی لەخۆم ئای کۆتایی پێ دێت.

ئای‌ئای لای هونەرمەندانی شارەزاو گەورە و دەنگ خۆشی کورد

١- عەلی مەردان ١٩٠٤- لەشێعری سەید فەتاحی جەباری

وادەی بادەی ناب سۆبو قەرقەفەن
دەنگ زیڕەی زایەڵەی دایەرەو دەفەن
ئەگشت دیاریێ تەجەلای توورەن
فیتنە گیرەدار قەتڵ مەنسوورەن
مەیەن مەعشوقەن موحبەتەن
مەیلەن خەمان لەب ڕیزەن پیاڵان کەیلەن
ئای ساقی دەخیل وەی سبوتەوە
وەی بادەی گوڵ ڕەنگ چوون یاقووتەوە
بێ دابنیشین خوسرەوی بەزمێ
چەنی هەستیدا بکەرین ڕەزمێ
بێ بابنۆشین جامێ پەیکامێ
ساکن بۆ لە دەرد گشت ئێش و زامێ
جامێ بدە پێم سود مەندم بو
باعیسی نەجات قەید بەندم بو

دیارەئەم چەشنەچڕین وخوێندنە ئای‌ئایەی مامۆستای گەورەی مەقام بووەتە بنەمای چڕینی ئای‌ئای بە شێوازی کلاسیکی لە خوێندن وئاوازخوانی کوردی دادەنرێت هەندێک لە هونەرمەندانی دیکەی کوردی خۆمان دەقاو دەق بەم شێوەیە دوبارەی ئەم شێوەچڕینەی عەلی مەردانیان کردۆتەوە.

ئای ئای



٢- هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق)یش (شیرین بەهارە) کەی هەرلە ئای ئایەوە سەرچاوەی گرتووە بەڵام بە بێ سەربەندو دەسپێکی ئاوازی ئای ئای، واتە ئەویاساو ڕیسا ئاوازخوانیەی عەلی مەردان پەیڕەو ناکات لەچڕینی ئای ئایدا بگرە یەکسەر لە مەیانەو ئەوجی مەقامەکەوە دەست پێ دەکات وەکو لەم نموونەیەدا کەهەمووان ئاشنای پێی: شیرین بەهارە بەهاری شادان بێ بەهرە لەژین گەل ناموردان

٣- دیارە گەلێک لە هونەرمەندە میلێکانی وەکو ئەحمەدشەماڵ ئای ئایان خوێندووە کە دەڵێت:

– گیانە گیانە باکز دانیشم لەپای دیواران زنجیرلە گەردن وەک گوناح کاران کاران

ملم لە زنجیر پام لە قەفار بێت
کەڵۆزەی پشتم شەقار شەقار بیت

٤ – ئیبراهیمی خەیاتیش هەڵبەستەکەی گۆرانی شاعیری ئاوێتەی ئایئای کردووەو بەڵام بە شێوەزاری ماچۆ نەیچڕیوە دەڵێ:

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لەبەهار

٥- یەکێک لە و هەڵبەست و شێعرە باوانەی کە هونەرمەندانی دەنگ خۆش ئایئای و باجەلانی پێ دەرازێننەوەو بەرجەستەیان کردووە لەئەدەبی فۆلکلۆری دیالێکتی (گۆران و ماچۆ)وەسەرچاوەی گرتووە.

چوومە لای خوم گەر جامێ خوم سەنم
سەراپای باڵام جە خوم هەڵژەنم
خوم چی هاتە جواو نە دایەت مەردەن
نە باوەت مەردەن ئەم خوم پێوانەت
ئارای چی کەردەن وتم ئەی خوم گەر
نەدایەم مەردەن نە باوەم مەردەن
تاقە گوڵەکەم لەلام بارکەردەن

هەروەها گەلێک هەڵبەستی فۆلکلۆرمان هەیە لەلایان گەلێک لەمەقامبێژانی میللی ئاوێتەی چڕینی ئاوازی ئای ئایان کردووە نموونەی ئەم بەشە لەم هەڵبەستانە:

میرزام سەراوێ میرزام سەراوێ
ئارۆ ڕاگەم کەفت وەسەر سەراوێ
دیم کەنیشتەوێ تەرک تەراوێ
کونەش پڕ مەکرد باوان خراوێ
کونەش پڕ مەکرد چە دەریای بێ پەی
پەنجەی چون شمشاڵ قامەت وێنەی نەی
پەنجەی شمشاڵی مەکەرد وەئاوا
مەداش وەزوڵفان خەیاتەی خاوا

«فۆلکلۆر١»

شیکردنەوەی ئایئای

شێوەی ئاوازی ئایئای بەگشتی خۆی لە دوو ڕەگەز- چواریلە titrachord دەبینێتەوە وەکو پەیژەی مەقامی بەیاتی سەرەکی وایە کە لەونمونەی بخوارەوەدا ئاماژەمان پێ کردووە

یەکەمیان: ڕەگەزی بەیاتە لەسەرپلەدەنگی دۆگا – رێ
دووەمیان: ڕەگەزی نەهاوەندە لەپلەدەنگی (نەوا – سۆل)




خورشیدی

فۆرمێکی ئاوازخوانی ڕەسەنی کوردەواریەو دەتوانین لەگەڵ مەقامی حیجازکار (چوارگای ئێران)خانەبەندی بۆ بکەین بەڵام بەشێوازو تایبەتمەندی کوردی، خورشیدی لەدێرزەمانەوە لەکوردستاندا تایبەتە بەمیلەتی کوردو لە کوردستانیشدا بەتایبەتە بەدەڤەری گەرمیان. خورشیدی لەناوی خورشیدەوە هاتووە کە لەلای کوردان ناوێکی پیاوانەیەو لە زمانی فارسیشدا بەمانای (هەتاو- خۆرە). شێوازی چڕینی خورشیدی گوزارشت لەحوزن وخەمباری دەکات وسۆزو دەربڕینی مۆرکی تایبەتی کوردانەی تێدا بەدی دەکرێت. ئەم شێوە چڕینە لای میلەتانی دەورو بەرمان بەدی ناکری تەنیا مەقامی(حیجاز کار)بەکار ئەهێنن لە ئێرانیش پێیدەڵێن (چوارگا). مەقام بێژەکانی ئەم سەردەمەیش لەچڕینی خورشیدیدا هەرلەژێر کاریگەری ئەو ڕەسەنایەتیە دێرینەن هەربەم شێوازە باوەکەی هونەرمەندە مەزنەکان وشارەزاکانی وەکو (عەلی مەردان، حسین عەلی، سەلاح داودە، شکور خەیات، مام شەوکەتی کاکەیی، خدر بارام چاوش)دەیچڕن چڕینی خورشیدی زیاتر بەشێوەزاری(ماچۆ - گۆران)کەوتۆتە بەرگوێمان و گوێبیستی بووین چونکە زۆرینەی هۆزەکانی ناوچەی گەرمیان بەو زاراوەیە گوزارشتیان کردووە کەدرێژەپێ دەری ئەو ئەدەبیاتی کەڵە شاعیرانی گەورە (مەولەوی، بێسارانی، مەلای جەباری، فەقێ قا دری هەمەوەندی و بێدارە)و. مامۆستا جەمیل ڕۆژ بەیانی چڕینی خورشیدیش بۆکاتی خۆرهەڵاتن دادەنێ، مامۆستا عەلی مەردانیش دەڵێ هی خۆرنشینە.

هەردەوێڵ کاکەیی لەکتێبی (مەقام ومۆزیکی فۆلکلۆری کوردی)سەبارەت بەناوی خورشیدی دەڵێ[ دەربارەی ناوەکەی زۆربەی مەقامزانە دیدەسالاکانی دەشتی گەرمیان دەڵێن ئەم مەقامە بەناوی دانەرە کەیەوە دانراوە کەناوی (خورشید)بووە، لەسەردەمی هونەرمەند (ئەلاوەیس)دا ژیاوە ناوەکانی هەردوو هونەرمەندە مەقام زانەکە بووەتە ناوی هەردوو مەقامەکە، بەڵام بەداخەوە کەسێکی خوێندەوار نەبووە شتێکیان لەسەری نەنوسیوە.

ئاوازو گۆرانی کوردی لەناو ئاوازو فۆرمی خورشیدی دا ئۆخەی بوک مریەم – ئەرێ بێنە – دەنگی یارنایا – بۆت مردم نا سک و جوانی- بەعینوانی – لای لای سورە گوڵ – لەبەرگەراج بووم – ئەسمەرێ دولبەرێ – کرماشان ٢- ئای سێوێ گیان سێوێ – ساڵان دەچومەباخی شەقڵاوە گەلەو گەلاوێژە – بارانەو بارانە- ساقی – فەلەک نەشێوێ شێوەی شیرینت – بەشەوی تاریک – بولبول فیدات بم – بەشەوی تاریک – ئەو دڵەی وەک بت پەرستێ – دەنگی بلوێرو نایە – مرۆڤێکی بێچارەم – هەی زاری زاری – نەشمیل نەشمیل – لای‌لای گوڵم لای – گۆرانی درامای ژاڵە – ئەودەمەی بادە نۆشیمان –گیاوردە پایز – دەنگی بلوێرو نایە – یارەکەم ئەڵێی بوکە – ئەودەمەی بادە نۆشیمان – لەبەرنازی چاوبازان – هەی زاری زاری – خاڵ وردە ڕەش کوشتمیان

دیارە ناکرێ ڕۆڵی هونەرمەندانی بە ئەزمون لە یاد بکەین بەتایبەتی لەو شاکارەی کە مامۆستا عەلی مەردان بە بەشێک لەشێعری شاعیری پایەبەرز (مەولەوی)لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تۆماری کردووە بەدوایدا بەستەی لەبەرنازی چاوبازان دەڵێت ئەویش لەشێعری وەفایە:

سەدای تەپڵ دڵ جەتۆی دەروندا
دەنگ داوە ئەفلاک شێوەی ئاموندا

---

١ – کتێبی مەقام و موزیکی کوردی هەردەوێڵ کاکەیی

٢ – گۆرانی کرماشانەکەی حەسەن زیرەک بەدەست و پەنجەکەی میرزادەو گروپە جوانەکەی لە ڕادیۆی کرماشان تۆمارکراوە

سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادی شەن خەم دەماخ بەرزەن
سەدای ئاسیاو چی مەیان پەیا پەی
ئاسیاو خاڵیەن نۆبەتەن سادەی
هەرکاتێ زانام چەرخی وەردەوە
ئێمەش چوون یاران پیچمان کەردەوە


خورشیدی

دیارە کۆمەڵێ دەستەواژەی جوانکاری ئاوێتەی ئاوازو هەڵبەستەکە دەکەن نمونەی (ئەمان ئەمان، فەڵەک ئای، دەگەدەی، کەسم ئەی)دەبێتە هۆی زۆرترین جوانکاری لەنێومەقام خوانێکەیدا ئاوێتەی خورشیدی دەبن لەخوێندنەوەی یەک کۆپلە یاخود بەیتێک لە شێعرە بەرزەکەی مەولەوی نەمر. شیکردنەوەی خورشیدی ئەگەرخانە بەندی بۆدەزگاو پەیژە رۆژهەڵاتێکان بکەین خورشیدی دەچێتەچوارچێوەی پەیژەی (حیجاز کار)ەوە. حیجازکاریش لەخیزانی پەیژەی حیجازە، وەکو هەموو پەیژەکانی تر دووبەشە یان دوو رەگەزە بەڵام یەک پلە لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا هەیە.

بەشی یەکەمیان: رەگەزێکی حیجازە ل دسەرپلەی یەکەمی پەیژەی حیجازکار




دووەم: رەگەزی دووەمیش هەر حیجازە بەڵام لە پلە دەنگی(لا)وە دەست پێدەکات واتە لە پلەی پێنجەمی پەیژەکە ئەمیشیان هەمان سیستەمی میانەو دوری نێوان دەنگەکانی رەگەزی یەکەمی بەسەردا دەچەسپێ. بەڵام خورشیدی لە روی ئەداکردن و شیواز وسنوری دەنگیداوەکو حیجاز کار پانتاییەکی فراوان بەکار ناهێنێ. ئەگەر بۆ نمونە پلەی رێ بکەینە بنکە ئەوە تەنیا خۆی لەرەگەزی یەکەم دەدات بەڵام لەکۆتایدا لەپلەی بنکەوە کە پلەی(ری)دادەبەزێت بوپلە دەنگی لا واتە تەسلیم کردن و کۆتایەکەی لەبنکەکەوە کە دەنگی رێیە دادەبەزێ بۆ دەنگی سی بیمۆل واتە بۆ عەجەم عوشەیران کەواتە لەرەگەزی دووەمی حیجازکار تەسلیم دەبێت بەڵام بەهەڵگەڕاوەیی وەکو ئەم نموونەیە.




خاوکەر

لەفۆرم وئاوازە پرسۆزو کاریگەرەکانی دەزگاو ئاوازی کوردی رەسەنە. خاوکەر وەکونەریتی ئاوازخوانی لەدوای چرینی فۆرمی قەتارەوە دەخوێندرێ بەتەواوکەری قەتار دادەنرێت وهەندێ جار پێی دەوترێ بەرزەقەتار، هەندێ جار بەتەنیایش دەخوێنرێت. لەکوردستاندا مەڵبەندی قەتارو خاوکەرناوچە بەرفراوانەکەی گەرمیانە بەپانتایەکی گەورەی لەجوگرافیای کوردستان وەکو فۆرمەکانی تری پێ دەبرێت. وەکو تیۆرو پەیژەکاری لە فۆرمی خاوکەر گۆشەیەکە لە پەیژەی حیجاز (شوشتەری)بەڵام پلەی دووەم وسێیەمی جیاوازە لەپلەکانی پەیژەی حیجازی ئاسایی واتە پلەی دووەمی بەرزترە لەپلەی دووی حیجاز هەروەها پلەی سێیەمیش نزمترە لەپلەی سێیەمی حیجاز. ئەگەر گوێبیستی خاوکەر بین بە روونی هەست بەوە دەکەین بەتایبەتی لای کەسانی شارەزا ی ئەم بوارە نموونەی(عەلی مەردان، سەلاح داودە، رەشۆڵ، شکور خەیات حوسێن عەلی هتد...)دیارە ئێمەی کورد زۆر میلۆدی و بەستەی کوردی جوانمان هەیە دیسانەوە ئەم تایبەتمەندیەی تێدا بەدی دەکرێ. هەروەها کاتێ گوێبیستی بلوێروشمشاڵ وژەندنی باڵەبان بین و خاوکەر یان بەستەیەکی سەربەم ئاوازەمان بۆ بژەنن دەست وپەنجەی ئەو ژەنیارانە ئەوجیاوازیانەی تێدا بەدی دەکرێت کە مۆزیکی کوردی سیماو بنەماکانی لە رێگەی ئەم وردە کاریانەوە دیاری دەکرێ کە میلۆدی و گەرو و دەست وپەنجەی ژەنیاری کورد لە گەڵ موزیکی میلەتانی هاوسێمان جودا دەکرێتەوە.

سەفەر

لەفۆرم و ئاوازەکانی دیاری ئاوازخوانی کوردیە لەپەیژەی مەقامی بەیاتەوە سەرچاوەدەگرێت هاوشێوەی ئاوازەکانی (هیجران، حەیران، ئورفە، بەیات کورد، غەمەنگێز، قەزاز، ئای ئای)و گەلێ شێوەی تر. سنووری سەفەر تایبەتە بەشاری سلێمانی، زۆربەی هونەرمەندانی دەنگخۆش ودێرینی شارەکە شارەزان لەووتنەوەیدا. ئەم شێوە ئاوازە لەرەگەزی یەکەمی پەیژەی مەقامی بەیاتدا دەخوێنرێ مەقامێکی پەیژەیی نییە بگرە شێوەیەکە لەئاوازخوانی مۆرکی کوردی لەسەرپەیژەی بەیات، هەرچەندە گۆشە و ئاوازێکی بچووکە لە رەگەزی یەکەمی بەیاتدا خۆی دەنوێنێ بەڵام هەست وسۆزێکی کوردی رەسەن و دڵگیر لەچرینی سەفەردا بەرگوێمان دەکەوێت. دەسپێکی سەفەر بەمیانەیەکی چواریە و دادەبەزێت بۆپلەی دووەمی پەیژەکە لەکۆتایدا لەپلەی بنکەوە کۆتایی بەهەر بەش وبرگەیەک دەهێنن، دیسانەوە بەهەمان شێوە برگەو کۆپلەکانی تردووبارە دەبێتەوە تا کۆتایی بەچرینی یەکجاری دێنن. لەکۆتایی چرینی مەقامەکە بەچرینی هەندێک بەستەو ئاوازی جوانی بەسۆزی دەزگای بەیات لەگەڵیدا دەوترێتە نموونەی (گیان گیان – کزەی جەرگانم – ئەرێ هۆلەیلی – ئامۆزا – ئامینێم تاقانەی دایە – سوخمەی کۆنی – ئەرێ لەتویی عارەق چین)کۆمەڵێ هونەرمەندی ناوداروشارەزاو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە شاری سلێمانی دەرکەوتن هەندێکیان نەگەیشتوونەتە تۆمارکردن و ئەرشیف کردن بەڵام لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەملاوە لەئێزگەو تیڤی و ئاهەنگ ودانیشتنەکاندا تۆمارکراون وپارێزراون نموونەی چرینەکانی {ساڵح دیلان، حەمە جەزا، مەحموی تۆفیق شلک، حەمەی بەکر، خاڵەحسە، عوسمان عەلی، حەمەی نێرگز، سەلاح مەجید، عەدنان کەریم، عوسمان شارباژێری)گەلێ هونەرمەندی تر.



سەلاح خزری ـ مەهاباد

# بەیتی کوردی دایکی مۆسیقای کوردییە!

کوردستان بە هۆی ئەوەی جوگرافیایەکی بەربڵاوی هەیە و لەباری زمانەوە خاوەنی چەندین زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆرە، بە پێی شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی خاوەنی مۆسیقایەکی زۆر بە پێزە کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە دەوڵەمەندترین مۆسیقاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

مۆسیقای کوردی بەسەر چەند بابەتدا دابەش دەبێ کە بریتین لە: بەیت، حەیران، لاوک، لێ لێ، هۆرە، سیاچەمانە، مقاماتی تەنبووری یارسانیەکان، مقاماتی گەرمیان، مۆسیقای کار، وردە قام کە هەر کامیان بە پێی سنووریان لەون و ئاواز و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بۆ وێنە لە ناوچەی ئیلام جگە لە چەمەری مۆسیقای «هەیرا» هەیە، لە ناوچەی کەلهوڕ هۆرە هەیە کە هۆرەچران لە کۆنەوە گاتاکانی زەردەشتیان چریوە. لە هەورامان سیاچەمانە و بەزمی چەپڵە، لە گەرمیان مقاماتی تایبەت هەیە. لەناو کاکەییەکان و یارسانەکاندا ٧٢ مقامی تەنبوور هەیە. لە موکریان بەیت و باویان هەیە. لەناو کرمانجەکان لاوک و لێ لێ و پاییزۆک و لەناوچەی هەولێر و قەراج و کەندیناوێ حەیران باوە، کە بەیتی کوردی دایکی هەموویانە.

### دایکی مۆسیقای کوردی

بەیت لقێکی ئەدەبی زارەکی کوردییە کە چیرۆکێک لەسەر کێشی بڕگەیی دەگێڕێتەوە و هەر کامیان بە ئاوازی تایبەتی خۆیان لە لایەن بەیت بێژانەوە کوتراونەتەوە. بەیتبێژ بە شێوازی تەخت و بەند چیرۆک و بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە. بەیت هەموو رەگەزەکانی چیرۆکی تێدایە، بۆ نموونە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە سەرەتا و کۆتایی هەیە، چەندین کاراکتەر دەوری تێدا دەگێڕن، قارەمانی تێدایە، کە بەیتبێژ هەریەک لەم ڕەگەزانە بە شێوازی خۆیان دەڵێ و دەگێڕێتەوە.

### پێکهاتەی بەیت

پێکهاتەی بەیت لە تەخت و بەند پێکهاتووە. «تەخت» ئەوەیە کە بەیتبێژ بەسەرهاتەکە بە قسە دەگێڕێتەوە و «بەند» ئەوەیە کە بەیتبێژ ڕووداوەکە بە ئاواز دەگێڕێتەوە. بە گشتی کاتی گووران و لەدایکبوونی بەیتەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. بەڵام لەسەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکاندا زیاتر پەرەی سەندووە و زۆر بەیتی تازە لەو کاتەدا هاتۆنەتە ئاراوە. بەیتەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازن، بۆ نموونە بەیتی دڵداری (وەک: مەم و زین، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند)، بەیتی شینگێڕی و تراژێدی (وەک: سەیدەوان، کاکە میر و کاکە شێخ، کانەبی و خواز)، بەیتی مێژوویی (وەکوو: دم دم، ئەورەحمان پاشای بابان)، بەیتی ئاینی (وەکوو: جولندی، سائیل، حەتەم)، بەیتی عیرفانی (وەکوو: زەمبیل فرۆش، شێخ مەند و شێخ ڕەش) و بەیتی حەماسی (وەکوو: کانەبی و نەعمان، سوارۆ...) تەنانەت بەیتی گوڵمەزێن و پێکەنینیشمان هەیە، (وەکوو بەیتی بلەی، پیواز، کەر).

بەیتی کوردی لە ناوچەی موکریان سەری هەڵداوە، لە کۆندا تا دەشتی کۆیە سەر بە موکریان بووە بۆیە لەم ناوچانەش بەیتمان هەیە و دواتر ناوچەکانی تریشی گرتۆتەوە. بۆ نموونە لەناوچەی سلێمانی بەیتی ئەورەحمان پاشای بابان و بەیتی خولەپیزە، لە ناوچەی مەرگە بەیتی کاکەمیر و کاکە شێخ، یا هەر لەم ناوچەیە عەلی بەردەشانیمان هەیە کە خەڵکی بەردەشان بووە و خۆشخوانی ئەورەحمان پاشای بابان بووە، یەکێکە لە هەرە بەیتبێژە مەزنەکانی کوردستان و خۆی بەیتهۆنەوە بووە. زۆر بەرهەمی باشی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە وەکوو بەیتی تاڵانی بەردەشانێ، بەیتی راوێ، بەیتی وەسمان پاشا و... هتد.

لە قەڵادزێ بەیتی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ» لەدایکبووە و ئێستاش ئاسەوارەکەیان ماوە. لە نزیک ڕانیە لەسەر کەپکانی دۆڵی شاورێ بەیتی قەرە و گوڵەزەرە کە ئێستاش گۆڕەکەیان لەسەر پڵینگان ماوە و مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف نۆژەنی کردۆتەوە. لە ناوچەی دووکان بەیتی کانەبی و خواز و کانەبی و نەعمانمان هەبووە و بەداخەوە شوێنەکەیان گردی ڕمکان کەوتۆتە ژێر بەنداوی دووکانەوە. لەولاتر لە دیانان بەیتی ئەحمەدی شەنگ، لە ڕەواندز بەیتی سوارە و ئایشی گوڵ ڕوویداوە. لە ناوچەی باڵەکایەتی بەیتی لاس و خەزاڵ و لاسەشۆڕی باڵەکی ڕوویداوە. تەنانەت بەیتی شەم و شەمزینیش لە وەڵاشێ لەدایکبووە. بەیتی سەیدەوان کە عەبدولعەزیزی داسنی هەر سێ کوڕەکەی نێچیرڤان و سەیدەوان و مەلکەوانی لە یەک ڕۆژدا لەدەست داوە و بەیتێکی تراژیدییە لە چیای مەغلووبی داسنیان ڕوویداوە. یان بەیتەکانی خانزادەخانی سۆران، لەشکری و خان سلێمان خان لە ناوچەی هەریرێ لەدایکبوون. بە داخەوە ئێستا لە باشوور بەیتبێژمان نەماوە و بەیت گرنگی پێنادرێ.

### تەنیا کۆکراونەتەوە

لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بە شتێک بکەم ئەویش ئەوەیە کە بەیتەکان تا ئێستا تەنیا کۆکراونەتەوە و کاری دیکەیان لەسەر نەکراوە. هیوادارم ڕۆژێ بە شێوەیەکی ئاکادێمی و لەڕووی ئەدەبی، مێژوویی، ئەفسانەناسی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و... هتد تۆژینەوەیان لەسەر بکرێ. ئەوکات دەتوانین بیانکەین بە شانۆ، بە ئۆپێرا، بە فیلمی سینەمایی، بە ئەنیمەیشن و لەو ڕێگەیەوە نەوە دوای نەوە ئاگاداریان بن و تەنانەت دەتوانین بەم شێوە بە دنیایان بناسێنین و گەلانیتریش چاویان پێیان بکەوێ.

بەداخەوە دوای هاتنی ئەنتەرنێت و پەرەسەندنی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مۆسیقای مقامی پشتگوێ خراوە. تەنانەی بەیت و ژانرە فۆلکلۆرییەکان کەمتر گوێیان لێدەگیرێ و گەنجەکان گوێ لە بەرهەمە تازەکان دەگرن کە لە ڕووی تەکنیکییەوە پێشکەوتووترن و کاریان زۆر لەسەر کراوە.

هیوادارم مۆسیقای ڕەسەنی کوردیش لەم سەردەمەدا کاری لەسەر بکرێ و ناسنامەی بۆ درووست بکەن و زیاتر پەرە بستێنێ.

هۆمەر نۆریاوی ـ سنە



# سروەی دەنگێک و غوربەتی ناخێک

وشە سەرەکییەکان: ئیسماعیل سابوور، مەزهەر خالقی، گۆرانی، هەورامان، کرماشان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کورت و پوخت: ئیسماعیل سابوور، ئەو دەنگە پڕحوزنەی نێو موزیک و گۆرانی کوردی دێتە ئەژمار کە لە هەورامانی گەردنکەشەوە ئاوێتەی نێو دڵستانەکەی هونەری کوردی دەبێت و بە درێژایی نیو سەدە دەیان سترانی بەژن بڵند بە گوڵجاڕی ئاواز و مۆسیقای کوردی دەبەخشێت. خۆشەویستی نەغمە بلاوێنەکەی هونەرمەند مەزهەر خالقی پەلکێشی نێو دنیای گۆرانی کوردی دەکات کەچی زۆر خێرا لەبن هەژموونی ئەو دەنگە نازەنینە دەردەچێت و بە ڕێچکەی هونەریی خۆیدا دەڕوات و فرەیشی پێناچێت هەر هەموو کوردستان دەتەنێتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە قووڵی ئاوڕ لە تەمەنێک ڕاژە و خزمەتی ئەم هونەرمەندە بە مۆسیقای کوردی دەداتەوە و خوێنەر بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە، بەرسڤی گەلێک پرسیاری لەسەر هونەرمەند دەست دەکەوێت.

پەیڤی دەستپێک:

هێشتا خوێندنی دواناوەندیم کۆتایی پێ نەهێنابوو کە بەهەڵکەوت ڕۆژێک کاسێت و شریتێکم بەردەست کەوت کە نەغمەیەکی هەرە نزیک لە دەنگە ناسکتر لە ورشەی هەریرەکەی لای«مەزهەر خالقی»لێوە بەرگوێ دەکەوت و ناخی ئاوپڕژێن دەکرد.

پەیجۆری سۆزی بلاوێنی خودانی ئەو دەنگە بووم و زۆر زوو لام دەرکەوت خاوەنی ئەو دەنگە نازەنینە لە تەنیشت سروەی هەمیشە بلاوێنی«حەوزە لارە»وە دێت و لە نێو ماڵباتێکدا پەروەردە دەبێت کە پێش وی، برا گەورەکەی(فەیرووز سابوور)خاوەنی دەنگێکی دڵلاوێن دەبێت. هەر لەوێندەرێوە کە دەنگی سترانی کوردی هەمیشە بڵند بووە و سۆزی ئاوازی ڕەسەن زایەڵەی بەرز.

ژیانی هونەرمەند لە بەر نسێی ڕۆژگاردا:

ئیسماعیل محەممەدساڵح ناسراو بە «ئیسماعیل سابوور» ساڵی ١٩٥٧(١٣٣٦ی هەتاوی)لە شاری «کرماشان»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵدێنێت. سابوور لە خوێندنگەدا قوتابییەکی وریا و زیرەک دەبێت بەڵام دنیای هونەر هەڵدەبژێرێت. هەر لە تەمەنی زارۆکییەوە حەز بە دەنگی هونەرمەندی ناوداری کورد «مەزهەر خالقی»دەکات و لە تەمەنی دوانزە – سیانزە ساڵانەوە دەکەوێتە خوێندنەوەی گۆرانییەکانی خالقی. تەمەن ١٧ ساڵان دەبێت کە بۆ یەکەمجار لە ڕادیۆ کرماشان چاوی بە خالقی دەکەوێت. خالقی دنەی دەدات لەسەرخوێندنەکەی بەردەوام بێت. خۆی دەڵێ، پێش برا گەورەکەی(فەیرووز سابوور)تێکەڵی دنیای هونەر بووە و تەمەن حەڤدە ساڵان دەبێت کە لەبن کارتێکەری دەنگەکەی مەزهەر خالقیدا سەرەتا لە ڕادیۆ کرماشانەوە دەست پێ دەکات. ٢٠ ساڵان دەبێت خالقی لە ڕادیۆ کرماشان دایدەمەزرێنێت و بەردەوام ئاگاداری دەبێت و ڕێنوێنی دەکات. خۆی گوتەنی، بیست ساڵان بووە کە ستایلی هونەریی خۆی دەبینێتەوە. دەستپێکی چالاکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧



و لەگەڵ تیپی موزیکی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی کرماشاندا. دواتر نزیکەی ٥٠ ستران لە ڕادیۆکانی تاران و سنە تۆمار دەکات.

بەڵام هونەرەکەی نێو ئەم ماڵباتە کوردپەروەرە، هەرگیز خۆی بە دەڤەرێکەوە نابەستێتەوە و باخچە بە باخچەی سترانی کوردی دەگەڕێت و لە هەر باخێک، سوورەگوڵێک دەچنێت و پاش ڕازاندنەوەی هەزار تەرز، لە بەرۆکی ئەویندارانی دەدات. سابوور، ساڵی ١٩٧٩ کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە تاران کۆتایی پێدێنێت. بۆخۆی دەڵێ، هەرگیز نەمویستووە ڕاست لاسایی دەنگی خالقی بکەمەوە و ئەگەر گۆرانییەکی ئەم هونەرمەندەم وتۆتەوە، بە قورگ و ستایلی خۆم بووە.

ئیسماعیل سابوور ئەڵێ، بەشی فرەی ئاوازی گۆرانییەکانم، هی خۆمن و ئاوازی دیکەیشم دەکارهێناوە. خۆی دەڵێ، شەش ساڵ لەسەر مەقامم خوێندۆتەوە. هەروەها خۆی هۆنراوە بۆ هەندێک لە گۆرانییەکانی دادەنێت.

«ئەڤیستا هەورامی»کە کەسێکی نزیک لەم هونەرمەندە دێتە ئەژمار سەبارەت بە ئیسماعیل سابوور دەڵێ: »لە تەمەنی ١٠ ساڵانەوە دەست بە گۆرانی گوتن دەکات. یەکەم گۆرانی ناوی «قەراغی سیروان»ە و دواتر بە «کەمەرەشل»ناوی زێتر دەکەوێتە سەرزاران. پاش شۆڕش، ٢٠ ساڵ گۆرانی ناڵێت».

پەنجاکانی هەتاوی، قۆناخێکی زێڕین بۆ هونەری موزیکی کوردی دێتە ئەژمار کە لە بن سێبەری هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەر خالقیدا زێترین گۆرانی لە ڕادیۆ تێ ڤێی کرماشان تۆمار دەکرێت کە مخابن بە قەدەر پێویست ئاوڕی بەخێر لە گۆرانیبێژ انی ئەو سەردەمە نەدراوەتەوە. هونەرمەندان ئیسماعیل پیرخزری، سەعید قەندی، حسێن ئەلبورزی و گەلێک دەنگی پرسۆزی دی دەچنە هەمان خانەوە بەڵام هونەرمەندانی وەک حیشمەتوڵڵا لورنژاد و ئیسماعیل سابوور بەختیان یاردەبێت کە دەنگیان بە زۆر ناوچەی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە.

سابوور بەشی زۆری گۆرانییەکانی پێش شۆڕش تۆمار

دەكات و ئەڵێ، نزیكەی ٢٠ ساڵ هیچ بەرهەمێكم بڵاو نەكردۆتەوە. ئیسماعیل سابوور سەرەتا ئەلبۆمێك بەناوی «سەفەرنامەی كوردستان» بڵاو دەكاتەوە. ئەم هونەرمەندە لە ٢٠٠٢ەوە ڕوو لە باشوور دەكات و ساڵی ٢٠٠٤یش بە یارمەتی كۆمپانیای»چوارچرا» ئەلبۆمی «بیرەوەری»دەخاتە بەردەست ئاشقانی دەنگی خۆی. ئیسماعیل سابوور زۆر جار لێرە و لەوێ گۆرانییەكانی هونەرمەندانی وەك مامڵێ، حەسەن زیرەك، خالقی و... بە قورگی خۆی وتۆتەوە.

ژمارەیەك لە گۆرانییەكانی ئەم هونەرمەندە بریتین لە: ئەی یاری نازدار(شێعری عابید سیراجەدینی، گۆرانی خالقی)، كەمەرەشل، كەومل، بۆ ئەگری گوڵم، خاڵباجی، وەشەن وەهاران، سەبری، هەستە بەیانە، مانگەشەو، شەوبێدار، ڕۆڵە لای لای، ڕووناك(فۆلكلۆر)، وەدووربیت قەسەم، دە مەگری مەگری، ئەی بێنن بێنن، چەن جارم وت، یارە جوانەكەم، نەسیمی مەحرەم، گەردەلوول(شێعری ئیسماعیل محەممەد بۆ مۆسیقای درامای گەردەلوول)، كوچی سوور، بێقەرار، دڵم تەنگە، كیژۆڵەی كوردستان، باخی بێ بەرگ و بەرم، پشتوێن شل و مل، سەیری ڕەنگی شێواوم، ڕۆژگارێكی چەن تاریكە، چاوەكەت مەستە بە ناحەق فێری مەیخانەی مەكە، دیسان شەو هات، سەرقافڵەی كاروان(شێعری محەممەد پاكژ).

شێعری گەلێك شاعیری وەك هەژار موكریانی، عابید سیراجەدینی، لەتیف هاشمی، ئەحمەد محەممەد، ئیسماعیل محەممەد، محەممەد پاكژ، سیمین چایچی و زۆر شاعیری تری كردووە بە گۆرانی.

حیشمەت لورنژاد، ئیسماعیل پیرخدری، مەحموود مێرئاتی، ئیسماعیل مەسقەتی، محەممەد عەبدولسەمەدی، مەسعوود زەنگەنە لەسەر گەشەی كەسایەتی هونەریی سابوور كاریگەر بوونە، هەروەها ژەنیار و هونەرمەندانی وەك سوهەیل ئەیوانی، عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە، كارزان مەحموود، حەسەن یۆسف زەمانی، توانا خورشید، ئارەش سەمیمی، سەید ئەحمەد ڕواندزی و... یارمەتی هونەریی سابووریان داوە و كاری ئاواز و دابەشكردنی موزیكیان بۆ جێبەجێ كردووە.

سابوور دوو جار ژنی هێناوە، لە یەكەمیان دوو كچی هەیە و ژنی دووهەمیشی خەڵكی تەوێڵەیە و كەنیشكێكی لێی هەیە.

جەخار جەخار دڵە هونەرییەكەی ئیسماعیل سابوور ئێوارەی ڕۆژی(یەكشەممە ٢٦ی جۆزەردانی ٢٧١٩)لە تەمەنی ٦٤ ساڵی بە جەستە ماڵئاواییمان لێ دەكات و بۆ سبەی لە گۆڕستانی ئاشقانی فەرهەنگ و تۆرەی كوردی لە «گردی سەیوان»بە خاكی نیشتمان دەسپێردرێت.

هونەرمەند و خالقی:

ڕاستە دەنگی هونەرمەند ئیسماعیل سابوور لە دەنگەكەی گەورە هونەرمەندی كورد»مەزهەر خالقی»یەوە نزیكە بەڵام ڕاستیت گەرەكە هەر كامە و خودانی ستایل و شێوازی خۆیەتی و مەودای نێوان ئەم دوو گەرووە هونەرییە زۆرە و هەر یەكە و لە نێو جهانێكدا سەیر دەكات. سابوور ڕاستە سەرەتاكان لە بن دەسەڵات و توانای خالقی دا دەبێت، لێ، زۆر زوو ڕێچكەی هونەریی خۆی دەدۆزێتەوە و هەرگیز لە دووی لاساییكردنەوە نابێت. كەس نكۆڵی لەوە ناكات كە مەزهەر خالقی بۆ خۆی فێرگەیەكی هونەرییە و لە نێو مێژووی موزیكی كوردییدا خاوەنی جێگە و پێگەیەكی تایبەتە بەڵام ئەوەی بۆ خالقی دەرەخسێت سەد مخابن پریشكێكی وەبەر سابوور ناكەوێت. ئەمە بەو واتا نییە لە قورسایی هونەرەكەی مامۆستا خالقی كەم بكەینەوە، بگرە خالقی بۆ خۆی بە درێژایی تەمەنی هونەریی سابوور، هەمیشە یارمەتیدەر و پاڵپشتێكی دەبێت و بەردەوام ڕێنموونی دەكات.

سابوور، ئەو چاخ و خولەی لە ڕادیۆ كوردیی كرماشان سەرەتایەك بۆ هونەرەكەی خۆی دەنووسێتەوە، لە بن ڕێنمونی گەورە هونەرمەندێكی وەك مەزهەر خالقیدا قۆناخ بە قۆناخ هونەرەكەی باڵا دەكات. ئەوەندە شەیدای دەنگی خالقی دەبێت كە سەرەتا بە قورگ و گەرووەكەی خۆی ژمارەیەك گۆرانی خالقی دەڵێتەوە و دواتر هەر لە ژێر سێبەری ڕێنوێنییەكانی ئەم هونەرمەندەدا ستایل و ڕێچكەی هونەریی خۆی دەدۆزێتەوە.

سابوور لەسەر ئەو باوەڕە دەبێت كە خالقی، سامانێكی هونەری كوردییە و كەس وەك خۆی ناتوانێت گۆرانییەكانی بڵێتەوە. سابوور، خالقی بە داهێنەر و خۆیشی بە قوتابیی وی دادەنێت. ئەوەندە خالقی خۆش ویستووە هەرگیز نەیویستووە خۆی لە قەرەی وتنەوەی گۆرانییەكانی بدات. ئەڵێ، ئەگەر نەتوانیت مافی بەتەواوەتی بە گۆرانی هونەرمەندێكی مەزن بدەیت، چاك ئەوەیە خۆت لە قەرەی نەدەیت.

سیاسەت و هونەر:

سیاسییەكانی كورد بە درێژایی مێژوو بەداخەوە بەرانبەر توێژی پێشرەوی گەل(ڕووناكبیران)ئەوەندەی پێویست بووە، قەدرزان نەبوونە و گەر هونەرمەند، یان نووسەرێك دووی پارتەكەیان نەكەوتبێت، بە لالووتێكەوە ئاوڕیان لێداوەتەوە و هیچ ئەوەیان لا گرنگ نەبووە كە ئەم چەشنە مرۆڤە شۆڕشگێڕانە، ژیانیان بە گەل و نەتەوەكەیان بەخشیوە و هەمیشە و لە هەموو قۆناخ و سەردەمێكدا، دەنگی دلێری گەل بوونە. سیاسییەكانی كورد گەر لێرە و لەوێ قەدر و ڕێزێكیان هەبێت. بێ سێ و دوو پشتیان بە نووسەر و ڕووناكبیری شۆڕشگێڕی نەتەوەكەیان ئەستوور بووە، بۆیە سیاسییەكانی كوردیش دەبێ فێری وانەی سەردەم بن و وەك گەل و نەتەوەكانی پێشرەو، جیاكاری لە نێوان هونەرمەند و نووسەرانی نیشتمانپەروەردا دانەنێن و هەمووان بە یەك دیدە سەیربكەن و چاو لە تەمەنێك خەباتیان لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەكەیان بكەن. گەر بە پرسیارێكی ئاسایی بچیتە نێو جەماوەر و لەسەر كەسایەتییە نەتەوەییەكان پرسیار بكرێت، دڵنیام ئەوەندەی خەڵك ئاشنا بە ناو و سیمای خانی، مەولەوی، حاجی قادر، وەفایی، پیرەمێرد، بێكەس، دڵدار، تایرتۆفیق، عەلی مەردان، ئۆسمان هەورامی، تەحسین تەها، شڤانپەروەر، حەمە جەزا و هتدن، دە یەكی شارەزا بە كەسایەتییە سیاسییەكان نین مەگین ئەوانەی پێشەوائاسا تەنێ هەر بیریان لای نەتەوەكەیان بوو بێت.

پیرەمێرد گوتەنی: «نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین».

لێرەوە ڕووی ئەم پەیڤە لە سیاسییەكانی كورد خاسما دەسەڵاتی نهای كوردە كە لانیكەم لە پارێكی كوردستاندا خودان تەخت و بەختە و پێویستە بەو چەشنە غەریبانە چاو لە توێژی پێشرەوی گەل نەكات و بە دیدەی سامانی فەرهەنگی سەیری ڕووناكبیران بكات و لە مان و نەماندا پاڵپشت و هاریكار و لایەنگریان بێت و ئەم نەریتەیش بۆ بەرەی ئێستا بگوێزێتەوە، ئەرچی كۆمەڵ هەمیشە بۆ خۆ پێشەنگ بووە و بە بێ هیچ فەرق و جیاوازییەك، ڕێزی لە توێژی هونەرمەند و ڕووناكبیری سەربەخۆ و نەتەوەیی خۆی ناوە.

هونەرمەند و نیشتمانپەروەری:

ڕووحی نیشتمانپەروەری ئەوەندە بەسەر ناخی ئەم هونەرمەندەدا(ئیسماعیل سابوور)زاڵ دەبێت كە هەرگیز جیاوازی لە نێوان دەڤەر و شار و باژارێكی كوردستاندا

دانانێت و هەمووان بە چاوێک دەبینێت.

هاورێیانی ڕادیۆ کوردیی تاران زۆر جار ئیشارەتیان بەو خاڵە دەدا کە جارێکیان ئیسماعیل سابوور داوای شێعرێکی نیشتمانیی لە مامۆستا هەژار موکریانی دەکات و دەڵێت پاش شۆڕش چونکە شتی ئەوتۆم پێ شک نایە ئیدی حەز بە گۆرانی گوتن ناکەم؛ مام هەژاریش ئامۆژگاری دەکات و باس لە ناسکی دەنگەکەی دەکات و پێی دەڵێ، حەیفە ئەو دەنگە، سترانی کوردی نەخوێنێت هەر بۆیە شێعری «بەزمی بەهار»ی خۆی پێ دەدات و ئەم هونەرمەندەیش تۆماری دەکات و ئێستا، یەک لە گۆرانییە هەرە لەبەردڵانی سابوور دێتە ئەژمار کە شێعرە پاراوەکەی هەژار، ئاوێتەی دەنگە ڕۆح لاوێنەکەی سابوور دەبێت و وەک کانیاوێکی زوڵاڵ دەڕژێتە نێو ناخی مرۆی کوردەوە.

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری
بە تیشکە تێک شکا سوپای کڕێوە
هەواری ڕۆژ گەییشتە خاکەلێوە (بۆ کوردستان، هەژار)

هونەرمەند و ڕەسەنایەتی:

ڕەسەنایەتی، یەکێکە لە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی نێو سترانەکانی ئیسماعیل سابوور و بە درێژایی تەمەنی هونەری هەرگیز هونەرەکەی لەم ڕاستە ڕێبازە ناترازێت. هەر بۆیە هەم مێلۆدی و هەمیش گۆرانییەکانی سابوور وەک دووانە، هەمیشە ئاوێزانی باڵای یەکدی دەبن. باوەڕی قووڵی سابوور بە هونەری ڕەسەن تەنانەت لە وتووێژ و ئاخاوتنی لەسەر مۆسیقای کوردی دیاربوو و بەردەوام ڕەخنەی لەو هونەرمەندانە دەگرت کە هونەری کوردییان لە خشتە دەبرد و مێلۆدی و ئاوازی ناڕەسەنیان ئاوێتەی موزیکی کوردیی دەکرد.

گۆرانیی هەورامی و سابوور:

بۆ ساڵانێک دەچێت کە لێرە و لەوێ ڕەخنە لە هونەرمەند ئیسماعیل سابوور دەگیردرێت کە گوایە وەک هونەرمەندێک ئاوڕێکی ئەوتۆی لە گۆرانی هەورامی نەداوەتەوە و بەرهەمی کوردیهەورامی لە نێو هەگبە هونەرییەکەیدا بەردیدە ناکەوێت. بۆ وەرامدانەوە بەم ڕەخنە یان گلە و گازندەیە، ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە. هەندێک پرسەکە دەبەنەوە سەر تایبەتمەندییەکان و لەحن و شێوازی چڕین لای سابوور و برێکی دی لەسەر ئەو باوەڕەن کە سابوور کاتێک دەنگی هونەرمەندانی وەک عوسمان هەورامی، برایانی کەیمنەیی، جەمیل نەوسوویی لە ئاستێکی باڵادا دەبینێت ئیدی نایەوێت خۆی لە قەرەی گۆرانی هەورامی بدات. ژمارەیەکی دی دەڵێن کە سابوور سامانی گۆرانی کوردی بە یەک چاو سەیرکردووە و زێتر خۆی لە چڕینی سترانی کوردی بە زاراوەکانی کوردیی ناوەڕاست و کەڵهوڕیدا سەرکەوتوو زانیوە بۆیە وەدووی ئەم حەزە کەوتووە و لەم ڕێگەیەوە درێژەی بە خزمەتە هونەرییەکەی داوە. گومانی تێدا نییە کە حەزی تاکەکەسییش لەسەر ئەم پرسە دەوری بینیوە.

ئیسماعیل سابوور لە وەرامی ئەم چەشنە ڕەخنانەدا دەڵێت، فۆنێتیکی دەنگی من، شێوازی هەورامی بە تەواوەتی لە خۆی نەگرتووە. بۆیە نامەوێت ئەو گۆرانییە ڕەسەنانەی کە بە دەنگی هونەرمەندانی وەک عوسمان هەورامی و شەفیع کەیمنەیی خوێندراون، ئاستەکەیان دابەزێنم.

هونەرمەند جەمشید عەزیزخانی، لە وەرامی ئەم ڕەخنەیەدا پێی وایە کە نەبوونی ئاوازدانەری لێهاتوو و شارەزا بە مۆسیقای هەورامی و هەروەها نەبوونی ئۆرکێسترای هەورامی لەسەر ئەم پرسە کاریگەر بوونە. دیسان دەڵێت کە تایبەتمەندییەکانی دەنگ و شێوازی چڕین لای سابوور لەسەر ئەم پرسە دەوریان هەبووە. دابڕان و دوورکەوتنەوەی هونەرمەند لە سرووشتی سیحراوی هەورامانیش بە یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دووریی سابوور لە گۆرانی ناوچەی هەورامان دادەنرێت.

سابوور و هونەری گۆرانیی ئێستا:

ئیسماعیل سابوور لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەو هەست و نەستەی جاران لە ناخی مامڵێ و زیرەک و سەیید ئەسغەر و خالقیدا هەبووە، لە دڵی سترانبێژی ئێستادا نییە.

ئیسماعیل سابوور بەم چەشنە ئاماژە دەداتە هۆکاری ئاست نزمیی گۆرانی کوردی و دەڵێت: «هونەری گۆرانی کوردی ئێستا لە ڕووی کوالیتییەوە زۆر بەرز و جوانە بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وەک جەستەیەکی بێڕۆح وایە!، گۆرانی ئێستا لە ڕووی هەست یاخود ڕۆحەوە زۆر لاواز و بێ هێزە تەنها گۆرانییە و لە پێناوی گۆرانی، بەڵکوو گۆرانییەک نایەتە بوون لە پێناوی مانەوە و بە جوانی لە گوێی گوێگر، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئێستا ئاواز و تێکستی گۆرانییمان تووشی قەیران هاتوون، مەبەستم ئەوە نییە شاعیر و ئاوازدانەری باشمان نییە!، نەخێر، بە پێچەوانەوە کەسانی زۆر باش و دەستڕەنگینمان هەن، بەڵام بەداخەوە هەڵبژاردنی جۆری گۆرانییەکان لە لایەن بەشێک لە هونەرمەندانەوە باش نییە».

سابوور ڕەخنە لە گۆرانی ئێستای کوردی دەگرێت و پێی وایە ڕووی لە گیان کەنشتە، چونکە هەموو شتێک شێواو دەنوێنێت. هەروەها دەڵێ، ئێستا گەلێک بەرهەمی کرچ و کاڵ بڵاو دەبێتەوە کە هیچ گوێ بە ڕەسەنایێتی و کولتووری کوردی نادرێت. سابوور پێی وایە تازەگەری لە موزیکدا پێویستە ئەنجام بگرێت بەڵام نەک بە مۆسیقای تورکی و عەرەبی. تازەگەری لای ئەم هونەرمەندە پێویستی بە خوێندنەوەی ورد لەسەر مۆسیقای کوردی هەیە و ئەگەر زانستییانە مامەڵەی لە تەکدا نەکرێت، بە لاڕێدا دەچێت.

هونەرمەند سابوور دەڵێ، ئەوەی توانای وتنی گۆرانی نوێی هەیە، با بەرۆکی سترانی کۆن بەر دا و تێکی نەدات. سابوور، بازاڕی پێشبڕکێی نێوان هونەرمەندان لەسەر بڵاوکردنەوەی کلیپی نەشاز و وەرگیراو لە ئاوازی تورکی، عەرەبی و بیانی بە گەرم و گوڕ دادەنێت کە دواتر دەیخەنە بەرگوێی خەڵکی هەژار. ئەم هونەرمەندە تیر و توانجیش دەگرێتە میدیای کوردی لە هەمبەر ئەو ئاشووفتەبازاڕەدا و ڕاگەیاندنی کوردی بە بەرپرسیار دادەنێت چونکە بە بێ هیچ چەشنە فیلتەر و هەڵسەنگاندنێک، بەرهەمێک بڵاودەکەنەوە. سابوور ئاستی ڕۆشنبیریی ژمارەیەک لە بەناو هونەرمەندەکان بە نزم دادەنێت.

ڕۆڵی فۆلکلۆر لە سترانی سابووردا:

بەشێک لە گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە بەرگی فۆلکلۆریان لەوەردایە و بۆ خۆی بە دید و ڕوانگەیەکی جیاواز سەیری ئەم سامانە زەنگینە دەکات. ئیسماعیل سابوور بڕوای لەسەر ئەوە بوو کە فۆلکلۆر لە کەنیشکێکی جوان و خنجیلانەی نێو ماڵ دەچێت، تۆ دەچیت و دەری دێنیت و بەرگێکی نوێتری دەکەیتە بەر. جوانیی و ڕاستگۆیی نێو فۆلکلۆری کوردی بە هۆکارێکی دی دەزانێت بۆ ئاوڕدانەوەی ڕاستینەی خۆی لەم سامانە دەوڵەمەندە. سابوور هەروەها تازەگەری لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی بە گەلێک پێویست دەزانی. چونکە لەم ڕێگەوە

هونەرمەندی ئێستا دەتوانێت هەم ئەم سامانە بەنرخە لە فەوتان بپارێزێت و هەمیش بیگوێزێتەوە بۆ سەر دڵی گەنجان.

ئیسماعیل سابوور و ڕووناکبیران:

«مەحموود مێرئاتی»، هونەرمەندێکی هاوچاخی سابوورە کە باس لە کاری هاوبەشی نێوانیان دەکات و ئەڵێ، لەگەڵ هونەرمەندان حیشمەتوڵڵا لورنژاد و ئیسماعیل سابوور گەلێک کاری هاوبەشمان کردووە.

«ئاراس فەتاح»، نووسەر و ڕووناکبیرێکی دیاری کوردە کە بە نووسینێک، باس لە حوزنی نێو ئەم گەرووە زێڕینە دەکات. ئەم نووسەرە کوردە ڕەخنەی توند لە دەسەڵاتی کوردی خاسما وەزارەتی ڕۆشنبیری دەگرێت و لە هەمبەر کۆچی دوایی هونەرمەندێکی گەورەی وەک ئیسماعیل سابوور بە کەمتەرخەم و خەمساردیان دادەنێت. نووسەر پێی وایە هونەری داهێنەر هیچ پێویستی بە پارە و دەسەڵات و ئەکادیمیای حیزبیی نییە و بە پێچەوانەوە ئەوە دەسەڵاتە بۆ شەرعییەتدان بە خۆی پێویستی بە هونەرە. ڕەخنەیش لە سینەماکاری کورد «بەهمەن قوبادی» دەگرێت و جیاوازی ئەم و سابوور لەوەدا دەبینێتەوە کە یەکێکیان هونەرەکەی خۆی پاراست و بە جوانیی مایەوە، ئەوی تریشیان لە قۆناغێکدا بە دەسەڵاتی فرۆشت. فیلمی «ئالای بێ ولات»بە نموونە دێنێتەوە کە لە فێستیڤاڵەکانی ئەورووپایی و ئاسیایی نمایش دەکرێت کەچی لە هەرێم تەنێ بۆ کەسانی تایبەت ئەویش بە داوەتنامە.

دیسان ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت کە سابوور بە درێژایی ساڵانی ژیانی لە هەرێم لە هیچ لایەنێکەوە ئاوڕێکی لێ نادرێتەوە و تەنانەت لە نەخۆشخانەیەکی ئاساییشدا کۆچی دوایی دەکات.

ئاراس فەتاح، سەبارەت بە گەورەیی هونەرەکەی ئیسماعیل سابوور دەنووسێت: «جیهانی موزیکیی ئیسماعیل سابوور پڕاوپڕە لە خۆشەویستیی و جوانیی و حوزن. لە مێژووی موزیکی ئێمەدا کەم هونەرمەند هەیە وەک سابوور بە هونەری حوزنەوە جوان بێت. دەشێت پێویست نەکات بزانین ئەم هونەرمەندە گەورەیە بۆچی مرد، بەڵام دەبێت زۆرینەمان ئەوە بزانین بۆچی ژیا. ژیانی ئەو بە دەنگە نەرم و موزیکەکەی، مانا و بەهایەکی قووڵی بە خۆشەویستیی و حوزن و جوانیی موزیک بەخشی. ئیسماعیل سابوور سەر بە نەوەیەکە لەو هونەرمەندانەی کە فێریان کردین دانیشین و بە هێمنیی گوێ لە گۆرانیی بگرین، ڕێز لە قووڵایی و جوانیی موزیک بگرین. سەردەمی نوێی هونەری موزیکی کوردیی پڕ بووە لە گۆرانیبێژ ی هەرزان و هونەری لووس کە لە کاتی ڕیشتاشین یان لوولکردنی قژدا گوێی لێدەگیرێت، یاخود لە کاتی زەماوەندا ڕیتمی هەڵپەڕکێ ئاراستە دەکات.

ساڵانێکە مۆمی ژیانی ژمارەیەک لە سیاسەتمەدار و هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانی سەدەی بیستەممان دەکوژێنەوە، گەر کوژانەوەی مۆمی ژیانی سیاسییەک، ڕق و کینە و تاریکییمان بۆ بەرهەم بهێنێت، ئەوا کوژانەوەی مۆمی ژیانی هونەرمەندێکی وەک ئیسماعیل سابوور، خەرمانەیەک لە خۆشەویستیی و جوانییەکانی حوزنمان لە هونەری کوردییدا بۆ بەجێ دەهێڵێت.

«عەبدوڕەحمان بێلاف»ی شاعیر کە زێتر بە شاعیری شێعری گۆرانی ناودێرە و خاوەنی پتر لە ١٠٠٠ تێکستی گۆرانییە و لە نزیکەوە ئاشنا بە زۆربەی هونەرمەندانی دوێنێ و ئێستای کوردە، ئیسماعیل سابوور بە قوڕگێکی ناوازەی نێو گۆرانی کوردی دادەنێت و سابووری هونەرمەند، بە مرۆیەکی ڕۆحسووک وەسف دەکات و دەڵێ، سابوور، خاوەنی دڵێکی زۆر پاکژ و ساکار بوو.

هونەرمەند و شاعیر، »حەمە عەزیز»سەبارەت بە ئیسماعیل سابوور دەنووسێت: » لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانەوە ئەو دەنگە خۆڕسک و زوڵاڵە، ئەم گەرووە سازگارەی پڕ لە چریکەی سۆز و هەستبزوێنە، کاریگەری لەسەر چێژ و خولیا و ئارەزووم هەبووە بۆ عەشقی هەمیشەییم بەرانبەر ئاواز و گۆرانی کوردی، هەردەم بە جێگرەوەیەکی هەمیشەیی هونەرمەندی مەزن(مەزهەر خالقی)م هەژمار کردووە. ئەو ئاواز و بەستانەی لە گەرووی (ئیسماعیل سابوور)ەوە هەستاوە، هەر هەموویان بۆنی ڕەسەنایەتی و بەرامەی کوردییان، ناخ و مێشکی هەواداران و عاشقانی دەنگی سابووریان پڕ کردووە لە چێژ و خرۆشی ئاواز و گۆرانییەکانی».

شاعیر و نووسەر«فەرەیدوون ئەرشەدی»لە کورتە نووسینێکدا دەکەوێتە باس لەسەر تایبەتمەندییەکانی هونەرمەند ئیسماعیل سابوور. فەرەیدوون ئەرشەدی سەبارەت بە ئیسمائیل سابوور دەنووسێت: «لە ڕەوتی هەمیشە بەرەو پێشی هونەردا، بە هەموو بوارەکانیەوە، هەندێ دەنگ، لە بارودۆخی تایبەتی خۆیاندا، لەدایک نابن. ئیسمائیل سابووری دەنگخۆش و هێور و سەبوور، یەکێک لەو دەنگایە لە موسیقی کوردیدا. دەنگی ئیسمائیل سابوور و تایبەتمەندییەکانی، لە زومرەی ئەو دەنگانەیە کە نوێنەری هەرە دیاریان «مەزهەر خالقی»یە».

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی فەرەیدوون ئەرشەدی، دەنگی سابوور ئەوەندە حوزنێکی نازەنین و جوانی تێدایە کە بە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە؛ ڕاستە سابوور دەزگە و ناوەند و لایەنێکی لە پشتەوە نابێت و هەر لەبەر ئەمەیش هەرگیز مافی بە تەواوەتی خۆی لە هونەردا وەرناگرێت بەڵام هەر ئەم خاڵە، سەربەخۆیی بە کارنامە هونەرییەکەی دەبەخشێت و سەنگی چەند هێندە قورستر دەکات. ئیسماعیل سابوور ئەگەر دەرفەتی پێویستی بۆ دەرکەوتنی چالاکانەتر و کاراتر لە مەیدانی هونەردا بۆ نەڕەخساوە، لێ، لە کامە شوێندا دەرکەوتبێت، بە سیحری دەنگەکەی، هەژانێکی لەبەردڵانی خستۆتە دڵی جەماوەرەوە. هەر ئەمەیشە نهێنی خۆشەویستیی ئەم دەنگ و سیما هونەرییە لای خەڵک.

دواتر نووسەر باس لە هەژموون و کارایی دەنگی مەزهەر خالقی لەسەر دەنگی ئیسماعیل سابوور دەکات و دەنووسێت: «زۆر ئاساییە کە دەنگی ئیسمائیل سابووری بێدەرەتان و کەم دەسەڵات، لە ژێر هەژموونی و کارایی دەنگی کاک مەزهەردا، بشاردرێتەوە». نووسەر، شۆڕشی گەلانی ئێران بە زەبرێکی کوشندە بۆ هونەرەکەی ئیسماعیل سابوور دادەنێت کە مخابن مەزهەر خالقی ئێران و ڕۆژهەڵات بەجێ دەهێڵێت و سابووری هونەرمەند گۆشەگیر دەبێت. بەڵام دواتر بە هەمان چەشنی ناسر ڕەزازی و نەجمەدین غوڵامی، بە سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕانە دێتەوە نێو مەیدانی هونەر. نووسەر، لە کۆتایی نووسینەکەیدا باس لە دەرفەتە لەدەستچووەکانی ئیسماعیل سابوور دەکات و نەبوونی ڕاوێژکارێکی وریای هونەرییش بە یەک لە کۆسپەکانی بەردەم باڵاکردنی زێتری هونەرەکەی دادەنێت.

«زیرەک کەمال»، نووسەرێکی تری کوردە کە باس لە سۆزی سیحراویی نێو گەرووە هونەرییەکەی ئیسماعیل سابوور دەکات و دەنووسێت: «هەموو هەواڵێک، دیمەنێکی تراژیدی، ڕووداوێکی خەفەتهێنەر، دەمخاتە حاڵەتی ڕامانێکی

قووڵ و دۆخێکی تاسەبار، بەڵام هەواڵیش هەیە هەموو ئەو ڕووبەر و سنوورانەم پێ تێدەپەڕێنێت و دەمخاتە حاڵەتی گریانەوە. مەرگی ئیسماعیل سابوور زۆر گریاندمی، گێڕامیەوە بۆ دۆخی منداڵی، ئەو کاتەی لە ڕادیۆ شرەکەی باوکم گوێبیستی سابوور دەبووم کە بە وێنەی کۆترە باریکەکانی تاق کەوتووی بریندار و دابڕاو لە دڵبەندەکەی هاواری دەکرد(دەردت لە من ئازیز، دەردت لە من)، منیش لە گەڵ ئەو، وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە ئیقاعی دەنگی ئەوم دووبارە دەکردەوە. سابوور، دەنگی ئەفسووناویی جیهانی عەشق و غوربەت و دابڕان بوو. ئیسماعیل سابووریشمان بەوپەڕی دڵشکان هەڵات لەو دونیایەی سیاسەت وێرانی کرد».

مامۆستا «هومایۆن کەمانگەر»، یەک لە ئەستووندەکە سەرەکییەکانی ڕادیۆ کوردی پێش و پاش شۆڕش و میدیاکاری ناسراوی کورد، دەوری ڕادیۆ کوردیی بەغا لەسەر هونەرمەند ئیسماعیل سابوور بە گرنگ دادەنێت.

«ئارەش سەمیمی»، ژەنیار و ئاوازدانەر کە سەردەمێک هاریکارێکی نزیکی سابوور بووە، لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئیسماعیل پیرخدری، حیشمەت لورنژاد، فەیرووز و ئیسماعیل سابوور، چوار کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای کرماشان دێنە ئەژمار کە خزمەتێکی فرەوانی گۆرانی کوردییان کردووە.

«کەریم ڕەحیمی»، هونەرمەندی هەورامانی و کەسێک لە نزیکەوە ئاگاداری هەست و نەستە هونەرییەکەی سابوور بووە و خزمی هونەرمەندیشە، سەرەڕای دەنگ و ستایلی جیاواز لە چڕینی گۆرانی، شارەزایەتی ئیسماعیل سابوور لە چڕینی ستران بە زاراوەی کوردیی ناوەڕاست بە یەک لەو خاڵە هەرە گرنگانە دادەنێت کە ئەم هونەرمەندە لە هونەرمەندانی دی جیا دەکاتەوە. کەریم ڕەحیمی، هەروەها سەردەمی ڕادیۆ کوردیی کرماشان بە زێڕینترین چاخی گەشەی هونەرەکەی سابوور دەزانێت کە لە ڕاستیدا سابوور هەر لەوێوەوە ناوبانگی بە کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە.

دەرەنجام:

ئیسماعیل سابوور
دەنگی...
خەمێکی قووڵە لە ناخا..،
خۆراک دەداتە ڕووحی ئەویندار.
دەنگێکە...
زامی گیان ڕادەژێنێ..،
دڵ دەباتەوە بۆ سەر ڕێگەی یار. (محەممەد پاکژ)

سابوور، بە درێژایی ساڵانی ڕاژە و خزمەتی بە گوڵجاڕی سترانی کوردی، پتر لە ١٠٥ گۆرانی بە خەرمانەی موزیکی کوردی دەبەخشێت. نزیکەی ٥٠ ساڵ ڕاژە و خزمەت بە مۆسیقای ڕەسەن، لە هەگبە و کارنامەی هونەریی ئیسماعیل سابووردایە و هەر ئەمە بەسە بۆ مەزنیی ئەم کەسایەتییە هونەرییە. کەم نین ژمارەی ئەوانەی ئێستا لەگەڵ گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندەدا خۆشترین یادەوەرییان هەیە و هەر ساتە و لە تەک گۆرانییەکیدا پێدەکەنن یان بە دیار سترانێکی سابوورەوە فرمێسک هەڵدەوەڕێنن.

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هونەرمەند سابوور بەرانبەر دەنگە نازەنینەکەی هەندێک خەمسارد بوو، ئەگینا تەمەنی وی بۆ کۆچ زۆر زوو بوو. هونەرمەند ئیسماعیل سابوور، شاری کرماشان بە یەک لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ ئاوێتەبوونی خۆی بە دنیای موزیک و سترانی کوردی دادەنێت و دەڵێ: «گۆرانی کوردی، لە کرماشانا لە دایک ئەوێت، لە سنە پەروەردە ئەوێت و لە سلێمانییا ئەینێژن». هونەرمەند «مەزهەر خالقی» تەنێ هەر لەسەر ئیساعیل سابوور کارتێکەری نابێت و ماڵباتەکەشی هەرهەمووان ئەم هونەرمەندەیان خۆش گەرەک دەبێت؛ هەتا بەوێندەرێ کە دایکی ئەم هونەرمەندە بە «سابوور»ی کوڕی وتبوو: «ئیسماعیل گیان، ڕۆڵەم، ئەگەر هاتی بۆ سەر قەورەکەم، گۆرانی مەزهەرم بۆ بخوێنە». دەڵێی هەر دوێنێ و پێرێ بوو کە دەیان بلیمەت و بیرمەند و نووسەر و شاعیری مەزنی وەک مەسعوود محەممەد، مەلا جەمیلڕۆژبەیانی، ئەردەڵانبەکر، مارفخەزنەدار، شێرکۆ بێکەس، عوسمانعەلی، عەبباسکەمەندی، عەلابابەشەهابی، جەمالنەبەز، حەمەجەزا و... کە تەمەن و ژیانیان بە گەل و نەتەوەکەیان بەخشیبوو، هەر بە هەمان شێوەی ئیسماعیل سابوور لە غوربەتێکی سەیری نێو نیشتماندا بن ئاخ کران.

ئەنیستیتۆی کەلەپووری کورد لە شاری سلێمانی و هاوژینە دووەمەکەی هونەرمەند، دوو هۆکاری هەرە گرنگن بۆ گەڕانەوەی سابوور بۆ ئامێزی سترانی کوردی و درێژەدان بە خزمەتکردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی.

ئیسماعیل سابوور، گەلێک ساڵ پێش مەرگ، بۆ خۆی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە شاری سلێمانی ببێتە دوا مەنزڵ و بۆ هەمیشە ڕووحەکەی لەوێندەر ئۆقرە و ستار بگرێت؛ئەوەتا بۆ خۆی دەڵێ: «چارەنووسی منیچ وەسە گۆرانی کوردی، لە کرماشان هاتومە دونیا، لە سێوەر مامۆستا خالقی یا پەروەردە بووم کە خەڵکی سنەس و ئەزانم لە سلێمانیيا ئەمنێژن». سابوور ئەو دەنگە حەزینە نەرم و نیان و لەبەردڵانەی نێو گۆرانی کوردییە کە هونەرەکەی، ئەرخەیانی و هێوری و ستار و ئۆقرە بە مرۆ دەبەخشێت، هەر بۆیە هەرگیز سۆزی نێو ئەو دەنگە فەرامۆش نابێت و دڵنیام تا دێت لایەنگری فرەتر دەبێت. سابوور لە نێو سترانی کوردییدا مێژوویەکی بۆ خۆی نووسییەوە؛ هەر ئەوەش بەسە بۆ هەرمان مانەوەی لە نێو مۆسیقای کوردییدا. بۆ خۆی دەڵێ: «هەموو ژیانم لە پێناو مۆسیقادا بردۆتە سەر». بۆیە دەکرێت بڵێین ئیسماعیل سابوور»دەنگێک نامۆ بە جەنجاڵ، نغرۆی نێو عەشقێکی مەحاڵ»بوو.

سەرچاوەکان:


- دیوانی پیرەمێردی نەمر، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسینی محەممەد ڕەسووڵ(هاوار)، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧
- بۆ کوردستان، هەژار موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠١
- وتووێژ لەگەڵ ئیسماعیل سابوور، ماڵپەڕی ڕووداو، بەشی کولتوور و ستایل، ٢٠١٦
- وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی سڤیل، سلێمانی
- وتووێژ لەگەڵ عەلی سەمیمی، ئاژانسی کوردپا
- سەردەمی مردنی هونەری ڕاقیی و لەدایکبوونی هونەری گەعدە، ئاراس فەتاح، ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین
- ڕووپەڕی هونەرمەند جەمال دەلاک لە فەیسبووک
- ئیسمائیل سابوور و دەرفەتەکانی، فەرەیدوون ئەرشەدی، ڕووپەڕی شاعیر لە فەیسبووک
- ئیسماعیل سابوور گریاندمی، زیرەک کەمال، ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان
- وتووێژی ئاژانسی پی. ئێن. ئەی لەگەڵ ئیسماعیل سابوور، ساڵی ٢٠٠٧
- بۆ یادی هونەرمەند ئیسماعیل سابوور، جەبار شافعی زادە، کەناڵی بنکەی قەڵەمی هاوچەرخی کورد(پاوە)لە تێلگرام
- گفت و گۆی دۆستانەی نێوان نووسەر و عەبدوڕەحمان بێلاف
- وتووێژی عەبدولغەففار عەبدوڵڵا لەگەڵ هونەرمەند، ماڵپەڕی هەولێر، ٢٠١٩
- سێدی ئەلبۆمی بیرەوەری، کۆمپانیای چوارچرا، ٢٠٠٤
- حەوتەنامەی سیروان، ساڵی بیست و دووەم، ژمارە ١٠٩٠، شەممە ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی(جۆلای ٢٠٢٠)

پەری نەجەفی ـ کرماشان



# جەورکیش

**پیشکەش وە روح گەورای باوگم**



نان دەولەتی دەسد گری روله، ئەویش وە مالیان دەیه دەیشت و وە دڵ خوەیەو ئوشی ئی سەیه شیته وە مەولا، نان دەولەتی وە ئاوای ها کوو، سەری لەقنی و ری خوەی گری و چوو. سالیگ، دوساله پی چوو روژیگ وە دایگی لالکیەو تا ولاخی، مانگەیگ، چشتی بفروشی تا ئی شەش مانگ پاییز و زمسانه بەینه سەر، دایگ هه قسه قسەی خوەیه و نیەیلیدەی.

کورێ جەور کیشی بی و جەور هەیشت سەر خیزانه بانی بی. جەور دایگ و باوگ و جەور برا و خوەیشگ.

دایگ وە قەول کور نەکرد و هیشت سەرما بجمی. دو روژ یەی جار دو گله نان سەنیان و هەر کامیان لەپیگ وە پی خواردیان.رووژیگ، نزیکەیل نەورووز کوریگ رەفیقی تیەیه لای و وە ورسێنی و کەم دەسی خوەی ئرای باس کەی. هەر دوگیان قوروشه گیفانیان نییه و وە دەس پت پەتی کەفنه ری ئرا باوەیاگار.

چنه لای چەن گله دوکان‌دار تا کەمی جنس جووله غەرز بکەن و وە فروشتنی پولیگ وە گیفان داشتوون. دو گله وە دوکان دارەگان وە بوونەیگەو جواویان دەن، شەی شەکەت وە شوونیگ نیشن، پیای سنی مەزهەبی ناسیدەیان و وەرەو پیریان چوو، وە حالیان پرسی. ئەوانیش وە نەداری، وە تەنگی خوەیان ئرا پیا ئوشن. ئەویش بەزەی تیەیه پیان و کەمی وە جنس و جوولەی دوکانەگەی خوەی دەیه پیان و هەر دو کور ریەگەی باوەیاگار گرنه وەر و چن.

رەسنه ئەوره و وە نەواله و شووربای فەرەیگ زگ خوەیان سیر کەن، چەن کەرەتی جنس و جووله تیەرن و فروشن. مانگیگه پی چوو دو قەران دوکان‌دار نەنه لا و ری مال گرن و تیەنەو.

هێمای چەن ڕووژه پی نەچو، کور وە دەم مەردم ژنەفی ک ئاقا سەیف دین رەهبەر گەورای یارسان ئڕا مەرزەبانی نیرو گریدن. کور ناو خوەی نوسی و چەوەری مینی تا بچوه ناو نزام. سی ساڵه پی چوو، هەمیش جەور کیشی ئەما نه جەور دایگ و باوگ، نه جەور برا و خوەیشگ، جەور هەفت گله مناڵ، سێیان کورن و چواریان دویەت.

ئیرەنگه ئی پیرەمەرد جەور کیشه چەو نوقانیەو وە وەرای وەر دویەت بووچکەگەی نیشتیه و ئرای ئیانه تاریف کەی و خور خور ئەسری تیەیه خوار. دویەت فەره دلی توای ئی بەدبەختی و ئی جەور کیشی و ئی هەمگه زامەت باوگیه بنوسی.

چوار روژ وە تاوسان نەود و نوو چوو و باوگ هەناسی تیەیه بەن و پای مسەفا داوان ئارام گریدن.

---

# ئاوەدان نیشتمان

**سپاس و پێزانین**

**پزشککان، پەرستارەکان و زەحمەتکێشانی نەخۆشخانەکانی نیشتمانە رەنگینەکەمان، ئێمە وەک «دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان» سپاس و پێزانینمان هەیە کە لە ماوەی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا (کۆڤید ١٩) خۆتان دە مەترسی هاویشتوە و سڵامەتی هاونیشتمانیانتان پاراستوە. پڕ بە دڵ ماندوو بوونیتان لێ دەکەین و هیوامانە تەمەن‌درێژ و بێ وەی بن.**

---

**هاو نیشتمانی خۆشەویست**

**بۆئەوەی نەخۆش نەکەویت:**

**١- دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ.**
**٢- ئیسپری دەست بەکاربهێنە.**
**٣- دەست لە چاو،لووت و دەمت مەدە.**
**٤- ماسک بەکاربهێنە.**

**«دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان»**



مینا ئاقل ـ ئورمیە

# دەنگبێژی

دەنگبێژی کەڤنەشۆپییەکە گەلەکی گرنگ ژ بۆ چاند و زمانێ کوردیە و ژ هونەرا خوەندنا کلامێن کوردی رە تێ گۆتن. ل دیرۆکێ دا کورد تم مەجبوور مان کو چاندا خوە ب «دەنگ» یان ژی «گۆتنان» ب جیە بینن ژ بەر ڤێ یەکێ «نڤیس» و «پرتووک» ل ناڤ کوردان دا زاف کێمە و هینا ئیرۆ ژی گەلەک کورد نیڤیس و خوەندنێ نزانن. دەنگبێژ ب وان کەسێن کو خەبەر و بوویەرێن قەومی ب شێوازەکە ستران و گازین د ناڤا گەل دە د جڤاکان دە دستران رە تێ گۆتن. د ڤر دە دەنگ ب واتەیا خەبەرەکێ یە. نە ب واتەیا هیس و سەدا یە. دەنگبێژ مرۆڤێن گەرۆک بوون. ژ مێژڤە نینە، دبە کو هینا چەند سالێن پێشتا، دەنگبێژێن ب ناڤ و دەنگ گوند ب گوند، باژار ب باژار دگەریان و ل کوچان، ل کۆشکێن ئاخان و بەگان، ل کۆنێن رەش یێن کۆچبەر، هەموو مرۆڤ ل دۆر خوە کۆم دکرن، ژ وان را چیرۆک و کلامێن ل سەر دلان، شەر و میرەتیێ دگۆتن. ب ڤێ ئاقایی ل گوندەکی دەمەکی کورت دسەکنیان و هنەک ببە ژی ژیانا رەش یێ مرۆڤان شا دکرن.

مرۆڤ دکارە دەنگبێژیێ بکە دو بەش:

چرۆکبێژ ب گرانی چرۆکان دبێژن و بەیتبێژ ژی هەلبەستان دخوینە. هەروها، ل کوردستانا ئیرانێ ژ دەنگبێژان رە لاڤژەبێژ تێ گۆتن و چەند دەنگبێژێن هەری ناس ژ قافقاسیایێ (ئەرمەنستانێ)نە. وەک تێ زانین چاڤکانیا دەنگبێژیێ چیا و زۆزانێن سەرهەدێ نە. هەر وسا ل سەر ئاخا سەرهەدێ کێژان گەل و نەتەو ژیابن، ئۆلا وان چ ئێزدی بە چ ئەرمەن بە، کوردیا وان کورمانجیا زەلال بوو. ئەوان ملەتا دە دەنگبێژی ب زارگۆتنا کوردی دەرکەتیە. جارنا دەنگبێژ کلام و جیرۆکێن خوە ب ئالیکاریا ئاموورێن موزیکێ وەک، تەمبوور و ئەنسترومانێن دن ددن خواندن. ل هێلا دن دا چاند و زمانێ کوردی د هێلا دەنگبێژیێ دا، یانێ د هێلا گۆتن، کلام، ستران و چیرۆکان دا گەلەک دەولەمەند بوویە. زمانێ کوردی ب گۆتنێن دەنگبێژێن هێژا هەتا رۆژا ئیرۆ هاتییە و ووندا نەبییە. گاڤا کو ئەم ئیرۆ ب کوردی قسە دکن، یا هەری زێدە ژ سایا دەنگبێژانە. کلامێن ل سەر فلیتێ قوتۆ، لاوکێ مەتینی، مەمێ ئالان، ئەڤدالێ زەینکێ، دەرویێشێ ئەڤدی، باڤێ بەخچەت، خالێ جەمیل، گەلیێ زیلان، شەرێ ئوورز، خەزالێ، تێلی ناڤ کوردان گەلەک ب ناڤ و دەنگن.

مژارێن سەرەکەیێن دەنگبێژیێ:

تێ باوەرکرن کو کورد خوە د دەمێن بەری زاینێ دە ل چیایێن زاگرۆسێ ب جە کرنە و پشترە رۆژهلاتا ناڤین ژ خوە رە کرنە وەلات. ئیرۆ گەلەک تەخمین و چیرۆکێن پۆپولەر د دەربارێ ڤێ یەکێ هەنە کو کورد نەڤیێن سومەران، مەدیان یان ژی ئوورارتیانن. ل هەمبەری ڤێ یەکێ ئەفسانەیێن دیرۆکی یێن سەدان سالی هەنە کو وەرگەریانە کەڤنەشۆپان و بوونە بەشەکە چاندی یا کوردان. د دەما نوژێن دە دەنگبێژان ل هەمبەری هەموو ئاستەنگی و هەولدانێن ئاسیمیلاسیۆنێ د پاراستنا چاندا خوە دە بسەرکەتنە و بەشەکە گرنگ ئا موزیک و چاندا کوردی گهاندنە دەما مە. ب سایا وانە کلامێن دەنگبێژیێ هێژی وەک دیرۆکەک زندی راستی ئەجباندنا گوهدارڤانان تێن. ئەوقاس کو کلامێن دەنگبێژیێ ژ هونەرمەندێن جوان رە دبن چاڤکانی و ئیلهامەکە گرنگ.

هەتا نڤیس هاتیە کفشکرن و پێ بەرهەم هاتنە ئافراندن ژی گرنگیا خوەیا د ناڤ جڤاکان دە دۆماندیە. لێ پشتی دەمەکێ شوون دە ژ بەر پێشکەتنا نڤیسێ باندۆرا خوەیا د ناڤ گەلەک جڤاکان دە وندا کریە. ژ بەر هنەک سەدەمان، گەلەک سەرپێهاتیێن کوردان بەرەڤاژیێ جڤاکێن دن ب رێیا دەنگبێژیێ هەتا رۆژا مەیا ئیرۆ هاتنە. ژ بەر ڤێ یەکێ یە هێ ژی چاڤکانیێن بنگەهین یێن فۆلکلۆرا کوردی کلامێن کو دەنگبێژان گۆتنە نە. د ناڤ جڤاکێ دن دە هەر چقاس دەنگبێژی گرنگیا خوە وندا کربە و دەنگبێژ هندک مابن ژی د جڤاکا کورد دە هێ ژی دەنگبێژی گرنگ تێ دیتن و ژ ئالیێ لێکۆلینەرێن کورد ڤە ل سەرێ لێکۆلین تێن کرن. د راگهاندنا دەنگبێژیێ دە رادیۆیێن مینا رادیۆیا ئەریوانێ، رادیۆیا بەخدایێ و رادیۆیا قەسرا شیرین رۆلەکە مەزن لیستنە.

د دەنگبێژیێ دە پیڤان و ئاست:

د دەنگبێژیێ دە پیڤان هەنە. هنەک پیڤانێن دەنگبێژیێ هەر کەس ل سەرێ هەمفکرە لێ هنەک پیڤان ژی هەنە کو لێکۆلینەر ل سەر هەمفکر نینن. هەر کەس دبێژە دەنگ و بێژ ئانگۆ بکارئانینا دەنگە. ئەڤ ژ بۆ دەنگبێژیێ نە بەسە. کلامێن کو دبێژن دڤێ لهەڤهاتیبن. گۆتنێن ناڤ سترانان دڤێ ل هەڤ بێن. نابە کو تو گاڤەک ل دەشتا ئوورمیێ بخی و گاڤەک ژی ل بەریا ماکوییێ بخی. هەر وها د دەنگبێژیێ دە ئاست ژی هەنە و ئاستا هەری بلند ژی دەستانبێژی یە.

د دەنگبێژیا کوردی دە لەهەنگ:

د دەنگبێژیێ دە لەهەنگێن ڤەشاتری هەنە کو قەت ناڤێ وان نایێ گۆتن. وەک میناک: دەلالێ. د هەمان دەمێ دە لەهەنگێن ئاشکەرا ژی هەنە کو ناڤێ وان گەلەک جاران دەرباس دبە. وەک میناک: دەرویێشێ ئەڤدی. یەک ژ دەنگبێژێن هەری ب ناڤ و دەنگ ئەڤدالێ یە. ئەڤدالێ زەینکێ، هونەرمەندێ ب ناڤ و دەنگێ ویژەیا دەڤکییێ کوردە و دەنگبێژێ دیوانا سورمەلی مەمەد پاشا بوو.

هنەک کلامێن وی:

لۆ میرۆ، لێ ئاخچیک جانێ، سنجاری تالۆ، ئەزێ ژ تەیرا تەیرەکی هورم، ئەڤدال و شێخ سلێ، منێ هافا نەخشێ نەخشیڤانە، دێرسمە خوەش دێرسمە، وەی خۆزانێ، هەیلا وایێ، ئەڤلا بەگێ میرێزراڤ، هەکیمۆ، ئەڤدال کۆرە؛ قولینگۆ

نێزکبوونا رێخستن و تەڤگەرێن کوردان ژی باندۆرێ ل سەر دەنگبێژیێ کریە. ژ بەر جە و دەمێ چاپەمەنیا کورد ژی د ئاستا کو تێ خوەستن دە گرنگیێ نادە دەنگبێژیێ. ژ بۆ پێشخستنا دەنگبێژیێ دڤێ ل شوونا ستودیۆیێ ب تایبەتی

ب دەنگبێژان رە بەرنامە بێن چێکرن و د دەمێن ڤالاییێن تەلەڤیزیۆنان دە کلامێن وان بێن وەشاندن کو مخابن دەرفاتا ڤێ یەکێ نینە.

سترانێن دەنگبێژێن بەرێ وێێن نها وەک هەڤ باندۆرێ ل مرۆڤان ناکن. ژ بەر شەرت و مەرجێن دەمێ سترانێن بەرێ باندۆرا وان زێدەیە. لەهەنگێن دەمێ گەلەک دەنگ دانە. ل ئالیێ دن شێوە و پێشکەتنا ئامووریێن راگهاندنێ ژی باندۆرێ ل کلامان و جڤاکێ دکە. دەمێن بەرێ بوویەر تەنێ ب دەنگێ دەنگبێژان دهات بهیستین. لێ نها نە وسایە. نها دەما بوویەرەک دقەومە د هەمان دەمێ دە ب دەنگ، نڤیسکی و دیمەن تێ راگهاندن.

تو بکی نەکی ژ بەر ڤان سەدامان کلامێن نها ل سەر بوویەران بێن چێکرن دێ وەک کلامێن بەرێ باندۆر ل جڤاکێ نەکن. ژ بەر کو بەریا کلامێ ژخوە ئەو هاتیە راگهاندن.

مالێن دەنگبێژان گرنگن

ژ بەر کو دەنگبێژی نایێ هینکرن ژ بۆ دەنگبێژیێ پێویستی ب دبستانێن دەنگبێژیێ نینە.

لێ ڤەکرنا مالێ دەنگبێژیێ گەلەک گرنگە کو بەریا نها گەلەک مالێن ب ڤێ رەنگێ هاتنە ڤەکرن. دەنگبێژ ل ڤان مالان تێن گەل هەڤ و ل سەر چاوانیا دەنگبێژیێ نیقاشان دکن.

دەنگبێژی ب خوە هەزکرن و قابلیەتە نکارە بێ هینکرن. موزیک نە شەرتە بێ بکارئانین لێ ب شەرتێ کو کلامێ نەفەتسینە دکارە بێ بکارئانین. بوویەر نەقل کرنە. ژ باژارێ قەرسێ بگەرە هەتا چیایێ کورمێنج، کوردان ژ ڤان رادیۆیان سترانێن دەنگبێژیێ یێن ب زاراڤایێ کورمانجی و سۆرانی گوهدار کرنە بەریا رادیۆیان ژی دەنگبێژان دەما کو بوویەرەک ل هەرێما وان بقەومیا دکرن ستران و ب دەرفەتێن خوە ل هەرێمێ دگەریان وەکە رۆژنامەگەرەکێ بوویەرێن ل هەرێما خوە ژ هەرێمێن کو لێ دگەریان رە نەقل دکرن.

دەنگبێژ بەرێ د جڤاکێ دە گەلەک ب قیمەت بوونە و هەر تم ل جڤاتا جهێ هەری باش ژ وان رە هاتیە ڤەقەتاندن. قیمەتداییینا دەنگبێژی ژ بۆ دەوەتان دهاتن ڤەخوەندن. ل سەرێ جڤاکێ رووندنشتن و ژ ماقوولێن کو بەشداری داوەتێ دبوون رە ستران دگۆتن. چاندا دەنگبێژیێ چاندا میرگەهێن کوردانە. بەرێ میرگەهێن کوردستانێ هەبوون. دەنگبێژ پرانی ژ ئالیێ میرگەهێن کوردستانێ ڤە دهاتن خوەدیکرن. مرۆڤ ب هێسانی دکارە بێژە چاندا دەنگبێژیێ چاندا میرگەهێن کوردانە.

د داویێ دە ناڤێ هنەک دەنگبێژێن نامدار ددم دیارکرن کۆ د رەوشا هەری خرابا جڤاکێ سەریهلدان و چاندا خوە، زمانێ خوە پاراستن:

شێخ سلێ، ئەڤدالێ زەینکێ، گولێ، مستەفایێ خەلێ هەیران، فەرزێ، رەشۆ، هوسەینۆ، شاکرۆ، کاویس ئاغا..

# دەنگبێژ ئیران خانم

**سایمە خاکپوور- ئورمیە**



ئیران خانم دەنگبێژەکە ناڤدار ل باژارێ ئورمیێیە. ناڤێ وێ یێ ڕاستین «ئیران موجەرەد»ە. د کارێ هونەرمەندیێ دە ناسناڤا «ئیران خانمێ» بکار ئانیە. ئیران خانم د سالا ١٩٥٠– ٥١ ل گوندێ ئیشکەسۆ گرێدایی ب ناڤچەیا سۆما برادۆستێ سەر ب باژارێ ئوورمیێ ژ داییک بوویە. ناڤێ باڤێ وێ ئەبدولرەهمان و ناڤێ داییکا وێ ژی پەریشانە. ئیران خانێ سالێن خوەییێن زارۆکاتی و جوانییێ ل گوندێ خوە دەرباس دکە. ل جەم مالباتێن دەولەمەند ژ بۆ دەبارا ژیانێ دخەبتە. پشتی زەوجێ، ب هەڤژینێ خوە «سەئید هەسەنزادە» رە ل گوندێ سۆمان ئاڤاییێ ب جیە دبە.

ب پشتەڤانیا هەڤژینێ خوە خەباتا خوەیا دەنگبێژییێ د رادیۆیا ئوورمیێ بەشا کوردی دە دەوام دکە. د سالا ١٩٦٩ دە، ل رادیۆیا ئوورمیە، تەهران، کرمانشانێ ب زمانێ کوردی، زاراڤەیا کۆرمانجی، د هەفتەیێ دە نیڤ سەئەت هەیا دو سەئەتان دەست ب وەشانێ دکە.

ئیران خانم ژ بەر کو ل ور تێ ناسکرن، ب داخوازا هن دەنگبێژێن مینا: هەمید یووسفی، مستەفا ئەلیزادە، ئیبراهیم نەورۆزی(خالێ برێ)، د سالا ١٩٧١ ێ د رادیۆیا ئوورمیێ بەشا کوردی دە ب ئاوایەکێ فەرمی دەست ب دەنگبێژیێ دکە. ئیران خانم، یەکەمین دەنگبێژا ژنە کو ل کوردستانا ئیرانێ ستران ب زارەڤەیا کۆرمانجی گۆتییە و بەرهەڤ کرییە. ناڤێ وێ ل هەموو سینۆران دەرباس بوویە و ل هەموو وەلاتان بەلاڤ بوویە. پشتی دەمەکێ سەئیدێ هەڤژینێ وێ دخوازە دیسا بزەوجە (هەوییێ بینە سەر). ژ بەر وێ یەکێ ئیران خانم دەست ژ زارۆک و مێرێ خوە دکە و گوند تەرک دکە. (ژ زەوجا ب سەئید رە کەچەک و دو کورێن وان هەبوون). دەمەکێ ل جەم مالباڤا خوە دمینە و پاشێ ب کەسەکێ ب ناڤێ داداش ناسری رە دزەوجە و ل تەهرانێ ب جیە دبە. پشتی سێ سالان، دچە باژارێ سەلەماستێ و ل ور ژی ١٥ سالان دمینە. ل ور دکانەکێ دگرن و ل بەر دکانێ دسەکنن و دەبارا ژیانا خوە دکن. د وان دەمان دە ژ بەر هن پرسگرێکێن ئەولەهیێ، ب ئاوایەکێ ڤەشارتی دەنگبێژیێ بەردەوام دکە. هنەک باندێن خوە دشینە ترکییەیێ و ل ور ددە وەشاندن.

ئیران خانم د ١٠ ێ گەلاوێژا ٢٠٠١ ێ خاتر ژ ژیانێ دخوازە و دچە سەر دلۆڤانیا خوەدێ. گۆری راپۆرا نەخواشخانەیا ئوورمیێ ب ئاوایەکێ فەرمی مرنا وێ ب خوەکوشتن(خوەکوژی)بوویە. لێبەلێ، ل گۆری کەس و ناسێن وێ ئەو مرن خوەکوشتن نینە. گۆری گۆتنا وان بەرپرسێ وێ مرنێ کورێ داداش ناسری (نەڤسییێ)ئیران خانمێ بوویە.

بەرهەمێن ئیران خانمێ ئەڤن:

١. باژۆ ئەمرێ من ٢. باڤێ لالۆ ٣. دەلال ئەز ب هەیران ٤. دەلال لۆ ٥. دەلالێ مالێ ٦. دلێ من لۆی لۆ ٧. دۆمام و پسمام ٨. فلیتێ قوتۆ ٩. هەدۆ رابە ١٠. کورێ خەلقییە دەلال ١١. لێ لێ یەممان(دۆمامێ)١٢. شەرێ جەزۆ و سالە بەگێ ١٣. یار گەورێ...

عەبدولکەریم سورووش (ئاریاس) - ئورمیە

# لێکۆلین ل سەر ستران و ئاوازێن کوردی

ل سەر ستران و ئاوازێن کوردی لێکۆلین ژ لایێ بیانییان و کوردان پر کێم هاتیە کرن و ئەوا هاتیەکرن ژی پڕ گرنگ و بنرخ و قیمەتە.

ئەمێ ب خەباتا هنەک ڕۆژهەلاتناسێن ڕۆژئاڤایی و زانیار و لێکۆلینەرێن کورد ئاماژە بکن:

الف. زانیار و لێکۆلینەرێن ڕۆژئاڤایی

١. پرۆفسۆر ئۆسکارمان (Oskar, Mann): پرۆفسۆر ئۆسکارمان ڕۆژهەلاتناسێ ئالمانی ل سالا ١٩٠٥ان ل ناڤا کتێبا "توحفەیێ موزەففەریە" دا ل باژارێ مەهابادێ، چەند بەیت و سترانێن کوردی کۆم کریە. ئەو کتێب ژ لایێ مامۆستا هێمن ڤە ب کوردی هاتیە وەرگەراندن.

٢. رالف سۆلیکی (Ralph Solecki): رالف سۆلیکی ل زانینگەها کولۆمبیا یا ئامریکایی، ل سال ١٩٥٣ان، سێزدە ستران و پێنج پەرچە مووسیقیا کوردی ب نۆت دنڤیسە و شرۆڤە دکە.

٣. ژان دوورینگێ (Jean During): ژان دوورینگێ فرانسی ل پرتووکا خوە ب ناڤێ "مووسیقی و عرفان" دا کو تایبەتی ل بارا مووسیقییا کوردێن یارسان دایە، گەلەک سترانێن ئۆلی یێن وان کۆم کریە و ب فرانسەیی نڤیسیە. خاتوون سوودابە فەزاییلی ئەڤ کتێب ب زمانێ فارسی وەگەراندیە. ژان دوورینگێ ل سالا ١٧٤٩ان شرۆڤەیەک ل سەر سترانێن کوردی نڤیسیە.

٤. کۆمیتاسێ ئەرمەنی (Kumitas Wrdapet): کۆمیتاسێ ئەرمەنی سێزدە سترانێن کوردی ل سالا ١٨٨٩ان دا ل باژارێ برلینێ ب نۆت نڤیسیە. کۆمیتاسێ ئەرمەنی ل سالا ١٩٧٥ان دا خەباتەکە بەرفرەە ل سەر ستران و ئاوازێن کوردی ب سەرپەرەستیا برێز "ئایاکۆ تاتیسۆمۆ" مەشاندنە و ستران ب نۆتان نڤیسینە.

٥. واسیلی نیکیتین (Vasily Nikitin): واسیلی نیکیتین ل پرتووکا "کورد و کوردستانێ" دا بەحسەک لبارا ستران و ئاواز و بەیتێن کوردی ئامادەکریە.

٦. ئاڤانیس شیراز و ف- پاپازیان (Avanis Shiraz & F. Papaziyan): ئاڤانیس شیراز و ف- پاپازیان ل کتێبا ب ناڤێ "رەڤاهێل ئەدەبول ئەرمەنی" دا بەیتا "سیابەند و خەجێ و "حەسۆ و زلخ(زەلیخا)" ژ ئەرمەنی ب عەڕەبی وەگەراندنە.

٧. ڕۆژێ لیسکۆ (Roger Lescot): ڕۆژێ لیسکۆ بەیتا "مەمێ ئالان" ل سالا ١٩٩٧ان دا ب زمانێ فرانسی وەگەراندیە. ئەو بەرهەمە ١٨٤ بەیتە. هەروسا ڕۆژهەلاتناسێن وەکی: "فوون هارتمان ئیتالی" و "ئەلکساندر ژابایێ رووسی" و "جیمزمووریێ یێ ئنگلیسی" نڤیس و گۆتارێن پر گرنگ ل سەر ستران و ئاوازێن کوردی نڤیسینە و گۆتنە و خەباتێن باش ژ چاند و وێژەیا کوردی کرینە. هەر یەک ژ وانا بەشەک ل فۆلکلۆرا کوردی تۆمار وقەید کرنە.

٨. یووێ ئۆربیلی (Yuye Orbily): یووێ ئۆربیلی کوردناسێ ئەرمەنی دبێژە: ئەو کەسێن کو سترانێن کوردی بهیستنە و سرر و رازێن دەروونیێ کوردا حس کرینە دانە زانین کو نە تەنێ سترانێن کوردا ژبۆ کوردا بالکێشن بەلکی بالا قەومێن جیرانێن وان ژی کشاندنە. بۆ میناک گەلێ ئەرمەنی ل بهیستنا سترانێن کوردی دهەوسن و خوەشا وان تێ و سترانێن کوردی ژی دسترێن.

٩. پرتووکا "بیبلیۆگرافیایا" Bibilyografyaya Book)) کتێبا فۆلکلۆری کوردی" پرتووکا "بیبلیۆگرافیایا کتێبی فۆلکلۆری کوردی" ژ بێوار نوورەددین ب خەباتا پرۆفیسۆر عزەددین مستەفا گەنجینەیەکە بنرخ و قیمەتە ل بارڕا ستران و ئاوازێن کوردی دا. ل وێ کتێبێ دا لیستەیەک زێدەتر ژ دوسەد کتێب و گۆتاران لبارا ستران و ئاوازێن کوردی هاتیە نڤیسین.

١٠. سالناما وێژەیی یا "ژاهربووچەر دەر لتەراتور" (Jahiribûçer Der Lteratur): ئەنجامێن لێکۆلین، بیرانین و شرۆڤەیێن ڕۆژاڤاییان ل سەر موزیکا کوردی د گەلەک سالنامەیێن ڤان وەلاتان دە ژی جە گرتیە.

سالناما وێژەیێ یا "ژاهربووچەر دەر لتەراتور ل ڤیێنایێ یا ژ سالا ١٨٣٧ئان ژی وەها دنڤیسە: کورد گەلەکی دلدارێ موزیکێ نە. هن سترانێن وان ب تایبەتمەندی و دەلالن، هن ژی ژ ئالیێ کۆمێن وەک کۆرۆیێ تێن ستران کو ئەو ب هەڤدو ڤەدگەرینن. سترانا دەنگبێژان ئا فەرهاد و شرینێ، ئاوازێ ستراندنا تاسسۆا ژ ئالیێ کەلەکڤانێن ل ڤەنەدکێ تینە بیرا مەرڤان. کەڤنەشۆپیا سترانبێژیا کەلەکڤانێن باژارێ ڤەنەدیکێد د دیرۆکا زانستیا موزیکێ دا جهەکی تایبەت گرتیە و گەلەکی ناڤدارە.

١١. تئۆدۆر کۆتسچی (Theodore Kotschy): تئۆدۆر کۆتسچیێ ئاوستریایی کو زانیارەکی گەلەک ناڤدارە، ئەو ژی ل هەرێما ئامێدیێ بوویە شاهدێ سترانبێژ و موزیکارێن کوردی.

